# دیوانی فەنایی



شیعر

مامۆستا مەلا عبداللە ی کاتب

کانال (تلگرام) عاشقان حضرت پیر (قدس سره)

کانال (تلگرامی) صدای نور تصوف

ئامادەکردنی

عابد عبداللە مصطفی

٢٠٠٦

کانال عاشقان حضرت پیر **
@shahi_osman
صدای نور تصوف
پایگاه تلگرام
@madinamajid

# دیوانی فەنایی

هۆنراوەی

**مامۆستا مەلا عبداللە ی کاتب**

ئامادەکردنی

**عابد عبداللە مصطفی**

**١٤٢٧ کۆچی — ٢٠٠٦ زایینی — ٢٧٠٦ کوردی**

ناوی کتێب: دیوانی فەنایی
نووسەر: مامۆستا مەلا عبداللە ی کاتب
ئامادەکردن و پیت چنینی: عابد عبداللە مصطفی
چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ ـــ هەولێر
لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی ( ١٥١ ) ساڵی ( ٢٠٠٦ ) دراوەتێ
تیراژ : ٢٠٠٠ دانە
چاپی یەکەم ـــ ساڵی ٢٠٠٦ ز
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

( بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

## پێشەکی :

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درووود و رەحمەت بۆ سەر گیانی پیرۆزی حەزرەتی پێغەمبەری خۆشەویست ( ﷺ ) .

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو راستی‌یە دووپات بکەینەوە ، کە : وەك ئاشکرایە میللەتی کورد شان بە شانی میللەتانی تری جیهان لە زۆر لە بوارە جیاجیاکانی زانست و ئەدەبدا خاوەنی چەندین قوتابخانەی بەناوبانگ و پێشکەوتوو بووە ، کە لەو مەڵبەندانەوە چەندەها زانا و شاعیر و ئەدیب و رۆشنبیری پێگەیاندووە ، هەر لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی‌یەوە تا ئەگاتە سەر گەورە ئەدیبانی وەك ( وەفایی ) و ( مەولەوی ) و ( مەحوی ) و ( نالی ) و ( سالم ) و ( کوردی ) و چەندینی تر ، کە لە راستیدا بوونە سەرمەشق و پێشەنگی کاروانی شیعر و هۆی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی کتێبخانەی ئەدەبی کوردیی ". شان بە شانی ئەم شاعیرانەش ، شاعیر و هۆنەرێکی دیکەی نوێ و رەوانبێژ و هەست ناسك دێتە مەیدان و بە هەڵبەست و هۆنراوە پڕ سۆزەکانی جیهانێکی نوێ رۆشن ئەکاتەوە ، وە ئەبێتە درێژەپێدەری رێبازی پیرۆزی شاعیرە گەورە و بەرزەکانی تری گەلەکەمان و بە رێچکەی ئەواندا هەنگاو ئەنێت " کە سەرهەڵدانی ئەم شاعیرە و هیی دیکەش بەڵگەی بەردەوام بوونی رێبازە نەبڕاوەکەی ئەوانە و ئەیسەلمێنێت کە جیل و نەوەکانی پاش ئەوان نەیانهێشتووە دەرگا لەسەر قوتابخانەی شیعری رەسەنی کووردیی دابخرێت و چۆڵ و بێ ناز بکەوێت ". ئەویش شاعیری خامە رەوان مامۆستا ( فەنایی )یە کە رەنگە تا ئێستا زۆرێك لە خوێندەواران و رۆشنبیران و ئەدەب دۆستانی گەلەکەمان

به بەرهەمی ئەم زاتە ئاشنا نەبووبن ". بۆیە لەم دەرفەتەدا هەوڵ ئەدەین ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێك لایەنی ژیان و ئەم بەرهەمەی شاعیر ، کە خوازیارین جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران بێت .. بەڵام پێش ئەوەی بچینە نێو ناوەڕۆکی باسەکەمانەوە ، با ئاماژەیەکی کورت بەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین کە خۆم چەند جارێك لە زمانی شاعیرم بیستووە ئەیفەرموو :

١) لە دەوروبەری ساڵەکـانـی ( حەفتاکان )دا لـە ( دووڕوود )[1] ڕۆژێـك حەزرەتی پـیر[2] (قُدِّسَ سِرُّهُ) تەشریفی هێنا بۆ ژوورەکەی من ، کە ئیش و کاری پێ سپێردراوم لەلایەن بەڕێـزیانەوە لەوێدا ئەنجام ئەدا و کاغەز و شتی زۆرم لەبەر دەستدا بوو[3] ، ئەویش عادەتی وابوو : کـە تەشریفی ئەهێنا بۆ لام لە رووی لوتفەوە ئەگەڕا بەناو کاغەز و نووسراوەکاندا و هەرچی ئەکەوتە بەرچاوی سەیرێکی ئەکرد و هەندێکی لـێ ئەخوێندەوە جـا ئەگەر نووسراوەکە سەرنج ڕاکێش بوایە لای ئەوا تا کۆتایی ئەیخوێندەوە " وا ڕێك کەوت ڕۆژێك یەکێك لە شیعرەکانی کەوتە بەرچاو کە چۆنیەتی حاڵی خۆمم تیادا نووسیبوو ، کە سەرەتاکەی بەم شیعرە دەست پێ ئەکات :

ئەی شاهی خوبان تا بە کەی مات و کـز و ئاوارە بم
خەستە و هیلاکی ژێـری ئەم بن بار و ئەو سەربارە بم

کە شیعرەکانی خوێندەوە فەرمووی : ناشێ ئەمە هی خۆت بێ ! عەرزم کرد :

---

[1] گوندێکی سەر بە شاری ( مەریوان )ی ئێرانە . ( ئامادەکار )

[2] مەبەستی شاعیر لە ( پـیر ) لێرە و لە شیعرەکانیا ، مورشیدەکەیەتی ، کە حەزرەتی شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندییە . ( ئامادەکار )

[3] ئەمە لە کاتێکدا کە شاعیر کاتبی تایبەتیی حەزرەتی شێخ بووە . ( ئامادەکار )

بەڵێ قوربان هی خۆمە ". پاشان فەرمووی : بە راستی زۆر جوان و بەهێزن و ئەمانە لە شیعری ( سەعدی ) و ( حافظ ) و خەمسەی ( نیظامیی ) ئەچن .

٢) هەروەها ئەیفەرموو : لەساڵەکانی ( هەشتاکان )یشدا کاتێك بە مەبەستی زیارەت چووینە خزمەت حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) کە تەشریفیان لە بەغداد نیشتەجێ بوو ، پاش چەند رۆژێك مانەوەمان لە خزمەتیدا بە پارچە هۆنراوەیەکی فارسیی داوای ئیزنم لە خزمەتیا کرد بۆ گەڕانەوەمان بۆ سلێمانیی کە سەرەتای شیعرەکە بەم دێڕە دەست پێ ئەکات :

من دل سپرده تا کی ز کمین تنگنائی<br>
بکشم ز سینه آه و بخورم غم جدائی

واتە : منێك کە دڵی خۆمم بە تۆ سپارد و دامە دەستت ، تاکەی ئەبێ لە حەشارگەیەکی تەنگدا بمێنمەوە و لە ناخی دەروونەوە هەناسەی سارد هەڵبکێشم و خەمی فیراق و جیابوونەوەی تۆ بخۆم !. جا کە ئەم هۆنراوەیەم پێشکەش بە سەماحەتیان کرد ، بووە جێی رەزامەندیی بەڕێزیان و بە خۆشحاڵییەوە ئیزنیان فەرموو .

٣) هەروەها ئەیفەرموو : لە کاتێکدا کە حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) تەشریفیان لە شاری ( ئەستەمبووڵ ) نیشتەجێ بوو ، ئێمەش لەگەڵ چەند برادەرێك بۆ زیارەت چووینە خزمەتیان " لە دەرفەتێکدا لەسەر فەرمانی بەڕێزیان چەند پارچەیەکی ترم لە هۆنراوەکانی خۆم بۆ خوێندەوە ، کە ئەم دێڕە شیعرە سەرەتای یەکێکە لەو پارچە هەڵبەستانە :

قامەتی یارم لە ڕێکییدا لە نەی شەککەر ئەکا<br>
غونچەکەی لێوی بەڵێ تەمسیلی نیلوفەڕ ئەکا

به هەمان شێوە ئەمیش بووە جێی سەرنج و ڕەزامەندبی بەڕێـزیان ، جا کە بەڕێـزیان پەسەندیان کرد ، نەك هەر لە بەرچاوی خۆشم جوانتر بوون ، بەڵکو زەوق و هەستی شیعر دانانیشم - لە خۆشەویستیی ئەو زاتە - بەهێـزتر بوو . بەڵێ خوێنەری خۆشەویست .. ئەمانە چەند هۆکارێکی بزوێـنەر بوون بۆ زیاتر هاندان و سووربوونی شاعیر لەسەر درێـژەدان بـــە نووسینی هەڵبەست و هـۆنـراوە و گرنگیی دان بەم بوارە " وە شاعیر پێی وابوو کە پەسەند کردنی بەرهەمە شیعری یەکانی لەلایەن مورشیدەکەیەوە گەورەترین و بەنرخ ترین خەڵاتێکە کە پێشکەشی ئەکرێت " چونکە هەموو کاتێك عاشق پەسەندکردنی هەر شتێك لە پەسەندکردنی مەعشووقەکەیدا ئەبێنێ .

زۆر جار ئەبینین هەندێك لە شاعیرانی پێشوو - لەبەر هەر هۆیەك بووبێت - نەیانتوانیوە لە کات و سەردەمی ژیانی خۆیاندا بەرهەم و نووسراوەکانیان چاپ و بڵاو بکەنەوە ، بەڵـکو لەپاش خۆیان کەسانی خێرخواز و ئەدەب دۆست ، دەستی یارمەتی یان بۆ درێـژ کردوون و بۆیان بەچاپ گەیاندوون ، ئەمەش وای کردووە هەندێك جار کەم و کورتیی بکەوێتە بەرهەمەکانیانەوە " بۆیە ئەمە وای لە من کرد کە هەرچی زووترە پەلە بکەم بۆ ئامادەکردن و بەچاپ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە شیعری یەی باوکی شاعیرم ، بۆ ئەوەی ئەمیش وەك ئەوانی تر ڕووبەڕووی کـەم و کـورتیی نەبێتەوە .. بۆیە لەژێر ڕۆشنایی هاندان و ئاماژەی ڕاستەوخۆی خودی شاعیر بۆ هەستانم بەم کارە ، بڕیارم دا هەرچی هەوڵ و کۆشش هەبێت لە توانامدا بیخەمە گەڕ بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە " لـەگـەڵ نووسینی ( فەرهەنگۆك )ێك بۆ واتاکردنی هەندێك وشەی پێویست بۆ بەشی سۆرانی و هەورامی و دانانی ناونیشان بۆ هەر پارچە شیعرێك و پێڕستی بابەتەکان ، بە ئومێدی ئەوەی

– پشت بە خوا – لە رووی نووسین و ئامادەکردنەوە بەرهەمێکی پوخت و نایاب دەربچێت . هەرچەندە ئومێدمان وابوو کە خودی شاعیریش دیوانەکەی بە چاپکراوی ببینێ ، بەڵام قەدەری خوا وابوو کە وەفاتی شاعیر کەوتە پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی ، وە ئەوەی جێگەی دڵخۆشی یە ئەوەیە کە سوپاس بۆ خوا توانیم بە ( دو سێ ساڵ ) پێش وەفاتی ، لەژێر چاودێریی خۆی دیوانەکەی ئامادە بکەم بۆ چاپ و لە خەم بیڕەخسێنم ". لە راستیدا ئەم بەرهەمەی شاعیر بەری رەنجی دەیان ساڵەی تەمەنیەتی و رەنگدانەوەی بەرهەمی سۆز و خۆشەویستیی دەروونیەتی بەرامبەر ئاین و مورشیدەکەی و گەل و وڵاتەکەی ، کە ئەم بەرهەمەش لە ئەنجامی سەرهەڵدان و دروستبوونی هەوێنی ئەوین و عەشقی خودایی‌یەوە هاتۆتە کایەوە و بەرجەستە بووە .

ئەوەی کە زۆر گرنگە بەلامەوە – کە هیوادارم لە داهاتوودا جێ بەجێ بکرێت – ئەوەیە کە تێکرای شیعر و هۆنراوەکانی شاعیر شیی بکرێنەوە ، چونکە بە راستیی تێگەیشتن لە واتا و ناوەڕۆکی سەرجەم هۆنراوە و شیعری شاعیران و مەبەستی سەرەکیی خودی شاعیران لە شیعرەکانیاندا لای هەندێك کەس - تا رادەیەك - سەخت و گرانە " هەر بۆیە ئەبینین هەندێك لە بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیرانی بەرزی نەتەوەکەمان کاتێك لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام ئەدرێت ، لە هەندێك شوێندا لە ناوەڕۆکی راستەقینە و مەبەستی سەرەکیی خودی شاعیر لائەدرێت و پێنووس بەرەو ئاراستەیەکی تر ئەبرێت کە زۆر جار وا رێك ئەکەوێت جیاوازیی نێوانیان ئاسمان و رێسمانە ! کە بە راستیی ئەمەش زیان بە بەرهەمی شاعیران ئەگەیێنێت و لە هەندێك شوێنیشدا رەنگە – بە هۆی زاڵ نەبوون بەسەر پڕاوپڕی واتا و ناوەڕۆکی شیعرەکاندا – لای هەندێك خوێنەر لە نرخی

شیعرەکانیشیان کەم بکاتەوە . لێرەدا بواری ئەوەمان نابێت بچینە نێو قوولایی ئەم باسەوە ؛ بەلام هەر بە نموونە و زۆر بە کورتیی ئاماژە بە چەند وشەیەك ئەکەین کە لە لێکدانەوە و واتا کردنی هەندێك بەرهەمی شاعیراندا بە هەڵە مانایان لێدرابێتەوە کە پێچەوانەی راستیی و مەبەستی سەرەکیی شاعیرانە " وەك وشەی ( مەی ، شەراب ، مەیخانە ، بادە ، بوتخانە ، سەنەم ، زولف ، دەم ، لێو ، زوننار ، چەلیپا .. هتد ) ، بێگومان هەر کەسێك بەرهەمی هەریەکێك لە شاعیرانی خوێندبێتەوە و چاوی پیادا خشاندبێت ، ئەم جۆرە وشانە و نموونەی ئەمانەی کەوتۆتە بەر چاو " تەنانەت لە بەرهەمی شاعیرە بەرزە ئایینی یەکانی وەك ( مەولەوی ) و ( مەحوی ) و ( وەفایی )یشدا ئەم جۆرە وشانە دووبارە بوونەتەوە کە کەسایەتی و پایەبڵندیی ئەم شاعیرانە زۆر لەوە بەرزترە کە کەسانێك بتوانن مەبەستی ئەم جۆرە زاتانە بەسەر مانای رواڵەتیی وشەکاندا لێك بدەنەوە کە لەگەڵ ناوەرۆکی راستەقینە و مەبەستی پاك و بێگەردی ئەواندا یەك نەگرێتەوە و نەگونجێ ، بۆیە لێرەدا بە راشکاوی و دڵنیایی یەوە ئەتوانین ئەوە دووپات بکەینەوە کە : ئەم جۆرە وشانە مەرج نیە لە هەر شوێنێکدا کە بەکار هێنرابن و بەرچاو بکەون ، دروست بێت راستەوخۆ بەو شێوەیە واتا بکرێن کە لەسەر زاری زۆرینەی خەڵکیی باوە " بەڵکو مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم وشانە ، دەربڕینی هەست و سۆزی شاعیرە بە شێوازێکی ناسك و رازاوە " واتە ئەم جۆرە وشانە چەند ئامرازێکن کە شاعیر پەنایان بۆ ئەبات لە دەربڕینی هەست و نەستی خۆی ، وە بە جۆرێك تەعبیر لە ناخ و بۆچوونەکانی ئەکات کە شێوە ئارایشێك بە بەرهەمەکانی ئەبەخشن و تام و چێژێکی تایبەتی یان تیادا بەرجەستە ئەبێت ". وە هەندێك جاریش وا ئەخوازێت کە جگە لە شاعیر خۆی

کەسێکی تر لە واتا و مەفهوومی هەندێك لە بابەتەکان حاڵیی نەبێت "
وەك زۆرێك لە شاعیرە تەسەووفی یەکان کاتێك کە حاڵەتێکی نهێنیی پیرۆز
روو ئەدا بۆیان یان لە هەندێك پلەوپایەی تەسەووفیی دا بەرەو سەر ئەچن ،
لە خۆشیی شادبوونیان بەو گەنجینەیە ، پەنا ئەبەنە بەر دەربڕینی چەند
دێڕە شیعرێکی جوان و رازاوە ، کە هەر وشەیەك لەو وشانە بۆ مەبەستێکی
نهێنیی و شاراوەی خۆیان ئەخوازن ". بۆ سەلماندنی ئەم راستی یانەش ئەتوانین
تەنها تاکە هۆنراوەیەکی خودی شاعیر بە بەڵگە بهێنینەوە کە بە راشکاویی
دان بەوەدا ئەنێت کە مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە دەربڕینی
هەست و نەستی دەروونیەتی لەسەر شێوازێکی ناسك و نهێنیی ، وەك
لە شیعرێکیدا ئەفەرموێت :

دڵبەر کەسێکە دڵ با نەك چاوەچاوی دیمەن
سەرخۆشی بادە هەرگیز ناچێ بەلای هەوادا
وا تێنەگەن ! لە بادە ئاوی ترێم مورادە
مەستی شەرابی وەحدەت پوولێ بەمانە نادا

هەرچەندە برێك درێژەمان بە باسەکە دا و لە ناوەرۆکی مەبەستەکانمان
دوور کەوتینەوە ، بەڵام ئەمانە چەند شتێکی پێویست بوون کە زۆر گرنگ بوو
لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت . بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەستەکەمان و برێك
ئاشنای ئەم بەرهەمەی شاعیر ببین ". پێش هەموو شتێك با ئەوە بزانین
کە شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا لەسەر رێڕەوی شیعری کلاسیکیی
رۆیشتووە و لەم رێگایە لاینەداوە .. ئەگەر بە وردیی و سەرنجەوە گەشتێکیش
بەناو شیعرەکانیدا بکەین ، ئەو راستی یەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە شاعیر
وەك تێکڕای شاعیرە بەرز و رەوانبێژەکانی نەتەوەکەمان بە گیانێکی

هەستیاری یەوە دەستی بۆ پێنووس بردووە و لە هێڵی راستەقینەی خۆی نەیترازاندووە و بۆ مەرامی راست و دروست خستوویەتە گەڕ ". لە لایەکی تریشەوە بە ئاشکرا هەستی پێ ئەکرێت کە شاعیر هەوڵی نەداوە بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەکانی بە ناچاریی پەنا بباتە بەر زۆر لەخۆکردن و شێوازی تەقلیدیی و لاسایی کردنەوە ، بەڵکو لە ئەنجامی کەف و کوڵی دڵ و دەروون و هەست و سۆزی تایبەتیدا پەنای بردۆتە بەر دەربڕینی ئەو راز و نیازە بەسۆزانەی کە لە دەروونیدا سەریان هەڵداوە ، ئەمەش لە تێکڕای شیعرەکانیدا زۆر بە روونیی دەرئەکەوێت ". لە رووی هەمە لایەنی و گشت گیریشەوە شیعرەکانی شاعیر بە تەنها لە لایەنێکی سنووردارادا کۆنەبوونەتەوە بەڵکو - کەم یا زۆر - تێکڕای لایەنەکانی وەك : ( هەستی ئاینیی و تەسەووفیی و نەتەوایەتیی و نیشتیمان پەروەریی و عەشقی حەقیقیی و ئامۆژگاریی و .. هتد ) گرتۆتەوە ". ئەگەرچی زیاتر لە شیعرەکانیدا دەرئەکەوێت کە بەشێك - بە تەنها - لەنێو بەشەکانی تردا زۆر بە زەقیی سەری هەڵداوە و زاڵ بووە بەسەر ئەوانی تردا کە ئەویش بریتی یە لە بازاڕی عەشقی حەقیقیی و جیهانی محەببەت و خۆشەویستیی خودایی " کە هۆکاری ئەم هەستەش لەو لوتکەیەوە سەرچاوە ئەگرێت کە شاعیر لە جیهانی ئەوین و عەشقی راستەقینەدا گەیشتووە بەو گەنجینەیەی کە بە درێژایی تەمەنی هەوڵی بۆ داوە و یەکێك بووە لە ئامانجە هەرە سەرەکی یەکانی ژیانی کە بریتی بووە لە گرتنەبەری رێبازی تەریقەت و تەسەووف لەسەر دەستی مورشیدێکی رۆشن دڵ و دڵ رۆشنکەر کە بە یەکێك لە قوتابییانی خۆی قبووڵ بکات و بتوانێت لەم رێبازەدا بەرەو لوتکەی ئاوات و ئامانجە سەرەکی یەکانی بیبات و بە کامی دڵی خۆی بگەیەنێت ، تا بە هۆی ئەوەوە

بتوانێ لـەم ڕێـگەیەوە پـەی بـە زۆرێـك لـەو ڕاستیی و نهێنی یانە ببات کە ئادەمیزاد لەپێناویدا دروست بووە و هاتۆتە کۆڕی ژیانەوە ". هەر بۆیە ئەبینین شیعرەکانی شاعیر زیاتر شێوازی محەببەت و سۆز و شەوقی دەروونیی پێوە دیارە و بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە " ئەم بەرجەستە بوونەش وەنەبێ شێوازێکی ڕووکەش و ڕواڵەتیی بێت ، بە پێچەوانەوە ! ئەگەر سەرە داوی هەر لایەنێك لە بابەتە شیعری یەکانی شاعیر دەربکێشین ، بۆمان دەرئەکەوێت کە لە ژێر پەردەی هەر پارچە هەڵبەستێکدا واتایەکی مەبەستدار و دەسنیشانکراو خۆی حەشار داوە و بەرهەمی پەنجەڕاکێشانی شاعیرە بۆ هەر واقیع و نهێنی یەك کە لە دەروون و ناخیدا سەری هەڵدابێت ".
جگە لە شیعری ( پاڕانەوە ) و ئەو شیعرانەی بۆ خەڵـکی ناردوون ، تێکڕای شیعرەکانی تری شاعیر ڕاز و نیازی نێوان خۆی و مورشیدەکەیەتی و ڕووی گفتوگۆی لەو ئەکات و ڕشتەی گەوهەر و مرواریی شیعری بۆ ئەهۆنێتەوە .
ئەوەی لە دوو توێی ئەم دیوانەدایە کە پێکهاتووە لە دوو بەش : ( کوردیی ، فارسیی ) بەشی هەرە زۆری هەڵبەست و هۆنراوەکانی شاعیرە ، بەڵام بـەداخـەوە لەبەر هەندێك هۆکار و هـەلومەرجی تایبەت بڕێکیش لـە هۆنراوەکانی شاعیر کە بۆ خەڵـکی نووسیون ، یان لەلای خۆی نەماون ، یان هەر لەناو چوون و فەوتاون ". جگە لە هۆنراوەی فارسی و شێوە زاری سۆرانی ، چەند پارچە شیعرێکیشی بە شێوە زاری هەورامی نووسیوە [1] .

---

(۱) هەرچەندە ( بەشی هەورامی )یش ( وەك زمان ) ئەکەوێتە ( بەشی کوردی )یەوە بەڵام لەبەر ئاسانکاریی زیاتر بۆ خوێنەری خۆشەویست بە باشمان زانی لە ڕووی هونەری یەوە سەربەخۆ و دیار بێت . ( ئامادەکار )

خوێنەری بەڕێــز :- هەرچەندە بەرهەمێکی دەوڵەمەند و ناوازەی لەم جـۆرە شیاوی ئەوەیە کە زۆر لەوە زیاتری لەسەر بنووسرێت ، بەتایـبەت لەم سەردەمەی ئێستادا کە هونەری ( شیعر ) بەرگێکی تری بەبەردا کراوە و بە شێوازێکی جیا لە شێوەی هۆنە و نەوشەی ڕەسەنی کوردیی چەند ساڵێك لەمەوبەری وەك سەردەمی زێڕینی ( نالـی ) و ( مەحوی ) و ( سالم ) و دوور لە ڕێچکەی هونەری ئـەوان سەری هەڵداوە و ئەکەوێتە پێش چاو ". لە کەشێکی ئاوا سارد و سڕدا کە بەرهەمی شیعری کلاسیکیی کوردیی ئەوەندە دەگمەن بـووە نزیکە وای لـێ بـێـت کـە ( بۆ خوێی چێشتیش ) دەست نەکەوێت " لەم ساتە وەختەدا ئەگەر وەها بەرهەمێکی دڵـگیر و هەڵقوڵاوی سەرچاوەی شیعری ڕەسەنی کوردیی سەرهەڵبدات ، بێگومـان جێگەی دڵخۆشی و خۆشحاڵـی یـە و ئـەگـەر بـڵێـین کانیاوێـکی سـاف و سازگارە و لە بـیابانێکی چۆڵ و وشکارۆدا هەڵـقوڵاوە ، ڕەنگە زیادەڕەویمان نەکردبێت ، چونکە کە چاو بە لاپەڕەکانی ئەمڕۆی شیعردا ئەخشێنین - جاربەجارێك نەبێ - شتێکی وامـان بەرچاو ناکەوێت کە تۆسقاڵێك تینوێتیمان بشکێنێت و فێنکیی بە دڵمان بگەیـێـنێت و هەست و نەست و خۆشەویستیی یەکی راستەقینە لە دەروونماندا دروست بکات بەرامبەر بەم لایەنەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کـوردیی .. ئەوەی ڕاستیی بێت لێرەدا ئەو دەرفەتەمان بەدەستەوە نیە کە لەم چەند دێڕە زیاتری لەسەر بڕۆین و درێـژەی پێ بدەین ، وە ئەم چەند دێڕەی باسمان کرد ڕوونکردنەوەیەکی سەرەتایی و پێویست بوو بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە ناوازەیەدا بتوانین بـە بەرچاوڕوونیی و شێوە شـارەزایـی یـەك لـە چۆنیەتی هەست و نەست و مەشرەبی شاعیر بچینە نێو گەنجینەی هەڵبەست و هۆنراوە پڕ سۆزەکانی

ئەم شاعیرە هاوچەرخەی گەلەکەمان .. رەنگە لەم سەرەتایەدا هەر ئەوەندە بەس بێت بۆ کورتە پێناسەکردنی ئەم بەرهەمەی هۆنەر کە وەك دیاری یەکی بەنرخ پێشکەش بە کتێبخانەی ئەدەبی کوردیی و گەل و نەتەوەکەی ئەکات ". تەنها ئەوەندە ماوە کە هەوڵ بدەین برێك ئاشنای سەربوردەیەك لە ژیانی شاعیر ببین و چەند دێڕێکیش لەم بارەیەوە بخوێنینەوە ، فەرموون با پەردەیەك لەسەر ئەم لایەنەش هەڵبدەینەوە ..

## کورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر [1] :-

ناوی تەواوی : مامۆستا مەلا عبداللە کوڕی مەلا مصطفی کوڕی مەلا صالح کوڕی حاجی فەقێ عەلی یە " ئەم زاتە لە هۆزی بابان و لە نەوەی سلێمان پاشای کوڕی ( عبدالرّحمن پاشای بابان)ە [2] و بە نەسەبی ئەسڵیی خەڵکی شاری سلێمانی یە ، کە خۆی زۆر جار لە باپیری بیستووە فەرموویەتی : ئێمە بە ( نۆ پشت ) ئەگەینەوە سەر ( عبدالرّحمن پاشا ) ، بەڵام باپیری باوکی ( واتە : حاجی فەقێ عەلی ) لەبەر دروستبوونی کێشەیەکی ناوخۆیی ، شاری سلێمانی بەجێهێشتووە و چۆتە دەشتی لاجان لە کوردستانی ئێران و پاش ئەوە جارێکی تر نەگەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی .

---

[1] پوختەی ناوەڕۆکی ئەم ژیاننامەیە لە روونکردنەوەی شاعیر وەرگیراوە . ( ئامادەکار )

[2] ئەم زاتە کوڕی مەحمود پاشای کوڕی خالید پاشایە و ئەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و یەکێکە لە ناودارترین و بەهێزترینی میرەکانی میرنشینی بابان کە توانیی لە ماوەی ( ٢٤ ) ساڵی حوکمڕانیی پچڕپچڕی خۆیدا ( ١٧٨٩ - ١٨١٣ ) خزمەتی بەرچاو بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و گەل و وڵاتەکەی بگەیەنێت ". لاشەی پیرۆزی لەناو حەرەمی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانیدا نێژراوە . ( ئامادەکار )

شاعیر لـه سالّی ( ١٩٣٢ ) له دێی ( گەڵوان )ی سەر بە ( دەشتی لاجان ) له رۆژهەلاّتی کوردستان له بنەماڵەیەکی ئاینیی چاوی بە دنیا هەڵێناوە ". کە بە هەمان شێوە باوك و باپیریشی هەر مەلا بوون و باوکی لە خزمەت مـەلا محەممەدی جـەلـی زادە و بـاپـیریشی لـە خـزمـەت مـەلا عبداللّەی جەلـی زادەدا لە کۆیە خوێندوویانە و بڕوانامەی زانستی یان وەرگرتووە .

لەپاش ماوەی گەشەکردن و لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدا لە خزمەت باپـیری قورئانی پـیرۆز و ( گوڵستانی سەعدی ) و کتێبە سەرەتایی یەکانی فەقێیەتیی خوێندووە " دوای ئەوە وەك داب و نەریتی خوێندنی ئەو سەردەمەی کوردەواریی ، باوکی ئەینێرێتە حوجرەی فـەقـێ و ماوەیەکیش بـەم شێوەیە درێـژە بە خوێندن ئەدات ". هەر بە مەبەستی خوێندن و زیاتر بەهرەمەندبوون لە زانستی زانایان و بەدەس هێنانی زانیاریی زیاتر ، زۆر لە شار و دێهاتەکانی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە و لە هەر جێگایەك بە گوێرەی پێویست سوودی وەرگرتووە ، بۆ نموونە چۆتە دێی ( گردەسوور )ی لاجان و لە خزمەت زانای بەناوبانگ : مامۆستا مەلا سەید حەسەنی ( إبن الواژی )دا خوێندوویەتی ، پاشان چۆتە دێی ( زینوێ )ی سەر بە رەواندز و لەخزمەت مامۆستا مەلا نصراللّەدا ماوەتەوە و خوێندوویەتی ".

پاشان لە سەرەتای ساڵی ( ١٩٥٤ )دا کە لە تەمەنی ( ٢٢ ساڵی )دا ئەبێت ئەچێتە پێنجوێن و لە ( مزگەوتی پاشا ) لەخزمەت زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا عارفی پێنجوێنیدا درێژە بە خوێندن ئەدات و ماوەی ( ساڵێك و چوار مانگ ) لەخزمەتیدا ئەمێنێتەوە و لەم ماوەیەدا بەشی ( مَعان ) لە کتێبی ( مطوّل ) لە زانستی ( بلاغة )دا و کتێبی ( گلنبوي برهان ) لە زانستی ( منطق )دا تەواو ئەکات ، جگە لە ( سماع ) کردنی هەندێك کتێبی تر ".

پاشان هەر لە پێنجوێنەوە ئەچێتە دێی ( بالك )ی سەر بە شاری مەریوانی ئێران و لە خزمەت زانای بەناوبانگ ماموستا مەلا باقری بالکدا ماوەی ( ساڵێك و شەش مانگ ) ئەمێنێتەوە ، وە لەبەر ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا شارەزایی و باڵادەستیی ماموستای لە هەموو بوارەکانی زانستدا بۆ دەرئەکەوێت ، بۆیە بڕیار ئەدات ئەم شوێنە بکاتە دوا مەنزڵگای خوێندن و بەدەس هێنانی بڕوانامەی زانستیی ، بۆیە لەخزمەتیدا کتێبی ( جمع الجوامع ) لە زانستی ( أصول الفقه )دا و بەشی ( خُلع )ی کتێبی ( تحفه ) و ( فرائض —ی قزلجی ) لە زانستی ( فقه )دا و کتێبی ( الدُّرر الجلاليّة )[1] ئەخوێنێت لەگەڵ ( سماع ) کردنی کتێبی ( تهذيب ) لە زانستی ( کلام )دا ، پاشان لە سەرەتای ساڵی ( ١٩٥٧ )دا کە تەمەنی پێ ئەنێتە بیست و پێنج ساڵی یەوە ( بڕوانامەی زانستیی ) لە خزمەت ماموستا مەلا باقردا وەرئەگرێت ". دوای ماوەیەك هەر لە خزمەت ماموستادا و هەندێك لە قوتابی یەکانی بە مەبەستی زیارەت ئەچنە ( بیارە ) بۆ خزمەت حەزرەتی شێخ محمد عثمان سراج الدينی دووەم و لە ( ١٣ / جمادي الأولى - ١٣٧٦ ك ) لە خزمەتیدا ( تمسُّك ) ئەکات و ڕێبازی پیرۆزی تەریقەتی نەقشبەندیی ئەگرێتەبەر ، ئیتر لێرە بەدواوە لە ( بیارە ) ئەمێنێتەوە و بۆ ماوەی ( ٣ ) ساڵ

---

[1] ( الدُّرر الجلاليّة ) : پەرتووکێکی گرنگ و نایابە لە زانستی ( عقيدة )دا کە دانراوی ماموستا مەلا باقر خۆیەتی و بۆ یەکێك لە قوتابییانی خۆی دایناوە کە ماموستا سەید جلال الدّینی حسێنی یە و هەر بەناوی ئەویشەوە ناوی ناوە ، پاشان هەر خۆی شەرحێکی لەسەر کردووە و ناوی ناوە ( الألطاف الإلهيّة - شرح الدُّرر الجلاليّة ) کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە ، لە ساڵی ١٩٩٥ دا لەسەر ئەرکی حەزرەتی شێخ محمد عثمان سراج الدّینی نەقشبەندیی لە ( ئەستەمبوڵ ) چاپ کراوە . ( ئامادەکار )

بـه فەرمانی حەزرەتی شێخ ئەبێتە پێشنوێـژ و وتارخوێن و وانەبـێـژ و سەرخەتمی خانەقای ( بیارە ) ، وە هەروەها ئەبێتە کاتبی تایبەتیی حەزرەتی شێخ [1] ، وە لەم ماوەیەدا لە ( بیارە ) لەخزمەت مامۆستا و زانای شارەزای قورئان ( حاجی ئاننە محمد قارئ )ی تورکمان صەحرایی و پاشانیش لە بەغداد لەخزمەت زانای پایەبەرز ( شێخ عبدالقادری خطیب ی أعظمیّة ) ئیجازەی قیرائەتی ( حَفْص ) و ( شُعْبَة ) وەرئەگرێ . لە سەردەمی شۆڕشی عبدالکریم قاسمدا لە کۆتایی ساڵی ( ١٩٥٩ ) لەبەر بارودۆخی ناهەمواری ئەو کاتە لەخزمەت شێخدا و بە یاوەریی کۆمەڵێك لە موریدان و زانایان ، عێراق بەجێ ئەهێڵن و بەرەو ئێران کۆچ ئەکەن ، وە حەزرەتی شێخ لە ( دووڕوود ) مزگەوت و مەدرەسە و خانەقا دروست ئەکات و بۆ ماوەی نزیکەی ( بیست ساڵێك ) لێرە ئەمێننەوە . شاعیر لە ساڵی ( ١٩٦٩ ) ژیانی خێـزانیی پێك ئەهێنێت ". هەر لە خزمەت مورشیدەکەیدا و بە یاوەریی کۆمەڵێك لە زانایان و موریدان دوو جار سەفەری حەج ئەکات . پاشان لەبەر گۆڕانکاریی بارودۆخ لە ساڵی ( ١٩٧٩ )دا ئەگەڕێنەوە بۆ عێراق ". وە لە ساڵی ( ١٩٨١ )دا بە پێشنوێژی دووەمی ( مزگەوتی شێخ بابە عەلی ) لە گەڕەکی ( سەرچیمەن - گۆیژەی کۆن ) لە سلێمانی دائەمەزرێت .

---

[1] هۆکاری ناسین و ئاشنابوونی شاعیر بە مورشـیدەکەی ، پێویـستی بـە درێژەپێـدانێك هەیە و لێرەدا بواری ئەوە کەمە و زەحمەتـە بتـوانین ئـەم بەسـەرهاتە بنووسـین ، چـونکە شاعیر خۆی لە شوێنی تایبەتیی خۆیدا نووسیویەتی ، کە پەرتووکێکی تایبەتی لەسـەر کەراماتی مورشیدەکەی داناوە و سەرگوزەشتەی پەیوەندی کردنی خۆی بە مورشیدەکەیەوە لەم پەرتووکەدا بە درێژی نوسیوە " بەو ئومێدەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانین ئـەو بەرهەمە و تێکڕای بەرهەمەکانی تری شاعیر چاپ و بلاو بکەینەوە . ( ئامادەکار )

له ڕێبازی تەریقەت و تەسەووفیشدا هـەرچەندە شاعیر پێشتر پەیوەندیی ڕۆحیی بە مەرحوومی حەزرەتی شێخی بورهانەوە بووە و محەببەتی ئەوی لە دڵدا بووە - کە لە هەمان کاتدا شێخی بورهان خاڵی شیریی شاعیریش بووە - بەڵام لەبەر ئەوەی کە شێخی بورهان لە حاڵی حەیاتدا نەبووە و شاعیر ئەیزانی کە پەیوەندیی نێوان مورید و مورشیدی تەریقەت بۆ پەروەردەکردن و گەیاندنی مورید بە پلە و پایەی تەسەووف بەسراوە بە حاڵی حەیاتی مورشیدەوە و ئەبێ لە ژیاندا بێ ، بۆیە هەردەم هەوڵی داوە و ئاواتی ئەوە بووە کە بگات بە خزمەت مورشیدێکی زیندووی راستەقینە ". لە هاتوچوونی ڕۆژگاردا بە مەرامی سەرەکیی دڵی خۆی ئەگات و قەدەری خوا وا ئەبێت کە ئاشنا بێت بە مورشیدێکی لێهاتوو و شارەزا لە کاروباری ( مەعنەوی )و پەروەردەکردنی مورید و ئاشناکردنی بە ڕێبازی پـیرۆزی خواناسیی راستەقینە - کە حەزرەتی شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی کوڕی شێخ عەلائەددینی بیارەیە - ، بۆیە لێرەوە دەرگای خۆشبەختیی لـێ‌ئەکرێتەوە و مورشیدەکەی ئەبێتە چاوساغ و ڕێ‌نیشاندەری و هەستی دەربڕینی وشەی جوان و رازاوەی ئەبزوێنێ و بە خەزێنەیەکی شاراوە و بەنرخ ئاشنای ئەکات " وە شاعیر ماوەی ( ٤٢ ) ساڵی تەمەنی لە خزمەت مورشیدەکەیدا بەسەر بردووە و هەردەم وەك پەپوولەی دەوری چرا لـێی جیا نەبۆتەوە تا وەفاتی مورشیدەکەی لە بەرواری ٣١ / ١ / ١٩٩٧ ، کە بەم بۆنەیەشەوە چەند پارچە شیعرێکی نووسیوە ". وە بە شایەتیی مورشیدەکەی و زۆرێك لە گەورە پیاوانی نەقشبەندی ، شاعیر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی تەمەنیدا لە خزمەت مورشیدەکەی ئاشنا بووە بە زۆر لە گەنجینەی مەعنەویی و گەیشتووە بە دوا پلەوپایەی عیرفان و تەسەووف ". هەر لە تەمەنی لاوێتیشەوە خولیای شیعر و هەڵبەست بووە و

له سەردەمی پێش ئاشنابوونی بە مورشیدەکەی توانیویەتی ئەوەندەی ( دیوانێك ) زیاتر هەڵبەست و هۆنراوەی هەمەجۆر بهۆنێـتەوە و کۆیان بکاتەوە ، وە لەم سەرەتایەدا نازناوی ( غەریق ) بۆ خۆی دیاری ئەکات ، پاشان لەبەر ئەوەی بۆی دەرئەکەوێت کە ئەم نازناوە هیی شاعیرێکی ترە بۆیە ئەم نازناوە لە شیعری خۆیدا ئەسڕێتەوە " بەلاّم لەپاش گەیشتنی بە خزمەت مورشیدەکەی و ئاشنابوونی پێی ، لەبەر دروست بوونی هەوێنی عەشقی راستەقینە لە دەروونیدا بڕیار ئەدات کە ئەگەرچی ئەم هۆنراوانەی لە ئاستێکی بەرزیشدا بن ، بەلاّم هەر ئەبێ بیانخاتە دەریای فەرامۆشی‌یەوە و لاپەڕەیەکی نوێی پرشنگدار لە سۆزی دەروونیی و عەشقی حەقیقیی و هەست و نەستی ئەدەبیی هەڵبداتەوە ، بۆیە لێرەوە نازناوی ( فەنایـی ) بۆ خۆی هەڵئەبژێرێت . وە لە بواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا دەستێکی بالاّی هەبووە و ئەم بەرهەمەشی گەواهی ئەم راستی‌یەیە و وەك پێناسەیەك وایە بۆ کەسایەتیی و ئاستی بەرزی رۆشنبیریی شاعیر " وە هەروەها شارەزایی تەواوی لە زمانی فارسیدا هەبووە و هەندێکیشی لە زمانی تورکیی زانیوە ". وە جگە لە ( وەزیفەی ئاینیی ) هیچ وەزیفەیەکی تری رەسمیی نەبینیوە و بەشداریی لە هیچ کاروبارێکی رامیاریی‌دا نەکردووە ، لە هەمان کاتدا و لە هەموو ماوەی ژیانیدا خولیای ڕێبازی کوردایەتی پاك و راستەقینە بووە و هەردەم خەخۆری کێشە و گرفتی نەتەوەکەی بووە و یەکێك لە ئاواتەکانی ژیانی ئەوە بووە کە بە چاوی خۆی ببینێت رۆژێك لە رۆژان گەلـی کوردیش وەك گەلانی تر لە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی دوژمنانی رزگاری ببێت و بە مافی رەوای خۆی بگات ، کە ئەمەش بە ئاشکرا لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا دەرئەکەوێت . ئەگەر بیشمانەوێ لە لایەنی سیفات و رەوشتی

بەرز و دڵسۆزی و گەورەیی ئەم زاتەوە بدوێین ، پێویستمان بە دەرفەتێکی زیاتر و فراوان تر ئەبێ ، بۆیە بە باشی ئەزانین ئەم لایەنە بەجێ بێڵین بۆ دۆست و برادەرانی شاعیر و ئەوان ئەم ئەرکە بخەنە سەر شانی خۆیان و قورسایی یەکیش لەسەر شانی ئێمە کەم بکەنەوە .

مامۆستای ( فەنایی ) لەپاش تەمەنێکی پیرۆز و پڕ لە خزمەت ، بە هۆی تووش بوونی بە نەخۆشیی دڵ و تەنگە نەفەسیی ، ماوەی نزیکەی ( ١٠ ساڵێك ) ژیانی بە ئێش و ئازار و ناڕەحەتی یەوە بەسەر ئەبرد ، هەر بەو هۆیەوە لە ساڵی ( ١٩٩٥ ) سەفەری ئەستەمبووڵی کرد و لەوێ دوو جار نەشتەرگەریی ( قەستەرە )ی دڵی بۆ ئەنجام درا ، دوای ئەوە تا رادەیەك باری تەندروستیی باش بوو ، بەڵام لە ساڵی ( ٢٠٠٤ )دا بە هۆی زیاتر چوونە ناو تەمەنەوە ، نەخۆشی یەکەی زیاتر کاریگەریی لەسەری دروست کرد ، بۆیە بە مەبەستی چارەسەریی لە بەرواری ( ٧ / ١٠ / ٢٠٠٤ )دا سەفەری ( لبنان )ی کرد و داخڵی ( خەستەخانەی ئەمریکی ) لە ( بیروت ) کرا و دوای مانەوەی چەند رۆژێك تیایدا و چارەسەری سەرەتایی پێویست تا رادەیەك نەخۆشی یەکەی لەسەر سووك ئەبێت و حاڵی بەرەو باشیی ئەچێت ، بۆیە دوای دڵنیابوون لە باشیی باری تەندروستیی ، لە بەرواری ( ١٤ / ١٠ / ٢٠٠٤ )دا نەشتەرگەریی دڵی بۆ ئەنجام ئەدرێت و تیایدا سەرکەوتوو ئەبێت ، بەڵام سەرەڕای چارەسەریی زاهیری تەواویش ، قەدەری خوا وا ئەبێت کە لێرەدا تەمەن و ژیانی دنیای کۆتایی پێ بێت و بگات بە لیقای پەروەردگار ، وە لە سەعات ( ٣٠ / ١٢ - ی نیوەڕۆ )ی رۆژی ( ١٩ / ١٠ / ٢٠٠٤ )دا بە هۆی راوەستانی دڵ و سی یەکانی ، گیانی پیرۆزی بە خوا ئەسپێرێت و لە تەمەنی ( ٧٢ ) ساڵیدا وەفات ئەکات ،

پاشان بە هەوڵ و کۆششی بێ وچان و یارمەتیی موریدانی نەقشبەندیی لە ( لبنان ) و ( سوریا ) و ( کوردستان ) لە مەراسیمێکی شایستەدا جەنازەی پیرۆزیان هێنایەوە بۆ کوردستان و ڕۆژی جومعە ( ٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٤ ) لە مزگەوتەکەی خۆی ( - مزگەوتی بوخارا - کە ساڵێك پێش وەفاتی خۆی دروستی کرد ) لە هەولێر بە خاك سپێردرا .. داواکارین لە خوای پەروەردگار پاداشتی بەخێری هەموو لایەکیان بداتەوە و مامۆستای ( فەنایی )ش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات ( آمین ) . ئێمەش لێرەدا خوێنەرانی خۆشەویست بە خوای گەورە ئەسپێرین و خوازیارین لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا ئەرکی وەفامان بەرامبەر بە مامۆستای ( فەنایی ) باوکمان بەجێ هێنابێت و خزمەتێکمان بە گەنجینەی کەلەپووری نەتەوەکەمان گەیاندبێت و ئەم بەرهەمەش کەلێنێك لە کتێبخانەی ئەدەبی کوردیی پڕ بکاتەوە و ببێتە مایەی درێژەدان بە کاروانی نەبڕاوەی پڕ بایەخی ئەدیب و شاعیرە بەرزەکانی گەلەکەمان .. لەگەڵ داوای لێبوردن و چاوپۆشیی لە خوێنەرانی ئازیز لە هەر هەڵە و کەم و کورتی یەك کە لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا بەرچاو بکەوێت ، چونکە پاکیی و بێگەردیی تەواو تەنها بۆ پەروەردگارە .. فەرموون با پێکەوە دەرگا لەسەر ئەم گەنجینە بەنرخە والا بکەین و بچینە نێو گوڵزاری هەڵبەست و هۆنراوە پڕ سۆز و پاراوەکانی ئەم شاعیرە بەرز و دەست و خامە ڕەنگینەی گەلەکەمان .

عابد عبدالله مصطفی

هەولێر - ١ / ذي الحجة ١٤٢٦ کۆچی

١ / ١ / ٢٠٠٦ زاینی

# بەشی سۆرانی

## ﴿ شیوەنی دڵدار ﴾

ئەم پارچـە هەڵبەسـتەم لـە کاتێکـدا نووسـی کـە حـەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) لەبـەر چـەند هۆیـەك نیـازی وا بـوو عێـراقیش بە یەکجاری بەجێ بهێڵێت و تەشـریفی بـچێت بـۆ ئـەردەن ، بۆیـە تەشریفی لە بەغداوە هاتەوە بۆ سلێمانی بۆ خواحافیزی لە خزمـانی خۆی و لە مورید و مەنسووبی سلێمانی و دەوروبەری .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٩

لـەیـلـەکـەم ئـەمـڕۆ لە گـوڵـزاری وەتـەندا بار ئـەکا
وا بەرەو خاکی غەریـبـیی سـوارە غـار ئـەکا
دڵ پەپوولەی دەوری شەم بوو بۆ فیراقی ئـەو کـە دیـم
هەروەکو بولبـول لەسـەر بـەرگی چـەمەن هـاوار ئـەکا
نـاڵـەنـاڵـی سینەکەی پـڕ سـۆزی ئەهلـی دڵ کـە دێ
وەك ئـەنینی پـوورە هـەنگە و مـەیلی بـەرد و دار ئەکا
سەیرە ! سەیری مـەقـدەمـی کـەن وا بەناوی بەدرەقـە
هەر ئەڵێی مەحشەر هـەڵستاوە و گـوڵـی من قار ئەکا
تـۆ کـە تووتیی مەشرەبی فـێـری شـەکـەرسانە لـەبت
وا لە بەخـتی ئێمە تەبعت دیـارە مـەیـلـی خـار ئـەکا
دەردی بـێ دەرمانـە حـاڵی نـالـەباری گـوڵـشـەنـم
بـۆیـە سـەروی نـازەنینان روو لـەلای ئـەغیار ئـەکا
جـا ئـەگـەر نەگبەت نـەبـێ ئەمڕۆ وەتـەن بۆ وا ئەبێ !
روو لە هەر لایـەك ئـەکـەم گـەل شـیـوەنی نازار ئـەکا

من وەکو دارێکی وشکی بەر هەتاوی پایزم
بۆیە ئاهی دڵ لە دووریت دیدە کاری نار ئەکا
دڵ ئەوەندە زار و بێزارە بە کۆچی نازی تۆ
چاری ناچارە ( فەنایی ) شیوەنی دڵدار ئەکا

## « قامەتی یار »

قامەتی یارم لە رێکیی‌دا لە نەی شەکەر ئەکا
خونچەکەی لێوی بەڵێ تەمسیلی نیلوفەڕ ئەکا
سەد موعەمما وا لەژێر نازی برۆی بۆ تیفلی دڵ
ئەم کە شەکر و شیرە قووتی ، کەی لەمە سەر دەرئەکا !
تەبعی تووتیی‌وارەکەم تا گوڵشەنی تۆی بێتە بیر
دەرکی رازی رازداری و نازی سەد دڵبەر ئەکا
هودهودی باخی سەبا میهری سولەیمانی کە بوو
بێ‌درەنگ ئەو بێ‌زمانە کەشفی بەحر و بەڕ ئەکا
سەر لە سیحری چاوەکەی سەرسام ئەمێنێ چاوەکەم
بەس بە غەمزەی نیوە نازی کاری سەد نەشتەر ئەکا
من لە داوی زولف و دانەی خاڵی هەر زوو تێگەییم
ئەو بە خوێنی نامورادان پەنجەکەی ئەحمەر ئەکا
چونکە تەبعی ناسکە و ئەندامی ناسك تر لە گوڵ
بۆیە زوو رەنجە (فەنایی) هەر بە ناهەق شەڕ ئەکا

* * *

## ﴿ جەفاکێشی محەببەت ﴾

جەفاکێشی محەببەت کەی ئەبا خۆشیی لە دنیادا !
بە مەیلی لەیلەوە زیللەت بە تەختی پادشا نادا
گەدا لەم بەزمەدا شایە ئەگەر جەوری رەقیب بێلێ
نەسیمی عەتری رۆح ئەفزا بە موڵکی بێ بەقا نادا
دڵی خاڵیی لە یاد و عەشقی دڵداری ئەزەل چۆڵە
بەڵێ هەر بۆیە عاشق دڵ بە گەنجی بێ بەها نادا
ئەگەر رەهبەر ئیشارەی چاوی دڵبەر بێ لە رێگەی عەشق
توفەیلی دڵ بە یادی ئەو لەسەر ئەم رێگە لانادا
عەجایب عالەمێکە بادەنۆشی و مەستی مەیخانە
لەنێو ئەم بەزمەدا کەس گوێ بە قانوونی حەیا نادا
دەسا قوربانی دەستت بم وەرە ساقی بە هاوارم
کە غەیری پیاڵەکەی دەستت بە دەردی من دەوا نادا
ئەگەر طالیع مەدەد کا بۆ فەقیری کونجی مەیخانە
زەکاتی گەنجی شاهیی شا بە میر و پادشا نادا
لە پەردەی ناز ئەگەر دڵبەر ببا ناوێ لە کوشتەی خۆی
سەماعی ئەو ( نِدَا ) هەرگیز بە موڵکی ماسیوا نادا
( فەنایی ) خۆی ئەزانێ دوورە لەو بازارە پڕ شۆرە
خەیاڵی نائومێدیش قەت بە قەلبی بێ صەفا نادا

* * *

## ﴿ ڕێڕەوی ڕێگەی محەببەت ﴾

ڕێڕەوی ڕێگـەی مـحەبـبـەت بـۆیـە دڵداریـی ئـەکا
با بە ڕەنجی کـۆکـەنیش بـێ سـەیری ڕووی یـاری ئـەکا
عـادەتی ئـەم بـەزمە وایـە نابـێ هـەرگیز کـۆڵ بـدا
تـا لە سەرچاوەی دو چـاوی خـوێـنی دڵ جـاریـی ئـەکا
یا ئەبێ دانێ سەری تا سـەر لـە مەقصەد دەرئـەچـێ
یـا هەتا تـەیـری ڕوحـی پـەروازی یـەکجاریی ئـەکا
بـا گـرانیش بـێ گـەڕانی شـاری عەشـقی گوڵڕوخـان
عاشقی صادیق بـە خوێنی خـۆی بە سەر یـاریـی ئـەکا
نـابێ بـاکـی بـێ لە ڕێگەی دوور و دەیـجـووری فـیراق
چونکە غەمزەی چاوی لەیلا فێری سەد سواریـی ئـەکا
بۆیە هەرگیز ڕاڕەوی ئـەم ڕێگە سـڵ نـاکـا لـە هیـچ
چـون سوپای میهری نیگاری سـەد مەدەدکاریـی ئـەکا
بـولـبـولـی بێچارە نابـینی ! لـە شـەوقی ڕەنگی گـوڵ
سـا بـگا یـاخـۆ نـەگـا هـەر شـیـوەن و زاریـی ئـەکا
بـۆ تـەماعی جـەنـنـەتـی موڵـکی بـەقـا پەروانـەوار
خـۆی بـە سۆزی ئاگری شەم جەرگی خۆی ناریـی ئـەکا
شێوەیی شـێـتـانـە ئـەنـوێـنێ لـە بـەر چـاوی ڕەقیـب
مەستی مەیخانەی حەقیقەت مەشقی هـۆشیاریـی ئـەکا
قووتی ڕێگەی عەشقی جانان خوێنی جـەرگە بێگومـان
مـەرهـەمـی سـەبـرە عـیلاجی دەردەکەی کاریـی ئەکا

ئارێ ئارێ نووکی خامەی قودرەتی نەقشی ئەزەل
سەد ( فەنایی ) بۆ بەقا تەعلیمی رزگاریی ئەکا

## « روخساری شەم »

یارەکەم ئەمڕۆ بە عیشوە و نازەوە دڵ تێر ئەکا
تیری موژگانی بە غەمزە کاری پەنجەی شێر ئەکا
دەوری پەروانەی روحم تێفکرە بۆ روخساری شەم
بەزمی دڵداریی بە سەد ئوستاد و زاهید فێر ئەکا
( فـي الْمَثَل ) گەر بێتە بازاڕی تەماشا ئەو بە ناز
شەوقی رەنگ و رووی چەمەن بێ رەونەق و بێ خێر ئەکا
داخی دووریی جاروبارەی نێشە بۆ ناسۆری دڵ
بۆیە تامی ئەشکی چاوم هەر لە تاڵ و سوێر ئەکا
تا سەبا موژدەی بە دڵ دا بۆ طلووعی ماهی رووی
چاوەچاوی مەقدەمی بوو نەیئەزانی دێر ئەکا
سا سەبا فەرموو بڵێ بۆ کەی ئەبێ ئەو رۆژە ! خۆ
گەر بە رەحمەت روو لە من کا چاوی دوژمن کوێر ئەکا
فرسەتی سوڵتانی حوسنە بۆ ( فەنایی ) بێ بەقا
بۆ زەکاتی گەنجی حوسنی چاوەڕوانی خێر ئەکا

* * *

## ﴿ حەقیقەتی عەشق ﴾

عەشق گڕێگە بەر ئەبێ لە لەوحی سینە سەر ئەکا
مەجازە یا حەقیقەتە حیکایەتی خەتەر ئەکا
دڵبەر ئەگەر مەجازە یا حەقیقەتە لە ڕێی ئەوین
شاهیدە کۆکەن و مەلا [1] کاریگەریی حەجەر ئەکا
عیلمی جنوونە پڕ فنوون ئەچێتە نێو دڵ و دەروون
طالبی عیلمی عاشقیی ڕمووزی حوب لەبەر ئەکا
ڕاز و نیاز و نازە یا سۆز و گودازە کاری ئەو
مەست و خوماری عەشقە ئەو لێوی بە بادە تەڕ ئەکا
عالەمی عەشق و بێخودیی دوورە لە توهمەتی هەوەس
تینی گڕی دەروونی ئەو لە یارەکەی حەزەر ئەکا
مەجازی بێ هەوەس نەبێ لە سینە کەی ئەکا ئەسەر !
تام و مەزەی حەقیقەتە لە سینەدا بەصەر ئەکا
کۆکەنی بێنەوا بەڵێ لە تاقی بێستوونی دڵ
بە یادی ئەو حەقیقەتە بەرەو فەنا سەفەر ئەکا
عاشقی بولهەوەس ئەگەر بگاتە ئەوپەڕی مەبەست
عومری بە نرخی بێ بەها بە ئارەزوو هەدەر ئەکا
عەشقی حەقیقی یە بە حەق فەنا ئەدا بەدەم فەنا
ڕێڕەوی موڵکی وەحدەتە بەرەو بەقا سەفەر ئەکا

---

[1] مەبەست مەلای جزیری و ئەو کەسانەن کە لەسەر ڕێبازی ئەو ئەڕۆن.

( هۆنەر )

مەجاز ئەگەرچی دڵبەرە حەقیقی دین و دڵدەرە
قیبلە نمایە بۆیە روو لە خالقی حەجەر ئەکا
( فەنایی ) خۆی کە دوورە لەم بەزم و بیساتە بێگومان
شادە کە باسی ئەهلی دڵ بە خامەیا گوزەر ئەکا

## ﴿ خوێناوی خامە ﴾

خامەکەم ئەمڕۆ بە وردیی تاڵ و سوێریی باس ئەکا
وا بەدەم نووسینەوە خوێناوی لێ دێ راس ئەکا
ئاوی سووری ئەشکی من بوو بوو بە خوێنی خامەکەم
بۆیە خامەش وەك دڵم لەو خاڵە باسی یاس ئەکا
دڵ لەبەر نووری محەببەت بوو بە جێگەی هەوڵ و دەوڵ
ئێستە بۆن و بەرهەمی زوڵماتە وا سەر کاس ئەکا
بوو بە دەشتی شۆرەکاتی بێ سەمەر وەك بێ عەمەل
بەس لە رەحمی خوا کەمێ هەر چاوەڕوانی خاس ئەکا
وا لە بەحری زوڵمەت و گێژاوی حاڵی نارەوا
جار بە جار ئەر بێتە دەر شێوەی لە هیی نەسناس ئەکا
بۆیە وا وەحشیی سیفەت بێزارە لەم بازاڕەدا
حاڵی شێواوی لە حاڵی مامەڵەی وەسواس ئەکا
داخ و دەردی دڵ ( فەنایی ) نایەتە تەحریر و باس
ئەو کەسەی سەرخۆشە ئەمڕۆ تەرکی باس و خواس ئەکا

* * *

## ﴿ عادەتی مەعشووق ﴾

یارەکەم ئەمڕۆ تـەرازوی مـەیل و میهـری سـەر ئـەکا
چاوی فەتـتانی لەگەڵما هەر بە عەمـدەن شـەڕ ئـەکا
ئـاگـری عەشقی لـەلایێ تینـی وەك بـورکـانـە بـۆم
بەس عەجەب لەملاوە بێ مەیلیی لە بای صەرصەر ئەکا
عادەت و مەرسوومی مەعشووقیی لەکاتی صـەیدی دڵ
وایـە گاهـێ خـۆ فرۆشـی و گـا خـەیاڵی سـەر ئـەکا
مـولـکی وێـرانـەی دڵی گـرت و بەوەش رازیـی نـەبوو
بۆیە ئێشی یا لـە خەنـجەر یـا دەمـی نەشـتەر ئەکـا
گا بـە قـوللەی قـافـەوە یـەعنی مەحالـە وەسڵی تـۆ
گا لە گۆشەی سینەدا مـەیلی شـەڕە و سـەنگەر ئـەکا
گا بە خەندە و ناز ئەپشکوێ غونـچەکەی لێـو و دەمـی
گا بە قەهر و کینەوە هـەنـگامـەکەی مەحـشەر ئـەکا
گا لە مولـکی بـێ نیازیـی لافـی یووسـف لـێ ئـەدا
ئـارێ ئـارێ بۆیـە داوای مولـکی ئەسـکەندەر ئـەکا
گا بـە نیلـی لوتـفەکەی تێـراو ئـەکـا میـسری دڵان
یانی سارای سینە وێـنـەی مەزرەعەی ئـەخـضەر ئـەکا
سـارەوانی کاروانـی کـەعـبـەیـی ئامالـە ئـەو
کەی ( فەنایـی ) لـەو دیـارە لێوی وشـکی تـەڕ ئـەکا

❊ ❊ ❊

# ﴿ ئاژاوەی وڵات ﴾

ئەم هۆنراوەیەم لەکاتی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا نووسی ، کە بە داخەوە میللەتی کوردیش تیایدا زۆر زەرەرمەند بوو .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٣

دڵ کە مەجنوونی فیراقە شیوەنی لەیلا ئەکا
غوربەتی دیداری یارە شۆر و شەڕ بەرپا ئەکا
بولعەجەب وەزعێکە ئەمڕۆ شاخ و دەشتی شارەزوور
بارشی فیتنەی عەجەم تەمسیلی عاشوورا ئەکا
تۆزی تۆپ و دووکەڵی بارووتە وەك هەوری بەهار
ئەشکی کوڕ کوژراو ئەبارێنێ عەرەب شەیدا ئەکا
تەرزەبارانی سنووری ئێمە گوللەی تۆپە بەس
دەشت و دەر ئاگر ئەدا شێوەی لە ئاتەشگا ئەکا
حیقد و کینەی ئەهلی بیدعەت بۆتە فیتنەی بەحر و بەڕ
روو لە هەرلا کا ئەبینم ( عَمَّتِ الْبَلْوَی ) ئەکا
پیاوی واقیع بین ئەزانێ رەمزی ئاژاوەی وڵات
دەك بە کووپەی خوم سەری شین کا ئەوەی ئاوا ئەکا
سەیرە ئەم وەزعە لە بەرچاوی ئەدیبی نیکتەزان
رێوی خۆی لێ بۆتە شێر و تاجی شا داوا ئەکا
ناحەقی مەگرن کە پیری پڕ لە حیلە و مەکر و فێڵ
وا لە کلکی ماشەرینی پڕ بەدەم حاشا ئەکا

چون بە چاوی خۆی ئەبــینێ بـەچـكــە شـێرانی وڵات
بۆ كـەمێ پارە و درەم دێـــت و بـــەدوایـــا رائـەكـــا
پەردە هەڵـنەگـــرم لـەســـەر ئەسراری دڵ وا چـاكە لام
باز و شاهێن بێ هەدەف خـۆی بـۆ زەغــەن ریسوا ئــەكا
مردنــی مەردانـــە قـــەیناكا لـەپـێـــناوی شــــەرەف
داخی زۆری وا لــە دڵما ئـەو كـەســـەی ئـــاوا ئـەكـــا
با لــە مــەتـڵـەب لانەدەم بۆ وەزعی ناهەنـجـاری خەڵك
دەردی دووریـی تـۆم بەسە نـاسـۆری سـەد بـەلوا ئـەكا
گەر ئەپرسی حاڵی بـێ حاڵیم لـە غــوربـــەت چـاوەكەم
وا بەدەم بـاكـەی بـەڵاوە هـەر لـە تـای هـــەودا ئـەكا
چۆنە ژینم ! ژانی بێ زامە بـەدەس جـــەوری فـەلـــەك
دڵ وەكو وەحـشیی خـەیاڵی جـەنــگەڵ و سـەحرا ئـەكا
سـەبـرە چـاری ناكرێ بـۆ تـۆ ( فەنایـــی ) ئـەم خەمـە
چونكە تەقدیری ئـەزەل چـی بـێ ئەبـەد هـەر وا ئـەكا

## ﴿ ئاهونالەی ژین ﴾

دڵ لـــە داخـــی دووری یـــار و یـاوەرانـــم شـین ئـەكا
نـم نـمی ئەشـكـم حـەدیقەی سینەكـەم رەنگین ئـــەكا
شـین و هـــاوارم لـە غـوربـەت زەلـــزەلەی خستە وڵات
ئـاهونالەم بـۆیـە ئـەمـڕۆ دوژمـنــم بـەدبـین ئـەكـــا
من لە مـاڵـی خـۆم هـەمیشە نـان و ئـــاوم بـۆتە غـەم
چی لەگەڵ كەم ! ئەو بە ناحەق دێ لەگەڵ من قین ئـەكا

کۆنــه مــاڵی کـۆنی خـۆم لــێ بۆتــه زینــدانی عــەدوو
ئەو بەوەش لـێناگەڕێ داوای ( جەبەل حەمرین )[1] ئەکا
گا له شەرق و گا له غەرب ، گاهێ لـه باشـووری وڵات
تــاوەتــەرزەی تـۆپه دێ مێـشکی ســەرم بــێتین ئـەکا
وا هــەزاران لاشــە ئـەمـڕۆ کـەوته سـەر خـاکـی وەتەن
چی ئـەوێ ئـەو خوێـنمژه ! کافـر لـه ئـەو نەفرین ئەکا
قـەتـڵ و عـامی نـاڕەوا مـیراتـه بـۆ کـوردی هــەژار
تا بە کەی مێـژوو لەگـەڵما مامەڵـەی گورگـین ئـەکا
داخی کەس نەیکوشتووم ئەو زۆڵە کوردەی هـەر بـه دەم
بۆ زەعامه و پووڵ و پاره خـۆی بـه دیـن پـەرژین ئـەکا
دەك بە شمشێری قــەزا جـەرگـی لــەگەڵ دژ پـاره بـێ
ئــەو کەسەی بۆ دژ لەگەڵما دێ بە چەك تـەمرین ئـەکا
یا لەگەڵ ئـەم دینه پاکه و ئەم گەلـەی خـاوەن شـەرەف
حـەز لـه شێوەی ئـاژەڵیی رووس و لـه یاسای چـین ئەکا
بەسیه با بـیر کاتەوه کێـیـه و لــه کـوێ هاتــۆتەدی !
وا ( فەنایـی ) مرد لەداخا ئـاهونـاڵــەی ژیــن ئەکــا

* * *

[1] جەبەل حەمرین : شـاخێکی نزمـی درێــژەداره ، کـه بۆتـه سـنووری نێوان کورد و عەرەبی عێراق . ( هۆنەر )

# ﴿ دەردی دووریی لەیل ﴾

لەیلەکەم دەردێکە دووریت شینی دڵ پەیدا ئەکا
بۆیە وەك مەجنون دڵم هەر شیوەنی لەیلا ئەکا
مایەکەی ژینم هەموو من بۆیە نا رێبازی پێت
وامئەزانی تۆزی پێت دەرمانی سەد سەودا ئەکا
بۆیە تەرکی عالەمم کرد ماتەمی تۆم گرتە دڵ
ئەموت ئەو لوقمانە دەردی بێ دەوام بۆ چا ئەکا
تا لە گۆشەی دڵ نەزەرکەی وەك حەکیمی حاڵزان
چی کە غەمزەی چاوەکەت دەردێکی تر پەیدا ئەکا
چینی زولف و حاجیبی ئەبرۆت بە عیشوە و نازەوە
ئەو شکاری دڵ ئەکا ئەم شۆر و شەڕ بەرپا ئەکا
من بە غەم فێرە دڵم وەك تیفلی یەکساڵە بە شیر
خۆشە تا ئەو لای‌لایێ بۆ دڵەی شەیدا ئەکا
شیوەنی بێ سەبری یە ناچارە بۆ تەسکینی خۆی
شین ئەگێڕێ بێ وچان ئەو ئای و ئۆی و ها ئەکا
دەست و پێی بەسراوە کەس ناگا بە دادی بەم شەوە
کێ ئەزانێ حاڵی دڵ چۆنە و لەبەر چی وا ئەکا
شەهد و شیری لێوی یاری لێ بڕاوە بۆیە وا
وەك ( فەنایی ) دەم بەدەم هەر شین و واوەیلا ئەکا

* * *

# ﴿ لەشكری غەم ﴾

ئەم پارچە هۆنراوەیەم لە وەڵامی دۆستی ئازیز و خۆشەویستم مەلا سەید ئەحمەدی ئیمام و سەرخەتمی خانەقای ( دوورِوود )دا نووسی ، بە هۆی جەنگی نێوان ئێران و عێراق و تۆپ باران کردنی هەندێك لادێ و گوندی كوردستانی عێراق لەلایەن حكومەتی ئێرانەوە كە زەرەر و زیانێكی زۆری لە دوای خۆی بەجێهێشت .

سلێمانی - ٤ / ٥ / ١٩٨٢

باخیرەی كاڵای سلاوم دێ لەوێ لەنگەر ئەكا
یا بڵێم كەشتیی فەزایە و گەشتی بەحر و بەرِ ئەكا
ناخودای رۆحم لەگەڵیا حازرە و دێتە حوزوور
بۆ ئەدای رەسمی ئیرادەت مەحزەرت بەندەر ئەكا
هەر بەبۆنەی ئێوەیە دڵ لێرە ئارامی نیە
بۆیە دایم بیری یار و ئولفەتی كیشوەر ئەكا
ئاگری بەربۆتە ئیقلیمی وجوودم رۆژ و شەو
لافی قەقنەس لێ ئەدات و سینەكەم مەجمەر ئەكا
غوربەت و دووریی وەتەن وا هێز و پێزی لێ بڕیم
كەی نەسیمی سوبحی جانان جان و دڵ مەعبەر ئەكا
سینەكەی پڕ میحنەتم وەك گێژی دەریا دێتە كوڵ
تا دڵەی وەحشەتزەدەم بیرێكی ئەو مەنزەر ئەكا
من كە رێبازم لە رێبازی فنوونی عەشق ئەچوو
چی بڵێم ئەمرۆ ! كە دوارۆژم لە رۆژی شەرِ ئەكا

من خەیاڵی جەور و ئازارم نەبوو هەرگیز لە کەس
ئێشی ئەم خەڵکە لە نێشی عەقرەب و ئەژدەر ئەکا
لەززەت و شەوقی بەهاری کەیف و شادیم بۆتە غەم
بۆیە تیپ و لەشکری ئاهم لە دڵ سەنگەر ئەکا
شۆڕش و غەوغایە ئەمڕۆکە لە دەشتی شارەزوور
نەعرەتەی رەعد و بڵێسەی تۆپە عالەم کەڕ ئەکا
راس و چەپ ئاگر ئەبارێنن لەسەر دەشت و چیا
شار و لادێ پێکەوە هەر شیوەنی ئەکبەر ئەکا
خەیمەشەببازی گرۆیە بۆ شەبەیخوونی ستەم
جار ئەبێ ئەوباشە دێ تەعقیبی کینە و گەڕ ئەکا
قومبەلەی قەهر و غەزەب ئەڕژێتە سەر ماڵ و مناڵ
گێژەڵووکەی تۆز و باروتە لە بای صەرصەر ئەکا
ئەو پلەی وا پێی ئەڵێن عەسری حەدید و پێشڕەویی
عالەمێ بێ خان و مان و بێکەس و بێ دەر ئەکا
دەوری تۆپە و تازیانەی عیبرەتە بۆ پیاوی ژیر
دێ بەسەرمانا بەڵام ( الحمد لله ) سەر ئەکا
ئەم هەل و مەرجە ئەگەر بێڵێ بە کامی دڵ بگەم
بێگومان ئەو کاتە دڵ هەر مەیلی ئەو سەروەر ئەکا
دوژمنی زاهید نما حوکمی جیهادی داوە بۆم
وا دیارە قافڵەی مەرگم لە پڕ تێپەڕ ئەکا
وا بەرەو شاری سلێمانیی ئەڕۆم بێ مەیلی خۆم
دەستی قودرەت مەیلی بێ لەم شارەشم هەر دەر ئەکا

جا ئـەگـەر چـاوم لـە چاوت ون بو تـا بـازاڕی حەشـر
ئەو دەمەش ڕۆحم لە شوێنت ئـەمسەر و ئـەوسـەر ئەكا
عـەهـدی من عەهدێكە ناگۆڕێ بە سەد دەوری فەلـەك
صەیقەلـی میهر و مەحەببەت ئیشی سـەد مـسگەر ئـەكا
گەر ئەپرسـی حـاڵی ئاشفـتەی ( فەنایـی ) دەربـەدەر
وا لە جـێـگەی گـۆشـەگـیریـی خانەقا سـەد دەر ئـەكا

## ﴿ عەشقی مەجازیی ﴾

عەشقی مەجاز ئەگەرچی ئـەو دوورە لـە فیعلـی نـاڕەوا
ڕەواج ئەدا بە شۆری دڵ كە دەم لـە حـاڵی عەشـق ئـەدا
ئەگەرچی تام و چێـژی ئەو لە ڕەنگ و ڕوو ئـەدا خەبـەر
هەوێنی عەشقی حەق نەبێ كـێ بـە مـورادی دڵ ئـەگا
كـەسێ مەجازە ئـارەزووی ئـەمـەش بزانـێ زووبـەزوو
كە دیـمەنی نیگارەكـەی شـادی بـە نەفـسی ئـەو ئـەدا
دڵ بـە خەیاڵی زولـف و ڕوو لەگـەڵ خەیاڵـە ڕووبـەڕوو
یەعنی بەبێ نەتیجەیە كاتـێ كــە ئـەو سـەفەر ئـەكا
مەجاز ئەگەر ببـێـتە هـۆ بـە تـان و پـۆ لـە سینەدا
عـاشـقـی زار و بێنەوا جا لـە رمـووزی عەشـق ئـەگا
حوسنی گوڵ و چەمەن هەموو كە دیـمەنێكە بۆ ئـەوین
خـەیاڵی خـاوە گـەر بلـێن عیلاجـی دەردی دڵ ئـەكا
یـاری حـەقیقی‌یـە بـە حـەق طـەبیبـی حاڵـزانی دڵ
بۆیە ( فەنایـی ) دەم بەدەم تانـە لـە جـامی جـەم ئـەدا

## « واوەیلای دڵ »

دڵ بە داخی هیجری تۆ ئەی دیدە واوەیلا ئەکا
بۆ حەریمی ئاستانەت ئەو بە سەر سەودا ئەکا
تاڵ و سوێریت بۆ ئەچێژێ بۆ دەمێ دیداری تۆ
ئەو دەمەی هەرگیز نەدی هەر بۆیە وا غەوغا ئەکا
بولبولی بێچارە شەیدای ڕەنگی دوو ڕۆژەی گوڵە
بولبولی دڵ یادی خونچەی ( جَنَّةُ الْمَأْوَى ) ئەکا
هەوڵی پەروانە لە دەوری شەم لەبەر شوعلەی ئەوە
نەیئەزانی ئەو بە فوویەك شەم شەوی یەلدا ئەکا
واعیزی ئەم شارە دڵخۆشە بە زوهدی بێ مەزە
ئەو بە قال و قیلەوە شۆڕش بە دەم بەرپا ئەکا
تا نەنۆشێ بادە نازانێ لە زەوق و حاڵی دڵ
ئەم لەژێر پەردەی جنوونا زیکری یامەولا ئەکا
تێئەگا ئەوساکە زوهدی بێ حەقیقەت هیچە هیچ
عوزری بێ دەرکیی لە ساقیی پڕ بە دڵ داوا ئەکا
قاڵەقاڵی مەدرەسە کەی کەشفی ڕەمزی عەشق ئەکا
کێ بە عیلمی فەلسەفە تەشریحی ( أَوْ أَدْنَى ) ئەکا
مەستی بێ مەی تێئەگا لەم بەزمە با بڕوا ڕەقیب
چی ئەزانێ ئەو ( فەنایی ) چی بە دڵ ئینشا ئەکا

* * *

## ﴿ جەوری فەلەك ﴾

ئەم شیعرەشم هەر لەکاتی جەنگی ئێران و عێراقدا نووسیی .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٣

سەر لەسایەی تۆوە ئەمڕۆ وا بە سەر سەودا ئەکا
وا لەژێر جەوری فەلەکدا چی بڵێ ئەم وا ئەکا
دڵ کە تینووی رووتە دیدەم وەك دەروونی صائیمە
شەربەتی ئاوی حەیاتی تۆ لە من داوا ئەکا
هەرج و مەرجی عالەمی ئەشباحە دەوری داوە لێم
وەك سوپاکەی ( سەلم و توور )ە فەرتەنە و غەوغا ئەکا
حاڵەتێ ئەمڕۆ کە ئەیبینم لەگەڵ دەوری قەمەر
وەك ئەڵێن بۆ کەهکەشان ئیسباتی لۆدەی کا ئەکا
من بە ( کا ) رازیم ئەگەر بارانی ئاسن لێگەڕێ
چی ئەبینم وا لەگەڵ ئاگر لەسەردا دائەکا
مەنجەنیقی هیجری یاران دانرا بۆ حاڵی من
ئایەتی ( يَا نَارُ كُونِي ) کەی ئەمەم بۆ چا ئەکا
من بە دایم جەستەکەم گەستەی دەمی مارانە لێم
رۆژ و شەو مەشغوولی ناڵە و ئاهە واوەیلا ئەکا
تەبعی تووتیی وارەکەم فێری شەکەر بوو چاوەکەم
ئێستە تاڵیی حەنزەلە تەمسیلی قەند و چا ئەکا
من شکایەت کەم ئەگەر ئەمڕۆ لە بەختی خۆم ئەکەم
وەر نە خۆ دەستی قەزا هەرچی بکا هەر چا ئەکا

( لَيْسَ فِي الإِمْكَانِ كَلاَّ أَبْدَعُ مِمَّا جَرَى )
( حَاشَ لله ) من بلێم بۆچی ! لەبەر چی وا ئەکا
ئایەتی ( لاَ يُسْئَلُ ) دەمبێنە بۆ ئەهلی تەمیز
بەس عەجوولە ئادەمیی بێ سەبرە گەر شەکوا ئەکا
ئایەتی ( لاَ تَقْنَطُوا ) تەسکینە بۆ یەئسی دەروون
رەحمەتی حەق عامە چاری سەد سەری سەودا ئەکا
جا ئەگەر دەنگ کەم لە عیجز و ناتەواویمە بەڵێ
کوێر هەتا ئەمرێ خەیاڵی دیدەیی بینا ئەکا
ماهی کەنعان ئەر بە عیشوە بێتە میسری عاشقان
شۆڕشی مەحشەر لەنێو موڵکی دڵان بەرپا ئەکا
دیدەیی یەعقووبی دڵ بۆ کەی بە موژدەی کاروان
چاوی نابینا بە بۆنی پیرەهەن بینا ئەکا
رۆژ و شەو هەر چاوەڕوانی مەقدەمی دڵدارە دڵ
عاقیبەت هەر سەبرە دەردی بێ دەوام بۆ چا ئەکا
سەبر ئەگەر ناکا ( فەنایی ) چی ئەکا لەم حاڵەدا
گەرچی شێواوە بە غەم یاریی لەسەر هەودا ئەکا

## ﴿ سوڵتانی عەشق ﴾

دەبدەبەی سوڵتانی عەشقە رۆژ و شەو ئاوا ئەکا
زەمزەمەی مەستانی عەشقە مەحشەرێ بەرپا ئەکا
گەردوشی دەوری فەلەك یا ماه و پەروین و نجووم
گشت گەواهی صیدقە تەصدیقیش لە تۆ داوا ئەکا

عەرش و فەرش و کورسی‌یو لەوح و قەڵەم بۆ موددەعا
یەك لەدوویەك نووسەرە تۆماری عەشق ئیمزا ئەکا
جومبوشی دەریا لەگەڵ شیب و فرازی رووی زەوی
حاڵەتی جۆش و خرۆشی سوکری عەشق ئینشا ئەکا
قەبز و بەسطی عەشقە لەم ساحەی فەزادا چاوەکەم
عالەمی تەمسیلە وا تەولیدی هەور و با ئەکا
تا ئەبارێنێ لە دەریای عەشقەوە نم نم بە لوتف
مەزرەعەی سینە و دەروونی عاشقان ئیحیا ئەکا
سا زمانی حاڵە یا نووسینی قالە هەرهەمووی
دائیرەی کەون و مەکان ئیعلامی عەبدی خوا ئەکا
عالەمی پایین کە پەستە بۆتە مەزهەرگاهی عەشق
وا نەزانی پەستە سەیری دائیرەی ئەسما ئەکا
چونکە مەهدی دائیرەی کوبرایە بۆ تەعلیمی عەشق
رێنوێنیی بۆ هەواری دائیرەی عولیا ئەکا
کەنزی مەخفیت پێ ئەناسێنێ ئەگەر عەقڵت هەبێ
روو لە حەق لادانە هەرکەس پشت لە رێگەی وا ئەکا
مەدرەسەی تەورات و ئینجیل و صەحیفەی ئەنبیا
وەك ( كلامُ الله ) هەموو ئیسباتی ئەم دەعوا ئەکا
حیکمەتی ئیرسالی یەك یەك ئەنبیاوو مورسەلین
ئاوەدانیی مەدرەسەی عەشقە و هەتا سەر وا ئەکا
تۆ ئەگەر لەم مەدرەسە دوور بی نەبوونت چاترە
چونکە بوونت دەرسی عەشق و بەندەگیت پێ چا ئەکا

گەرچی بوونیشت نەبوونە وەك نـەبوونت بوونـە بـۆت [1]
تازە چارت نـاكرێ هــەر عـەشقــە حالـّت چـا ئـەكا
نـەفـسە یـا شـەیتانە مانیــع یـا ڕەفیقـی ناپەسـەند
لێــرە یـــا لــەولا بزانــە تــۆ بــە تــۆ ریـسوا ئــەكا
تۆ ئەگەر بەحری لـە عـیلم و عابـیدێـكی خۆپەرست
خۆپەرستیی جەهلە ئـاخر خـۆی لـە خـۆی حاشـا ئـەكا
فەلسەفەی عیلم و عەمەل ئیخلاصە بۆ ڕێـبازی عەشـق
بــێ ئەمــە ئیفلاســە ، زانـــا كـــاری نازانـــا ئــەكا
جەوهەر و ماكە و هەوێنی زەمزەمەی عەشـقی ئەلەسـت
ڕۆحی پـاكی ( مُـصطفَی )یـە و زیكـری یامـەولا ئـەكا
واسیطەی ئــەووەڵ لەبــەینی خــالیق و مــەخلووق ئـەوە
بۆیە خوا خۆی بۆ كـەمالّی فـەزلّی ئـەو ( لَـوْلاَ ) ئـەكا
تاكە سـواری ( لَیْلَـةُ الأسْـرَی )یـە بــۆ میعـراج ئەچـێ
طەی مەقامی ( لي مع الله ) و قورِبی ( أوْ أدْنَـی ) ئـەكا
تۆ ئەگەر حەلقەی غولامیی ئەو لـە گوێتـا بـێ بـە دڵ
پێئەگـەی یـا تێئەگـەی عاشـق بـە چـی سـەودا ئـەكا
تــا بــە میرئــاتی دڵــی ئــەو زاتــە دڵ صــەیقەل نەكـەی
چی ئەزانی نەفسی سەركێـشت بـە چـی بـەلوا ئـەكا !

---

[1] واتە : بوونی بێ عەشق ، وەك نەبوونە و بێ سوودە بۆ دوارۆژ " لەگەڵ ئەمەشدا نەبوونت – واتە نەمانت – لە دنیا مانە بۆ ئەو دنیا و تازە پێ ئەنێیتە قۆناغێكی تری بوونت ، بەلاّم پەشیمانیت لەوێ بێ سوودە .
( هۆنەر )

وا ( فەنایی ) وەك عەجووزەی میسرە بۆ سەوداگەریی
هیچە خۆی هیچی بەدەستە و مەیلی موڵکی شا ئەکا

## ﴿ هاواری دڵ ﴾

دڵ گڕوو ئەگریٚ منالّە رۆژ و شەو هاها ئەکا
ماچی خاڵ و شەهدی لێوی قیبلەکەم داوا ئەکا
حاڵی نابیٚ بۆم بە سەد پەند و مەسەل هەرچی ئەکەم
تیفلە داوای بادەنۆشی و بەزمەکەی لەیلا ئەکا
تیپی غەم ئەمڕۆ هوجوومی کردە سەر ئیقلیمی دڵ
گوڵ لە قەسری نازەوە تەئییدی بۆ یەغما ئەکا
ئاهونالّەم وا گەیشتە ئەوجی گەردون چاوەکەم
دەردەداری بیٚ دەوا ناچارە واوەیلا ئەکا
من کە هاتم بۆ شیفای دەردم عیلاجت بۆ نەکرد
خۆ تەبیبی دڵ بەجاریٚ سەد عیلاجی وا ئەکا
خانمان سۆزە حەریمی مەنزڵی شیرین لەبان
بۆیە کۆکەن خۆی بە دەستی خۆی بە خۆی ئاوا ئەکا
تاقی ئەبرۆی بێستوونی تەوقە بۆ تەسخیری دڵ
چی کە ئەیدوێنم ( فەنایی ) ئەو لە تۆ حاشا ئەکا

* * *

## ﴿ جۆباری ئەشك ﴾

لـە كاتێكدا كە حەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) لـە دەوروبـەری سـالانی ( ١٩٨٤ – ١٩٨٥ )دا تەشـریفی لــە ( كوێـت ) بــوو بە بۆنەی دووریی ئەو زاتەوە ئەم هۆنراوەیەم نووسی .

حاڵی وێرانـەی دڵـم شـێوەی لـە جـێ مـەجمەر ئـەكا
كـەس نەبینێ چـاوەكـەم جـۆبارە لاشــەم تــەڕ ئــەكا
واعیزی ئەم شارە دوێـنێ پێی وتـم شێـتی مـەگــەر !
وا هەموو شـێوەت لـە شـێوەی كۆكـەنی بـەر دەر ئـەكا
تــۆ هــەواڵـی حاڵی خـۆشیم لـێ ئــەپرسی بـێخــەبەر
تیغی دووریی لەیلەكەم وا زامـی سـەد خـەنـجەر ئەكا
فەرتەنەی دەوری قــەمــەر هـەڵـساوە بـۆ بـەختی رەشم
نێـشی عــەقرەب لێـرەدا تەئـسیری سـەد ئـەژدەر ئـەكا
بـەزم و رەزمـی مـەرحـەلەی دیداری قیبلەم دوورە لـێم
تۆ لە كوێ حاڵیی ئـەبـی ! كەنداوی كوێ كەوسەر ئەكا
من سـەرم لـەو حـاڵـە دەرناچێ كە واعیز پـێم ئـەڵـێ
بـەس ئەزانـم دووكەڵی ئینكارە لـە دڵـی سـەر ئـەكـا
لەیلەكـەم لـە كوێتــە ئـاخر چـیتە تـۆ لـە كوێتــەوە
كێ ئـەزانێ شـاپـەڕی عـەنقا لـە كـوێ لەنگـەر ئـەكا
داخـەكـەم حـاڵی دەروون ئـەمـڕۆ لەگەڵ ئــارامی دڵ
شوێنەواری هـەر لـە شوێنی دەشتەكەی مەحـشەر ئـەكا

کۆمەڵی یەئجووج و مەئجورجە هوجوومی غەم بە تیپ
داوەریوە وەك خەزەڵ نێو سینەکەم سەنگەر ئەکا
قاڵەقاڵی بێ مەزەی واعیز لە دەورم بێگومان
بۆ دڵەی دێوانەکەم تەئسیری سەد نەشتەر ئەکا
زامی تیغی بێ دریغی دەستی جەللادانی دەهر
چاك ئەبێ تانە و تەشەر خەرمانی سەر جەنجەڕ ئەکا
خوم لە خومخانە نەبێ بۆ رەنگی خوم پەك ناکەوێ
خوێنی دڵ تەمسیلی رەنگی بەحرەکەی ئەحمەر ئەکا
کاسەکەی سەبرم رژا وەك ئابڕووی بێ ئابڕوو
بۆیە رەنگم ئەم دەمە رەنگی لە نیلوفەڕ ئەکا
سەیرە باسی داوەری بەختی ( فەنایی ) کا رەقیب
ناحەقی مەگرن کە ئەو ناحەقیە بۆیە شەڕ ئەکا

## ﴿ دیمەنی جوانیی دولبەر ﴾

سەبا ئەگەر لەسەر رووی زولفی بخا بەلادا
دووری مەزانە حوسنی نووری قەمەر بەبادا
ئەم کەوکەبێکە بێ هێز بۆ بەزمی عەشقی جانان
نەمدیی نەبوو کە جارێ میرئاتی دڵ جەلا دا
دڵبەر ئەگەر بە عیشوە دەرخا مەهی جەماڵی
غەمزێك و سەد ئەسیرە ئەیدا بەدەم جەفادا
حوسنی جەماڵی یارم بەرقی بەهاری نازە
قوربانی ئەو نیگارەم سەد هەوری غەم بەبادا

من چی لــه ڕەنــگ و ڕوو کــەم بــێ حاڵــەتی مــەزەی دڵ
خورشــیدی خــۆش لیقــا بــێ زەوقــی پــیاڵــە نــادا
دڵبەر کەسێــکە دڵ بــا [1] نــەك چــاوەچــاوی دیــمەن
ســەرخۆشی بادە هــەرگیــز نــاچــێ بــەلای هــەوادا
وا تێنەگــەن لــە بــادە ئــاوی ترێــم مــوورادە
مــەستی شــەرابی وەحــدەت پــوولــێ بــەمانە نــادا
زولفــێ کــە ڕانــەکێــشێ بەنــدی دڵانــی عــاشق
بە کوڵــکە مــووی ئــەزانن لــە مەکــتــەبی مــەلادا
خــاڵی گــوڵــی ( فەنایــی ) ڕۆحــی بــەقا ئەبەخــشێ
گەر بێ لە گەنــجی سینەی دەس کــا بــە تــای وەفــادا

* * *

---

[1] دڵ با : دوو مانا هەڵئەگرێ " ئەگونــجێ بەمانا ( دڵ بەرێ ) واتــە : ڕایکێشێ بۆلای خۆی ، وە ئەشگونــجێ بەمانا ( دڵ بــدات بــە عاشــق ) واتە : دڵە مردووەکەی بۆ زیندوو بکاتەوە . ( هۆنەر )

## ﴿ سەفەری ئازیز ﴾

ئەم غەزەلەش هەر لەو کاتەدا بوو کە حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) ئەیویست بە یەکجاریی عێراق بەجێ بهێڵێ ، بۆیە بۆ ماڵئاوایی تەشریفی هێنا بۆ سلێمانی و ئیتر تا لە دنیا دەرچوو جارێکی تر نەهاتەوە بۆ عێراق .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٩

لەیلەکەم تۆراوە ئەمڕۆ یا بە ئەنقەس وا ئەکا
تەرکی ماڵی خۆی و مەیلی شوێنی نائاوا ئەکا
طائیری ڕەوضاتی قودسە بۆیە وا ون بوو لە چاو
مەیلی گەشتێکی جیهانە ، نا ! بە حیکمەت وا ئەکا
سیرڕی ئەم سەیرانە هەرگیز ناکرێ بۆ من بەیان
لێرە بێدەنگیی عەزیزم کاری سەد سەودا ئەکا
چونکە حاڵی ئەهلی دڵ مەستوورە لای ئەهلی نەزەر
ئەو بە مەستووریی دەوای سەد قەلبی نابینا ئەکا
حاڵەتی دەوری فەلەك گۆڕاوە بۆ بەختی ڕەشم
ڕۆحی شیرینم خەیاڵی یەثریب و بەطحا ئەکا
بەڵکە ڕۆژێ بێ سەبا مژدەی بەهاری پێوە بێ
موتریبان بێژن بە نەغمە گوڵ چەمەن ئاوا ئەکا
تاقەتی تەبعم نەماوە تا بە مەیلی دڵ ئەگەم
خۆ ( فەنایی )ش تا ئەبەد هەر ئەو دەمەی داوا ئەکا

❊ ❊ ❊

## ﴿ رەنجی بێسەمەر ﴾

هەتا مردن مەگەر قوڕکەم بە سەرما
کە تیفلی دڵ بەبێ شیر و شەکەر ما
لە گوڵزاری بەهەشتی وەسڵی جانان
نەما سوودم ئەوەی ما هەر زەرەر ما
بەڵێ رۆح بۆ سەبای تۆ بوو بە هودهود
سەرم سوڕما کە بێباس و خەبەر ما
بەهۆی خضراوی لێوت وەك سکەندەر
لەنێو زوڵماتی زولفت بێ ئەسەر ما
کە دڵ تۆتۆی لە مەیلت کەیلە لەیلم
ئەڵێی مەجنوونە وێڵی دەشت و دەر ما
لە مەکتەبخانەکەی ئوستادی عەشقت
هەموو دەرس و موتالام بێسەمەر ما
ئەبێ وادەی وەفا کەی بێ ئەگەر بێ
( فەنایی ) وا دڵی بێشوێن و سەر ما

* * *

# ﴿ پەیامی هیجر ﴾

ئەم پارچە شیعرەم بە مەبەستی بەسەرکردنەوە بۆ هاوڕێی خۆشەویست و دێرینم : ( مەلا عەبباسی حەسەنیی ) نووسیی کە دانیشتووی گوندی ( زێوکە )ی سەر بە شاری پیرانشاری ئێرانە .

دووڕوود - ساڵی ١٩٦٥

وەکیلم خەطط و نامەی هیجرە وا هات
کە ماچت کا لەجیاتی من لە دوو لات
بەجێ بێنێ وەفا و رەسمی برایی
بە دڵ بیکا سڵاوی من لە باڵات
کەمێ بیخاتەوە فکر و خەیاڵت
هەواڵی ئەم برای خەمخۆری دوو لات [1]
خودا بیکا دڵی وەك بەرد و دارت
نەبێ تا ئەم سنوورە بێ موباڵات
عەزیزم چونکە تۆ نەجلی حەسەن بووی
ئەبوو حوسنی وەفا بێ جینس و کاڵات
ئەبوو زووتر بە وەعدەی زوو وەفا کەی
نەکەویە شوێن قسەی پووچ و خەیاڵات
دەمێ بوو چاوەڕوانت بوو ( فەنایی )
کەچی نەیدی نە دیدار و نە باڵات

---

[1] واتە : خەمخۆری هەردوو دنیات . ( هۆنەر )

## ﴿ شیوەنی دڵبەر ﴾

مەزرەعەی ئـامـالـی من سـووتاوە وەك سـاڵی نـەهات
ئافەتی دەوری فەلـەك ئـەم راسـی یـەم بـۆ دەرئـەخات
مەطلـەعی بورجی نجوومی نەحس و شـوومی بەختەكـەم
دەوری لـێ گـۆڕاوە مەیلی سـەددی ئەسـكەندەر ئـەكات
بێـستوونی لاشـەكەم بـێ نـازە بـێ نەقــقاشی عەشـق
بۆیە وەك فـەرهادە دڵ وا شـیـوەنـی دڵـبـەر ئـەكات
تـەیری رۆحـم دوور لـە بـالاَت دان و ئـاوی لـێ بـڕا
وشكەساڵی مەیلەكەت ئێستا لە جێ مەجمەر ئـەكات
من كە كالاَی عومرەكەم ئـالاَ بـە بـالاَ و تـۆزی پـێـت
وامئەزانی تۆزی پـێـت دەرمـانی چـاوی سـەر ئـەكات
فرسـەتی بـازاڕی مـەیـنـۆشـانـە دەوری مـەیكەدە
پیری ساقیی كەی بە دەوری پیاڵە من دەم تـەڕ ئـەكات
چـاوەڕوانی دەسـت و بازووتـە ئـەسـیری زولفەكـەت
وا بەرەو دەشتی جنوون ئەڕوات و تـەركی سـەر ئـەكات
قافڵـەی كەعبـەی ئومێـدم مـانی لـێگرتووم ئـەڵێ
وەك شەوی دەیـجوورە داوای شەوچـرا و لەنتـەر ئـەكات
كـاتی كـۆچـی دوا هەناسـەی ژینـە لـەم زوڵماتـەدا
وا ( فەنایـی ) روو لە سارای دەشتەكەی مەحشەر ئەكات

* * *

# « گیانفیدایی »

لە مانگی قوربانی ساڵی ( ١٩٨٠ ز )دا لە ( بیارە ) حەزرەتی شێخ محمد عوسمان سراج الدینی نەقشبەندی ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) وەکو عادەتی هەموو ساڵێکی ویستی چەند سەرێك حەیوان بکات بە قوربانیی .. لە نامەیەکدا کە منی کردبوو بە وەکیل بۆ سەربڕینیان ". بۆ جێ بەجێکردنی فەرمانەکەی ، بەم چەند شیعرە ئیرتیجالی‌یە وەڵامی نامەکەیم پێشکەش کرد .

کە من قوربانی تۆ کەم تۆش وەکیلی بمکە قوربانت
ئەگەر نەقصم هەبوو بمکە بەلاگێڕی سەر و گیانت
من و قوربانی تۆ قوربان نیشانەی سەرورەریی خۆتە
خودا بمکا بە قوربانت لە عیدی فیطر و قوربانت
لەبەر تەقصیر ئەمن دەستم ئەلەرزێ بۆ هەموو خێرێك
کە تۆ خۆت شاهی مەردانی نەلەرزێ دەستەکەی جوانت
لە راکێشانی تیغت بێ دریغ بە بۆ فیداکاریم
لە تۆ خێر و لە من تەسلیم وەکو عەبدێکی دەربانت
کە من رازیم لە بازاڕی فەنادا سەر بکەم تەسلیم
لەپێناوی بەقادا بۆ قبووڵی ئەمر و فەرمانت
ئەوا هەر چاوەڕوانی دەستی مەردانەت ئەکا رۆحم
دەسا بۆ کەی ! درەنگە رۆحەکەم بۆ وەعد و پەیمانت
هەموو شت فرسەتە تا هەل لە دەستایە ئەجەل ماوە
( فەنایی ) کە بە قوربانت لە مەزبەحگاهی عیرفانت

# ﴿ ناسۆری غەم ﴾

تۆ لەسەر باری وەفا بی و من ئەسیری پەرچەمت
وا ئەزانم پەرچەمی شاهیمە زولف و پەرچەمت
من لە خەرمانی غەمت خەزنەی دڵم پڕ کردووە
بەڵکە ڕۆژێ بێ کە تیفلی دڵ ببێتە هەمدەمت
بەرهەمی من وەرهەمی ئەعدایە یا ناسۆری غەم
تۆ لە بێ‌میهریی عەزیزم چی بوو ئاخر بەرهەمت
بەرهەمی عاشق مەگەر هەر ئاهوناڵە و زاری‌یە !
چی ئەبێ جارێ بە خۆشیی دەم بنێتە نێو دەمت
من تەماعی غارەتی خەزنەی جەماڵی تۆم نیە
بێ درۆ بێ فەرقە لام ئەنعامی زۆرت یا کەمت
دڵ کە ڕازیی بێ بە تامی شەهدی لێوت ڕۆژی عید
چی ئەبێ ئاخر کە تێری کەی لە خوانی بەردەمت
با ( فەنایی ) لەو بەشە بێ‌بەش نەبێ قوربانتم
من زەکاتێکم بەسە بۆ قووتی شەوگاری غەمت

* * *

## ﴿ عەهدی فیداکاریی ﴾

رۆژی ئەووەڵ دیم کە دولبەر چاوی مەستانەی نواند
زولفی چین چینی لەسەر روخساری ماهانەی نواند
ئاگری بەردایە نێو بازاڕی بەزمی عاشقان
پارە پارەی جەرگی بوریان و دڵانی هەڵکزاند
تا خەیاڵی صەیدی ئەو ئاهو غەزالەم کەوتە سەر
مورغی زیرەك بوو کە زانی سەنگەری دڵمی شکاند
من کە نازی ئەو ئەکێشم فەخرە بۆ رۆژی جەزام
ئەو کە ریشەی دڵ دەکێشێ پێی بڵێن بۆچی پساند
عەهدی من عەهدی فیداکاریی دڵ و رۆح و سەرە
با رەقیب بمرێ لەداخا ئەو کە عەهدی خۆی شکاند
رێ بە نامەحرەم لە کۆڕی عاشقانا نادرێ
چاوی مەخمووری ئەدیبە ئەهلی رازی تێگەیاند
خۆ ( فەنایی ) گەرچی ئەهلی مەجلیسی رەندان نەبوو
بەس دڵێکی بوو ئەویش دڵبەر بە زۆریی لێی ستاند

* * *

# ﴿ ئامۆژگاریی ﴾

ئەم هۆنراوەیەم بۆ کچی بچووکی خۆم نووسی
سلێمانی - ساڵی ١٩٨٩

رۆڵەی خۆشەویست شیرین تـر لـە قەنـد
ببیسـە لـە مـن بـڕێ قسە و پەنـد
جڵەو شۆڕ مەکـە بـۆ نەفسـت لـە ژیـن
ئـەنا خراپـەت بـۆ ئـەکا پەسـەند
تێـکۆشە بـا تـۆ زاڵ بـی بەسـەریا
ئەگەر وا نەکـەی ئـەو ئـەتکا بـە پەنـد
رێـگەی ژیـان و خۆشـیت ئەبەسـتێ
ئەخاتە بەر پێت هـەزار کۆسـپ و کەنـد
خـۆی دژە و دژیـش شـاد ئـەکا بـە تـۆ
ئـەتکا بـە دیـل و ئەتـخاتە نێـو بەنـد
نرخـت نایـەڵێ لـەنێو کۆمەڵـدا
مار و دووپشکە و گشت گیـانی گەزەنـد
رۆژێ لـە رۆژان پەشـیمان ئـەبی
رۆڵە شـیرنەکەم بـە بێ چـوون و چـەند
ئـەو کەسـە ژیـر و بەرێـزە گیانـە
دەستی خۆی پێشخا و بـیخاتە کەمەنـد
گیانە ( فەنایـی ) خۆشـیی تـۆی ئـەوێ
بـۆ دیـن و دنیـا رۆڵـەی عاقڵمەنـد

## ﴿ کاری نهێنیی ﴾

ئەم هۆنراوەیەم لە وەڵامی بەڕێز : مامۆستا مەلا سەید ڕەزادا نووسی کە دانیشتووی شاری سەردەشتی ئێرانە ، لە کاتێکدا کە تا ئێستاش – بێجگە لە ناوبانگی دووراودوور – یەکترمان نەبینیوە ، بەڵام بەڕێزیان هەر بە باس کردنی دۆست و ناسیاو ناوی منی بیستبوو ، بۆیە نامەیەك و هەڵبەستێکی خۆی بۆ ناردم ، منیش لە وەڵامدا نامەیەك و ئەم هەڵبەستەم پێشکەش کرد .

سلێمانی - ٨ / ٤ / ١٩٩٣

عەجەب دەستێکە دەستی یاری دڵدار
لەژێر پەردەی نیهانیی دا ئەکا کار
چ کارێ ! کاری موڵکی عالەمی ژوور
چ ژوورێ ! ژووری سەردارانی ئەسرار
کە سەربەستن لە جەرگەی ماسیوادا
ئەناسێنن بە یەکتر یاوەر و یار
لە پەردەی غەیبەتیشا ئاشنایی
ئەبەخشن وەك لە مەحفەلدا بە دیدار
بەڵێ جەولانگەهی مەردانی ئەم ڕێ
لە مەیدانی بەقادا نەك لە ئەطوار
بەڵام بۆ ڕیجعەت و نەقشی طەریقەت
هەموو نەقشین و نەخشینن بە ئەنوار

شوعاعێکی سیراجی دینی ئێمە
کەفافی حاڵی بێدارە و بریندار
ئەگەرنا نارەوایێکی غەم ئەندوود
لەگەڵ بوعدی مەسافەی بەینی دوو شار
ئەبێ چی تر نەزەرسەنجی رەزا بێ
( رەزا ) بێ یادی لاتێ کا بە ئەشعار
ئەویش کامین غەزەل ! غەزلی گوڵی دڵ
بە لەهجەی عەندەلیبی صەحنی گوڵزار
ئەگەر رێگەم لە ( سەردەشت )ی وەفادا
درابا دیدە رەوشەن کەم بە دیدار
( سلێمانی )م ئەدا بۆ مەسرەفی رێ
سەریشم دائەنا بۆ مەعبەری یار
بەڵام چ بکەم لە چەنگاڵی زەمانە
کە هەر ساتێ بە رەنگێ دێتە پەیکار
رەزا نابێ بە دووری و تەرکی مەوتەن
بە تەن ئەیدا بەسەرما ئێش و ئازار
ئەمەش چونکە بەهۆی دەستی قەزایە
رەزایە ئەرکی ئێمە بێ گلەی زار
دەسا قوربانە مەردانی رەزا جۆ
دەبا بەس بێ خەیاڵاتی خەفەتبار
( فەنایی ) تا بەکەی تاڵاوی غوربەت
بنۆشێ بێ نەتیجە و بەرهەمی کار

# ﴿ مەینەتزەدەی غەم ﴾

دڵەی کۆست کەوتەم بێ خەبەر لە یار
مەینەتزەدەی غەم ئاوارەی دیار
برژێنە ئەسرین لە سەرچاوەی چاو
بەڵکە خامۆش بێ سینەی پڕ لە نار
کام سینە ! سینەی کەیلی دووریی لەیل
نە بە ڕۆژ خۆشیی نە بە شەو قەرار
تا کەی بناڵی بەدەس ئێش و ئۆف
جارێ نەپرسێ چۆنی بە ناچار
تا کەی نەسرەوێ زامی ناسۆرت
زووخاوی کۆنیش بێ بە ژاری مار
زام تەشەنا کا بێ بە کێم و خوێن
ئاخۆ بۆ کەی بێ ؟ دەوای دەستی یار
نە بە خەو بینیت وێنەی ڕەنگینی
نە بە بێداریی کاتی لەنجەو لار
کەی ئەبوو وا با شەرتی دڵداریی
لا نەکا جارێ ئەو بە لای بیمار
جا کە تۆ فەوتای تازە ( فەنایی )
چی ئەکەی لە ژین بە بێ مەیلی یار

❊ ❊ ❊

# « لوتکەی خەیاڵ »

ئەم شیعرەشم لەکاتی تۆپ باران کردنی کوردستان بە هۆی جەنگی نێوان ئێران و عێراقەوە نووسی .

سلێمانی – ساڵی ١٩٨٣

چوومە سەر لوتکەی خەیاڵ و دیم بە چاوی دڵ لە دوور
ساحەکەی سینەم بە عەینی بۆتە دەشتی شارەزوور
گا بەدەس شەیتانی سەگ گاهێ بەدەس رووباهی نەفس
گا بەدەس گورگ و چەقەڵ هەر واقەواقە و لوورە لوور
زەلزەلەی تۆپ و تەیارە وا زەوی هێنایە لەرز
وەك بڵێن ئاخر زەمانە و لێدراوە نەفخی سوور
وا پەرێشانم بەدەس ئەم حاڵە وەك زولفی حەبیب
کاتی سەف بەستن لە دەوری روومەتی وێنەی بلوور
وەك کەلیم گەر بێ بەبۆنەی ئاهی سینەی پڕ لە گڕ
نیونیگاهێ کا لە دڵ بێ شك ئەبێتە کێوی طوور
سا خودا کەی ئەو هەلە بۆ حاڵی زارم هەڵکەوێ
بەو هەموو زوڵماتی سینە و داخی عومری پڕ قسوور
لابەرێ تا دەرکەوێ بەرقی جەماڵی بێ حیجاب
ئەو بە چاوی نازەوە ساحەی دڵم پڕ کا لە نوور
شەرتی گەنجینەی ئەمەل بۆ بابی وەسڵی گوڵڕوخان
نەغدی ئیخلاسە لە قاسەی سینەوو قەلبی صەبوور

من به یادی لـەیلـەوە سەرگەرمی بـەزمی بادە بـووم
بـێ خەبـەر لـەو کاتـەدا دێـوی ڕەقیـبم هـاتـە ژوور
ئەو کە تینوو بوو بە خوێنی جەرگی من وێنـەی زوحـاك
وا دەمی سوور کرد بە خوێنم هەروەکو کـەلبی عـەقوور
من بە شەوقی ئەو ( فەنایـی ) بۆ ( فنـا في الله ) ئەچـووم
کاسەکەی دڵمی شکان و بەستی لـێم ڕێگـەی عوبـوور

## ﴿ بەهاری وەسڵ ﴾

تا لە قەصری عاریـفـان مـەسـتـانە یـارم هـاتە دەر
من دڵم خۆش بـوو وتـم نـەخـلـی مـورادم هـاتە بـەر
تا بە غەمزەی چاوی پڕ نازی ئیشارەی کـرد لـە مـن
وام ئـەزانی بۆ ئەبەد ئـەو تـاجی شـاهیی نامـە سـەر
دڵ بـە ڕۆح و ڕۆحەکـەم مـوژدەی ئیـشارەی دا بـە دڵ
دەی کە ئۆخەی وا لە بـەختم ڕۆژی ڕەش کـردی گـوزەر
بەڵـکە نـۆبەی گوڵـشەنی شـادیی بـەهاری وەسـڵ بـێ
رابـمالێ ماتـەمی دڵ لابـەرێ تـۆزی سـەفـەر
با غەریـبـێـکی وەکو مـن بـێـتەوە صـەحنی حـەرەم
هـەروەکو یـارانی دێرینـە منـیش بـم بـەختـەوەر
من کە لاڵـم لـەو مەقـامە سا سـەبا قوربانـە تـۆ
عەرزوحاڵم ڕاگەیـێنـە بـا نەکـەم شـین و چـەمـەر
طـالیعی بەختی ( فەنایـی )ش با لـە بـورجی سـەعدەوە
سـەر دەرێـنـێ چـی ئەقـەومێ کافرسـتانە مەگـەر

## ﴿ دەردی بێ دەرمانی کورد ﴾

لەکاتێکدا ئەمانبینی و ئەمانبیست هەندێك - بەناو کورد - ی خۆفرۆش ، دژ بە گەلی کورد و بە سوودی دوژمنی کورد کاریان ئەکرد و ئەجوولانەوە ، سەرەڕای زیان گەیاندنی زۆریشیان بە خاك و نیشتیمان و نەتەوەکەمان ، بۆیە هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەریی پاڵی پێوەنام و ئەم چەند دێڕە شیعرەم - بە شێوەی ئامۆژگاری و بێدارکردنەوەیان لە خەوی بێ ئاگایی - نووسی ، بە هیوای ئەوەی بەخۆیانا بچنەوە و دەس لە ئاژاوەگێڕیی هەڵگرن .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٥

دەردی بێ دەرمانە دەردت کاکی کوردی بێ خەبەر
دەردی خۆخۆریت هەتا کەی ! خۆبە زل زانیش لەسەر
تۆ بە شانازیی ئەبیتە داری دەستی دژ بە خۆت
بۆ زیانی گەل ئەدەی بەو دەستە ڕۆژێ سەد زەرەر
تۆ کە خۆت هەرچی ئەکەی بیکە و لە کۆڵی من کەوە
کەم بە دەستی ئەو لە من دە تۆ لە پشتم تا کەمەر
خشڵ و بەرموورت ئەگەر بەستبا لە خۆت بۆ دوژمنت
سەد کەڕەت چاتر نەبوو لەو حاڵە لای ئەهلی بەصەر !
خەنجەرێ دەسکردی دژ بێ ، چۆن ئەبێ بیگریتە دەس
بۆ لەبیرت چوو بڕینی دوو سەرەی قەتڵی عومەر !
تیر و شمشێرت کە زاخاوی بە ژەهری دوژمنە
تا بەکەی شەرمت نەکرد لەو حاڵەتەت هەی بێ هونەر

تۆ که شێوەی دیمەنت زاهیر لە کاکی کورد ئەچێ
کەی ڕەوا بوو نۆکەریی یا بەرگی دوژمن کەیتە بەر
کۆڵی سووکت لێ بنێن و بتخەنە بەردەم لە شەڕ
چونکە سووکە عەقڵ و کۆڵت بووی بە جەندرمەی تەتەر
بۆ کەمێ پارەی حەرام و ژینی سەرشۆڕیی بەناو
چەن منالّت کرد هەتیو و چەند کەسیش بێ شوێن و سەر
بووی بەهۆی سووتانی جەرگی باوك و دایکی بێ خەتا
گیان و مالّی عالەمێکت خستە گێژاوی خەتەر
بۆچی بیرێکت نەکرد دوژمن لە تۆ چی کەی ئەوێ
کاتی خۆی دادێ کە هەر خۆی بتشکێنێ وەك فەنەر
بۆ مەگەر نەتدی سەرئەنجامی سەدی وەك خۆت بە چاو
بەس بە ناوی ترسنۆکیی چوو بەرەو چالّی سەقەر
دەی ئیتر بەسیە بە قەولی دوژمنی گەل دژ بە گەل
ڕاپەڕین و مووچەخۆری و شۆڕشی پڕ شۆر و شەڕ
تۆ کە دۆسی دوژمنت بی ، دوژمنی خۆت و گەلی
دەی لەبەرچی ڕێڕەوی ئەو ناکەسانەت گرتە بەر !
خۆ ئەگەر بۆ پارە خوێنی ڕۆڵە کوردانت ڕژاند
خوێنی تۆش ڕۆژێ ئەڕێژێ دوژمنی وەك گورگی گەڕ
یا ئەگەر بۆ دەسەلاّت و زوڵم و چەوسانی گەلە
هەر ئەبێ ڕۆژێ نەمێنێ باوی زوڵمی جاشەکەر
گەل بە داخی تۆ ئەنالێ ، تا مەجالت ماوە زوو
وەك ( فەنایی ) رووکە سەربەستی و نەبێ باکت لە کەر

# ﴿ گەنجینەی دەروون ﴾

لە کاتێکدا کە دەرسی ( کافیە )ی ( إبن الحاجب )م بە عـەزیزی کوڕم ئەوت ، ئەم پارچە هۆنراوەیـەم بـە خـەیاڵا هـات و لـە دوای دەرسەکە - إرتجالـی - نووسیم .

هەولێر - ١٤ / ٤ / ١٩٩٩

دڵ کە جێی دڵدارە ، خـۆشە بـۆ حەضەر یا بـۆ سـەفەر
شوکری حەق وا بۆتە گەنجینە و ( ظـروف )ی ( مُـستقَرّ )
جەڕڕی میهر و مەعریفەت بەسـرا بـە فیعلـی عامـەوە
گەرچی عامە بێخەبەر هەر خاصـە لای ئـەهلی بەصـەر
عامیلی ظەرفی دڵم مـەظـرووفـی دڵـدارە بـە حـەق
چونکە بێ ئـەو نـاکرێ دەرکـی حـەقیـقـەت یـا زەرەر
ظەرفی لەغوە ئـەو دڵـەی خـاڵیی لـە لوقمـانی دڵـە
دەی بڵێم چی من لەگـەڵ ظـەرفـێ نەچێـتە موختەبـەر
وەك عەلاقەی جارِ و مەجروورە بە فیعل و شـیبهی فیعـل
بـێ عەلاقـە نـاکرێ دەرکـی مـەعانیی یـا سـەمەر
تا دڵت وەك شـەوچـرا نـەگرێ بـە یـادی یـارەوە
خود بە خود بێ سوودە ڕەنجت بـا بـچیتە سـەر قەمـەر
جا ئەگەر خواهانی گەنـجی بـۆ دڵـەی بێ گەنـجەکەت
روو کە مەیـخانە و بڵێ کوا ( بۆتە ) بۆ قەلبی بەشـەر !
تا دەمی ئاخر لە خزمـەت پـیری مەیـخانەی طـەریـق
یـانی زاتـێ بـێ مەسـیحا دەم لەسـەر دڵ باخەبـەر

بـا لــه تــۆتــۆی دڵ بــدا زاخـــاو و ژەنگـی لابـــدا
یـا بـه هیممەت لابــەرێ تــۆز و غــوبــاری ڕێگـوزەر
چاری دڵ بێ دڵ مەحاڵـه ، نەفـسه کۆسـپی ڕێگەکـەت
هـەر ئـەوە ئـەعدا عەدوو نەك پـیری خاوەن خێـر و فـەڕ
گەر خەیاڵت وا نەبــێ ، دووری لە ڕێگــەی مەعریفـەت
وەك ( فەنایـی ) خۆت خە کۆڕی ڕێڕەوانــی بـا بەصـــەر

## « حاڵی عاشق »

من سەرم دانا لـــه ڕێی ئەوسـا بـه شـێوەی بـەردەبـــاز
بەڵـکه دلبەر بێ بەسەریا گـا بـه عیـشوە گـا بـه نـاز
من کە صەیدی دەستی شاهێـنی جەفا بووم بـۆ ویـصال
باڵی پـیرۆزەش لـه مـن ئەمڕۆکـه بۆتـه چـەنگی بـــاز
قەوسی ئەبرۆی کرد بە شمشێری غەزا بـۆ قەصـدی سـەر
پەنـجەکەی شمشادی بۆ بەندی دڵـی مـن کـرد بـه گـاز
کێ ئـــەزانێ حـاڵی عاشـق وا لـــه چـیدا ڕۆژ و شـــەو
تا نەسـووتێ ئـەو کەسـه یـاخۆ نەبـێتـــه ئـەهلی ڕاز
قافڵــەی ســەبری عــەزیزان خەسـته نابــێ تــا نــەگا
سەد بیابان طەی ئـەکا بێشـك هـەوای شـەوقی حیجـاز
چـونکه دەنـــگی سـارەوانـــان بـــۆ نیـشاطی ڕێ بـڕین
دێ لە سینەی کون کونی ئەم خێڵە وێنـەی دەنگـی سـاز
دڵ بە یادی ئەو ئەسـووتێ هـەروەکو قەقنـەس بـه نـار
بۆیە سینەی تۆش ( فەنایـی ) بۆتە کوورەی نەوت و غاز

## ﴿ زستانی فیراق ﴾

فەسڵی زستانی فیراقت زەمهەریرێکە بە راس
هودهودی پەیکی سەباکەت کەی ئەدا موژدەی خەلاس
قافڵەی ئاه و هەناسەم کەی ئەگاتە بارەگات
حاڵی قەقنەس حاڵمە شێواوە لێم خەمسەی حەواس
هەر بە یادی رۆژی دیدارت ئەدەم تەفرەی دڵم
وا لە تاقەتما نەما سەبر و مەلوولم گێژ و کاس
بوومە جێ تانەی هەموو کەس بێ دەلیل و بێ بەدیل
هەست بە حاڵی ئێمە ناکەن کۆمەڵانی حەق نەناس
گەر نەسیمێکی وەفاکەت بێ بەلاما دەم بەدەم
بێ نیازم من لە بۆنی یاسەمین و عەتری یاس
شۆرەتی بازاڕی حوسنت یووسفی کەنعانە کەم
بۆ خریدارێکی وەك من بێ بەها سەودا کەساس
کەی ئەبێ رۆژێ زەکاتێکم لە حوسنت بەرکەوێ
تا بەکەی بازاڕی میهرت داخرێ بێ دەنگ و باس
هەرچی هەم عومرێکە گیرۆدە و ئەسیری داوی تۆم
خۆت ئەزانی ناکرێ داوت لە داوی کەس قیاس
غیرەتی مەردانە بۆ تەنگانە چاکە میری من
سا فیدای دەست و مەقامت بێ ( فەنایی ) کەس نەناس

❊ ❊ ❊

## « خورشیدی روو »

تۆ کە رووت خورشیدە ئەبرۆکەت هـیلال
رەونـــەقی رووی گولّڕوخانــت کــرد بــەتالّ
خەطـط و نوختەی زولف و خالّت دیدەکەم
شــاهیدە بــۆ زینــەتی حوســن و جــەمالّ
دڵ کە شەیدای رووتە بۆ مــەنعی ئەکـەن
بیّخەبــەر یـــا بــیّ دلاّنــی بــیّ خــەیالّ
شۆڕشــی کۆکــەن بــە شـیرین هاتــە بــەر
بۆیە عوزری پــیّ ئــەدەن ئــەهلی کــەمالّ
من ئەگەرچی ئەهلی ئـەم مەیدانــە نـیم
دیمــەنی بــیّ رۆحــە ئــەهلی قیــل و قــال
بەختەکەم یاریـــی نــەکرد بــۆ کــامی دڵ
چــی گرِوو ئەگریّ لە مــن وێنــەی منــالّ
چی لەگەڵ دڵ کــا ( فەنایـــی ) نــاموراد
وا شـــتیّ داوا ئـــەکا ئـــەمری مـــەحالّ

* * *

## ﴿ بێژنگی خەیاڵ ﴾

که من کوردم به کوردیت پێ دەبێژم
بە دەستی خۆم نەمامی خۆم ئەنێژم
لەنێو موڵکی خەیاڵاتی دەروونم
بناغەی بەرهەمی خۆم دائەڕێژم
دزیی ناکەم لە باخی کەس ، لە هیی خۆم
مەزە و تامی نەمامی خۆم ئەچێژم
لە گەنجینەی خەیاڵاتم بە خامەم
کوڵی داخ و مەراقی لەیل ئەڕێژم
کە من نوقطەی مورادم خاڵی لەیلە
بە بێژنگی خەیاڵی دائەبێژم
بە ڕۆح و دڵ لەنێو ئەم بەزمەدا من
لەگەڵ لەیلم گەلێ کۆن و لەمێژم
بە چاوی مەست و مەخمووری گوڵی خۆم
ئەوەند سەرخۆشی دوو زولفی درێژم
گەلێ عارە لەلام ئیلهامی شیعرم
لە هەگبە و باری خەڵکی دابڕێژم
ئەوەندە شۆخە دڵداری ( فەنایی )
بە یادی چاوەکانی کاس و گێژم

* * *

## ﴿ میحنەتی غوربەت ﴾

لە کاتێکدا لەبەر چەند هۆیەك ، بـۆ مـاوەی چـەند مانگێـك لە ساڵی ( ١٩٦٧ ز ) لـە یـەکێك لـە هـەوارەکانی ( کۆسـالان )ی ( هەورامان )ی ئێران بە ناوی ( خویێ سملێ ) مامەوە ، تاکە هاوڕێی گیانی و غەریبیم : مەلا سـەید عبـدالباقی جوانەمـەرگ ، ناسـراو بە ( حفید الواژی ) هـاتبوو بـۆ ( دووڕوود ) بـۆ زیـارەتی حـەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّه ) ، لەوێوە نامەیەکی بۆ نووسـیبووم ، منـیش بـەم غەزەلە وەڵامم دایەوە .

عـــــەزیزم دیدەکـــــەم رۆحـــــی رەوانم
سـلاوت عـــەرز ئەکـــەم ئـارامی گیــانم
سـلاوی بەنـــدەگی و رەسمـــی غــولامیی
لـــە خزمەتـــتا بـــە شانازیـــی ئـــەزانم
لـە ( خویێ سملێ ) هەتا ( دووڕوو )ی شەریفە
بـــە ســـەر قوربـــانی گیـــان و جـــان فـشانم
نیگـــارش نامەکـــەتیان دایـــە دەســـتم
کـــە دیـــم بـــۆنی وەفـــای تـــۆی دا نیـــشانم
سەبووریـــی دا بـــە حـــاڵ و زامـــی بیمـــار
شـەکـیـبـایــــی دڵ و دەردی گــــرانم
بـــە چـــاوی تاســـەوە کـــردم تەماشـــای
شـــیفای بەخـــشیی بـــە ئێـــشی زامـــەکانم
لـــە لایێ شـــاد و لایـــێ تـــر کـــە دوورم
هـــەتا مـــردن ئـــەلێم داخـــی گـــرانم

مەگەر مــن رۆژ و شــەو بگــریم بــە زاریــی
کــە مـــەحرووممم لـــە یـــاری جاویـــدانم
بــە گیانــت گیانەکــەم لـەم کاتــە بــۆ تــۆ
بـــە جـــۆش و کـــوڵ رژا ئەشـــکی رەوانم
دڵـــم پـــڕ بـــوو فـــوارەی کـــرد سروشـــکم
بەســـــەر روخـــساری زەردی وەك خـــــەزانم
کــە کلْپــەی کــرد بلْـێـسەی ئــاه و نالْــەم
نـــەما ســـەبر و شـــکا خامـــەی بـــەیانم
لـــە حـــیلم و تاقەتـــم دەرچـــوو جـــودایی
لـــە یـــارانی ( قـــدیمُ العهـــد )ەکـــانم
دەمێـــکە میحنـــەتی غوربـــەت ئەکێـــشم
بـــە غـــارەت رۆیـــی ســـەرمایەی ژیـــانم
بـــە داخـــی نامورادیـــی چـــۆن نـــەناڵم
کـــە جـێ لۆمـــەی منـــاڵ و پـــیر و جـــوانم
فەلـــەك وەزعێکـــی وای هێنـــا بەســـەرما
بـــە دڵ مـــەئیووس و بێـــزارم لـــە گیـــانم
ئـــیتر بـــا هـــەر بنـــاڵم بـــۆ پەشـــێویم
لـــە شـــاخ و هـــەرد و بـــەردا تـــا نـــەمانم
وەهـــا مەعلوومـــە دەردم بـــێ دەوایـــە
کـــە وا مەحبووســـی جێـــگەی وەحـــشیانم
لـــە فـــەیز و صـــوحبەتی یـــارانی دێـــرین
عەجـــەب مـــەحرووم و مـــەهجووری زەمـــانم

خـــصوصەن بـــێبەشـــی ئـــەنوار و بـــەهرەی
طـــەبیـــبـــــی حازیـــقـــــی دەردی دڵانم
دەمێـــــکە بـــێ نـــسیب و چـــۆڵ پەرســـتم
خەفـــــــەتباری فیراقـــــــی ئاســـــتانم
ئـــەبێ تەقـــدیری ئوســـتادی ئـــەزەل بـــێ !
بـــە ناکـــامیی کـــە وا وێڵـــی جیهـــانم
دەســـا یـــارانی خـــاوەن عەهـــد و تـــەمکین
وەفـــــاداراني بـــــەزمی بـــــێ دڵانم
ئـــــیتر وادەی ســـــکاڵایە و تەمـــــەننای
عـــەزیـــزانە لـــە رەببـــی ئیـــنس و جـــانم
لـــە شـــاهی ئەنبـــیا فـــەخری دو عالـــەم
لـــە پـــیری مەیکـــەدە و فـــەردی زەمـــانم
لە ساحەی قـەلب و سـینەی پـاکی خۆتـان
تکـا و لاڵـــە و رەجـــا کـــەن بـــۆ ئـــەمانم
دەبـــا لـــەم داوی دامـــاوی و مـــەلوولیی
نەجاتـــم بـــێ لـــە وەیـــشوومەی ژیـــانم
مەگـــەر فریاکـــەوێ تـــیری دوعایـــەك
لــــە کـــۆڕی دۆســـتانی راســـتانم
بگاتـــــە جـــێ قبـــوولی ئاســـتانەی
خوداوەنـــــدی رەحـــیم و ( لاَ مَکَـــانْ )م
ئەگـــەرنا تـــازە فـــەوتاوە ( فەنایـــی )
بـــە دەس دەوری زەمانـــەی بـــێ وچـــانم

## ﴿ ژینی بەفیڕۆ ﴾

کـە مــن ژیــنم بــەفیڕۆ چــوو ئــیتر ڕۆڕۆ نەکــەم چ بکــەم
بــەیانی حــاڵی شــێواوم ئەگــەر بــۆ تــۆ نەکــەم چ بکــەم
لە گەنــجیی تا بە پــیریی هەر خەریکی ئــارەزووی نەفــسم
ئەگەر داوای دەوای نەفسم لــە خزمەت تۆ نەکــەم چ بکــەم
وەکو کــۆکــەن لــە تــاقی بــێستــوونی نــامــورادیــی دا
سەری مەینەت وەسەر بەرد و وەسەر ئەژنۆ نەکــەم چ بکــەم
ئەوەی شەرتی جنــوون و دەرســی ســەودا بــوو ئــەمن کــردم
کە من دادم نەگا پێت ڕوو لە دەشت و کــۆ نەکــەم چ بکــەم
ئەگەر پەروانە بۆ شــەم خــۆی ئەسووتــێــنێ پــەڕ و بــاڵی
بە شەمعی ڕوت لە کوورەی دڵ ئەمن بۆسۆ نەکــەم چ بکــەم
لە گوڵزاری گوڵی ڕووت من کە بێ بەش بووم هــەتا ئێــستا
بە یادی بۆنی تــۆوە دەس لــە مــل شــەوبۆ نەکــەم چ بکــەم
کە من پــیرێکی پەککەوتەم ، ئەتۆش پــیرێکی ڕەوشــەن دڵ
دڵــەی وێرانەکــەم قوربــانی چــاوی تــۆ نەکــەم چ بکــەم
کە من ئێــستا بــە زامــی بــێ دەوای دڵ هــەر ئەناڵــێــنم
ئــیتر خــۆم و دڵــم قوربــان نیــساری تــۆ نەکــەم چ بکــەم
لە خەڵوەتــخانەکەی وەسڵت ( فەنایــی ) گەر نەبێ ڕێگــەی
قەناعەت گەر بــە بــۆنێکی نەسیمی تــۆ نەکــەم چ بکــەم

* * *

## ﴿ قاپیی ڕەجا ﴾

شەرحی عیصیانم ئەگەر بخرێتە سەر نامەی سیام
دۆزەخە ماوا و مەکانم بێگومان و دڵنیام
ئایەتی ( لاَ تَقْنَطُوا ) یارەب ئومێدم پێ ئەدا
با لە چاکەش بێ بەشم خۆ ئوممەتی ( خیرُ الورَی )م
سەگ بە خێوی خۆی ئەنازێ بۆیە تا ماوم ئەڵێم
من سەگێکی لاتی کۆڵانی مەدینەی ( مُصطفَی )م
( یَا کَرِیمَ الْعَفْوِ یَا مَنْ مَا لَنَا رَبٌّ سِوَاكْ
خَاضِعًا بِالذُّلِّ نَرْجُو مِنْكَ تَرْكَ الإِنْتِقَامْ )
ڕوو لە قاپیی تۆ نەکەم ڕوو کەم لە کێ ؟ بەم حاڵەوە
من کە شك نابەم کەسێ تر بۆ عەطا و عەفوی خەتام
من کە باری مەعصیەت پشتی شکاندم وەك فەنەر
مۆمیای لوتفت نەبێ ئاخر بە چی بێ ! ئیلتیام
گەر نمێکی بارشی ڕەحمەت بە دادی من بگا
بەسمە بۆ ڕۆژی جەزا یا کاتی قەهر و ئینتیقام
خۆ هەموو کەس هەر ئومێدی سەبقەتی ڕەحمە و کەرەم
تۆ و ڕۆحی ( مصطفَی ) لێم دامەخە قاپیی ڕەجام
ڕێژەوی خەرمانی ئیحسانت ئەگەر ڕوو کاتە لام
کێوی تاوانی ( فەنایی ) کەی ئەبینێ خاص و عام !

* * *

## ﴿ عیشوه و نازی یار ﴾

هەر من و دڵ بـا بزانین چـی ئـەكا ئـەو یـاره پـێم
گا بـە دەم دڵـداره گاهێ شـێـوەكەی ئـەغیاره لـێم

غونچە ئاسا دەم بە خەندە كاتی عیـشوەی دڵتـەزێن
گا بە ئەبرۆی ( لاَ ) صەفی موژگانی تیری قـاره لـێم

بـۆ تەماشا جاروبـار ئـەر بـێـتە بـانی مەیكـەدە
هەر ئەڵێی حەشره لە هەر لا شـیوەن و هـاواره لـێم

خۆزگە ئەمزانی هەتا كەی عیشوە ئەفرۆشێ بە چـاو
هەر نیگاهێـكی لە سەد لا كوشـتەوو بـیماره لـێم

گا وەكو صەیـیادە تەسخیری دڵـی شـەیدا ئـەكا
گا وەكو جـەللادە حـاڵی پـڕ لـە قـین و قـاره لـێم

حاڵەتێ روویـداوە ئـەمڕۆ لـەم دیـاری غـوربـەتـە
من لە دڵ بـێـزار و هەروا دڵ لە مـن بـێـزاره لـێم

سـا سـەبا قوربـانتم وەك هودهـودی شـاری سـەبا
زوو بـڕۆ ئیقلیمـی دڵ شـێـواوە پـڕ ئـازاره لـێم

وەك ئەڵـێن سەبر و سەبـووریـی چاكە لەم رێـبازەدا
خۆ منیش هەر صەبره قووتی ( لاَ یَمُوتْ )م ژاره لـێم

گەر بە موژدەی مەیلی ئەو دڵداره دڵخۆشـم نەكـەی
تازه فەوتاوه ( فەنایـی ) دەردەكەی بێچـاره لـێـم

* * *

## « شیوەنی وەسڵ »

دڵ بە کوڵ شیوەن ئەگێڕێ بۆ ویصالت یارەکەم
باری بێ مەیلیت هەتا کەی ! شۆخەکەم دلدارەکەم
من سەرم دانا لە قاپیی مەیکەدەی بەزمی حوزوور
تا لەوێدا بسرەوێ تاوێ دڵەی بیمارەکەم
مەیلی بێ مەیلیت بە دڵ دا بۆ دڵەی پڕ دەردەکەم
یا دڵت تۆرا لە گەرمیی مامەڵەی بازاڕەکەم !
بۆیە وا شێواوە دڵ ئەمرۆ لە تەئسیراتی دڵ
بۆتە پێڕەوگەی جنوودی نەفسەکەی غەددارەکەم
حەیفە شێوە و شوێنی بێ میهریت لەسەر لەوحی دڵم
بێ جیهەت جێ کاتەوە بۆ شیوەنی شەوگارەکەم
تۆ لەگەڵ ئەم بێنەوایە گەر سەری میهرت نەبوو
بۆ بە داوی خۆتەوە بەستت دڵەی ئاوارەکەم
من لە حوجرەی سینەدا تەدریسی عەشقم بوو بە دڵ
تا بە شەوقی تۆوە دەرکی زەوقی ئەو ئەسرارە کەم
چاوی خومارت بە غەمزە دەرسی عەشقی پێ ئەدام
تا سەبووریی کەم بە زام و ئێشە پڕ ئازارەکەم
وا ( فەنایی ) کۆچی دواییت لێ ئەکا بۆ کەی وەفا !
بۆ دەمی مەرگیش عەزیزم خۆشە وەعدەی پارەکەم

❊ ❊ ❊

## ﴿ بەجێماویی گەل ﴾

فکری شـەوگاری درێــــژم حــالّی کـوردە کـاکی خـۆم
بۆ رەفیقی بـێـکەسیم چەند خۆشە داخـی گـەل ئـەخۆم
ناحـەقم مـــەگرن ئەگـەر بـەم داخـەوە سـەر هەڵـــگرم
جـارِی ناکامیی بـە عـالـەمـدا بـدەم بـۆ مـافی خـۆم
داخی خـــۆم زۆرە بـەلاّم لــەم کاتـەدا سـەد قـاتـــە لام
بۆ بەجێماویی گەلـــی چـەوسـاوەکـــەی چالاکی خـــۆم
وا ئەوانەی ژێـر چەپۆکەی دوژمــن و بـێـگـانـــە بـوون
هەر بە سەهل و سادە پـێش کەوتن بەرەو عەسری ئـەتۆم
ئەی ئـەبێ لـەم عەسـرەدا بـۆ مـن کەرێـکیـشم نـەبێ
تا بە پێی ئەو بێ‌زمانـەش بـێ بـەرەو مەقـصەد بـرِۆم
بۆ ! گەلــی من چی کەمە لەو کۆمەلاّنەی چـوونە پـێش
بۆ ئەوان سـەدریی ئەخـــۆن مــن چاوەرِوانی نـان و دۆم
خۆ لە رەوتی رێـگەدا بۆ چوونە سـەر لوتکـەی خـەبات
دژ ئەسەلـمێـنێ کە من سـەد قـاتی ئـەو چاتر ئـەرِۆم
دەی کـە وابـێ دەردی ئـێـمـــە هـەر لـە خۆمانـە بـرام
سـا وەرن دەرمانی کەن بـا کـەم مـەراق و خـەم بـــخۆم
خۆ ئەوەش مەعلوومە بـێ‌وەحـدەی عەقـیدە و بــیورِا
ناکرێ ئـەم دەردە دەرمانی بە کـەس ئـیللا بـە خـۆم[1]

---

[1] واتە : چارەسەری کێشەی میللەتی کورد تەنها بە خۆی ئەکرێ .

( هۆنەر )

سەیرە ! جێگەی باب و باپیرانمە و قاچاغە لێم
روو لە هەر لایەك ئەکەم دژ نایەڵێ تا سەر بڕۆم
ئەم گرێ کوێرەی کە دوژمن سیحر و جادووی خستە سەر
بێجگە وەحدەی بیر و باوەڕ موشکیلە حەل بێ لەبۆم
سا وەرن کوردی هەژار و بەش خوراو و بێ پەنا
دەس بخەینە دەستی یەك چون تۆ لە خۆمی و من لە تۆم
تۆوی جیاوازیی خەیاڵی و تەفرەقەی بەینی برا
دامەچێنە لەم وڵاتە و مەمدە دەس جەللادی رۆم
تۆ کە کوردێکی ئەصیل و دین پەرستێکی نەجیب
بۆچی بۆ یاسای غەڵەت مل کەچ ئەکەیت و پشت کۆم
بێجگە ئەم رێبازە خاوێنەی خودا لارێیە بۆت
بۆ لە رێی حەق لائەدەی بۆ کوێرە رێگەی دژ بە خۆم
غیرەتت بێ لادە لەم بارەت بە ناباریی مەڕۆ
چاکی مەردانەت بەلاداکە و بڕۆ تا ئەرزەڕۆم
کوردم و کوردی بە کوردیی پێت ئەڵێم دەس هەڵگرە
گێرەشێوێنیی بەسە دەی لێم گەڕێ با من بڕۆم
بۆ خەباتی بێ وچانی رۆژی رزگاریی وەتەن
با لەمەولا کەم بکەومە تافی چۆم و گێژی گۆم
سا ئەگەر تۆش وەك ( فەنایی ) راس ئەکەی لەم رێگەدا
فەرمو ، گەرنا بێ درۆ من دوژمنی چەوت و درۆم

* * *

## ﴿ داوی دولبەر ﴾

دڵ کەوتە داوی دولبەر پەیمانە نەیپسێنم
تا ماوە هێز لەبەرما لەو یارە نەیڕەوێنم
عەهدی دڵ و گوڵی رووی عەهدی نەمان و ژینە
بەڵێن ئەدا بە من دڵ مەرجێکە نەیشکێنم
قووتی ژیانی رووحم هەر یارە هۆی فتووحم
قیبلەم ئەگەر نەگۆڕێ رۆحم بەسەر ئەهێنم
لەو بادە بێ خومارە گەر بێ لە تۆوە جارێ
حۆریی ئەگەر بباری بڕیارە نەیدوێنم
لەم کۆنە بەندیخانە کە دۆزەخی زەمانە
عەیشم شەرابی مەرگە قووتی دەروونە خوێنم
ئەحواڵی رۆژگاریش سەربارە بۆ خەمانم
سەبر و قەرار و شادیی بێ تۆ لە کوێوە بێنم
سەرگەرمی حاڵی خۆمم وەك غەرقی ژێری گۆمم
چی بکەم لە بەختی شوومم ! لەو گێژە سەر دەرێنم
گەر دەستی بێ وەفایی نەکەی بە تای جەفادا
ئەی بۆ ئەوا وەکو شێت عالەم ئەکەونە شوێنم
دەی تۆ و غیرەتی خۆت هەڵماڵە قۆڵی هیممەت
قوربانە با ( فەنایی ) لەم کۆڕە جێ نەمێنم

* * *

## ﴿ پەیمانی وەفاداریی ﴾

عەهدم لەگەڵ وەفادا بۆ یاری دڵڕفێنم
عەهدێکە تا قیامەت شەرتێکە نەیشکێنم
با وا نەزانێ واعیز بەو وەعزە خۆنوێنە
مەیلی دڵ و دەروونم لەو قیبلە وەرگەڕێنم
لە دڵڕەقیی رەقیبان ناڵەم وەك عەندەلیبان
ئەڕوا مەحاڵە تازە ئەو عەهدە هەڵوەشێنم
لەوساوە تەیری رۆحم پێ بەندی زولف و خاڵە
من تۆوی قووتی رۆحیی لە موڵکی دڵ دەچێنم
سەد واعیزی وەکو ئەو وەعزم بدا هەتا شەو
بێ سوودە کۆششی ئەو بەو داخە ئەیمرێنم
ئەو خاڵە پڕ کەماڵە مەنزووری ئەهلی حاڵە
بۆ بەزمی بادەنۆشیی تەنیا ئەوە هەوێنم
نەخشی جەماڵ و خاڵی ئەو یارە نازەنینە
نەخشی دڵ و دەروونە تا رۆژێ من بمێنم
کەی دەنگوباسی واعیز تەئسیر ئەکا لە عاشق !
ئەو قیل و قال ئەزانێ نەك حاڵەت و بەڵێنم
دەستی قەزا سەخا کا بەو خاڵە بۆ ( فەنایی )
بە ئاوی دیدە دیدەم لە دڵدا ئەیرووێنم

* * *

# ﴿ سەودازەدەی لەیل ﴾

مـن بـەم هــەمو تاوانــە کــە مەشــهووری دیــارم
هــەر بۆیــە لــە مەیــخانەوو بوتــخانە کــەنارم
ســەودازەدەیـــی لــەیلـــم و وێـرانـــە دەروونم
جــێ ماتــەمی دەورانـــە وەکــو دەوری تــەتارم
مــەجنون ســیفەتم وێڵــی دەر و دەشــتی جنــوونم
غــەرقی تەمەلوولـــی ئەلــەم و گێــژی غوبــارم
پەروانــە بــە شــەمعێکەوە ئەخولێتــەوە تــا ڕۆژ
عومرێکــە کــە مــن دەربــەدەری یــار و دیــارم
سەد داوی بەڵای نایــەوە بــۆ زومرەیـــی عوشـشاق
نــەك هــەر منــی بێــچارە بــە ئــەم داوە دوچــارم
ئەم ســەطوەتــی عەشـقە چ بەڵایــێکە لــە دڵــدا
چــەند ســاڵە بــە خاڵێکــەوە بەســراوە قــەرارم
پــێ بەنــدی ســەری زولفــە دڵ و دیــدە بــە چــاوی
ئــەو دڵبــەرە بــێ باکــە لــە ئێــشی دڵــی زارم
مەنعم کە دەکەن بێ خەبــەرانی مەزەیـــی عەشــق
دوورن بە حەقیقەت لــە نەشــەی مەجلیــسی یــارم
گەر بەختی لە خەو هەستێ ( فەنایــی ) وەکو یاران
لاقەیــدە لـــە تانــە و تەشــەری واعیــزی شــارم

❊ ❊ ❊

# ﴿ بەختی ئاوەژوو ﴾

ئەم هۆنراوەیەشم بە هۆی جەنگی نێوان ئێران و عێراقەوە نووسی

سلێمانی - ٤ / ٥ / ١٩٨٣

بەختەکەی بەرگەشتەکەم بۆ دەردی بێ دەرمانەکەم
هەروەکو ناسۆری زامی جەرگەکەی بوریانەکەم
شەڕفرۆشە وەك دژی گەل بۆ نەمانی بێ ئەجەل
بێ ئەوەی هەست کا بە تۆزێ ناحەزی تاوانەکەم
چی بڵێم لەو رۆژگارەی پڕ لە ئاشووب و خەتەر
وەك تەمی ئەهوازە خومخانەی خومەی تارانەکەم
روو لە هەر لا کەم ئەبینم وا دژێکی تازەتر
دەوری لێداوم نەماوە رێی نەجات و مانەکەم
کەی ئەمەل وابوو کە وابێ چەرخی چەپگەردی فەلەك !
ماه و پەروین داگرێ ماتەم هەتا کەیوانەکەم
بولعەجەب ! حاڵێکە ئەم حاڵە لەبەر بێ حاڵ و ماڵ
تا ببێتە پەندی عالەم عیبرەتی دەورانەکەم
تاقەتی بەردا لە دەس عەصری حەدیدی پڕ میحەن
گوللەبارانە لەسەر رۆڵەی گەلی بێ گیانەکەم
جا وەرە بەم حاڵەوەش دووریی لە یاری نازەنین
دۆزەخێکە بێ بڵێسە بۆ کزەی سووتانەکەم
ماوەیێکە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکم ئەمن
تاوێ بۆ گەل تاوێ بۆ حاڵی دڵەی وێرانەکەم

من لە غوربەتدا ئەگەر دەگریم وەکو هەوری بەهار
موستەحەققی تیر و تانەی ئێوە بم گەر وا نەکەم
چاوەڕێی دیداری یارانم لە لوتفی کردگار
تا دوا ڕۆژی هەناسەی پڕ لە ئێش و ژانەکەم
فکری ئالۆزم ئەڵێی ئەوزاعی ئاشفتەی گەڵە
تەبعی شێواوم خەمۆشە وەك شەم و پەروانەکەم
حاڵەتی مەرگ و نەمانە بۆ ( فەنایی ) خەستە دڵ
حاڵی مەهجووریی لە هەمڕازی دڵ و مەیخانەکەم

# ﴿ ماڵی تاریکی دڵ ﴾

ماڵی دڵ تاریکە وەك خورشیدی رووت گیراوە لێم
ڕۆحەکەم ئاخر لەسەر چی ! تۆ دڵت بێزاوە لێم
قەت نەبوو ڕۆژێ لە خەرمانی ئەمەل بەر خۆم ئەمن
خەسف و کەسفێکی عەجیبە دیدەکەم روویداوە لێم
چاوەڕوانی ئەو دەمەم هەرگیز نەبوو لەو شۆخە من
چونکە حەلقەی داوی زولفی موو بە موو ئالاوە لێم
ئەو کە ماهی میسرە شاهی موڵکی حوسنە وا منیش
بۆ نیساری مەقدەمی ڕۆحم کەلافەی خاوە لێم
ئەو عەزیزی میسری نازە و من خریدارێکی ئەو
من ئەنازم بەو هەلە با ئەو بڵێ چی داوە لێم !
دائیرەی موڵکی محەببەت عالەمێکە بێ فەنا
گەر لە بەختی من رەقیبان لێگەڕێن لەملاوە لێم

تاكە نوختە و خاڵی سالیك بۆ پلە و ڕێبازی عەشق

وەسڵە یا گەنجی ڕەزایە داخەکەم فەوتاوە لێم

من بە موژدەی شەهدی لێوی دڵنیا بووم بۆ ئەبەد

چی کە دیم زۆری نەبرد بازاڕی دڵ شێواوە لێم

زەمزەمەی بەزمی محەببەت بۆچی وا لێم بوو بە غەم

کێ بە دەردی من ئەزانێ من کە چی قەوماوە لێم !

غەرقی گێژ و مەوجی دەریای مەینەت و ئازارە دڵ

هەر ئەڵێی تۆفانی نووح ئەمڕۆکەیە و هەڵساوە لێم

مات و سەرگەردانە دڵ بێ مەیلی یاری نازەنین

وەك بڵێن بولبول لە گوڵزار و چەمەن تۆراوە لێم

کەی ئەبوو شەرتی وەفا وابێ ! کە ئەو ئەیکا بە ناز

وا دڵم گیراوە وێنەی سەر کز و داماوە لێم

سا دەخیلت بم نەسیمی صوبحی سارای عاشقان

زوو وەرە فەرموو بڵێ بۆچی دڵی ڕەنجاوە لێم

وانەزانێ ئەو کە تۆراوە منیش زویرم لە ئەو

هەر ئەبێ رۆژێ بە ڕەحمەت روو بکا بەملاوە لێم

تیری نازی نازەنینان نێشی نۆشە بۆ دەروون

سا بە ناسۆری خەتەر بێ یا وەکو تیراوە لێم

سەبری ئەییووبی ئەوێ سا بەس بناڵێنە و بڵێ

خاڵ و زولفی وەك موژەی ئەو تیر و دانە و داوە لێم

ئەو کە لوقمانی زەمانە بۆ ( فەنایی ) خۆشە زام

گۆشە چاوێکی دەوایە بۆ لەمەوبەدواوە لێم

## « ئۆغری خێر »

لە ساڵی ( ١٩٨٦ ز )دا کە حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّه ) بڕیاری دابوو بۆ سەفەری حەج ، لەبەر چەند هۆیەك پێش سەفەرەکەی تەشریفی هێنا بۆ سلێمانی ، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بەرەو ( بغداد ) کۆمەڵێکی زۆر لە موریدانی شارەکەمان بۆ بەدرەقە تا ناوچەی ( دەربەندی بازیان ) لە خزمەتیا چووین ، بەڕێزیان بۆ نیوەڕۆ لەو ناوچەیە دەعوەت کرابوو ، منیش لە سووچێکی ماڵی خانەخوێکەدا بە پەژارەی دووریی ئەو زاتەوە دانیشتبووم ، کتوپڕ ئەم غەزەلە هات بە خەیاڵما و نووسیم .

دەردەکەم کاریگەرە هەروەك نەخۆشیی سینەکەم
ڕۆژە ڕۆژەی وەسڵی یاران بوو بە ژانی ژینەکەم
ژینەکەم وەك باخی بێ بەر بوو بە دەس جەوری فەلەك
گێژەڵووکەی بای خەزانە تێك ئەدا پەرژینەکەم
تاکو پەرژینی موژە و گۆشەی نیگاهی گوڵڕوخان
باخەوانی بوو لەسەرخۆ بوو نەمامی دینەکەم
وشکەساڵی دینە لێرە ( عَمَّتِ الْبَلْوَی )یە لێم
شین و واوەیلایە دایم بۆتە مایەی شینەکەم
گەرچی کوردێکم لە ماڵی نیشتیمانی خۆم ئەژیم
لەم کەژ و کێوی وڵاتی پڕ تەم و نەخشینەکەم
وا ڕەقیبی بێ مرووەت بۆتە میکرۆبی ژیان
نایەڵێ ساتێ لەگەڵ دڵدارەکەی ڕەنگینەکەم

پـێـکەوە لەم خاکەدا تـاوێ بــە مـەیلــی دڵ بـژین
دەك دڵەی وەك بەرد و دارت بێـتە کێڵـگەی شـینەکەم
ماڵ لە خاوەن ماڵ ئەڵـێـن ئەمــڕۆ حەرامــە لـێــرەدا
سەیرە ئەم دەعوا بـە یاسـای مەزهەب و ئایــینەکەم !
ئێمە ئەوسا وەك شەم و پـەروانـە وابـووین پـێـکــەوە
دەرسی عەشق و عاشقیمان بـوو لە حوجرەی سـینەکەم
گەرچـی مەشــهوورە مــحەببەت دوور و نیزیکـی نیـە
داخی دوژمــن ئـەمکــوژێ وا بـۆتــە ژاری ژینەکــەم
وەســڵ و فەسڵی رەحمەتـە دەورانـی بـەزمی عاشــقیی
بۆیـە دڵخۆشـم بـە دووریـش رۆحــەکەی شــیرینەکەم
وا لە سایەی پەرچەمی ئەودا عەلا رەغمــی رەقـیــب
لێرەوەش هەر وا لە دڵما یـارە پـڕ تەمـکـیـنـەکــەم
گەر لە دوارۆژی هەناسەم بۆ عــەیادە و کۆچـی مــەرگ
پەردە لادا بەسمــە مــن ئـەو بـێـتــە سـەر بالینەکـەم
خۆشــە کۆچـی وا ئەگــەر دەس دا کــەماڵی شـادی‌یـە
بۆ بە چاوی ســەر نەڕێـــژم پـڕ بـە دڵ ئەســرینەکەم
تۆ ئەڕۆی ئەمڕۆ بە رەنـجــە و دڵــگرانی و نیـوە نـاز
رۆژی حەشــرت خـستە نێـو یـارانی دڵ غەمگینەکـەم
تــۆ بە شەوقی طەوفی کەعبە و من بە زامی هیجـرەوە
ئـۆغرت خێـر بـێ بـەرەو خـاکی مەدینـەی دینەکـەم
بــیری ئێمەش گەر بفەرموون لەو دەمەی دەچنە حــوزوور
جــەژنی قوربـان و صـیامە بـۆ دڵـەی بـێ‌تینەکـەم

چـاوەڕوانی ڕێـــگەتم وەك هودهـودی مولّـــكی ســەبا
خەمرەوێـــنی دەردی دووری و حالّــەتی تـەلّـــقینەکەم
کەی ئەبێ ئاخۆ ( فەنایـی ) تۆ بە کـامی دڵ بگـەی !
بـێتـــەوە ســەر دیـدەوو دڵ مایەیـــی تەسـکینەکەم

## « دووریی دڵدار »

ئـــازیز هەرچـــەندە دوورم بـــە دووریـــشت ســـەبوورم
غـــەرقی خـــەیالّی کـات و ســاتێ جەلـسەی حـوزوورم
دە جـــارێ ڕووت بنوێنـــە بێخـــود دڵـــم مەشـــکێنە
دەمێکـــە چـــاوەڕوانم مـــاتم بـــە دڵ ڕەنجـــوورم
سـایەی هومایـە سـایەت ، ناکـەم لـە تـۆ شـکایەت
بەڵـــکو لـە ڕووی حیکایـەت عـەرزت ئەکـەم زەرووورم
خۆ تـۆ لـەنێو دڵا بـووی بۆچـی لـێم تـەوەللا بـووی !
وا مـــن لــە بـەختی شـوومم ئێـستا لـە تـۆوە دوورم
نـەقس و خـەتا لـە خۆمـە نـەك هیممـەتی جـەنابت
تـا هـەم ئـەڵێم بـە قوربـان ببـوورە تـۆ قـسوورم
فەسـڵت بـە وەسـڵ ئـەزانم چـون تـۆی دەوای خـەمانم
بێ شك کـە تـۆی سـولەیمان ، منـیش بێـچارە مـوورم
دڵ بەنـــدی داوی تۆیـــە لاقەیـــد لــــە غـــەیری تۆیـــە
ئاخۆ ( فەنایـی ) کەی بـێ نۆبـەی جـەژن و سـرووورم !

❊ ❊ ❊

## ﴿ نووری چاوانم ﴾

ئەم پێنج خشتەکی‌یەم لە کاتی بێتاقەتیی و ناڕەحەتیدا بۆ محەممەدی برام نووسیوە .

سلێمانی - ١٢ / ٩ / ١٩٨٤

برام رۆحەکەم نووری چاوانم
تاقە براکەی لەجێی هەموانم
یادگارەکەی باوك و باوانم
دووریت وشکی کرد ئەشکی چاوانم
لەجیاتی چاوم دڵ بە گریانم

گریانی دڵیم رۆژ و شەوانە
جارێ بۆ دڵدار جارێ بۆ گیانە
جارێ بۆ تیر و تانەی زەمانە
جارێ بۆ دڵەی مات و وێرانە
کە هەر غافڵ ما لە ماوەی ژیانم

ئەویش کام ژیان ! بە بێ رەزا و مەیل
بە بێ دڵخۆشیی بە مەیلەکەی لەیل
هەر بەم داخەوە کەیلە کامین کەیل !
هەر ئەڵێی بۆتە سزاگاکەی وەیل
پڕ لە شەرارەی ناری هیجرانم

دووریم له وەتەن لــه خــزم و لــه خــوێش
قبووڵ کرد به هۆی صەفای دوورئەنــدێش
کەچــی بــێ ئاکــام بــووم بــه جــەفاکێش
هــەزار موشــکیلەی دنیــام هاتــه پــێش
بــه دەس حەســوودی دوور لــه ویــژدانم

نــه وەفــام لــه کــەس هاتــه بەرچــاوان
نــه لــه خــۆم چــاکه بێجگــه لــه تــاوان
هـــەروەکو ماســـیی بـــبڕێ لـــه ئـــاوان
دەروونم گــشت بــوو بــه کــۆی زووخــاوان
تــازه من له کویێ و خۆشــیی لــه ژیــانم !

دووریـــن لـــه یـــەکتر لێـــره تـــا ئـــەوێ
دڵـــیش لـــێم وەفـــای لەیلەکـــەی ئـــەوێ
دەی کـــەی دەس ئـــەدا لێـــره بم ! لـــەوێ
بـــه ئـــارەزووی خـــۆم ئـــاوا رێکـــەوێ
هـــەی هـــاوار بـــه دەس دەردی گـــرانم

نـــه هیـــوای خۆشـــیم مـــن لـــەلا مـــاوه
نـــه دڵ لـــەلای لـــەیل بـــه دڵ حەســـاوه
بـــه دەس ماجـــەرای جـــەور و جـــەفاوه
تـــازه شادیـــی مـــن خـــەیاڵی خـــاوه
چی کەم له بەختی شـوومی سـەر شـانم !

من کـه هـەڵوەدای مـەیلی لـەیلا بـووم
بە بـێ هـیچ هـاتم شـێت و شـەیدا بـووم
وێڵی غـەریـبـیی و کێـو و سـەحرا بـووم
لە بەدبەختیی خۆم پەست و ریسوا بـووم
عومرێکــه ئـاوا مـات و حـەیرانم

خۆ هەرچـەند کـه لـەیل ئـەڵێ بـەوەفام
بـەڵام بـە مـن چـی ! گـیرۆدەی بـەڵام
تەپڵی ریسواییم لە نـێـو خـاص و عـام
دەنگـی دایـەوە نەگەیـیم بـە کـام
هـا کـه ئەجـەل هـات بـور بـە میـوانم

سـەر بنـێم بـە لای گڵـکۆی گـۆڕستان
نـە دڵ نـە دڵـدار نـە بـەزمی مەسـتان
من چـی کـەم لـەدەس تـۆبز بەدەسـتان !
هـەر هانـام وەبـەر خوداپەرسـتان
چـونکه گـیرۆدەی داوی ئـەوانم

بـەڵام بـەم حاڵـەش ئومێـدم مـاوە
تـا نەکەوتوومـە ئـەو گێـژ و داوە
رۆژێ لـە رۆژان بێمـە ئـەو نـاوە
راسە کوێر تا مـەرگ بـە تـەماوی چـاوە
بۆیـە تـا مـردن بـە تـەماتانم

سا کەی ئەبێ و چۆن ئەبێ بە نسیب
لەگەڵ ئەم هەموو ئاژاوەی رەقیب
کە یەك لە یەکتر عەجیب و غەریب
نە هۆشم لا ما نە صەبر و شەکیب
هەروا رۆژ بە رۆژ بەرەو نەمانم

هیچ کەس وەکو من عومری بە عەبەس
نەڕۆیی بەدەس هەوەسی ناکەس
تاوێ بە رەحمەت نەمکێشا نەفەس
پیشام وەك خەڵووز تا بووم بە قەقنەس
سەد هەزار خۆزگەم هەر بە نەمانم

من هەتا ئێستا هەر بە سەر زیندووم
نە ئێستە خۆشیی نە لە رابردووم
فەلەك کارێکی وەهای پێکردووم
بە عەینی ئەڵێی گەڵای با بردووم
( فەنایی ) بۆ تۆ داخی گرانم

* * *

## ﴿ حەسرەتی دیدار ﴾

لە کاتێکدا لەگەڵ برادەرانی بەڕێز : مەلا شێخ موحسینی موفتی و شێخ فەتاح و کاك عبدالستار و کاك حەسەن قەڵادزەیی بە مەبەستی زیارەتی حەزرەتی شێخ محمد عثمان سراج الدینی نەقشبەندی - کە ئەو کاتە تەشریفی لە ( ئەستەمبووڵ ) بوو - لە سلێمانی یەوە بەرەو ئەو وڵاتە کەوتینەڕێ ، لەگەڵ ئەوەشدا پەساپۆرتمان پێ نەبوو ، وە گەیشتینە شاری ( جزیر ) ، دوای سێ رۆژ مانەوە و هەوڵدان ، خۆمان گەیاندە شاری ( دیاربەکر ) و سێ رۆژ لەوێش ماینەوە ، زۆرمان هەوڵ دا تورکەکان ئیجازەیان نەداین بچین بۆ ئەستەمبووڵ ، بۆیە بە تەلەفۆن عەرزی حەزرەتی پیرمان کرد کە : تا ئێرەمان بە زیارەت بۆ حیساب بفەرموو چونکە ئەمانە نایەڵن بەخزمەت بگەین و ئەبێ بگەڕێینەوە ، حەزرەتی پیریش لە وەڵامدا فەرمووی : ئەوان ئیجازەتان نادەن من خۆم ئیجازەتان ئەدەم ، ئێوە وەرن و گوێیان پێ مەدەن .. ئێمەش لەسەر فەرمایشتی بەڕێزیان کەوتینەڕێ و سوپاس بۆ خوا بە بێ ئەوەی تووشی هیچ گیروگرفتێك بین ، تاچووین و گەڕاینەوە کەس لە ئێمەی نەپرسی ، کەچی لە تورکەکانیان ئەپرسی .

دیاربەکر - ٢٩ / ٢ / ١٩٩٢

ماتەمزەدەیی گەردوشی دەوران و ئەسیرم
لەم کۆمەڵە تورکانە چ بێزار و نەفیرم
سەیری سەفەرم نیوەچڵ و ناقیصە بۆچی !
شاهم مەدەدێ فەرمو کە داماو و فەقیرم

دوورم لــه وەتــەن حەســرەتی دیداره غــەمی مــن
ئــاخۆ چ دەبــێ حاڵــەتی ئــاوات و مەســیرم
هاتم بە تــەمای وەسڵ و نــسیبم چــی یــه ! فەسڵه
دێوانــەوو سەرگەشــته لــەنێو شــاری ( جزیــر )م
ئــەمرت لەســەرم حاکمــه تــۆ هەرچــی بفــەرمووی
جــەزبت لــه دڵا جازیبیــەیی شەمــسی مــونیرم
تێماوه لەنێو شــاری غــەم و عەشــقی مــەم و زیــن
بــێ خــەم بــه کــه ئاگایــه دڵــی حــەزرەتی پــیرم
شــێواوه لــه رێی دڵبــەری بــێ وێنــه دڵــی زار
بــەم عالەمــە ئــاڵۆزەوە ئاڵــۆز و زویــرم
ســا دەســتی جــەفا لاده لــه رێــبازی وەفــادا
لــەم مەرکــەزی ئەحزانــه بــه دەس رۆمــەوه گــیرم
ئــاهێکی بەســە ناڵەیــی شــەوگیری ( فەنایــی )
بیــدا لــه هــەدەف ئــاه و نزوولــەی وەکــو تــیرم

## ﴿ شەمعی مەجلیس ﴾

ئــەی یــاری نــازەنیــنم ئــەی پــیری تاجــدارم
ئەی مایەیــی نگیــنم ئــەی تــورکی شــەه ســەوارم
ئەی مەرهــەمی بــرینم ئــەی شــۆخی گوڵعــوزارم
تا کەی دەوا نــەبــینم بــۆ قەلبــی بــێ قــەرارم !
بــێ تــۆ مەحاڵــه ژیــنم بــڕوانه چــەنده زارم

ئەی گوڵی نەوبەهاریی ئەی سەروی جوێباریی
ئەی حوسنی لالەزاریی ئەی نافەیی تەتاریی
ئەی دوڕڕی شاهواریی ئەی نەقشی کردگاریی
ئەی رەمزی شاهکاریی ئەی پەیکی رستگاریی
با کەم بە عیشوەکاریی عەیشم ببێ بە ژارم

تا تۆ بە غەمز و نازی ئەی شەمسی عالەم ئارا
بازێکی پەنجەبازی دڵ دیلە بێ مودارا
تۆی رەمزی عەشقبازیی ئەی شەمعی مەجلیس ئارا
تۆ بی و شەهی حیجازیی بنوێنە رووت نیگارا
با بەس بێ خوێن فشانی لەم چاوی ئەشکبارم

بەو زولفی عەنبەرینت بەو قامەتی نەمامت
بەو جوعدی یاسەمینت بەو بەدری ماهی تامت
بەو چاوی ئەختەرینت بەو قەددی خۆش خەرامت
بەو رەنگی سونبولینت سەد پادشا غولامت
من بەندە کەمترینت قوربان و جان نیسارم

ئەی کەعبە ئاستانە ئەی گەوهەری یەمانیی
ئەی قودس ئاشیانە ئەی سەروەری جیهانیی
بەو حوسنە بێ کێرانە سەرشاری گولڕوخانی
بەو جووتە پەرچەمانە ئافاتی بێ دڵانی
گەر نازە گەر بەهانە نەماوە ئیختیارم

بەو نەرگسی خومـارت مـن مەسـتی بـێ شـەرابم
بـە پەنـجەکەی شـکاریت ئـاشـفتـەوو خـەرابم
بـەو داوی زولفـی تـارت تـا چـەندە موبتـەلا بم !
بۆ خەندەیـێکی زارت کـەی شـەرتە مـن وەهـا بم
تـا تـۆ وەهـایـە کـارت بـێ سـوودە ئینتیزارم

بێ سەبـر و بـێ شەکیـبم مـەجنوونی کۆهـسارم
مـەجرووح و بـێ طـەبیـبم شـێـواو و دڵ فگـارم
بـێ هـەمـدەم و حـەبیـبم گریان و شـینە کـارم
گـیرۆدەیـی رەقـیـبم بـەم حـاڵە مـن دوچـارم
بۆ کەی مەگەر ( فەنایـی ) ئەو بێتە سەر مـەزارم

* * *

# ﴿ گەشتی نیشتیمان ﴾

هەر لەو کاتەدا کە لەگەڵ بەڕێزان : مەلا شێخ موحسینی موفتی و شێخ فتاح و کاك عبدالستار و کاك حسن قەڵادزەیی ، بە مەبەستی زیارەتی حەزرەتی پیر (قُدِّسَ سِرُّهُ) سەفەری تورکیامان کرد ، لە شاری دیاربەکرەوە بەرەو ئەستەمبووڵ کەوتینەڕێ ، لەگەڵ ئەوەشدا پەساپۆرتمان پێ نەبوو ، بۆیە تورکەکان ئیجازەیان پێ نەئەدایین بڕۆین ، ئێمەش بە تەلەفۆن عەرزی حەزرەتی پیرمان کرد کە وەزعمان بەم شێوەیەیە ، لە وەڵامدا فەرمووی : لەسەر ئیجازەی خۆم وەرن و گوێ بە کەس مەدەن ، ئێمەش لەسەر فەرمایشتەکەی ئەو کەوتینەڕێ ، کە سوپاس بۆ خوا کەس لەئێمەی نەپرسی ، کە ئەمە بە ئاشکرا کەرامەتی حەزرەتی پیر بوو .

دیاربەکر - ٢ / ٣ / ١٩٩٢

من وەکو دێوانە ئەمڕۆ روو لە ئەستەمبووڵ ئەکەم
شاخ و داخی کورد ئەبێژم تورکی پێ مەشغووڵ ئەکەم
نامەوێ شێوەی وەتەن تێکچێ بە دەس ڕۆم و عەجەم
بۆیە عەزمی خزمەتی پیری دوعا مەقبووڵ ئەکەم
بەفر و سەرمای ڕێ ئەچێژم تا نەچێژم داخی گەل
داخەکەم وادیارە مەیلی ئیشی نامەعقوول ئەکەم
من خەیاڵی دڵبەرم بوو نەك خەیاڵی دەردی سەر
چی بە داخی دژ خەریکم تف لە یاسای غوول ئەکەم
ئەو بە زەید و عەمرەوە مەشغووڵە من مەشغووڵی ئەو
من لە گەشتی نیشتیمانا سەیری عەرز و طوول ئەکەم

من لەبەر بەختی کلۆڵم ئەچمە ژێر سایەی هوما
تازە کەی بیری جنۆکە و شکڵ و شێوەی غوول ئەکەم
گەر مەدەدکا هیممەتی بازووی غەیووری دڵبەرم
باڵی زاغ و داڵی شوومی پێ شەل و مەعلوول ئەکەم
سا خودا بیکا هەلێ بۆ ئەم ئومێدەم بێتەجێ
تا بە چاوی خۆم ئەبینم دژ لە ماڵی کوول ئەکەم
شەش دەری ئەگرم بە مێر و لەشکری ئاهی دەروون
داخی سەد ساڵەم ئەڕێژم چاوی پێ مەکحوول ئەکەم
عالەمی فەقر و مەحەببەت عالەمێکە سەربڵند
دوژمنی دین و وەتەن بەو عالەمە مەعزوول ئەکەم
لافی ئەم دەعوا ( فەنایی ) نیسبەتی نادا لە خۆی
پیاوی زانا تێئەگا بەو رابەرەی مەوکوول ئەکەم

## « ئاهی دەروون »

ئەی شاهی خوبان تا بەکەی مات و کز و ئاوارە بم
خەستە و هیلاکی ژێری ئەم بن بار و ئەو سەربارە بم
بێ موئنیس و بێ هەمنشین دەستم بە ئەژنۆ دڵ حەزین
رووت و رەجاڵ و بێ قەرین بێ قیمەتی ئەم شارە بم
لات و فەقیر و بێنەوا بێ حاڵ و باڵ و بێ پەنا
لەم ناوە هەر من بێبەش و بێ مایەوو بێ پارە بم
هەرکەس پەنای هێنا بە تۆ کامی رەوا بوو بێ درۆ
تا کەی منی بێچارە هەر مەحروومی ئەم بازارە بم

تا کەی لە کووچە و دەشت و دەر تاکەی بچێژم دەردی سەر
تا کەی غەریب و دەربەدەر تا کەی لەسەر ئەم بارە بم
تا کەی لە چۆڵ و بەحر و بەڕ تا کەی بە خوێناوی جگەر
سوور بێ لە پێ تا تەوقی سەر تا کەی لەسەر سێدارە بم
تا کەی پەشێو و بێسەمەر تا کەی لەسەر لوتکەی خەتەر
هەردەم بە داوێ بەندە سەر تا کەی وەها غەمبارە بم
تا کەی پەرێشان رۆژگار ئاوارەیی یار و دیار
حەیران و زار و بێ قەرار با بەس لەسەر ئەم کارە بم
تا کەی بە داخ و دەردەوە تا کەی بە رەنگی زەردەوە
تا کەی بە ئاهی سەردەوە هەمدەنگی ئەم ئازارە بم
تا کەی بە شاخ و هەردەوە تا کەی بە راز و زەردەوە
تا کەی بە دار و بەردەوە هەر ساعەتەی سەد پارە بم
تا کەی لە کونجی غەمکەدە دووریی لە خاکی مەیکەدە
تا کەی هەتا ئەم سەر حەدە مەحروومی ئەم دەربارە بم
فرمێسکی سوورم تا بەکەی برژێتە سەر خاکی لەشم
غەرقی شەپۆل و گێژی ئەم دوو چاوی وەك جۆبارە بم
ساتێ بە دەس تانەی رەقیب تاوێ بە بێ لوتفیی حەبیب
تا کەی بە وێنەی عەندەلیب مەهجووری ئەم گوڵزارە بم
وا مەوسیمی عیدە وەرە قوربانە زولفت لابەرە
بەڵکو هیلالی دوو برۆت دەربێت و من نەظظارە بم
ناڵە و فوغان و ئاهی من تا کەی نەگا پێت ! شاهی من
تا کەی ( فەنایی ) هەمدەمی ئەم حاڵەت و ئازارە بم

# ﴿ مەراقی غەم ﴾

لە بەرواری ١٤ / ٥ / ١٩٩٤ ز ، کە لەگەڵ بەڕێزان : مەلا شێخ موحسینی موفتی و کاک حەسەن قەڵادزەیی ، لە زیارەتی حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّه ) لە ئەستەمبوڵ ئەگەڕاینەوە ، بەسەر شەڕی براکوژیی و خۆپەسەندیی ( یەکیەتی و پارتی )دا هاتینەوە ، لەبەر ئەم کۆسپە گەورەیە ( ١٦ ) ڕۆژ لەنێوان دهۆك و هەولێردا ماینەوە ، دواجار گەیشتینە شارۆچکەی ( هەریر ) ، ڕەفیقەکانم چوون بۆ مەقەڕی حیزبی ( پارتی ) کە ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ دەرچوونمان ، منیش لەو دەشتەدا - لەلای کۆمەڵێ منداڵ کە یاری یان ئەکرد - بە کزیی دانیشتبووم ، ئەم غەزەلە هات بە دڵما و نووسیم ، پاشان بە هۆی ڕێکخراوێکی بێگانەوە ڕزگارمان بوو !.

لە پێناوی غەمت ئەمڕۆ غەزەلبافی حەریرێکم
بە دەس غەدداره بەندانی شەقیی لەملا ئەسیرێکم
نە ڕێگەی ڕۆینم ماوه بڕۆم بۆ خۆم بە لایەکدا
بەرەو دوا گەر ئەچم هەروا خەریکی دار و گیرێکم
فیراقی تۆ لەلایێك و مەراقی غەم لە سەد لاوه
خەفەت ناخۆم کە عەبدالّی جەمالّی دڵ مونیرێکم
ئەگەر ئاهی دەروونم بێتە لات ئەمڕۆ لە دەس ئەعدا
دەلیلی زوعفی ئەحواڵە نەفەرمووی دڵ زویرێکم
سەرم خستۆتە سەر ئەژنۆ لەنێو بەزمی منالاّنا
بە یادی هیممەتی تۆوه خەریکی یاد و بیرێکم

ئەوا هەر چاوەڕوانی غیرەتی مەردانەتم قوربان
غەریب و بێنەوا لەم شارەدا مات و فەقیرێکم
عەجەب بەزمێکی هیچ و پووچە ئەم غەوغا کە ئەیبینم
بە من چی ؟ من نە چەکدارم نە سەردار و نە میرێکم
لە رێگەی عەشقی تۆدا دانەخۆرەی خەرمەنی وەسڵم
رەقیب هەرچی ئەڵێ بیڵێ چ دێوانەم چ ژیرێکم
لە سایەی لوتفی پیرانەت ( فەنایی ) وا لە غوربەتدا
شەو و رۆژ چاوەڕوانی موژدەیێ یاخۆ بەشیرێکم

## ﴿ باری خەفەت ﴾

وەها مەعلووم ئەکا کۆگای هەموو ئازار و ئێش و غەم
بە بێژنگی بەلا بێژرایەوە دەستی قەزا هەردەم
هەتا ئەو رۆژە هات ئاو و گڵی جیسمم کەمی هێنا
هەمووی شێلا لەگەڵیا تا نەکەم شادیی هەتا من هەم
سەرم سوڕما لە بەختی خۆم کە وا چەند بێ فەڕ و شوومە
تەرازووی بەختەکەم سووکە ئەگەر بەردیشی تێکەڵ کەم
لە جیاتی بەزمی یاران و لە جێی نەشئەی بەهارانم
رەقیبی ناکەسە و باری خەفەت گشتی لە دەورم جەم
غەمێکم بوو بە سەد لەو رۆژەوە بێ مەیلە لەیلاکەم
ئەبێ چی بکەم لە حاڵی خۆم ! پەنا بۆ کێ بەرم قیبلەم
بکا چاری دەروونی پڕ لە ئازار و جەفاکێشم
نەکا فەرقی خراپە و چاکە سا زۆرە وە یاخۆ کەم

سەرم کێشایە مەیـخانە کـە جێگـەی مـەرد و ڕەندانـە
وتم ســـاقیی دەخیلـــت بم وەرە بـــیمار و پەککەوتـــەم
بـەجێماوم لــە خێـــڵ و خـەیلی هـەمڕازانی دێریـــنم
مەدەد بـۆ ڕۆژی وا چـاکە دەبـا ناڵـە و نــزا کـەم کـەم
کە بێ شك دیلی زامار و نەخـۆشی خەستەخانەی عەشق
بە ناچـاریی ئـەناڵێنێ بـە بـێ دەرمـان و بـێ مەرهـەم
کە من ئەمڕۆ لە موستەشفای غەمی عەشقت پەرێـشانم
لەبۆ تەسکینی دڵ ساقیی جەماڵی تۆیە بـەس مەرهـەم
کەسێـکی تر کە شك نابا بە غەیری دەسـتی مەردانـەت
( فەنایـی ) ناکرێ چاری بە سەد لوقمان و بەزمی جـەم

## ﴿ ئەسرینی شەو ﴾

شەو بـە یـادی تـۆ ئەڕێـــژم تـا سـەحەر ئـەسرینەکەم
بـۆ هـەواڵـێـــکت نەپرســی ! یــارە دڵ ســەنگینەکەم
هەمــدەمی ڕۆژم موتـاڵای مەکتەبـەی رووتــە لەگـەڵ
داخی چەند ساڵەی ڕەقـیـبـی ناکــەس و بـەدبـــینەکەم
سا فیداتـم زەمــزەمـــەی بـــازاڕی عـەشـقــی بێ دڵان
بـا نــەشێوێ بـۆ حەســوودی دڵ بـە بـوغز و کینەکـەم
شۆخی شەهرئاشووبی من ئۆخەی ئەڵێن مەستە لـە نـاز
بۆیــە عەترئەفــشانە ئـەمڕۆ ســونبول و نەســرینەکەم
شەونمی بەرگی چـەمەن تەمـسیلی قـەترەی رووی ئـەکا
لەو دەمەی ئارەق ئەکا گـوڵ غونـــچەکەی ڕەنگینەکـەم

شەو کە خەڵوەتگایە بۆ ڕاز و نیازی ئەهلی دڵ
کەی ئەبێ ئەوکاتە ئاخۆ بێتە سەر بالینەکەم !
بێ طلووعی ماهی ڕووت جارێ لە ئیقلیمی وەفا
شادمانیی چۆن ئەبینێ ئەم دڵەی غەمگینەکەم
باسی ڕیسواییم لە عالەمدا زڕا بێ میهری تۆ
وا عەبەس بوو ئاهونالە و حاڵەکەی نەنگینەکەم
فکری دوورئەندێشی من بۆ کامی دڵ سوودی نەبوو
گوڵشەنی ئاواتەکەم سووتا بە ئاهی سینەکەم
زەلزەلەی بەختی ڕەشم وا هات و لەرزەی خستە دڵ
هەر ئەڵێی بورکانە هەردەم تێک ئەدا بنچینەکەم
سا ( فەنایی )ش با لە غەم دەرچێ عەلا ڕەغمی ڕەقیب
گوڵشەنی دڵ بێتە جێگەی مەیلی ( حورُ العِین )ەکەم

## ﴿ خەیاڵاتی دڵ ﴾

بە نوختەی خاڵی تۆ بەندە لە ساحەی دڵ خەیاڵاتم
ئەوا عومرێکە گیرۆدەی نەمامی ئەلفی باڵاتم
سەری سەوداگەریی وەسڵت لە دڵدا بوو بە سەوداچیی
بە گیان و دڵ خریداری مەتاعی حوسن و کاڵاتم
ئەوا نیزیکە من بمرم بە یادی دەمدەمەی وەسڵت
ئەدیی بۆ قەت نەبوو جارێ بپرسی بۆچی وا ماتم
وەکو تەیرێکی نامۆ من کە دیتم دانەکەی خاڵت
بە قووەی جازیبەی زولفت سەرم دانا بە سەر هاتم

ئــومێــدم جەژنی دوارِۆژی ویـصالــی قامــەتی تــۆ بــوو
قەضیــیەم عەکسی دەعوامە کە ئێستا خاکی ژێـر پــاتم
بە هەرچی تۆ قبوولّت بـم لەگەلّ مــەیلێکی تــۆ خۆشــە
ئــیتر هەرچــی ئــەبێ بــا بــێ لەمــەولاوە بـــەسەرهاتم
کە تۆ مەیلت نەگـۆڕی من لە گـۆڕیشدا بــە یــادی تــۆ
ئەدەم جوابی مەلەك ئەوسا لە هەر کۆســپ و مــەقاماتم
دەسا با هــەوری ئیحــسانت لــەســەردا بــێ ببارێــنـــێ
بەسەر ئەم دەشت و سەحرایەی دلّەی وەك چۆلّی زولّمــاتم
ئەتۆ وەك خــدری زینــدە و مــن لــە دەشــتی تاریکــستانا
خـــەریکی ئاهونالّـــە و داد و هـــاوار و مــونــاجـــاتم
ئەگەرچی شەرمەزارم من لە قـــەول و فیعــل و کـــردارم
بەلاّم بەم حالّەوەش هەر تۆی کە جێی فەخر و موباهــاتم
دەسا فــەرموو ئــیتر قوربــان کــە وادەی هیممــەتی تۆیــە
وەرە دەستێ بدە دەستی ( فەنایـــی ) ســەد کــە مــن لاتم

❊ ❊ ❊

# ﴿ وەسڵی دڵ و جیلوەی گوڵ ﴾

لە کاتێکدا کە بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە نەخۆشخانەی ( جەڕاح پاشا ) لە شاری ئەستەمبووڵ کەوتبووم ، ماوەیەکی زۆر بوو کە تیایدا مابوومەوە و زۆر نارەحەت و بێ تاقەت بووم وە حەزرەتی پیریش ( قُدِّسَ سِرُّہ ) لە ( خادم کۆ )ی سەر بە شاری ئەستەمبووڵ نیشتەجێ بوو ، لەو ماوەیەدا شەوێکیان لە کاتی دەمەو بەیاندا و لە عالەمی رۆحیی و صوورەت میسالییدا حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّہ ) تەشریفی هێنا بۆ لام ، وە ئەوەندە لوتفی زۆری فەرموو بەرامبەرم کە بە خامە و نووسین بەیان ناکرێ ، جا لە دوای تەشریف بردنی بەڕێزیان ( إرتجالی ) ئەم هۆنراوەیە هات بە خەیاڵما و نووسیم .

ئەستەمبووڵ - ١٥ / ٨ / ١٩٩٥

ئەمشەو لە نیوە شەودا دڵبەر خۆیدا نیشانم
ئاوی حەیاتی پێ بوو قووتی رۆحی رەوانم
بە ناز و رازی مەعنیی بە غەمزە ئەیدواندم
تیفلی دڵی دەلاواند بێ گفتوگۆی زوبانم
عەکسی جەماڵی جوانی شەهدی دەم و بەیانی
بەزمی بە مەی دەگێڕا ئارامی جیسم و جانم
بە رەمز و مەستی چاوی بە پێچی زولفی خاوی
سەرم سوڕما نەمزانی فەرقی مان و نەمانم !
شەوی عەیش و صەفا بوو صەفای عەهد و وەفا بوو
بەو وەعدە بە منی دابوو ئێستاکە پێی ئەزانم

جا لێرە نەقدی رووحە بەهای بادەی صەبوورە
جورعێك و سەد فتووحە بە کوێریی دوژمنانم
لەو حاڵەتی فەنادا پەردەی لە رووی وەلادا
رەمزێکی بۆ بەقا دا یانی دەوای دڵانم
چەند خۆشە حاڵی ئاوا لەیلت بفەرموێ ئاوا
هەر خۆم ئەتکەم موداوا عیسادەمی زەمانم
تا وابێ خەستەخانە بۆ بەزمی عاشقانە
لوقمانە بۆ دڵ و دین ئەو پیری نەوجەوانم
چەند خۆشە مەن نەخۆشم دێوانە و کوڵ بەدۆشم
قوربانی مەیفرۆشم نۆشابە نۆشی جانم
بەو سیحری چاوی مەستی بە عەهدەکەی ئەلەستی
لەگەڵ ( فەنایی ) بەستی بەسمە بۆ دوای نەمانم

* * *

# « بێزاریی دڵ »

ئەم پارچە هۆنراوەیەم بە هۆی چەند شتێکی تایبەتی یەوە بۆ یەکێك لە دۆستانی تایبەتیی خۆم نووسیوە .

هەولێر - ساڵی ١٩٩٧

ئەمشەو لە غەریبیی دا بێزارە دڵی زارم
لەم ژینە کە هەر شینە شێواوی غەمی یارم
هەرچەندە بە لەش دوورم لەو مەحزەرە پیرۆزە
قووتی دڵە یادی ئەو ویردیشە لەسەر زارم
باکم چ بو تا ئەو بوو ! من بەندەوو ئەو شا بوو
کۆچی ئەوە ئەمڕۆ من جێ لۆمەیی ئەغیارم
هەر رۆژە بە باسێك و هەر ساتە بە داخێکم
چی بیستووە ئەو خەڵکە چی دیوە لە رەفتارم !
وادیارە وەفا ئەمڕۆ لەو کۆمەڵە یارانە
ئاساری نەما هەرگیز دوا پیری مەدەدکارم
یارانی بە دەم دۆسن ئەمما بە عەمەل مارن
هەر بۆیە منی بێکەس زاماری دەمی مارم
داخی دڵەکەم سەوزە وەك سەوزە خەزانی غەم
ئەو لاف و گەزافی پووچ بۆچی بو ! جەفاکارم
هەر تازەیە من شینم چی کەم لە دڵ و ژینم !
رۆژێکە حەسوود ئەمڕۆ دڵشادە کە غەمبارم

باکم نیه شینی من یا ئاه و گرینی من
تا وابێ ئەبێ وابێ ناچاری‌یە بێچارم
ئەمڕۆکە کە دنیایە ئاژاوەیە غەوغایە
سەیرە سەمەرە گەرمە بازاڕی ریاکارم
هەرچی کە ئەڵێ هەرکەس دەست و قەڵەم ئازادە
باکم چی‌یە لەو خەڵکە ! تا پیرمە غەمخوارم
خۆ یاری وەفادارم هەمڕازی سەفەر تۆ بووی
چی زەنگی خەتەر تۆ بووی بۆ حاڵی خەفەتبارم
تۆش هاتی بە پەنهانیی دووریت بە پەسەند زانی
بێ تەجرەبە نەمزانی کەس نایە بە هاوارم
ئەو عالەمە وا وێڵە مەیلی لە فروفێڵە
داخم خەمی سەرخێڵە نەمزانی بە خۆم یارم
عومرێ بو کە من خەم بوو خۆراکی شەو و رۆژم
بۆ بەختی ( فەنایی ) بوو کۆچ و سەفەری یارم

* * *

## ﴿ یاری ئەمینم ﴾

بۆ زۆر بەڕێـز و خۆشەویستم : حاجی محەممەد ئـەمینی ئـەمینیان لـە شاری سەردەشت .

هەولێر - ساڵی ٢٠٠٣

کــە یــاری یــارمی یــاری ئــەمینم
دیاریت [١] دیـارە بـۆ شادیــی لــە ژیـنم
بە قەد هەر حەوت بەهەشتی کـوردەواریی
نموونــەی قــودرەتی خــەلق ئافــەرینم
سڵاو و ڕێــزی کــوردانەم بـە کــوردیی
بــە کـورتیی پێـشکەشە کـاکی مـەتینم
لــە سـەرتاپا بـە چـاوی پـڕ لـە تاسـەم
بە ئـاهی گـەرم و شـەوقی پـڕ لــە تیـنم
موتــالام کــرد چ دیــوان و چ نامــەت
گەشــاوە ئــەم دڵــەی مــات و حــەزینم

---

[١] ئەم دیاری‌یـە بریتـی‌یـە لــە پـەرتووکی ( بەهەشـتی کوردسـتان ) کە نووسەر - حاجی محەممەد ئەمینی ئەمینیان - بە دیاریی بـۆ شـاعیری ناردووە ، وە نـاوەرۆکی کتێبەکـە بـە شـیعر بـاس لــە سروشـتی شـاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبـەری ئـەکات ". هەرچـەندە هـیچ کامێـک لەم بەڕێـزانە یەکتریان لە نزیکەوە نەبینیوە ، بەڵام لـە ڕێگـەی شـیعر و نامەوە ئاشنایەتی‌یان لەگەڵ یەکدا پەیدا کردووە و یەکیان ناسیوە ..
( ئامادەکار )

بـەڵام دوا کۆچـی شـێخی دڵ ڕەئـووفم [1]
هەموو شادیی لـە مـن گیـرا بـە شـینم
لەگەڵ دڵ شەرتە مـن کردوومـە بـۆ ئـەو
ئـەدیبـەی باوەفـاوو نـازەنیـنـم
هـەتا ڕۆژێ لـە گڵـکۆی تـازە وەك ئـەو
بـەجێ دێڵـم هـەوالآنی ئـەمینم
لەگەڵ هەر حەوت بەهەشتی جوان و ڕەنگین
بـەبێ ئـەو یـارە ناسـۆرە بـرینم
ئـەبێ هـەردەم بـە یـادی ئـەو ڕەئووفـەم
بـە هـۆی بۆسـۆی دەروونـی ئاتەشـینم
کـەبابی جـەرگی بـرژاوی ( فەنایـی )
بەشم بـێ دوور لـە تـۆ مـەرگت نـەبینم

* * *

[1] مەبەسـتی شـاعیر ، لـە مـەرحوومی شـێخ ڕەئـووفی بێـژوێیە کە دۆستی خۆشەویستی هەردووکیان بووە ، بۆیە بەو شێوەیە دڵتـەنگی و ناڕەحەتیی خۆی بە هۆی وەفاتی خوالێخۆشبووەوە دێـتەوە یـاد و خـەم و بێتاقەتیی خۆی دەرئەبڕێ . ( ئامادەکار )

## ﴿ هەمدەمی لەیل ﴾[1]

لە بەر قاپیی دەری مەیخانە جێگەم کەن کە جێ بگرم
لەوێ چاتر ئەمن جێگە گومان نابەم کە لێی بمرم
بە یادی پیری مەیخانە ئەگەر جێگەم لەوێ بدرێ
حەیاتیشم مەماتە وائەزانم هەمدەمی خدرم
کە کۆچی کرد و رۆیی لەیلەکەم شێوا هەموو هێزم
وەکو ( بازاڕی لەنگە )[2] ئاگری تێچوو دڵ و فکرم
کە بڕیارم وەها دابوو لەپێش ئەو ئۆغری خێر کەم
کەچی وا ئۆغرم شەڕ بوو لە هەر قاپی و دەرێ بمرم
خودا خۆت عالمی لەیلم لە کوێ تەسلیمی تەقدیر بوو
بە لوتفی خۆت کەڕەم فەرموو دەبا ئەمنیش لەوێ بمرم
کە تۆ خۆت قادری ئێرە و ئەوێ بێ فەرق و یەکسانە
بەڵام بۆ من نزیکیی ئەو پەنایە و دامەنی ئەگرم

---

[1] ئەم پارچە هۆنراوەیەی شاعیر ، لە دوای وەفاتی لە پارچە کاغەزێکی بچووکدا کەوتە بەرچاوم ، کە ماوەیەك پێش وەفاتی ئەم پارچە هۆنراوەیەی نووسیوە ، وە وا دەرئەکەوێ پێشبینی وەفاتی خۆی کردبێت ، بۆیە بەو شێوەیە لە خوا ئەپاڕێتەوە و داوای لێ ئەکات کە بە ئارەزووی دڵی خۆی لەگەڵدا بکات و لە نزیکی مورشیدەکەیەوە وەفات بکات و بنێژرێت . ( ئامادەکار )

[2] مەبەست لە بازاڕی کۆنەفرۆشانی شاری هەولێرە ، کە تا ئێستا ( سێ جار ) ئاگری تێبەربووە و زیانێکی زۆری ماددیی گەیاندووە . ( ئامادەکار )

له گۆڕیش هەمدەم و هەمڕاهی دەشتی مەحشەری ئـەو بم
له خزمەت زاتی ئەودا بم له ساحەی پڕ خـەمی نەشـرم
هــەتا دنیــا بــه دنیــاوو قیامــەت رائـەبێ یـارەب
لەسەر ئـەو عەهـد و پەیمانـه لـه دەوری قەبرەکـەی بمـرم
که من تەرکی هەموو یار و دیاری خۆم لەبـەر ئـەو کـرد
خـودا ئێـستەش قـەزا وابـێ بـچم لـەو شـوێنەدا بمـرم
هەموو عومرم بەهۆی ئەو سەرف و تەرکی یادی یاران کرد
نــەبا بــەختی رەشــم یــاری نــەکا هــەر لێــرەدا بمـرم
شەها فەرقی نیه بۆ تۆ له هـەر کـوێ هەڵـکەنن گـۆڕم
نیشانەی سەعده بۆ مـن گـەر لـه خزمـەت ئێـوەدا بمـرم
بـه سـۆز و لـوتفی پـیرانه بلاوێـنه ( فەنایـی ) تـۆ
دەسا هیممـەت بفـەرموو بـا بـه دڵ مـن دامـەنت بگـرم

## « هەناسەی سەرد »[1]

سـەلامی ئارەزوومەنـدیم لـه تـۆ بـێ یـاری دێـرینم
براکـەی دیـن و دنیاکـەم عـەزیزی شـۆخ و رەنگیـنم
له سینەی پڕ له ئاه و حەسرەتم بـا بـێ هەناسـەی سـەرد
به داخ و دەردی دووریی تۆ هەمیـشه مـات و غـەمگینم
لەگـەڵ دەسـتی قـەزا هـیچ نـاکرێ تەدبـیر و شـوورایێ
( فەنایـی ) بۆیـه وا دایـم کـز و بـێ هێـز و بـێ تیـنم

---

[1] ئەم شیعرەش هەر له دوای وەفاتی شاعیر له پارچه کاغەزێکدا کەوتە بەر چاوم ، وە نەزانراوه که بۆ کێ‌ی نووسیوه . ( ئامادەکار )

## ﴿ ڕێبازی خواناسان ﴾

ئەوانـــەی عاشـــقی نـــووری خـــودا بـــوون
هەموو سەرخۆشی ڕێـــبازی فـەنا بـوون
لەبۆ یەك جورعە مەی لەم ڕێگـە چـاكە
زەلیلــی دەســتی بــێدادی جـەفا بــوون
چ زیللــەت ! زیللــەتی جـەوری ڕەقیبـان
كز و مـات و مـەلوول و موبتـەلا بـوون
ئەگەرچی گۆشەگیری مـاڵی غـەم بـوون
بەڵام دڵخۆش و سـەرگەرمی وەفـا بـوون
بــە زاهــیر تێـــكەڵی بـــازاڕی دنیـــا
لە باطینـدا هـەموو نـووری هـودا بـوون
لەگــەڵ بێـــگانە لــەم شـاری خـەتادا
نموونەی شەهد و تاڵیی شەكر و چا بـوون
لە موڵـكی ( لِي مَعَ الله )دا بە بـێ شـك
هەموو تابیع بە ڕێگەی ( مُصطفىَ ) بوون
لە سـەیری ئـەنفوس و ئەشـباحی ئافـاق
فەنا طـەی كەر لەنێو ساحەی بـەقا بـوون
( فەنایـی )ش هاتـە ریــزی ڕێــزەخۆران
كە هەر ئـەو كـۆڕە بـۆ دەردی دەوا بـوون

❊ ❊ ❊

# ﴿ سەروی گوڵزاری ئیرەم ﴾

لە خزمەت حەزرەتی پێغەمبەردا ( ﷺ )

ئەی سەروی گوڵـــزاری ئـیرەم ئـەی دلبـەری شـیرین زمـان
زیکری جەماڵ و خولق و خووت ویردی هەموو شیرین لـەبان
ناوت لـەسـەر ئـەرز و فـەلـەك بـۆ ئـادەمیزاد و مەلـەك
مەرسوومی عامە یەك بە یەك بـبرێ هـەتـا ئـاخر زەمـان
ئەلفی قەدت رەمزی بەیان بـۆ دائیـــرەی کـــەون و مـەکان
ئەی رێنـوێنی ئیـنس و جـان قوربـانـە قوربـان ( ألأمـانْ )
عومری ئەمانەت چۆتە سەر ، سوودم نـەبوو غـەیری زەرەر
رێگەم کە دوورە و پڕ خەتەر هـەر تـۆی پـەنای بێـچارەگان
خۆت و مەقامی دەعوەتت فەرموو بـــە کـەمتر ئومـەتت :
بڕوانــە کێـوی زوڵمـەتت نـاچێـتــە تـــای وەزن و قـەپان
چـــونکە ئەزانـــم وا نـــەبێ ، ئـەو رۆژە مەحـشەر رائـەبێ
هەر من سەلام لـێ رائەبێ کاتێ ئـەڵێن ( أیْـنَ الْفُـلاَنْ ؟ )
مەڕوانە بـۆ کـرداری من عومری سەراسـەر عـــاری مـــن
بڕوانە خۆت با دەرکەوێ وەعـدەی شـەفاعەت بـــۆ گـــەلان
رۆژێـکە رۆژی تۆیە بەس عالـەم لـە خـۆی زویـرە و وەڕەس
هاواری کەس ناگا بەکەس ئەی شـافیعی گـشت بێکەسـان
مـــن نیمــە دەسمایـە و عەمــەل لاتــم زەلـیلم بـــێ ئەمــەل
نیزیکە بێ پـەیکی ئەجـەل ( فَخْـرَ الْـوَرَی کَهْـفَ الأمَـانْ )
تــەنیا ئومێـدم تـــۆیە بـەس موشـکیل گوشـا فریـادڕەس
بۆ سەردەمی ئاخر نەفەس ، خاوەن شکـــۆ بـــالا مـەکـــان

دەستم بە داوێـــنت نەکـەی سـائیل لـە قـاپیی دەرنەکـەی
دەسـتی ( فەنایـــی ) بەرنـــەدەی ئـارامی دڵ ڕۆحـــی ڕەوان

## ﴿ ئاگری عەشق ﴾

ئـــاگری عەشـق ئاگرێـــکە بــێ بڵـێـسە و بــێ دوخـــان
گـڕ بــە بــێ گـڕ بەرئەداتــە مــاڵ و حـاڵ و جیـسم و جـان
تیری مــوژگـــان و بـــرۆی مەعـشووقی ئـەڕبابی طـەریـق
دیـن و دڵـدۆزن بـەڵام مەشـقـێـکـــە بــێ تــیر و کــەوان
قـووتی رۆحــی عاشـقان تـــاڵاوی مـــەرگ و حـەسـرەتـــە
تافی فرمێـــسکی بـەتـــاوی عەیـشە بـــۆ کـاتی شـەوان
عاشــقانی مەدرەســەی عەشـقی حــەقیقیی تێئـەگـــەن
چــونکە ســووتاوی تـــەجەللای تیـشکی ئـەنوارن ئـــەوان
مـــەحرەمی گەنـــجینەکەی ئەسـراری عەشـقن تـــا ئەبـــەد
مەیلی جەننەت سڵ لە دۆزەخ کەی ئەکەن هەرگیز ئـەوان !
دڵ بــە قیبلـــەی دڵ گـرفـتـــارن لـە میعراجـی حــوزوور
بــۆ گــرۆی عوشـشاق ئـەوانن مـوقـتـــەداوو پـێـشـــەوان
سا ئەوەی حەزکـا لــە بـــەزمی پایەبەرزیــی عـــاشـقـــان
بــا فـرێـدا تــاجــی شـاهیی بـێـتــە ریـــزی رێـــڕەوان
مەدرەسەی عیلم و بەلاغـەت خۆشـە بۆ تـەوفیـقــی ڕێ
بۆ کەسێ عەقڵی لەسـەر بـێ نـەك غـروور‌ی خـەسـرەوان
عیلمـــی قـــال و زەوقـــی حـــاڵی بــادەنۆشانی طـەریـــق
دوو جـەنـاحــی بێ‌وچـانـــن بـــۆ سـلـوکـــی رێـــڕەوان

قالی بێ ڕۆح و دڵی خاڵیی لە عەشق و مەعریفەت
کەی شیاوی مەسلەکی سەر شار و ڕێبازی مەلان
وەك ( فەنایی ) بگرە دەست و چاکی پیری مەیکەدە
بەڵکە تۆ بەختت مەدەد کا بچیە ریزی بێ دڵان

## ﴿ فەردی زەمان ﴾

قامەتی شۆخی وەکو نەی‌شەکەری باغی گوڵان
بە مەسەل تیری موژانیشی خەدەنگە لە دڵان
زولف و کاکۆڵی ئەڵێی داوە لەگەڵ دانەیی خاڵ
لەعلی لێوی بە تەبەسسوم گوڵە یا خونچە دەهان
تاوێ شەهد و شەکەرە ئاوی دەمی دڵدارم
گا وەکو جۆگەلە هەنگوینە لەنێو قەصری جینان
گا ئەسەر بەخشە لەسەر ڕۆح و دڵی دڵ مردوو
تا بڵێن ئاوی حەیاتی لە دەمە سەروی ڕەوان
بەختی خەوتوو بەسە تا کەی ئەخەوی بێ دڵدار !
هەستە داوێنی سەبا بگرە بڕۆ کاتی بەیان
خاك و پابۆسی کەسێ بە کە ئەمینی حەرەمە
عەرزوحاڵم بدە دەس ئەو صەنەمەی فەردی زەمان
بڵێ دڵخۆشە ( فەنایی ) بە حەقیقەت ئەمڕۆ
کە بە دڵ موژدەیی وەسڵی بدەیەی نەك بە زمان

❊ ❊ ❊

## ﴿ شینی لەیل ﴾

ماوەیەك دوای وەفاتی حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّه ) ، برای خۆشەویست و بەڕێزم ( مەلا شێخ عوسمانی مەردۆخی ) کاغەزێکی پڕ لە خەم و پەژارەی بۆ نووسیم ، منیش هەر بەو هۆیەوە نامەیەك و ئەم چەند شیعرەم بۆ نووسی ، بەڵام بە داخەوە تا ئەویش کۆچی دوایی کرد بە دەستی نەگەیشت .

هەولێر - ١٥ / ٩ / ١٩٩٧

کاکە من و تۆ ئێستە هاودەردین
وەك لاشەی کەوتووی ساحەی نەبەردین
هەردوو کۆسکەوتە و دەروون پڕ لە زام
بۆ کۆچی ئازیز هەناسە سەردین
هەردوو وەك هەتیو بێکەس بێ غەمخۆر
ماتەمزەدەی دەهر مات و ڕەنگ زەردین
هەردوو بە داخ و دووی فیراقی لەیل
وەك وەحشیی سارای چۆڵ و وێڵگەردین
هەردوو بێ ماوای حەسانەوەی دڵ
وێنەی دێوانەی کۆسار و هەردین
هەردوو وەك دیلی دەست و پێ بەستە
ئەڵێی گیرۆدەی دەستی نامەردین
هەردوو خەفەتبار بێ دڵ بێ دڵدار
وەك شوانە وێڵەی نێو دار و بەردین

هەردوو رەنجەڕۆی بێ ئاکام لە ژین
غەرقی بادەوەی غوبار و گەردین
هەردوو وەك مەجنوون بە شوێن لەیلەوە
بێگانە لە خەڵك سەحرا نەوەردین
هەردوو گەستەی دەم ئەژدەهای دەهرین
گیرۆدەی مۆرە و خانەکەی نەردین
تۆش وەك ( فەنایی ) شینی لەیلتە
بۆیە من و تۆ هەردوو هام فەردین

## ﴿ کۆڕی بێ هۆشان ﴾

ئەمن چی بکەم لە کۆڕی کەللەبۆشان
کە بێ دەرکن لە دەرکی خەرقەپۆشان
ئەسیری تەبعی نامەوزوونی نەفسن
کە سڵ ناکەن لە ئاهی سینە جۆشان
بە سۆزی ئاگری عەشقی حەقیقەت
ئەسووتێن وەك شەمن حەلقە بەگۆشان
بە یادی تۆوە پیری صەدری مەجلیس
غولامێکم لەگەڵ گەوهەر بەکۆشان
ئەوانەی ئەهلی دڵ بوون بوونە بولبول
لە گوڵزاری مەدیحەی تۆ خرۆشان
شەو و رۆژ چۆن نەناڵێنم بە زاریی
کە من دوور بم لە بەزمی جورعەنۆشان

سەراپەردەی جەمالی عالەم ئارات
شکۆهی دا بە شۆری مەیفرۆشان
طەبیبی دەردی بێ دەرمانە لێوت
نیگاهت ئافەتە بۆ بادەنۆشان
ئەسەف ! من عەندەلیبی تەبع و زەوقم
کز و ماتە لەنێو دەستەی خەمۆشان
ژیانم تاڵە تالاوە شەرابم
لەبەر تەبعی رەزیلی دڵ نەخۆشان
ئیتر با بەس ( فەنایی ) نەغدی وەختی
لە دەس دەرچێ لەگەڵ بێ عەقڵ و هۆشان

## « شەوی قەدر »

ئەم پارچە هۆنراوەیەم بەبۆنەی شەوی پیرۆزی ( ليلة القَدْر )ەوە نووسی .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٩

شەوی قەدرە شەوێ نازارە ئەمشەو
شەوی دەرکی صەفای ئەنوارە ئەمشەو
شەوی نازک خەیالانی مەعانیی
لەگەڵ زولفی چەلیپای یارە ئەمشەو
شەوێکە وەك هەزار و چاتریشە
بەڵێ جەژنی دڵی بێدارە ئەمشەو

سەراپا غـەرقی بـادەی بـەزمی عەشـقە
دڵێ فاریـغ لـە هـەر ئـەغیارە ئەمـشەو
شـــەوی راز و نیـــازی بادەنـــۆشان
خومـار و مەسـتی بـێ ئـازارە ئەمـشەو
فەلەك سەرگەرمی نەشـری فـەیزە ئـارێ
بـەهار و گوڵـشەنی ئەسـرارە ئەمـشەو
نزوولـــی رەحمـــەت و فـــەزڵی خودایـــە
دەسا خۆزگەم بـەوەی هوشـیارە ئەمـشەو
ئەگـــەر مـــن دەستەپاچـــە و ناتـــەوانم
خـــەڵاتی ئومـمـــەتی ســـەردارە ئەمـــشەو
منیش خۆ هەر سـەگێکی ئـەو جەنابـەم
ئەگەرچـی بارەکـــەم نابـــارە ئەمـــشەو
لـــە دەربـــاری کەریـــمیت یـــا ئیلاهـــی
هـــەزارێ وەك مـــنی بێکـــارە ئەمـــشەو
( فەنایـــی ) بـــا خـــەتابار و نەزانـــە
بـە سەر سـەوداگەری دڵــدارە ئەمـشەو

* * *

# ﴿ گۆشەی عاجزیی ﴾

لە دەوروبەری ساڵی ( ١٩٥٧ )دا وا رێك کەوت کە حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّە ) سەفەرێکی دەوری ( پێنجوێن ) و ( شلێر )ی کرد ، لەو ماوەیەدا من لەبەر نەخۆشیی و نارەحەتیی خۆم نەمتوانی لەو سەفەرەدا بەشدار بم و لە خزمەتیا بچم ، بۆیە لە خانەقای ( بیارە ) مامەوە ، رۆژێکیان لەبەر دڵتەنگیی و بێ تاقەتیی دووریی ئەو زاتە ئەم غەزەلەم نووسی .

هەواڵم گەر ئەپرسی گیانە بێ تۆ
شەوم ناڵینە رۆژ گریانە بێ تۆ
ئەوەندە شین و زاریم کرد لە دووریت
دو چاوم چاوەکەم سیروانە بێ تۆ
موقیمی خانەقا و کونجی قەناعەت
بە ناچاریی ژیانم ژانە بێ تۆ
لە دەنگی هەلهەلە و دەوری پیاڵە
بەتاڵە مەسجید و مەیخانە بێ تۆ
کە تۆ هاتی کەنارت گرت لە عوششاق
نەما بەزم و شکا پەیمانە بێ تۆ
ئەگەر تەختی کەی و جامی جەمم بێ
چ سوودێکی هەیە ! زیندانە بێ تۆ
لە گۆشەی عاجزیی دا تەیری هۆشم
وەکو دێوانە سەرگەردانە بێ تۆ

که تۆ لـەیلی دڵـیش مـەجنوونی تۆیـە
بـە داوی زولفەکـەت بـێ دانـە بـێ تـۆ
ئـەتۆی شـەمعی شەبوستانـم عـەزیزم
ئەسـووتێم بـۆت وەکـو پەروانـە بـێ تـۆ
بە بێ مەیل و وەفاکەت روو لە کوێ کـەم
بـە هـەرلادا بـڕۆم وێرانـە بـێ تـۆ
بە بای زریانی دووریت هـەروەکو ( بـی )
درەخـتی قامەتـم لەرزانـە بـێ تـۆ
بە یادی سونبولـی رووت بولبولـی دڵ
بـە سـەد نـەزم و نـەوا ناڵانـە بـێ تـۆ
طـەبیبـی دەردی مـن دەسـتی وەفاتـە
نە جێـگەی دەستی سەد لوقمانە بـێ تـۆ
دەخیلـت بـم وەرە ئـەی جـانی جانـان
بەهەشـتم کولبەیـی ئەحزانـە بـێ تـۆ
ئەگـەر لوتفـت ببـێ شـایە ( فەنایـی )
ئەگـەرنا مەلعەبـەی دەورانـە بـێ تـۆ

* * *

# ﴿ دوا کۆچی لەیل ﴾

ئەم پارچە هۆنراوەیەم لە کاتی هێرشی خەم و ناڕەحەتی و بێ تاقەتیدا بە هۆی وەفاتی دڵتەزێن و پڕ لە کارەساتی حەزرەتی پیرەوە ( قُدِّسَ سِرُّه ) نووسی .

هەولێر - ١ / ١٢ / ١٩٩٩

رەفیقان شینمە ئەمشەو کە من سەروی رەوانم چوو
ئومێدی دین و دنیاکەم پەنای هەردوو جیهانم چوو
ئیتر شادیی لە مولکی دڵ مەحاڵە تا دەمی مردن
کە نەگبەت بێ ئەبێ وابێ کە من رۆحی رەوانم چوو
هەمیشە تەوقی غەمباریم وەکو قومریی لە ملدایە
وەکو پەروانە خامۆشم کە من شەمعی شەوانم چوو
کە من ماتەمزەدەی دەهرم ، شەرابی عەیشمە زەهرم
عەجەب ماوم کە بۆ مام ! یووسفی میسری دلآنم چوو
خەڵك شادیی بە لەش ساغی و سەر و سامان ئەکەن هەردەم
ئەمن شادیی بە چی کەم ! وا دەوای دەردی دلآنم چوو
کە عالەم شین ئەگێڕێ بۆ نەمانی گوڵ لە گوڵزارا
مەکەن مەنعی فوغانی من کە وا رەوضەی جینانم چوو
بەهاری عەیش و شادیی من هەوایێکی هەوای ئەو بوو
چ خاکێ کەم بەسەرما ! من گوڵ و هەم باخەوانم چوو
بە تالآوی جەفا بۆ گۆشی کردم دایەنی گەردوون !
ئەوانەی من دڵم پێدان هەموو یەك یەك ئەوانم چوو

ئەگەر بۆ مەزرەعەی پاراوی دڵ خەڵکیی نمێکی بوو
ئەبێ من تا ئەبەد بگریم کە من بەحری عومانم چوو
بەڵێ دەستم گەیشت ئاخر بە پیری مەدرەسەی تەوحید
وتم ئۆخەی هەتا مردن ئیتر هەوری خەمانم چوو
هەتا سایەی هوماکەی ئەو لەسەر سەر سایەبانم بوو
لە کەس باکم نەبوو هەرگیز کە ئێستا سایەبانم چوو
بە تیری تانە ئەمبێژن وەکو بێژنگ لە هەرلاوە
خەڵاتی خوایە بێژم چی ! کە خواجەی غەجدەوانم چوو
ئەوەی دەستی قەزا بیکا بە بێ حیکمەت نیە و نابێ
وەزیفەی ئێمە تەسلیمە وەڵەو غەوسی زەمانم چوو
عەلا رەغمی عەدوو بەسمە کە مەیلی ئەو نەگۆڕاوە
دەبا بەس بێ منیش شینم کە پیری میهرەبانم چوو
( فەنایی )ش حەلقە لەگوێیە هەتا مەحشەر وەکو جاران
ئەگەرچی تازە دڵخۆشیی هەموو ماوەی ژیانم چوو

## « سەفەری ناوەخت »

تۆ ئەڕۆی بۆ کوێ ئەچی ! من لێرە بێکەس نووری چاو
قووتی رۆحم دیدەکەم ئارامی دڵ هێزی هەناو
پێم ئەڵێن تۆراوە گوڵ ئەمڕۆ لە گوڵزاری وەتەن
چاوەکەی جۆبارەکەم هەر بۆیە وا ئەگری بە تاو
دڵ بە شەوقی تۆ لە غوربەت سەبر و ئارامی ئەگرت
بۆ لە ناوەخت ئاگرت بەردایە موڵکی دڵ تەواو

وام ئــەزانی رەســم و شــێوەی مەیلەکــەت تــا ســەر ئــەبێ
بۆیە من گــوڵــزاری عــومرم کــردە پــووشـــی بــەر هــەتاو
واعیــزی زاهــیر پــەرست لــەم بــارە وەعـــزی زۆری دام
تا وەکو قومــریـــی بــە بــاڵ و مــل نەکەومــە بەنــد و داو
خــۆ لــە رەغمــی ئــەو عــەزیزم بــۆ بــەقای عەهــد و وەفــا
شەرتە هـــەر پابەنــدە رۆحــم مــن بـــە داوی زولفــی خـــاو
وای ئـــەزانی واعیـــزی بـــێ دڵ کــە خــەڵوەتگاهی عەشــق
مەطعەمێکە پڕ لە کاســەی عــەیش و نــۆش و نــان و ئــاو
کــەم بـــە عــیلم و زانــیاریـــی بــێ حەقیقــەت تێکــەوێ
بــا نەبــێتـــە کاســەلێس و دەس نەکـــا بـــە میاوەمیـــاو
وەخت و فرسەت گەنــجە بــۆ ئینسانی خــاوەن بــیر و فــام
حەیفە مایەی رەنــجەکەی لــێ بێــتە شیری هەڵــگەڕاو
واسیطەی نادانی‌یــە دووریـــی لــە بــەزمـــی عــاریفـــان
پیاوی بــێ مــەغز و حەقیقــەت پووچــە وەك بڵــقی سەراو
عــیلم و زانــست بــێ هەوێـــنی مەعنەویـــی ناچێـــتە دڵ
هـــۆی غــروری نەفــسە عیلمــی قــاڵ و قیلــی نـــاتەواو
قــووتی گیـــان و دڵ نـــەبێ یـــادی جــەماڵی قیبلەکــەت
دەك فیــدای مــەرگی موفاجــا بــێ ژیــانی بـــەس بــەنـــاو
وا مەزانــە تــیر و تــانـــەی تـــۆ ( فەنایـــی ) کــا بــە تــۆ
پـــیاوی دڵ تــۆتـــۆ نیــە فــەرقی لەگــەڵ دیــزەی شــکاو

❊ ❊ ❊

## ﴿ نەخشی کردگار ﴾

لە وەسفی حەزرەتی پێغەمبەردا ( ﷺ )

یـاری من دایـم لـە مولـّکـــی نـازەنینی شـایە ئـەو
نەخشی خامەی کردگـارە بـۆیـــە بـێ هەمتایـە ئـــەو
هەرچی من بیلّیم لە ئەوصافی حەمیدە و جـوانی ئـەو
ئەو بە حوسنی بـێ نـەزیری زیـاترە و هـەر وایـە ئـــەو
ماهی کەنعان شوعلەبەخشی شاری میسرە و میسری‌یان
شەمسی عالەمتابی ئێمە مەطلەعی بەطحـایـە ئـــەو
حوسنی خولق و سیرەتی وەك حوسنی رەنگ و صـوورەتی
شاهیدی دەعوامە ئـارێ گەوهـەری یەکـتـایـــە ئـــەو
سەروی نـــازی نـــازداران پـــەیکەری ئـەنواری حـــەق
مەحرەمی مولـّکی حوزوورە شـــەورەوی ئەسـرایە ئـەو
فەخری رۆلـّەی ئادەمە بۆ بەرتەری جـینن و مـەلـــەك
بـۆ ؟ بـە لەش دەعـوەتکراوی بارەگـای ئەعلایـە ئـەو
تا بە قوربی (قَابَ قَوْسَيْنْ) ئەو موشەرڕەف بوو بە جیسم
سیدرەیە جـەولانگەهـی هـەم ( جَنَّةُ الْمَأوَى )یـە ئـەو
سەر بە سەرگەردی غوبار و گەرد و تـــۆزی ڕێگەکـەی
چـونکە بالاّی خۆش خەرامی تا بلّێی رەعنایـــە ئـــەو
سینە گـەنجـینەی علـوومی ئـەووەلـّین و ئـاخرین
مەرکەزی ئەسراری کەنـزی ( عَـلَّـمَ الأسْمَـا )یـە ئـەو
راز و نـــازێ بـــەو دراوە بـــۆ سـەراپەردەری حـــوزوور
نـارەوایـە بۆ کەسی تـر پـەیکی ( أوْ أدْنَـی )یـە ئـەو

حیکمەتی صونعی ئەزەل بوو وا بە ئەمری ( كُنْ فَكَانْ )
خاڵ و رەمزی وەسڵی خەلق و عالەمی باڵایە ئەو
سیڕی موڵکی ماسیوایە نیکتەکەی عەهدی ئەلەست
بەسیە بۆ وەسفی لە عالەم مەرتەبەی ( لَوْلاَ )یە ئەو
باسی نازی ئەو ( فەنایی ) گەر ئەکا هەر بۆیەیە
تا بڵێن خامەی ئەویش خۆ خاوەنی هەودایە ئەو

## ﴿ سوپای عەشق ﴾

لەو رۆژە کە تۆم ناسی ئەمزانی درەنگ یا زوو
دڵ بەندە بە داوێك و شەیدایە درەنگ یا زوو
هەوری خەفەتی زولفت چەتری شەو و رۆژم بوو
یەعنی کە سوپای عەشقت دێ رۆژێ درەنگ یا زوو
شێواوە دڵ و حاڵم وەك حاڵی گەلی کوردە
وادیارە ئەبێ تێکچێ ئەم شارە درەنگ یا زوو
زانیم هەدەفی موژگەت سینە و دڵی بێ تینە
ناکامی یە کامی ئەو بەو تیرە درەنگ یا زوو
تا لەشکری رۆمی رووت غەدداره بە دەس بێ بۆم
بۆ رۆژی شەهادەت خۆت حازرکە درەنگ یا زوو
تا من بە خەدەنگی تۆ بتلێمەوە شادیمە
سا یاری وەفادارم تۆ بیخە درەنگ یا زوو
سینەم سوپەرە وەك دەف بۆ دەست و مەقاماتت
دەی لێدە لە دەف پەنجەت بەو سۆزە درەنگ یا زوو

وەك مۆرە لەنێو تەختەی نەردم لە دو سێ لاوە
نایێ بە دڵا دەرچم لەم حاڵە درەنگ یا زوو
کەم جەور و ستەم بۆ من ئەی دیدە ڕەوا دێرە
یا موژدە بە وەسڵی خۆت یا مەرگ درەنگ یا زوو
ئاواتی هەموو عومرم شەهدی عەسەلی وەسڵە
سا پەیکی ئەجەل کەی دێ ؟ با بێ چ درەنگ یا زوو
مەجنون بە هەوای لەیلا بێباکە لە مەرگ و ژین
شادیتە ( فەنایی ) تۆش بەو مەرگە درەنگ یا زوو

## ﴿ کەشتیی نەجات ﴾

دوێ شەو کە دڵبەرم هات ئاوی حەیاتی پێ بوو
دەورم کە بوو بە تۆفان کەشتیی نەجاتی پێ بوو
کە دیم بە لێوی وشك و زامی دڵ و دەروونم
لە دەشتی کەربەلادا ئاوی فوراتی پێ بوو
شاباشی مەقدەمی ئەو نەقدی حەیاتە بۆ من
ئەو شاه و شاهزادە هات و خەلاتی پێ بوو
زانی کە تیفلەکەی دڵ تووتیی میزاجە بۆ ئەو
قوربانی دەست و بازووی شاخی نەباتی پێ بوو
بەزمێ بوو بۆ ( فەنایی ) هەر لەحزەیێ نەوایێ
سەرگەرمی زەوق و شایی ، شا بوو بەراتی پێ بوو

* * *

## « تیفلی دڵ »

تیفلی دڵ گـۆشـی بـە شەهدی لێـوی ئاڵـت گرتـووە
وا لە ئاغووشی صەفای میهرت بە بێ خـەم خـەوتووە
حەیفە تۆ بـیت و خودا نەیـــخەیتە داوی زولفەکـەت
چونکە منداڵە لە عیلمـی عاشـقیی نـەیـخوێندووە
سیلسیلەی زنـجـیری زولـفـت بۆتـە پـێ بەنـدی دڵـم
کەی ئەبێ دەرچێ لە ژێر پێچ و خەمی ئەو گێـسووە !
داد و بێـدادی دڵـەی پـــڕ ئـێش و نێـشی زامەکـەم
هـەر ئـەڵێی ئاگر لە جـیسم و گیانەکەی من بەربووە
من کە دوورم لەو دەمەی ساقیی بە مەی پەیـمان ئەدا
خۆ دڵم هـەر وا لـەبــەر مـەیـخانــەدا داکـەوتووە
با بـە دەم ئاه و هـەنـاسـەی سـەردی من ناگا بە تۆ
خـۆ بە یاسا و رەسمی مەجنوونیی نیگاهێ هـەر بـووە
بـۆ تەسـەللای حـاڵی بــیمارانی دەردی عاشــقیی
چـی ئەبێ ! جـارێ بـڵێی پـەردەم لـــە روو لابـردووە
تیر و تانەی دوژمـنان بـا کـەم بـەبـادا رەنـجـی مـن
چونکە خۆ خۆت چاك ئەزانی کێ دڵی لـێم سـەندووە
جا ئەگەر وابێ وەفـای ئـەو ساقـیـانــەی مـەیفرۆش
تۆ بـڕۆ فەوت و فەنا بـە ئـەی ( فەنایــی ) تــا زووە

* * *

## ﴿ لافاوی غەم ﴾

لە کاتێکدا کە حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّه ) بڕیاری دابوو بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات ، بۆیە منیش لەبەر دوورکەوتنەوەی ئەو زاتە لەو شەوەدا ئەم غەزەلەم نووسی .

سلێمانی -ساڵی ١٩٨٩

تۆ کە ڕۆیشتی لە دووریت ئافەتی دەورانمە
وا بەهاری رووم نەماوە هەر چڵەی زستانمە
شاخی سەر وەك شان و مل بەفری فیراقی کەوتە سەر
وا مەراقم کرد لە داخا کاتی لێقەومانمە
دەشت و دۆڵی لاشەکەم کەوتۆتە ژێر لافاوی غەم
پڕ لە ناڵە و ئاهی سەردە شیوەنی فەوتانمە
تۆز و خۆڵی بای خەزانە سەوز و شینی رووی نەهێشت
هەر ئەڵێی دەورانی گەردون بۆ نەمانی مانمە
بەم چلەی هاوینە گەرما مێشکی سەر دێنێتە کوڵ
من ئەبینم لەرزمە یا دەردی بێ دەرمانمە
ئەشکی چاوم جۆ بە جۆ ئەڕوا بەسەر خاکی لەشم
یانی نۆبەی قەلع و قەمعی قامەتی لەرزانمە
مەزرەعەی تۆوی ئەمەل ئەم ساڵە دانی شین نەکرد
دڕك ودالْ و دانی ماتەم حاسڵی خەرمانمە
چونکە بێ دیداری یارم بەم دڵەی زار و هەژار
ئیشی رۆژم شیوەنە و شەو دێ سەرەی گریانمە

قالـــەقالی عالەمـــە یـــا نالـــەنالی تیفلـــی دڵ !
یـــا هـــەرا و غـــەوغای دەروون و ســـینەکەی بوریانمـــە
حـــەزرەتی دڵـــدارە ئـــەڕوا بـــەم شـــەوە بـــۆ داخـــی دڵ
یـــا ســـوپا و پـــەیکی ئەجـــەل لـــەم کاتـــەدا میوانمـــە
شـــین و شـــادیی بـــۆ ( فەنایـــی ) پێـــچەوانەی عالەمـــە
عـــادەتی بـــازاڕی عەشـــقە و حاڵـــەتی کوردانمـــە

## « گەنجینەی سینە »

لە ماتەمگاهی دڵـدا دیدەکـەم هـەر شـیوەن و شـینە
لـەنێو یارانی مەیـخـانـە بەشـم هـەر ئـاه و ناڵینـە
ئەبـینم هەرکەسێ شەوقی نەسیمی تۆی لە دڵـدا بـێ
بە روتبەی شا ئەڵێ چیمە ئـەمن لـەم ئافـەتی دینـە
جەفاکێـشانی دەوری زەمزەمەی عەشـقت بـە دڵ جانـا
لەبەر میحرابی دوو ئەبرۆت هەموو دەستی بـە ئامینـە
یەکێ سەرسامی روخسارە یەکێ پـێبەنـدی گێـسووتە
یەکێ تیری مـوژە و داخی فـیراقـی خـاڵی موشـکینە
یەکـێ مەفتوونی سـەروی قامەت و دوو چاوی پڕ نـازە
یەکێ سەرخۆشی لەعلی لێوی خونچەی یاس و نەسرینە
ئەبێ نەخشی ئەزەل بێ ئەو جەماڵە و ناوی روخسارە !
( تَعَالَی اللّه ) چ حـوسنێـکە ! چ یارێ شـۆخ و رەنگینە
دڵم وێـنەی قەفەس بۆ تەیری رۆحـی ئـەو گوڵەندامـە
( فەنایـی ) فەخرە بۆ شانی کە سینەی کرد بە گەنجینە

## ﴿ خامۆشیی ﴾

شەوقی دڵ خامۆشە ئەمڕۆ دەوری دووریی یاری‌یە
بۆیە مات و غەمزەدە شیوەن هەمیشە کاریە
گوڵشەنی رازی دەروونی وشکە وەك خاکی عێراق
چاوەڕوانی بارشی مەیلی دڵی دڵداری‌یە
مەرحەلەی هیجر و فیراقی طەی نەکرد سیمورغی دڵ
بۆیە وەك قەقنەس ئەسووتێ ئاشیانەی ناری‌یە
قافی دووریی دائیرەی تەکمیلە دەردی بێ دەوا
کوێرە زەینم لێرەدا هەڵبەت قەزا وا جاری‌یە
دەرفەتم ئاخۆ ئەبێ کەی بێ عەلا رەغمی رەقیب
من بڵێم ئۆخەی نەمردم دڵ کە قیبلەی یاری‌یە
سا دەخیلت بم سەبا ئەمڕۆکە کاتی هاتنە
وەك ئەڵێن سۆزەی نەسیمت مەرهەمی بیماری‌یە
باڵی کێشا طالیعی نەحسم بەسەر موڵکی وجوود
پاسەوانی جەورە دایم شارەوانی شاریە
من کە هێزم لێ بڕا شێوام و تاقەت چوو لە دەس
تازە مەرهوونی غەمم شادیی بە من کەی کاریە
حاڵەتی یەئسی ( فەنایی ) مەرحەلەی خۆی طەی ئەکا
بۆیە دیجلەی دیدەکەم وەك نیل و جەیحوون جاری‌یە

* * *

## ﴿ پەرێشان حاڵی ﴾

لـــە رۆژێ دڵ ئەســـیری زولفـــی تـــۆیە
پەرێـــشان حـــاڵی چـــاوی مەســـتی تۆیـــە
نـــەزەرگای دیدەکـــەم بـــۆ عیـــدی وەســـڵت
یـــەقینم وایـــە هـــەر تـــاقی برۆیـــە
کـــە زانـــی چـــاوی مـــەخموورت ئەسـیرم
وتـــی تـــیری مـــوژەم زامـــی بەســـۆیە
ئەگەر شـــەوقی جـــەماڵی عەشـــقە داوات
ســـەرت دانـــێ دەوای رێـــبازی تـــۆیە
وتم وا ســـەر بـــە دەم چـــەوگانی جـــەورت
لـــە مەیـــدانی وەفـــادا عـــەینی گۆیـــە
لە من سەبر و شەکیبایـی لە تـۆ جـەور
کـــەسێ رازیـــی نەبـــێ وەعـــدەی درۆیـــە
ئـــەوەی نـــوقطـەی نیـــازە بـــۆ منـــی زار
بـــە مـــەیلی مـــن ئیـــشارێکی برۆیـــە
ئەگـــەر بێـــزارە دڵ جـــەوری رەقیبـــە
کە هـــەر مـــەیلی فەســـادە و فیتنەجۆیـــە
ئەمـــەش خـــۆ عـــادەتی هـــەر دڵبەرێـــکە
( فەنایـــی )ش با بڵـێ شایـیم بـــە خۆیـــە

* * *

## ﴿ دیمەنی دنیا ﴾

ڕۆژێك لە دوكانەكەی خۆم لە گەڕەكی صابونكەران دانیشتبووم ، ( خالید زامدار )ی دراوسێ دوكانم كە وێنەكێشێكی باش بوو ، وێنەیەكی زۆر جوان و سەرنج ڕاكێشی لەسەر لەوحەیەكی زۆر گەورە نوسیبوو ، ماوەیەكی زۆر خەیاڵم پێیەوە مەشغووڵ بوو ، چونكە هەموو جۆرە وێنەیەكی تیادا نەخشێنرابوو ، لە هەمان كاتا ئەم هەڵبەستە هات بە دڵما و نووسیم ،

سلێمانی - ٢٠ / ٥ / ١٩٨٥

دیمەنی دنیا لەلام ئەمڕۆ وەكو ئەم مەنظەرە
ڕەنگ و بۆیەی لێدراوە یەعنی دیمەن مەظهەرە
سەیری نەقاشی قەڵەم كەن وا لە شوێنی بۆیەكەی
خوێنی دڵ ئەڕژێ ئەڵێی شوێنی برینی خەنجەرە
چونكە شێوەی عەرعەر و سەروی قەدی دڵبەر ئەدا
شاخ و داخی پڕ لە گوڵ ڕەنگاوە وەك نیلوفەڕە
بۆ نەزەرگەی چاوی ناسك بینی عاشق جالیبە
هەر ئەڵێی كاكۆڵی سەر یا زولفی خاوی دولبەرە
وا سەرنج ڕاكێشە بۆ زامی دڵەی زامارەكەم
بێ درۆ وەختە بڵێم وەك زامی تیغ و نەشتەرە
دیدەیی بینیش ئەگەر دەس‌دا دەمێ بۆ ئەهلی دڵ
تێئەگا صونعی ئەزەل نەقاشە نەك خامەی لەڕە
دیمەنی نەخش و نیگاری گوڵشەنی سەر لەوحەكەی
دیم بە شێوەی زولفی لەیلا وێڵە لەو دەشت و دەرە

جوابی ناحالیی لە گولزاری محەببەت نادریٚ
بۆیە عاشق بۆتە جیٚ تانە و فلیمی مەسخەرە
خۆشە ئەم بەزمە ئەگەر جیلوەی جەمالی لەیلەکەم
وەك بریسکەی بەرقی لامیع بیٚتە خواریٚ لەو سەرە
روخسەتی تەرکی ئەدەب مەسموحە لای ئەهلی نەزەر
بابی کولفەت دائەخەن لەو شویٚنە حەوزی کەوسەرە
جازیبەی نەقش و نیگار و رەنگ و بۆنی لالەزار
بۆیە وا تەئسیر ئەکا بۆ گولعوزاران مەعبەرە
مەنعی دلٚ ناکەم ئەگەر شەیدایە بۆ دیداری گولٚ
چونکە هەردەم بۆ پەپوولەی دلٚ شەمە یا مەجمەرە
بەسیە کەم بدویٚ ( فەنایی ) چیتە لەم بازارە تۆ !
تۆ خەیالٚت خاوە ئەمڕۆ وا بەیانیی مەحشەرە

## « جیهان و عەشقی یاریٚك »

لە صەحنی گولشەنی حوسنا هەموو رۆژیٚ بەهاریٚکە
لە هەر گۆشەی چەمەن رەنگی جەمالی نەونیگاریٚکە
کە لەیلم بیٚتە بازاڕی وەفا بەو ناز و غەمزەی خۆی
ئەبینی تەرمی مەدهۆشان ئەلیٚی راو و شکاریٚکە
کە زولفی چین لەسەر چینی ئیحاطەی دا بە روخساری
بە خەرقی عادە وادیارە کە هەر لەیلە و نەهاریٚکە
لە کونجی مەیکەدەی عەشقا کە سالیك غەرقی ئەحوالە
لە سەیری ریٚگەدا هەردەم مەقامیٚکە و هەواریٚکە

به هەر لوتکە و نشێوێکی جنوونا تێپەڕن یاران
ئەبینن بارەگایێکە وەیا گۆڕ و مەزارێکە
ئەوەی کوشتەی غەمی لەیلا بو مەجنوونێکی تەنیا بوو
شەهیدی مەدرەسەی عەشقی گوڵی من سەد هەزارێکە
ئەگەر مەعشووقە لەیلا بێ ئەنیسی عاشقێکە و بەس
بەڵام لەم مەکتەبەی ئێمە جیهانە و عەشقی یارێکە
سەرم سوڕما لە میزان و تەرازوی عەقڵی ئەم خەڵکە
کە هەریەك وا خەریکی مامەڵە و بازاڕی شارێکە
جەنابی واعیز و موفتیی کە سەرگەرمن بە قیل و قال
لە بازاڕی مەعانیی دا ئەسەف ئەفسانەوارێکە
بە موهمەل واتە بێ مەعنا ئەنازێ فەیلەسووفی دەهر
بە ( لاَیَعْنِي ) خەریکە بۆیە لایەعنیی مەدارێکە
لە شێوەی تەربیەت مەحروومە هەرکەس بێ مورەببی بێ
سەری خاڵیی لە عەشقی حەق زلیش بێ وەك خەرارێکە
وەرە بۆ مەجلیس و بەزمی حەقیقەت تێئەگەی چۆنە
ئەزانی لێرەدا سالیك کە مەشغوولّی چ کارێکە
بە عیلمی قیل و قالت بەس بنازە تۆ کە زانا بی
ئەزانی بێ رمووز و حیکمەتی مەعنا چ بارێکە
ئەگەر خەزنە و دەفینەی گەنجی دنیا بێ بە دەسمایەت
بە بێ دەسمایەکەی بادەی حەقیقەت رەنجە مارێکە
( فەنایی ) چی لە تۆ کا یا لە خۆی ! ئەمڕۆ کە شێواوە
بە دەس تۆوە پەرێشانە لە تۆ زیاتر هەژارێکە

# ﴿ کۆچی شەم ﴾

بۆیە دەستم شت لە خۆشیی گیانە هەردەم شینمە
شینی بەختی شوومی خۆم و کۆچی شەمعی دینمە
کۆچە کۆچەی ئەو لە هەرلا بوو بە مایەی کێوی غەم
بۆیە دایم بۆ غەمی ئەو رۆژ و شەو ناڵینمە
تا ئەوم بوو سەد غەمم با من دڵم خۆش بوو بە ئەو
چونکە ئەمزانی کە بێ شك لوتفی ئەو پەرژینمە
بۆیە ئەوسا من گەمەم دایم بە بەزمی جەم ئەکرد
چی کە ئێستا شایی ئەغیارە و ئەمن نۆ شینمە
دەستی پڕ ئازاری فیتنە و جەوری بێدادی رەقیب
بۆتە ناسۆری دەروون و زەهری ماوەی ژینمە
بەختەکەم یاریی نەکرد من ببمە قوربانی سەری
بۆیە ئاوا من لە بەختی خۆم زویرم قینمە
من لە چەرخ و گەردوشی ئەم دەورە سوڕماوە سەرم
بۆ ئەوەندە دژ بە خۆشیی ئەم دڵەی بێ تینمە
من لە غەمخانەی دڵەی وێرانەکەم وەك ماڵی کورد
مات و بێدەنگم لەبەرچی عالەمێ بەدبینمە
چاوەڕوانی من ( فەنایی ) قەت لە یارانی طەریق
وا نەبوو وابێ کە دیتم داوی دین و ژینمە

* * *

## « ئامۆژگاریی »

ئەم هۆنراوەیەم بۆ کچی گەورەی خۆم نووسی .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٥

رۆڵەکـــەم خۆشـــیت بـــە دڵ داوامـــە
خۆشـــیی بـــۆ کەســـێ بـــەنرخ و فامـــە
قەدری خەڵك بگـرێ بـە حورمـەت بـژی
شـیرین تـر لـە قەنـد حوسـنی کەلامـە
بـــەڵام ئیطاعـــەی خـــودای ( لاَمَکَـانْ )
پلـــەی وا لـــە ژوور هەرچـــی مەقامـــە
بـــیروباوەڕت بـــە دۆســـتانی حـــەق
مایـــەی نـــەجاتی رۆژی قیامـــە
لەگەڵ ئەمانەش رێـــز لـە دایـك و بـاب
چـــاکترین وەصـــفە نەصـــصی کەلامـــە
رێـزنانت لە خەڵـك رێـزت زیـاد ئـەکا
خاوەن رێـــز رێـــزی لای خـاص و عامـە
هـــەمووی ئەمانـــەت بـــە چـــی دێتـــەجێ
بـــە صـــەبر و تاقـــەت بـــە لامەلامـــە
دڵ و دەروونـــت لـــە گـــوڵ پـــاکتر بـــێ
ژیریـــی و دڵپـــاکیی نیـــشانەی فـــامە
قەت لەگەڵ هیچ کەس قسەت تاڵ نـەبێ
بـــا نـــەڵێن دادەم گـــەوج و نەفامـــە

من به دڵسۆزیی پێت ئەڵێم گیانە
سەربەرزیی ئێوەم یەکجار مەرامە
بۆ هەردوو دنیا بەختەوەریتان
مەیل و ئارەزووی هەتاهەتامە
خۆت و غیرەتت تێفکرە بە دڵ
بزانە چاکە و خراپە کامە
بۆ ئەوەی خراپ نەیەتە رێگەت
لە چاکە پڕ کەی لاپەڕەی نامە
با لێرە و لەوێش دادە رووسوور بی
ئا ئەمە بۆ تۆ من بیر و رامە
خۆزگە ئەخوازێ ( فەنایی ) بۆتان
شاد بن بە هەرچی حوسنی خیتامە

## ﴿ رەقیبی غەم ﴾

رەقیبی غەم چ وەحشیی خووگەرێکە
چ نابار و ( کَرِیهُ الْمَنْظَر )ێکە
ئەجەل مالّی غەمی دووریی خرا کا
عەجەب موزی میزاج و بەدفەڕێکە
کە هەر نێشێکی بۆ حالّی دڵی رێش
گەلێ زیاتر لە ئێشی خەنجەرێکە
سەرم سوڕماوە لەو بێ جیسم و گیانە
لە مەیدانی جەفادا ئەژدەرێکە

بە عـەزمی جـەوری مـن شێر و پڵنگـە
کەچـی عـەنقایـە بـێ شـوێن و سـەرێکە
هـەموو دنیـا گـەڕام ون بـێ لـە چـاوم
کەچـی هـەرلا ئەچـم گـورگ و مەڕێکـە
بـە سـەد حیلـە خـەریکم بـۆ فریـوی
هـەموو دەم حـازری شـۆر و شەڕێـکە
لـە ڕێـگەی سینەسـۆزی ئـەو بەلایـە
عـەجایب ئاگرێـک و ئەخگەرێـکە
هوجـوومی بـۆ قـەڵای صـەبرم بـە دایـم
ئەڵێی جەیـحوونە یـاخۆ لەشکەرێـکە
لە هەر گۆشە و کەنارێ سـەیلی ئەشکم
لە غەم جێ کەشـتی‌یـێک و بەندەرێکـە
عەجـەب ئـەی دڵ بیابـان پەروەرێـکی
نەبێ باکـت ، لـە ڕێـگەی دڵبەرێـکە
کلیلـی گەنـجی مەقـصوودە نیگـاهی
بە شێوە و خـوو مـەلائیک پەیکەرێـکە
لە غەم باکی نیـە هـەرگیز ( فەنایـی )
لـە ڕێـبازی جـەفادا ڕەهبەرێـکە

* * *

# ﴿ خانەی خەمان ﴾

لە کاتێکدا کە بەڕێز جەنابی مەلا عارفی کوڕی مامۆستای خوالێخۆشبوو : مامۆستا مەلا باقری بالکی مەریوانیی ، نامەیەکی بە شیعر بۆ نووسیبووم ، منیش بەم چەند شیعرە وەلامەکەیم پێشکەش کرد .

سلێمانی - ٢٥ / ١٠ / ١٩٩٢

سڵاو و ڕێزی ئەم خانەی خەمانە
لە ناخی دڵ بە لەشکر نەك بە دانە
بەسەر مەوجی هەوادا وەك تەیارە
بە بێ‌دەنگ و شەڕ و شۆر و بەهانە
دەبا طەی‌کا مەسافە و بوعدی ڕێگا
ئەگەرچی ڕێگە پێڕەوگەی دژانە
بە تۆ تەقدیمە سەروەرزادەکەی خۆم
منیش هەر وا غولامیم وەك چەلانە
بە هەردوو دەست و لێوی پڕ لە بارم
ئەبۆسم لێو و ئەو دوو دەستە جوانە
بە ڕاسیی گەورەیی خۆت دا نیشانم
کە بیرت کەوتەوە ئەم بێ‌نیشانە
لە خامە و نامەکەت دەرکەوت کە ئێوەش
نەگۆڕاون بە گۆڕانی زەمانە
کەسێ قەدری مەقامی خۆی ئەناسێ
کە گەوهەرزادەیە و گەورە و گرانە

بەلاّم داخی گرانم تا قیامەت
کە دوا کەوتم لە ئەو بەحری عومانە
لە باطین بەحری عیلمی ( مِن لَّدُنْ ) بوو
لە عیلمی زاهیریش فەردی زەمانە
لە شێوەی خولق و ئادابی ئەدیبی
لە شەرحی هەرچی ئەسراری نیهانە
ئەبێ وابێ بە راسیی ئەهلی تەحقیق
کە ئەتوت سەعدە یا فەخری زەمانە
مەحاڵە تازە تا ماوم لە دنیا
کەسێکی تر ببینم لەم جیهانە
بدا تام و مەزەی جەلسەی حوزووری
بکا حەل موشکیلی هەرچی نەزانە
قەڵەم هەرچی بڵێ لەم بارە کوڵە
دەبا بشکێ سەری ئەم بێ زمانە
ئیتر من چی بڵێم لەو خەمرەوێنە
کە ئەتوت وا لەنێوماڵی دڵانە
بە حەق موشکیل گوشا بوو ( باقر )ی من
ئەبوو قورِ کەم بەسەرما بەو نەمانە
خودا پڕکا لە نووری خۆی ضەریحی
بە جاهی ئەو کەسەی فەخری جیهانە
( فەنایی ) بەس بەوە دڵخۆشە فەرمووی :
بە بێ تۆ شەرتە نەچمە ئەو جینانە

## ﴿ کەشکۆڵی دڵی عاشق ﴾

لە ڕێگەی عەشقدا هەرکەس ئەسیری کۆت و زنجیرە
ئەگەر بێهۆشە یا مەستە مەڵێن شێتە بڵێن ژیرە
هەتا لەو بادە پەرداخێ نەنۆشن واعیز و قازیی
بە من کەی تێئەگەن ئاخۆ چ بازاڕێکی دڵگیرە !
سەرێ سەودازەدەی تیری محەببەت بێ ئەزانێ ئەو
کە عیلم و دەرسی مەجنوونیی هەموو ئیدراك و تەئثیرە
وەرە واعیز لە کەشکۆڵی دڵی عاشق تەماشاکە
حەقیقەت تێئەگەی ئەوسا چ پێویستت بە تەقریرە
بە قال و قیل طەی نابێ مەسیری عەشق و دڵداریی
بە ڕۆژیش پیاوی نابینا یەقین موحتاجی دەسگیرە
لەطیفەی عالەمی ئەمرت کە گیرۆدەی عەناصیر بوو
وەکو زێڕێکی مەغشووشە عیلاجی بەس بە ئیکسیرە
لە بۆتەی مەیکەدەی عەشقا کەسێ ژەنگی دڵی مابێ
مەحاڵە دەرکی مەعنا کا ئەگەر جوانە وەگەر پیرە
ئەگەر کاسەی سەرت گەنجینە بێ بۆ عیلمی زاهیریین
لە نووری مەعریفەت دووری کە تۆ قەلبت وەکو قیرە
( فەنایی )ش گەنجی گەنجیی‌دا غرووری پێ کرپیی ئەوسا
شوکر بۆ زاتی حەق ئێستا قوتابیی مەدرەسەی پیرە

❊ ❊ ❊

## ﴿ حاڵەتی ناباری دڵ ﴾

دڵ بە دەنگ و باسی بێ مەیلیت ئەوا ئەتلێتەوە
حاڵەتی شێتیی سەری لێداوە هەر ئەخولێتەوە
بێ ئەوەی دەنگێ لە خەرمانی ئەمەل دەسخا دەمێ
دەم لەگەڵ دەم زامەکانی کۆنی لێ ئەکولێتەوە
چاوەڕوانی هیممەتێکت بوو بە کوێرایی ڕەقیب
هودهودی پەیکی سەبا ئاخۆ ئەبێ کەی بێتەوە
خوا ئەزانێ پڕ بە دڵ عەرزەی پەشێویت عەرز ئەکەم
کەی نەسیمێ دێ لە تۆوە ژەنگی دڵ بسڕێتەوە
وەسوەسەی شەیتان و نەفسە یا ( شَيَاطِينُ الْبَشَر ) !
کارەساتی ڕۆم ئەکات و موڵکی دڵ ئەگرێتەوە
هەڵمەتی مەردانەکە و پیرانەکەی پیرم ئەگەر
بێتە مەیدانی وەفاوە سەهلە بۆم دەردێتەوە
من سولەیمانیی گەڕۆك و تۆ سولەیمانی حەشەم [1]
سا دەخیلت بم نەکەی با لوتفەکەت نەبڕێتەوە
دەستی هیممەت بەرمەدە و دەرگا لە یاران دامەخە
ئاگری عەشقت لە دڵدا حەیفە با نەکوژێتەوە
با لە بۆتەی مەدرەسەی عەشقت ( فەنایی ) دەرنەچێ
تا وەکو قەقنەس ئەسووتێ قاڵ ئەبێ و ئەتوێتەوە

---

[1] واتە : من ئەهلی شاری سلێمانیم و تۆش وەکو حەزرەتی سولەیمانی .

( هۆنەر )

## ﴿ پیری خاوەن هیممەت ﴾

ساحەکەی سینەم لە غوربەت کـەیلی ئـاه و حەسـرەتە
دەردی بـێ مەیلیتـە ئـاخۆ یـا مـەراقی غوربەتـە
حەیفە تا کەی دەسـتی هیممـەت بـۆ غـەریبی بێنـەوا
ناوەشـێنی داوەشـێنی هەرچـی تـۆزی زیللەتـە
فەرقی دووریی خۆ نیـە بـۆ دەسـتی پـیرانی طـەریق
هەروەکو دوا کۆچی دوایـیش پـیری خـاوەن هیممەتـە
خۆش هەلـێ بوو تا لە گۆشەی مەیکـەدەی راز و نیـاز
وام ئـەزانی زامـی تیـغ و نەشتەریـشت رەحمەتـە
زوو وتـم با بـەس بـچـێـژم چاوەکەم تـالاوی مـەرگ
غیرەتـی پـیرانە بـۆ ئێـستا بەجێیـە و دەرفەتـە
تا لە دەستم چوو هەموو دەسمایە بۆ رێگـەی مەبەسـت
نـاکرێ چـاری بەلایـەك جێگـە دەسـتی قودرەتـە
سەد کەڕەت من داد و بێدادم لە بەختی شـووم ئـەکرد
تـا ئەجـەل دەوری نـەداوم کـاتی بـادەی وەحدەتـە
تازە کامی دڵ مەحالـە تـا سـەرای مەحـشەر لـە تـۆ
دەی ئـەتۆ بیـت و خـودا ئـەو رۆژە رۆژی هیممەتـە
وا منیش زەنگی خەتەر بۆ رێی سەفەر کەوتۆتە گـوێم
سا ( فەنایـی ) بەسـیە دێـرە زووبـە نامـەرد فرسـەتە

* * *

## ﴿ گەنجینەی عەشق ﴾

ئەی دڵەی فەرهادەکەم تێفکرە خۆت ناشیی مەکە
قەت بە چاوی سەر تەماشای رەنگ و روو باشیی مەکە
دیمەنی دنیا ئەگەر گوڵزارە یا روخساری رۆژ
دیمەنێکی بێ بەقایە و مەیلی خەففاشیی مەکە
دڵ بە ئەهلی دڵ ببەستە نەك بە رەنگ و بۆنی گوڵ
با نەچێ رەنجت بەبادا گەنجە عەشق فاشی مەکە
تۆ مەزاقت بۆ مەجازیی تام و چێژی پێ مەدە
روو لە قیبلەی دڵ کە نامەرد یادی عەیاشیی مەکە
سا ئەگەر لەیلایە یا شیرینە یا فەڕوخ لیقا
هەرکەسێ زەوقی بە یارێ خۆشە سەمپاشی مەکە
تۆ کە عەشق و عاشقیت ئاواتە بۆ تەفریحی دڵ
غیرەتت بێ لەو مەجازە لادە سەنگتاشیی مەکە
سوورەتی یارت لە دڵتا هەڵکەنە نەك نەقشی بەرد
تۆ لە تاقی بێستوون چیت داوە نەققاشیی مەکە
تا لە قاپیی مەیکەدە یارت غولامیت پێ بدا
تۆ لە قەصری پادشادا عەیبە فەڕاشیی مەکە
یارەکەی بێ وێنەکەت سەرداری دڵدارانە ئەو
وەك ( فەنایی ) خۆت فیداکە و باسی شاباشی مەکە

* * *

## « قوربانیی »

جەژنی قوربانە هەموو کەس عادەتی قوربانی یە
ئەی منی بێچارە چی بکەم کەڵکی قوربانم نیە
مەزبەحەی مینای دەروونم بۆیە خاڵیی کرد لە غەیر
تا نەڵێی جێ سەربڕینی قۆچی قوربانم نیە
گەر بەرانێ بوو بەدیلی زیبحی تاقانەی خەلیل
بۆ بەلاگێڕی سەری تۆ من خەمی گیانم نیە
من لە ناخی دڵمەوە خۆم دایە بەر تیغی بڕۆت
تا بزانی من لە قوربانیی هەراسانم نیە
دەستی تیغی تۆ کە شل بوو بۆ ڕژانی خوێنی سەر
دەی ئیتر چی بکەم لە بەختی خۆم کە تاوانم نیە
نیوە بیسمیل مامەوە لەو دەشتە هەروا خول ئەخۆم
هێز و تینی هاتوچۆ یا ڕەحمی شەیتانم نیە
بۆ ( فەنایی ) فەخرە قوربانیی ئەگەر حەز کەی لە خێر
گەرچی لاواز و زەبوونم نرخی جارانم نیە

## « پەیامی دڵ بۆ دڵبەر »

سەبا قوربانی ڕەوتت بم بە مەخفیی بیبە ئەم نامە
لەبۆ دڵسێنەکەی مەخفیم کە ناوی شوهرەیی عامە
لە ژێر پەردەی ئەدەب دەئبی غولامیی من بەجێ بێنە
کە ئەو سولطانی ئافاقە و خەیاڵی هەمدەمی عامە

چ هەمـدەم هەمـدەمی راز و نیـازی قـەلبی بیـمـاره
بە شێوه شێوەیـی یووسف بـە دەم لـەعلی شـەکەرفامە
چ یووسف یووسفی میسری دلانـی شـۆری مـەجنوونیی
لە مولـکی دلڕفێنییـی‌دا عـەزیزی رۆمـە هـەم شامە
بە قەد سەروی گولستان و بە روو شـەمعی شەبوستانە
هەوێـنی بەزمی مەستانە عەجـەب شـۆخێ دڵ ئارامـە
چ شۆخێ شۆخی شەهرئاشووب و چاوی فیتنـە غـەمازێ
چ غەمزه غەمزەیی جادوو کـە مایـەی دەردی سـەودامە
چ زیبا پەیکەرێ خـۆش طـەلعـەت و شـیرین پـەریزادێ
دڵەی فـەرهـادی بـردم بۆیـە وا شـێواو و شـەیدامـە
بە دانەی خاڵی رەنگینی بە زولفی چـین لەسـەر چـینی
لـە دەشتی بێخـودیی‌دا هـەر ئەبـینم دانـەوو دامـە
بە عیشوه و نازی پەنهانی بە خولـق و خیلقـەتی جـوانی
لە رێی عـاشق کوژیـی دایـم شـکاری گـۆڕ و بەهرامـە
نەسیمی صوبحی کـۆی دڵبـەر بـڕۆ تـۆ مـەحرەمی رازی
بڵێ بەو سەروی نـازەی بـاخی حوسـن و ناسـك ئەندامـە
لەبەر مەیلێکی ئەو تەرکی هـەموو مـەیل و وڵاتم کـرد
کەچی نەمدیت و هەر وێـڵی وڵات و کێـو و سـەحرامە
بڵێ بەو خاوەنی گـەنجـی وەفـا و میهـری سولەیمانیی
شەوی جەژنی بەراتە و بۆ هەموو کەس بەخششی عامـە
دەبـا ئەمـجاره نۆبەی بێ ( فەنایـی )ش وەك رەفیقـانی
لە بادەی عەهد و پەیمانت هەتا کـەی خـام و بێ جامـە

## ﴿ بۆ مەیلیی ئازیز ﴾

ئەڵێن دڵبەر سەری یاریی نەماوە
خەیاڵ و مەیلی دڵداریی نەماوە
دڵی بێچارە لەوساوە شەو و ڕۆژ
بە جوز زاریی ئیتر کاری نەماوە
خودا چی بکەم پەنا بۆ کێ بەرم من
کە یارم مەیلەکەی یاری نەماوە
نیشاطی دڵ بە غەمزەی چاوی ئەو بوو
نیگاهی چاوی بیماری نەماوە
مەشامم وشکە بێ بۆنێ لە زولفی
نەسیمی میسکی تاتاری نەماوە
طەبیبی چاوی مەخمووری لەگەڵ من
حەواس و تابی تیماری نەماوە
بە حوسنی یووسفی صەیدی دڵی کرد
کەچی ئەو میهر و ڕەفتاری نەماوە
بە دانەی خاڵ و تاڵی داوی گێسووی
ئەسیرە موورغی دڵ چاری نەماوە
لە سەد لاوە گرفتارە ( فەنایی )
مەجالی بیری ڕزگاریی نەماوە

* * *

## ﴿ ڕێبازی محەببەت ﴾

ئاگری عەشقە لە دڵ ساریی لە هەر ئەندامە
بەمە زانیومە کە ڕێبازی محەببەت کامە
زەڕڕە ئاسا بە هەوای شەمسی روخت حەیرانم
دین و دڵ دووختەیی تیری موژەی شەهلامە
دڵی بێ باڵ و پەڕم گیانە بە بۆنەی خاڵت
هات و نەیزانی ئەوە دانە بەڵا بۆ دامە
زار و بیماری غەمت دوورە لە دەرمانی ویصال
بە عەیادەت وەرە بۆ جارێ دەوای ئەم زامە
ماوەیێکە بە هەوای سیحری بڕۆت دڵگیرم
تیرەبارانی موژەی تۆیە لە هەر شەش لامە
نەقدی ڕۆح هیچە لەلام بۆ بەدەلی ماچی دەمت
نەگبەتیی بەختی منە وەعد و وەفات هەر وامە
بە شەرارە و لەهەبی هیجرە جگەر بوریانم
سینە پڕ سۆزش و سەر پڕ لە سەدا و غەوغامە
گا بە دەس ئاگری دڵ پووش و پەڵاشێکە لەشم
گا بە دەم بادی بەڵا عەینی ئەڵێی هەودامە
بەختەکەت یاری نەکرد بەسیە ( فەنایی ) هەردەم
بۆ دەمێ بۆسی دەمی هەر بە تەمای فەردامە

❊ ❊ ❊

# ﴿ یادێکی دۆستانە ﴾

ئەم هۆنراوەیەم بە هۆی چەند شتێکی تایبەتی‌یەوە ، بۆ مەلا سەید ئەحمەدی ژن برام نووسی .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٩

دۆسەکەم دڵسۆزەکەم ئەمشەو خەیاڵت هەمدەمە
هەر ئەوەم نوقسانە ئێستە دیمەنی تۆم لا کەمە
خوا ئەزانێ ڕۆژ و شەو کەم وایە مەنسیی بی لە دڵ
چی لە وەزعی نارەسا کەم من کە دوورم لەو جەمە
من بە گیان و دڵ خەیاڵم بوو سەرم دانێم لە ڕێت
چونکە بۆ شەرتی وەفا تاڵاوی مەرگیش بێ کەمە
سیلسیلە و ڕشتەی محەببەت بۆ تەنافی گەردنم
لەو دەمەی هۆشم کراوە تا گەیشتم بەم دەمە
هەر سروشتیی بوو ئەمەش بۆ حاڵی نەگبەتباری من
کێ ئەزانێ حاڵی سینەی ئەو کەسەی غەرقی غەمە
ئاگری بەزمی محەببەت گەرچی دڵ ڕووناک ئەکا
داخەکەم ئەم جیسمە بێ‌تینەم لەگەڵیا وەك شەمە
بۆی جگەرخانەی دەروونە بۆتە مەجمەر سینەکەم
بۆیە سەربانی سەرم هەور و مژ و دوود و تەمە
من بە دەنگی دڵتەزێنی دڵشکێنان عاجزم
نەك بە دەنگی بۆم و تۆپی بێ‌وچانی ئەم دەمە
ئاسن و بارووتە لێرە بێ‌هەدەف ئەڕژێتە خوار
چی ئەکا بیکا دڵم لەم بارەوە خاترجەمە

دەنگی جەنگی بێ بەهانەش بێ بەهایە بێگومان
تیر و تۆپی شەرمەساریتم لەلا کێوی خەمە
دەنگی ئینزار و فڕۆکە بەس لە گوێ تەئسیر ئەکا
دەنگی بۆڵەی نارەوا دەردێکە بۆ دڵ پەرکەمە
خۆت ئەزانی هەوڵی زۆرم دا نەڕەنجێ خاترت
ڕەنگە هەر باری قەزا بێ بۆیە ناچێ ئەم تەمە
تۆ ئەگەر مەیلت نەگۆڕابێ ئەمن هەر خۆشە لام
با لە غوربەتدا ( فەنایی ) هەر بناڵێ بەم خەمە

## ﴿ خانەی ماتەم ﴾

لە خانەی حوزن و ماتەمدا کە دیدەم مەنبەعی خوێنە
بە کۆچی یارە شینی من کە لەیلم بێ سەر و شوێنە
بە یادی دید و دیدەی دیدەکەم حەیرانە تیفلی دڵ
وەرە تۆ بی و خودا جارێ بە دیدەی نازی بدوێنە
فەقیری دەرکی مەیخانە ئەوا فەوتا بە ناکامیی
بە حەق شایانی لوتفە دیدەکەم نەك نەفرەت و جوێنە
بەڵێ میهر و وەفا هەر بۆ غەریبی بێنەوا چاکە
کە کەس مەیلی بەلا ناکا بە بێ مەیلی مەفەوتێنە
بەدەس دەستەی حەسوودانی ( فەنایی ) دەست و پێ بەندە
دەخیلەك پیری غەمخۆرم وەرە زووبە و دەری بێنە

* * *

## ﴿ کۆڕی رەندان ﴾

کــــزەی زامـــــی دەروون و دڵ دەمێکـــــە
وەکـــو ناســـۆری کـــۆن و وەرهەمێکـــە
قیاسی حاڵەتی جـەور و جـەفای عەشـق
لـــە زاهـــیر نـــاکرێ زیـــل و بەمێـــکە
بە سەر یاریـی ئەکا عاشق بە دڵ شـەوق
کە ئـەو لاقەیـدی هـەر زام و غەمێـــکە
ئەگـەر مەنـصووری سـەردار و شـەهیدە
لە موڵـکی نیـستییدا ئـەو جەمێـــکە
بـــە یـــادی حـــەزرەتی دڵـــداری بـــاقی
لـــە بـــەزمی عـــارفییدا مەحرەمێـــکە
کەی و جـەم بـۆ غـــولامی و پاسـەوانی
لـــە بـــەردەم ئاسـتانەی ئـەو کەمێــکە
نەهـــەنگی بـــەحری عیرفـــانیی ئـــەزانێ
لـــە ئـــاوا حەوسـەڵەی مێـروو نـمێـــکە
لـــە مـــەعنادا مـــەجالت تەنگـــە واعیـــز
کـــەماڵاتت وتـــەی نامـــە و دەمێـــکە
هەدەف لەم بوونە دەرکی سـۆزی عەشـقە
نە تەنیا عەیشی کـاتی و سەردەمێـــکە
بە قیبلـەی دڵ ببەسـتە دڵ ئەگـەر تـۆ
ئـــەزانی دڵ چ بـــەحرێك و یەمێـــکە

لــه ســاحەی مەعریفەتــدا بــۆ تەجــەللا
نــە تــەنیا طــووره بەڵــکو عالەمێــکە
بە غەیری ئەو ئەگەر لەیلە ئەگــەر شــەم
وەیــا حــۆریی وەش و غونــچەدەمــێکە
وەفــا بــێ یــا جــەفا بــێ عــادەتی ئــەو
نەتیجــەی هــەر فەنایــە و ماتەمێــکە
وەرە نێــو کــۆڕی رەنــدانی حەقیقــەت
جــەفا لێــرە وەفایــە و مەرهەمێــکە
فــەنا لــەو بەزمــەدا عــەینی بەقایــە
مەڵێ مەمنووعە مەعقوولــی جەمێکــە
کەســێ لــەو ســاحەدا رێــگەی درابــێ
نگینــدار و سولەیــمان خاتەمێــکە
ســەبا قوربانــە وادەی عەرزوحاڵــە
پەشــێوە حــاڵ و بــیمارم دەمێــکە
لــە خــوانی حاتــەما شــت بــێ بەهایــە
بەهانــە کــافی یــە هەرچــەند کەمێــکە
لە موڵك و مەزرەعەی دڵدا ( فەنایــی )
تــەماداری نەســیم و بەرهەمێــکە

* * *

## « ئەنیسی دڵ »

رەفیقــان هیجــری دڵــداران دەمێــــکە
بەڵێ دووریــی لــە یــاران بەدغەمێــکە
چ یــارێ ! ســـەروی جۆبــاری بـــەهاری
ئەنیــسە قـــووتی رۆحـــە هەمدەمێـــکە
جەماڵی ماهی میسریــی بۆ میــسر بـوو
مەهی مــن شـاه و مــاهی عالەمێـــکە
مەلەك سیرەت پەریی صوورەت کەسێکە
خـــوداداده ســـولەیمان خاتەمێــــکە
لـــە بـــازاڕی وەفـــا و میهــر و ســـەخادا
لە بــەر دەرکـی ســەدی وەك حاتەمێــکە
کــەمان ئەبرۆیــە میــشکین بــۆ نیگــارێ
بەســـێ زیـــبا قـــەد و غونــچەدەمێـکە
ئەگەر بێــژم بــە عیــشوە حۆری خولــدە
رەوایـــە لایقـــە بەڵـــکو کەمێـــکە
بڵێن با گـوڵ بــە حوسـنی خۆی نـەنازێ
کە رەنگـی زەرد و ســووری سەردەمێـکە
بــەڵێ پەروانەســۆزە شــەمعی مــەجلیس
بــەڵام دایــم ســەری هــەور و تەمێـــکە
دەبــا شـــەمس و قەمــەر لافـی مـونیریی
نەدەن بۆ یــاری مــن هەریــەك شـەمێکە

لەگەڵ پەیکی ئەجەل گەر بێتە بالین
ئەنازم بەو دەمە خۆشتر دەمێکە
نیگاهێکی حەیاتی نووح ئەبەخشێ
ئەزانێ ئەو کەسەی خۆی مەحرەمێکە
بڵێن با بێ نەسیمی رۆح بەخشی
کە هەر تاوێکی بۆ دەفعی غەمێکە
قەسەم بەو عاریزی گوڵناری یارم
شیفای بیمارە چاتر مەرهەمێکە
کەسێ سەرخۆشی بادەی ئەو نەبووبێ
خەیاڵی خاوە رەنجی وەرهەمێکە
ئەوەی زاهیر پەرستە نامورادە
کە هۆشی وا لەلای سینە و مەمێکە
غولامی خەرقە پۆشانی طەریقم
کە هەریەك ئاشنای بەزمی جەمێکە
هەموو مەستی حوزوور و بادەنۆشین
گەدا بێ شایە بێ دەرد و هەمێکە
( فەنایی ) هێند پەرێشانە لە دووریی
هەمیشە چاوەڕوانی مەقدەمێکە

* * *

## ﴿ نەسیمی عالەمی ئەزەل ﴾

چ خۆشــە دڵ بـدەی بــە دڵ بــە بـۆی نەســیمی یــارەوە
دەهەن گـوشا بێ غونچە گـوڵ بــە دەم شــنەی بــەهارەوە
نەسیمی عالەمی ئـەزەل کە بێ لــە زاتـــی ( لَمْ یَـزَلْ )
بکا دلـّت بـە دڵ بـــەدەل بـــە چـاتـریـــن عــەیـــارەوە
بە سۆزی ئـاگـری ئـەوین بـە جەزبـــی نـــازی نـــازەنین
بە شەوقی سەیری ڕێی یەقین بە نـەهجی یـاری غـارەوە
چ فرسـەتـێـکـە ئەم هەلە بە بـــێ وچـان و بـــێ پەلـە
بە یـادی یـار و هەلهەلـە بـڕۆی بـــە دەم خـومـــارەوە
دڵێ کە دیلـی ئـەو نـەبێ ئەنیـسی ڕۆژ و شـــەو نـەبێ
چ بوونـە ! بـوونی هـەر نـەبێ ســەری بـچێ بـە دارەوە
شــەوقی جـەماڵی زاتـی ئـەو وەلابـەرێ لـە دیـدە خـەو
فەرقی نەبێ بە ڕۆژ و شەو لـە شـاخ و دەشـت و شـارەوە
بـەڵێ خەیاڵی لەیل ئەگەر بگـا بـە بەرهـەم و سـەمەر
کـەفافی حاڵـە یـەك نـەزەر لـە لـوتـفـی کردگـارەوە
بە بێ مەدەد مەحاڵە کەی گەدا ئـەگا بـە تـاجی کـەی
فکـر و خـەیـاڵـی وا نەکـەی بگەیتـە ڕەئـسی کـارەوە
دەخیلە پـیری مەیکـەدە تـا کـەی جـەفا لـە بوتکـەدە
دەســتی ( فەنایـــی ) بەرمــەدە وا مـرد بـە ئینتیـزارەوە

❊ ❊ ❊

# ﴿ قەڵای سەبر ﴾

هەواڵم گەر ئەپرسی ! ناتەواوە
وەکو زولفی پەرێشانت بڵاوە
قەڵای سەبرم بە تیری چاوی جادووت
وەکو قەلبی پەرێشانم شکاوە
دڵی بیمار ئەگەر تیمار ئەکەی تۆ
دەسا بۆ کەی ! بە سەد لادا کولاوە
چرای شەوقم بە لوتفی تۆ ئەگرسا
بە بێ عوزر و بەهانە بۆ کوژاوە
کە تۆی سالاری بەزمی مەیفرۆشان
لە نۆبەی من پیاڵە بۆ رژاوە
ئەگەر مەیخانە یا مەسجید نەمێنێ
ئیتر بتخانە وێران و گڵاوە
سەری بێ زەوق و ژینی بێ مەزەی دڵ
نەمێنێ چاترە لەم بەیت و باوە
لە بەختی من بو وا مەیخانە چۆڵە
وەیا دەرگا لە عالەم داخراوە
ئەگەر وابێ ( فەنایی ) مەرگی چاکە
بڵێن وا چوو بە ناکامیی نەماوە

* * *

## ﴿ شەمع و پەروانە ﴾

دڵـــم سەوداســـەر و ئەفـــسانەیـێکە
لـە شـوێن لـەیلا عەجـەب دێوانەیــێکە
حیکایـاتی مــن و شــەمع و گــوڵی رووی
حەدیـــسی بولبـــول و پەروانەیـێـــکە
میـسالـی ئـەلفی بـالاّی و دڵـی مـن
صـــەدەفواریێ لەگـــەڵ دوڕدانەیـێـــکە
لـە گۆشـەی خـاترا نەقـشی روخـی یـار
هەمیـــشە یـــەك بـــت و بتـخانەیـێـــکە
پـــیاڵەی نەرگـــسی شـــۆخ و خومـــاری
ئەوەنـــدە مەســـتە وەك مەیـخانەیـێـــکە
دڵـــی غـــەم پـــەروەرم تاریکـــە بـــێ تـــۆ
ئەگـــەر تـــۆ بـــێی شـــەم و کاشانەیـێـــکە
ئەگەر طـالیع مـــەدەد کـا خـۆش هەلێکـە
نزوولـــی رۆحـــی قـــودس و لانەیـێـــکە
بە هۆی کـاکۆڵ و خـاڵی ، تەیـری رۆحـم
عەجـــەب پابەنـــدی دام و دانەیـێـــکە
کە ئەمشەو زولفی یـار و پەنجەکـەی مـن
وەکـــو هەورێـــشمێك و شانەیـێـــکە
ئەگەر خامەی ئەزەل موشـکیل گوشـا بـێ
چ بـــاکم ئاشـــنا و بـــێـگانەیـێـــکە

( علی الرَّغم )ی رەقیبان تووتی‌یی تەبع
شەکەرخایی لەبی جانانەیێکە
لە هەمدەردیی لەگەڵ زاهید نەفیرم
کە بەستەی سەبحەیی سەد دانەیێکە
غولامی هیممەتی ئەهلی طەریقم
کە هەریەك وا لەبەر مەیخانەیێکە
قەدەح با بێتە دەوری نەوبەتی من
کە چاوم چاوەڕێی پەیمانەیێکە
زەهێ دەوڵەت گەلێ میننەت ( فەنایی )
کە گیانت گیانفیدای شاهانەیێکە

## ﴿ چەرخی گەردوون ﴾

سەرم سوڕماوە ئەمڕۆ لەو ژیانە
چ ژینێ ! ژینی مەرگە پڕ لە ژانە
ئەوەی عومری وەها ڕۆیی بە فیڕۆ
مەڵێن عومرە بڵێن گێژی خەمانە
وەرن با دەس بە ئەژنۆ دابنیشین
سەرێ داخەین بزانین ئەم زەمانە
چ دەورێکە وەکو بەرداشی ژووروو
ئەهاڕێنێ و ئەسووڕێ بێ وچانە
پلوورەی دانی میهری ئەو نەبوو قەت
مزە و ئاوانی لەم دەور و گەڕانە

به غەیری تۆز و خۆڵ و باری مەینەت
لە بەختی نەگبەتی ئەم ئاشەوانە
بەڵام حەیفە کە سەر نادا لە بن بەرد
نەجاتی بێ لە دەستی ئەم ژیانە
لە جێگەی سەر هەتا دێ دڵ ئەهارێ
هەتا ئەیکا بە تۆزی نێو هەمانە
سەری بێ دڵ ئەبێ چی بێ! بڵێن پێم
هەیوولا و هەیکەلێکە بێ گیانە
دە ژینێ بێ گیان و ڕۆحی ژین بێ
چ فەرقێکی بەهارە یا خەزانە
ئەوەندەم ئارەزوو مابوو لە دنیا
بزانم حاسڵی دەوری زەمانە
کەچی ئوستادی بەزمی بادەنۆشیی
وتی بێدەنگ بە سوودیشی زیانە
ئیتر بۆچی (فەنایی) هەوڵ ئەدەی تۆ
دڵت بەستە بەوەی قیبلەی دڵانە

❊ ❊ ❊

# ﴿ هێزی خەیاڵ ﴾

خەیاڵی بادەکەی تۆ بوو منی کێشایە مەیخانە
بەڵام ئێستا نە مەی دیارە نە ساقی و دەوری پەیمانە
لە جێگەی زەوقی مەینۆشان لەجیاتی بەزمی سەرخۆشان
ئەبینم موطریب و ساقیی وەکو من دڵ پەرێشانە
لە شین و شیوەنی یاران سەرم سوڕماوە ئەی یاران
لە کوێیە شای وەفاداران ؟ کە دنیا بۆتە بتخانە
لە قاپیی مەیکەدە ئەوسا مەقاماتی محەببەت بوو
کەچی ئێستە لە هەر لاوە مەقامی زوعفی ئیمانە
عەدوو نەفسی خەسیسە و دەوری ئاواتی ئەبینێ ئەو
ئەوەی مەیلی دڵی ئەو بێ لە شاری ئێمە هەرزانە
بە دەگمەن دێتە بەرچاوی بەصیرەت صوورەتی ئادەم
لە هەرکەس تێ بفکری تێئەگەی مەغلووبی شەیتانە
ئیتر لەم حاڵەدا حاڵی دڵی شەیدا ئەبێ چی بێ
مەگەر هەر خوا بزانێ چۆنە یاخۆ چەندە وێرانە
لە زوڵماتی خەتادا غەرقە نەفسی شووم و سەرکێشم
کەچی خۆی وا ئەزانێ ئەو رەفیقی بادەنۆشانە
ئومێدم بەس غولامیی مەیکەدەی پیری وەفادارە
( فەنایی ) بگرە داوێنی کە دەستی دەستی لوقمانە

* * *

## « تۆشەی جەفا »

دڵ ئـومێـدێـکـی بـە دیـدارت نـەمـابـوو بـــەم زووە
چونکە ئەمدیی هـەوری زولفـت ڕۆژی ڕووتـی گـــرتووە
بـۆ تـەسـەللای حاڵی بـیـمـارانـی دەردی عـاشـقـیـی
چی ئـەبێ جـارێ بڵـێی پـــەردەم لـــە ڕوو لابــردووە
تیری تانـەی فیتنەجـۆ تـا کـەی لـە دڵـدا جێ‌گـرێ
خـۆت ئـەزانی حـاڵی بـەدحاڵیم کـە چـی لـێم کـردووە
داخی بـەدگۆ گـەر نـەبێ ، جـەوری نیگـاران ڕەحمەتـە
چونکە بێ‌تۆشەی جـەفا وەسـڵی حـەبیبان کـەی بـووە !
مەینەتی ئەم دەیرە کۆنەی بۆیە هەڵـگرت بـول‌بەشـەر
چـونکە ئـەیزانی لـەوێ نابـێ ئـەوەی لێـرە بـووە
حیکمەتی نەسل و تەناسول کەی ژیانە و عـەیش و نـۆش
ئـاژەڵیش لەم بابـە وەك ئێمـە بـەشـی خـۆی بـردووە
هەرکەسێ عـەقڵی هـەبێ لاڕێ نـەبێ لـەم ڕێـگـەدا
خۆی ئەزانێ هۆی جەماڵی عەشـقە بـوونـی ئـەم بـووە
بێ‌خەیاڵی عەشق ئەگەر سەد عومری نووحی بێ کەسێك
هەیکەلێکی بێ‌گیانە هـەر بـە دیـمـەن زیـنـدووە
بۆیە لای ئەهلی صەفا هەرکـەس ئـەوینێکی لـە ژیـن
طەی نەکرد ، بێ‌ڕۆحە بێ‌شـك هـەر لـە ڕیـزی مـردووە
بـا هـەتا مـردن بناڵێنێ نـەزانـی دوور لـە عـەشـق
چـون لـە دەوری بادەنۆشـیی قەترەیـێ نەیـچەشـتووە

خۆ ( فەنایی ) گەرچی دووریش بێ لە قیبلەی عاشقان
خووی بە گۆشەی مەیکەدە و لای بادەنۆشان گرتووە

## ﴿ زەنگی خەتەر ﴾

لە مەیخانەی غەمی عەشقت ئەوەندە تیفلی دڵ تێرە
سەدای زەنگی خەتەر دێ غەم مەجالی پێ نەما لێرە
بە هێما دڵ وتی سەیرە ! کە من تیفلێکی شیرخۆرم
مەگەر من پیری مەیخانەم غەمی عالەم بە من فێرە
بەڵێ غەم خۆشە غەم قووتە بە میزانی طەبیعەت بێ
کە دڵ نوقطەی مەدارە بۆیە جێگەی تیر و شمشێرە
ئەترسم وا تەصەوور کەن لە ناڵەم شێت و ناحاڵیی
کە من زویرم لە تۆ سەر وا لە رێبازت وەرە دێرە
رەقیبە ئێشی ناسۆرم لەبەر کینەی دڵی پیسی
کە ئەو مەحرومە قەیناکا شوکر چاوی دڵی کوێرە
ئەگەرنا من غەمی یارم هەوێنی شەوق و شادیمە
ئەوەند جەور و جەفای خۆشە ئەگەر بیشمکوژێ خێرە
فیداتم ژێ مەکە زولفت لەگەڵ تیری موژەت بۆ من
کە ئاخر ئاهویی وەحشیی نەچیری پەنجەیی شێرە
لە شەوگاری فیراقت گەر بناڵێنێ دڵم تاوێ
مەکە مەنعی کە ساوایە و بە شەهدی لێوی تۆ فێرە
بە رەغمی موددەعیی تا فرسەتی وەختت لەدەستایە
( فەنایی ) بەر نیگاهێ خە و بە ماڵی گۆڕی بسپێرە

## ﴿ قوطبی زەمان ﴾

دڵ تالیبی شۆخێکە کە ئەو شاھ و ماھی عالەمە
بۆ خاکی راگوزەری دڵ بە غەم و ئاھ و ناڵەمە
شۆخێکە کە سەرحەلقەیی گولزاری مەعنی‌یە
بەو خولق و حوسنی خودادادەوە مەولایە لەم دەمە
شاھێکە خاکی دەری کەعبەیی حاجاتە وەك مەلەك
موشکیل گوشایە بۆ دڵ و دەرمانی ھەر غەمە
شێری ژیانی بێشەیی تەوحیدە مونفەرید
ھەر بۆیە دڵی خەلق لە ژێر حەلقەیا جەمە
چابوك سەواری ساحەوو مەیدانی وەحدەتە
سەرشاری گوڵڕوخانە بەڵام نەسلی ئادەمە
ھاتۆتە لالەزار مەگەر زولف و ئەلفی قامەتی
شێواوە رەنگی گوڵ و غونچە غەرقی ماتەمە
شمشاد و عوود و سەروی ناز و نارەوەن
نرخیان لە باغی خریداری حوسنیا کەمە
ئاخۆ وەنەوشە لە رووی لافی حوسنی لێ ئەدا
جێگەی لە کێو و دەشتە ملی بۆیە وا خەمە
مەعشووقە شکا رەونەقی بازاڕی زینەتی
بێ فەرقە گوڵە لەیلە زولەیخایە یا شەمە
حیبر و قەڵەم بێ موژە و ئاوی سووری چاوەکەم
بۆ وەسفی ئەڵێم ھەر لە ئەوەڵ سەتری نامەمە

یەعنی جەماڵ و زولف و قەدی جوان و دڵـــکەشی
خـــاریج لـــە بـــەیانات و لـــە تـــەحریری خامەمـــە
عـــومرێکی ئـــەوێ شـــەرحی روخ و خـــاڵی روومـــەتی
چـارم چـی یـە قوربانـە بـە ئـەم عـومرە وا کەمـە
هەرچـــەندە وەکـــو یـــووسفە ئـــەو نارەوایـــە گـــەر
هـــەر هـــەرزە بڵـــێ عاشـــقی ئـــەو نەونەمامەمـــە
نەقـــدم کـــەلافی رۆحـــە بـــەڵێ مایـــە بـــۆ کـــڕین
هەروەك عەجووزی میـسر خریـداری ئـەو نیگارەمـە
هاتوومەتە نێو زومرەیی عوششاقی ئـەو بـە سـەف
بـــەس بۆیـــە بڵـــێم تـــالیبی ئـــەو ماهپارەمـــە
شایـــستەیە شـــاهانی جیهـــان ببنـــە جـــاڕوکێش
بـــۆ خـــاکی دەری قەیـــسەرە کیـــسرایە یـــا جەمـــە
گەر بـێـتـە جۆش بەحری عەطا و جوود و بەخشـشی
میـــسکینی ســـەری ســـفرەوو دەربـــانی حاتەمـــە
یەعنی سیراجی میللەت و دین شاهی خۆش لەقـەب
قوربـــانی ســـەری مـــوویی ســـەری هەرچـــی وا هەمـــە
قـــوطبی زەمانـــە کـــەهفی ئـــەمان بـــابی خانـــەقای
تـــا زوو بـــڕۆی دێـــرە لـــەوێ پـــاکی هەمدەمـــە
قوربـــانی دەمـــێ صـــوحبەتی ئـــەو شـــاهزادە بـــێ
رۆحـــی مـــن و ئەحبابـــم ئەگـــەر زۆرە یـــا کەمـــە
بـێدەنگ بە ( فەنایـی ) چ خەیاڵـێـکە ! مەگەر من
کـەی لایقـی تەوصـیف و سـەنای ئـەو نیگارەمـە

# ﴿ شەوچراخان ﴾

لـە کاتێـــکدا کــە حــەزرەتی پــیر ( قُـدِّسَ سِـرُّە ) خــەریکی ئاوەدانکردنەوەی دێی ( مەحمود ئاوا )[1] بــوو ، هــەروەها کارەبــا و ئاشە مەکینە و بۆری ئاو راکێـشانی بۆ هێـــنابوو ، وە بەشــی زۆری کردبوو بە باخ و باخات ". کە منیش لەو کاتەدا ماڵم لــەوێ بــوو ، بەو بۆنەیەوە ئەم هۆنراوەیەم نووسی .

مەحمود ئاوا - ساڵی ١٩٦٠

خەبەرکەن ئەهلی دڵ با بێن لــە ( دووڕوو ) شەوچــراخانە
نــموونــەی عالەمی مەعنیی بە هــەر مــەعنا نـــمایانە
لەلایــێ مەنبــەعی ئـــاوی پـلـــووری رەحمەتـــە یـــاران
لەلایــێ شەعشەعەی بــەرق و لەلایــێ بــاغی ریـضوانە
لەلایــێ کــارەبــای جەزبی مــحەببەت پورِتــەو ئەفـشانە
دەکــێـشی هــەر دڵــێ ئـامــادە بــۆ ئــەنـــواری ئیمانــە
لەلایــێ ئاسیا بەڕقی دەقیقــی حــەببی حــوب ئــەگـــڕێ
لەبــۆ تەنـقیــح و تەهزیـبــی رەزایــل گــەرمی دەورانـــە
بە قــووەی پــیری ئــاســاوان و حوسنی نیــیەتی ئاشێــڕ
تەمیزی پاك و پــیس ئەکرێ نەمانی ژەنـــگی عیــصیانە
لەلایــێ سەدد و سەدبــەنـدیی لە لافاوی خــەتا ئــەکرێ
لەلایــێ نەهر و جــۆگــەی رەحمەتە خــەرمانی ئیحـسانە

---

[1] مەحمود ئاوا : گوندێکی سەر بە شاری مەریوانە .( ئامادەکار )

لەلایێ صەحن و ساحەی گوڵشەن و ئەزهاری بێگەردە
لەلایێ مەرکەزی قەصر و قصووری حۆر و غیلمانە
لەلایێ سۆسەن و مینایە یاس و ئەتڵەس و شەوبۆ
لەلایێ قامەتی دڵدارە وەك سەروی خەرامانە
سەراسەر دەشت و سارای سەوز و تازە و خونچە لەبخەندە
لەبالەب مەستی شیری دایەیی هەوری بەهارانە
عەجەب خاکێکی دڵگیر و هەوایێکی صەفابەخشە
ئەڵێی سۆزەی بەیانان و نەسیمی زولفی یارانە
( فەنایی ) سەروی نازی گوڵ ئەبینێ وا لە گوڵشەندا
لەبۆیە تەبعی وەك تووتیی غەزەلخوێنی شەکەرسانە

## ﴿ وێنەی غەمباریم ﴾

ئەم شیعرەم بۆ سەر یەکێك لە وێنەکانی خۆم نووسیوە

تەماشای وێنەکەم کەن هەروەکو خۆم مات و غەمگینە
غەمی دووریی لە دیداری سیراجی میللەت و دینە
بەڵام پێنووسەکەم پاراوە بۆ نووسینی رازی دڵ
لە سایەی حوسنی ئەو دڵدارە شیعرم جوان و رەنگینە
کە خامەم هاتە سەر باس و بەیانی یادی ئەو شۆخە
( فەنایی )ش هەروەکو خامەی خەریکی شیوەن و شینە

* * *

## « شیوەنێك بۆ دین و وڵات »

ئەم هۆنراوەیەم لە وەڵامی نامەیەکی دۆستی خۆشەویستم : مەلا محمد أمین ( میرزای هەورامی )دا نووسی کە ئێستا دانیشتووی دێی ( سارۆقامیش )ی سەر بە شاری ( سنە )ی ئێرانە .

سلێمانی - ساڵی ١٩٩٥

لەم کاتە کە دڵ شیوەنی بۆ دین و وڵاتە
ئاواتی هەموو دادگەری و عەدڵ و نەجاتە
نامەت بە مەسەل نامەیی لەیلایە بە مەجنوون
لەو حاڵە کە ئەو وێڵی دەر و دەشت و فولاتە
یادی شەو و رۆژم خەفەتی خوفتە دڵانە
بێدادی یە بێداریی لە گشت لامەوە قاتە
دەوری فەلەك ئەخولێتەوە بۆ داخی دڵی من
سوڕماوە سەرم بۆچی یە ئەم گشت حەرەکاتە !
لافاوی عەطای خالیقە تالاوی جەفای خەڵك
لەم کەونە عەظیمە چی یە ئەم بەزم و بیساتە
شەمس و قەمەر و ئەنجومەن و نەجم و کەواکیب
سەرگەرمی جموجۆڵە بە بێ وەقفە خەباتە
بۆ ژینی بەشەر بێ شەڕ و گەڕ نەفسی خەتاجۆ
هەر وایە هەوا و مەیلی لە وێرانی وڵاتە
ئیقلیمی وەتەن لاتە بە دەس لاتی وڵاتان
ئاشووب و هەوەس بازی یە دەورانی طوغاتە

ئەم طەبعە دەنی و فاسیدە شێوازی ئەوە و بەس
هەر بۆیە بە بێ هۆیە دژی سولْح و سەباتە
ئەم ڕۆژە کە هەر ڕۆژە بە ساڵێکە بە دەس دژ
ئاوارە لە سەد شارە ئەوەی پشت و پەناتە
ڕەنگینە دڵ و سینە لە خومخانە بە خوێناو
سووری کەفەن و شینی شەڕ و شۆرە خەڵاتە
ناڵەی دڵە بێ سوودە لەبەر جەوری ڕەقیبان
دووریمە لە دووریتە بەڵام طالبی لاتە
وەك لاتی دەری مەیکەدە شێواوە هەواڵم
ئۆخەی کە لەلای ئەهلی بەصەر ئاوی حەیاتە
دڵدارە لە گولْزاری وەتەن دوورە بە بێ هیچ
تا کەی هەلە بۆ زاغ و زەغەن میری وڵاتە !
هەڵبەت لە قەزای عالەمی ئەسرارە کە ئەشرار
ئەنگوشتەری ئەبراری لەدەسدایە بەراتە
دەك تیری قەزا چێ بە گژ ئەرِبابی شەقادا
وا جەژنی لیقای ئەهلی صەفا لەم دەمە قاتە
یارەب کەرەمێ بەس بێ جەفا دەوری وەفا بێ
هاوارە وەبەر حەزرەتی ئەسمایە صیفاتە
با بێتەوە سەر تەختی سولەیمانی سەباکەم
ڕۆژێکە هەر ئەمڕۆیە سبەی کاتی مەماتە
ئەم فەسڵە بە بێ وەسڵە هەتا فرسەتە لاچێ
هەر بۆیە هەتا ماوە ( فەنایی ) بەتەماتە

## « بێخاڵی دڵ »

لە کاتێکدا لەگەڵ چەند برادەرێك لە جادەی بێخاڵەوە چووین بۆ ڕەواندز ، کە ئەم جادەیە بەناوی گوندی بێخاڵ بەناوبانگە لە نزیك ڕەواندز ، بەڵام لە خوار گوندەکەوە ئاوێکی یەکجار زۆر لە قەدی شاخێکەوە دێتە دەرەوە و بە قەدی شاخەکەدا بڵاو ئەبێتەوە و ئەڕژێتە پشتی جادەکە و لە چەند لایەکەوە پێشی گیراوە و کەپر و چێشتخانە و چاخانەیان لێ دروست کردووە کە لە ڕاستیدا وەسفی بە نووسین تەواو نابێ ، منیش خەیاڵی ئازیز هەڵی گرتم و ئەم غەزەلەم بە خەیاڵا هات و نووسیم .

بێخاڵ - ١٢ / ٨ / ١٩٩١

بێخاڵی دڵم پڕ لە کەف و تافی دەروونە
هۆی دووریی کەسێکە کە هەر ئەو ڕەمزی جنوونە
یەعنی بە مەسەل فەردە نموونەی نیە ئەمڕۆ
ئەو شۆخە کە مەنظوور و نەزەرگاهی قرِوونە
لەو کاتە کە دیم دوورە لە بێخاڵی دڵی زار
ئەو دڵبەرە ئەو غەمدەرە بەم خەستە زەبوونە
ناڵەم لە دەروون هات و کزەی سۆزی هەناسەم
دایگرتم و نەمزانی نە بوونە نە نەبوونە !
ئەم مەنزەرە ئەم شاخ و کەژەی دوور لە ڕەقیبان
بڕوانە چ بێ وێنەیە چەند سافە چ ڕوونە
وەك چاوەیی چاوم لە فیراقا بە شەو و ڕۆژ
پەخشانە لە سەد لاوە ئەڵێی پەخشی فنوونە

هەر بۆیە ( فەنایــی ) لـە مـەراقا نیـە بـاکی
وا غــەرقی غـەم و حالـەتی شـێواوی دەروونــە

## ﴿ عەشقی جەماڵی دڵبەر ﴾

عەشقی جەماڵی دڵبەر گەنــجی دەروونــی نـاوە
جـامی جیهـان نمایــە و ئـەمڕۆ جنــوونی نــاوە
بۆ مەستی جامی ساقیی سا فەسڵە یا تـەلاقیی
بەزمێکە خۆش و باقیی لاقەیـدی بـەیت و بـاوە
بەرگی گـوڵی بـەهاری یـا زولفـی کـاڵ و لاری
شێوەی لەسەر عـوزاری پـەرژینی نـووری چـاوە
تا کەس نەکا تەماشـا یـەعنی مەحالـە حاشـا
لات و مــەقامی پاشــا نابــێ خــەیاڵی خــاوە
دڵبــەر کــە دڵڕوبایــە هــەر عــادەتی وەهایــە
مەیلی لەسەر جەفایـە مەمنووعـە لای بـەلاوە
عاشق بـە بوردەبـاریی سـەبرە عـیلاج و چـاری
تا رەنـجی کونـجی زاریی نـەڕوا بـەدەم هـەواوە
گەر بـێـتە دڵـنەوایـی صەیــیادی خانەقایــی
بۆ مەرهەمی ( فەنایـی ) پــیری فنـوونی نـاوە

* * *

# ﴿ یاری گەوهەرفرۆش ﴾

ئەم هەڵبەستەم لە وەڵامی دۆستی دێرین و خۆشەویستم جەنابی مەلا شێخ رەئووفی بێژۆیدا نووسی - کە دانیشتووی شاری ( سەردەشت )ی ئێرانە - کە نامەیەك و نوسخەیەك لە کتێبی ( رفع الخفا ، شرح ذات الشفا )ی بە دیاریی بۆ ناردم ، منیش بەو بۆنەیەوە ئەم چەند دێڕە شیعرەم پێشکەش کرد .

سلێمانی - ساڵی ۱۹۹۳

رەئووفێکم هەیە لەو شارە خۆشە
ئەگەرچی مات و بێدەنگ و خەمۆشە
بەڵام دایم لە بازاڕی وەفادا
ئەدیبە و دەئبی ئەو گەوهەر فرۆشە
لە بەزمی مەجلیسی مەیخانەکەی عەشق
دەروونی کەیلە سینەی پڕ خرۆشە
لە نەسلێکی ئەمین و ئالی ئالان [(۱)]
لە ( سەردەشت )ی صەفادا بادەنۆشە
ئەگەر مەیلی غەریبانی بەبادا
نەدابێ ، من دڵم بۆ ئەو بەجۆشە
دڵم بۆ شەوقی دیداری لە دووریی
ئەوەند ماتە لە ماتییدا نەخۆشە

---

(۱) واتە : نەوەی مەرحوومی شێخ ئەمینی بێژۆێ ، کە ئەهلی ناوچەی ئالانی سەردەشتە لە کوردستانی ئێران . ( هۆنەر )

ئەوەی ( خاوەن شیفا و رەفعی خەفا ) بێ
ئەزانێ کامە ساغە و کێ نەخۆشە
لە میهری ئەو لە لوتفی ئەو رەزایە [1]
ئومێدم یادی ئێوەی دوڕ لە کۆشە
بەڵێ هەرکەس وەکو من بێنەوا بێ
غەریبی شارە هەر کەشکۆڵ بەدۆشە
بە هەرلادا ئەچێ بەردی نەدامەت
لە ئەژنۆی خۆی ئەدا و هەر کۆنەپۆشە
( فەنایی ) تا لەنێو بۆتەی جەفادا
بمێنێ فاقیدی ئیدراك و هۆشە

## ﴿ هەوری غەم ﴾

قوربانە صەبا بێژە بە ئەو عالی جەنابە
ئەم هەوری غەمە و ماتەمی دووریتە وەلابە
تاریکە بە بێ پوڕتەوی رووت صوبحی ئومێدم
بۆ ئەم دڵی تاریکی منە شەمع و چرابە
دەردم لە دەروون کاریگەرە کاری برۆتە
دڵدۆزە جگەرسۆزە چ پڕ ئێش و عەزابە

[1] مەبەست مەلا سەید رەزایە کە ئەمیش هەر لە سەردەشتی ئێرانە و چەند جارێك شیعر و نامەی بۆ ئەناردم . ( هۆنەر )

لەوساوە کە تۆراوی نیە سەبر و قەرارم
ناڵەی دڵەکەم چەنگە گەهێ دەنگی روبابە
کاشانەیی دڵ چۆڵە لە هەر راز و نیازێ
ئەی دیدە لەبەر شین و گرین سینە کەبابە
ناسۆرە بە ساتۆری غەمت قەلبی حەزینم
بڕوانە سروشکم کە لەسەر رەنگی شەرابە
ئەی مەرهەمی دەردم وەرە تۆ مەحرەمی رازی
بۆ نێشی سەری تیری موژەت بەسیە دەوابە
سووتانی لە سەر تا بە قەدەم دوودی هەناسەم
تەنیا شەبەحم ماوە دە کەم داوی بەلاّبە
بێ مەیلی هەتا کەی ! بەسە وا تۆ وەکو جەللاد
بەرگی غەزەبت کردە بەرت یەعنی فەنابە
مەمنوونە دڵم بێ بە فیدا یا بە فەناچێ
غارەتگەری سەبر و دڵە ئەو قەهر و عیتابە
گەر عیجزە بە دڵ یەئسە ( فەنایی ) لە حەیاتی
وەر نازە دەسا بەسیە ئیتر رابەری چابە

* * *

## ﴿ موژدەی صەبا ﴾

لە کاتێکدا کە بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە ، ماوەی چل ڕۆژێک لە خەستەخانەی ( جەڕاح پاشا ) لە شاری ئەستەمبووڵ مامەوە ، پاش دەرچوونم لە خەستەخانە بە موناسەبەی شەوێکی خۆشەوە ئەم هۆنراوەیەم بە دڵا هات و نووسیم .

ئەستەمبووڵ - ١٠ / ٩ / ١٩٩٥

چ موژدەیێکە دەم دەم ئەگا بە دەم صەباوە
لە قیبلەکەی دڵ و دین لە مەرکەزی بەقاوە
لە کەهکەشانی عیززەت لە مەنبەعی فتووەت
بە دەستی پڕ مرووەت لە بابی ئیلتیجاوە
ئەگا بە خەیمەگاهی رازی دڵانی بیمار
لە جیلوەگاهی ناز و لە زەوقی پڕ صەفاوە
ئەدا لە شەرحە شەرحەی دڵانی زار و بیمار
جەلا لەسەر صەفادا لە پیری موقتەداوە
بە دەستی لوطف و هیممەت بە صەیقەلی محەببەت
ژەنگی دڵ و دەروونت بدا بەدەم هەواوە
داخ و مەراقی دووریی لە گۆشەیی سەبووریی
وەك دەردی بێ دەوایە هەردەم بە دەس جەفاوە
ئەو یارە غەمڕەوێنە ( فەنایی ) مەیدوێنە
مەیلی لەسەر فەنایە فەخرە لە رووی وەفاوە

* * *

# ﴿ ژینی پڕ لە شین ﴾

لە ئاخر سەفەری حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) لە ئەستەمبووڵەوە بۆ ( ئەردەن ) کە من و کاك حەسەن قەڵادزەیی لەوێ بووین خواحافیزیمان لە خزمەت کرد ، فەرمووی : ئێوە دانیشن تا من ئەڕۆم .. ئێمە ( حەوت رۆژ ) دوای تەشریف بردنی ئەو لەوێ ماینەوە بەڵام لە کاتی تەشریف بردنی ئەودا وام ئەزانی جارێکی تر بە خزمەتی ناگەمەوە و تازە دیدار ئاخر ئەبێ لە دیداری وە بە کاك حەسەنم وت : زۆر بێ تاقەتم ، ئەمە ئاخر جارمە کە حەزرەتی پیر ئەبینمەوە ، کە بە داخەوە هەر واش بوو ، بەو هۆیەوە ئەم پارچە شیعرەم نووسی .

ئەستەمبووڵ - ١٠ / ٥ / ١٩٩٦

ژینم هەمو شینت بوو دڵ بۆیە تەوەللایە
لەم ژینە هەراسانم کۆچی گوڵە بەرپایە
دەگریم و دەناڵێنم ئەم تیفلە دەلاوێنم
بێ حاڵ و سەر و شوێنم بەم کۆچە بەرەودوایە
دڵ ماتی غەمی تۆیە سینەم گڕ و بۆسۆیە
هەر بۆیە پەرێشانم کەوتوومەوە بێ سایە
من بۆیە سەرم دانا لەم قاپی یە ئەمزانی
سایەت لە سەرم قوربان وەك باڵی هوما وایە
تیفلی دڵە ناکامە بێ تاقەت و ئارامە
هەر عادەتە بۆ عامە عەشق ئاگری بن کایە

یەعنی کە لە دڵداران ئازاری دڵی یاران
رەسمێکە وەکو جاران مەعشووقە هەمووی وایە
بازاڕی دڵە و داوە ئاڵاوە بە باڵاوە
لا کەیتەوە بەملاوە سەر حازری سەودایە
دەستی من و داوێنت رۆحی منە لە شوێنت
ترسم هەیە نەتبینم ئەمجارە لە هیچ لایە
بۆ داخی دڵی یاران ئەی شاهی وەفاداران
تا کەی سەفەری دووریت هەر لەحزە لەسەردایە
تۆ کۆچی لەناکاوت هەر رۆژە بە رەنگێکە
بۆ بەختی رەشم هەردەم وەك داوی بەڵا وایە
بەندی دڵە گیراوە بەو زولفی چەلیپاوە
فەرمووی بگەڕێ دواوە قانوونی ئەدەب وایە
خۆ بێت و ئەگەر وابێ بێ مەیلیی بە دڵدا بێ
دۆزەخ چییە ! وا نابێ لەم لایە چ لەولایە
خۆشیم لە دڵا دایم خەندەی دەم و لێوت بوو
ئەموت بەسە بۆ شادیم من خادم و ئەو شایە
هەرچەندە کە من کوردم رۆمیی بە هەڵەی بردم
لەم هاتنە من کردم نەمزانی کە ئاوایە
رۆژی غەمی هیجرانە ماڵی دڵە وێرانە
لەم چۆڵ و بیابانە لەیلە و لە سەفەردایە
بۆ خاکی عەرەبسانە ئەو مەسکەنی عەممانە
لەم تورکە هەراسانە و رەنجاوە لە بەغدایە

بەو حاڵە کـە ئـەو ڕۆیـی شـادیش لـە دڵان ڕۆیـی
بـێـــگانەیە یـــا خـــۆیی دێوانـــەوو شـــەیدایە
وەك مـەحشەرە هەسـتاوە بـەو حاڵـە کـە ڕوویـداوە
گریانـــە لـــە هـــەرلاوە شـــینی غـــەمی لەیلایـــە
ئـــەو ئـــۆغری هـــەر خێـــرە لـــەولاوە بـــێ یـــا لێـــرە
بەس بۆ منـی بێـچارە مەرگـە و لـە کەمیندایـە
دادێ بـــە خەیاڵاتـــم دوا پـــیری خەراباتـــم
دیـــداری جـــەماڵی ئـــەو لـــەملا نیـــە لەولایـــە
هەرچەند ئەوە بوو مـەیلم خـۆم و دڵەکـەی کـەیلم
پـێـشی سەفەری لەیلم مـن پـشت کەمـە دنیایـە
بەخـــتم کـە نـەبوو یـارم ئەمڕۆکـە لـەدوو یـارم
هەر شیوەنە مـن کـارم چـون دەسـتی قـەزا وایـە
ئـــەغیارە ئەگـــەر یـــارە شـــینی دڵ و دڵـــدارە
چـارم چـی‌یـە بێـچارە ئـەو مـەیلی لـە ئەولایـە
یـانی بـە تـەمای کۆچـی دوارۆژی حەیاتـە لـەیل
هەر بۆیـە ئـەکا تـەرکی ئـەم عالەمـە بـێ‌پایـە
پـەس سـەبر و ڕەزا چـاکە بـۆ بـاری قـەزا کاکـە
یەعنی کە ( فەنایـــی ) تـۆش ڕێگایـە لەبەرتایـە

## ﴿ شەوی غوربەت ﴾

ئەمشەو کە شەوی غوربـەت و غـوڕڕەی ڕەمەزانـە
گۆشـەی دڵەکـەم پـڕ لـە خـەمی هـەوری زەمانـە

صوبحی ئەمەلـم رۆژی شکە کاتی صیامە
قامەت کە هیلالێکە لەژێر باری خەمانە

بەم حاڵە پەرێشانەوە وێرانە وڵاتم
دێوانە میسالێکە ئەوەی میری گەلانە

هەرچەندە کە بێ بەرهەمە ئەمساڵە بەروبووم
فەرقی نیە قووتم کە هەمووی داخی دڵانە

جارێ بە خەمی دڵ کە لە گوڵ دوورە بە سەد میل
جارێ لەبەر ئەم قەومە کە سەرشۆڕی جیهانە

ئەمڕۆکە چ شۆرێکە چ غەوغایە لە دڵدا !
شەوقی روخی دڵدارە لەنێو جەنگی گەلانە

تا دڵ بەتەمای حەللی موعەمما بو لەلایێ
لەولاوە هوجوومی تەتەر و رۆم و دژانە

ئاڵۆزە خەیاڵم وەکو کاکۆڵی سەری یار
دەوری فەلەکی بەختمە کەوتۆتە بەهانە

چاوم بە هیلالی شەوی عیدت نەکەووت من
وا دەرئەکەوێ رۆژ و شەوی من رەمەزانە

بێ سوودە خەفەت بۆ خەمی ئەم قەومە کلۆڵە
تیپی هونەری تار و نەیە چەپڵە تەقانە

بەم بۆنەوە ناچارە ( فەنایی ) لە دەروونا
سینەی لەبەر ئەم حاڵەتە خەرمانی خەمانە

* * *

## ﴿ ریحلەتی پیر ﴾

ئەم پارچە هۆنراوەیەشم هەر بەبۆنەی وەفاتی حەزرەتی پیرەوە ( قُدِّسَ سِرُّه ) نووسی .

هەولێر - ساڵی ٢٠٠٠

وا بەبۆنەی تۆوە تەبعی شیعرەکەم جووڵایەوە
بەس بە ناکامیی لە وەسڵت بۆ هەتاسەر مایەوە
من ئومێدم بوو کە ڕۆژێ بێتەبەر باخی ئەمەل
چی کتوپڕ کۆچی کرد و ماڵەکەی گوێزایەوە
لەم جیهانی ئێمە تۆرا بۆ صەفاگای قودسیان
ریحلەتی فەرموو بە جارێ وا بنەی پێچایەوە
من هەموو نەقدی حەیاتم کردە قوربانی ئەویش
وەك بڵێی حەیفی ئەزانی ڕووی لە من شارایەوە
ڕەنجەکەم وەك ڕەنجی کۆکەن بوو بە کۆچی لەیلەکەم
تازە من شایی بە چی کەم ! شەوق و شادیم دایەوە
صەرصەری مەینەت هوجوومی کردە سەر کێوی وجوود
وەك کڵۆ بەفرێ بە تینی ئاهی گەرمم توایەوە
داری بێ ئاوی حەیاتم وا بە کۆچی یارەکەم
ها کە بینیتان ( فەنایی )ش وشك بوو دارایەوە

* * *

# ﴿ ڕێی هات و نەهات ﴾

واعیز بڕۆ مەیخانە بۆم پرسە لە پیری مەیکەدە
حالی خوماری مەستی دڵ ئەوسا وەرە وەعزم بدە

من لێرە گیری دڵبەرم ئالۆزە کاشانەی سەرم
من چۆن لەگەڵ تۆ دەربەرم ! بەولاوە دەستم لێ مەدە

تۆی و ئەسیری قیل و قال ، منم و خوماری لەعلی ئاڵ
بنوارە چەند دوورە مەئال لەم باسە قەت دەم لێ مەدە

تۆ خۆت بە لەفز و خەت بەستەوە چیتە لە حاڵی مەستەوە
مەرد بە و لە خەو هەڵبستەوە تا ماوە ماوەی مەیکەدە

دەئبی ئەدەب بنوێنە تا دەستت نەچۆتە تای خەتا
بازاڕی ئەسرارە نەکەی هەر خۆت بڕۆی و سەرزەدە

زوڵماتە ڕێی ئاوی حەیات ئاوایە ڕێی هات و نەهات
ئیخلاسە بۆتەت بۆ نەجات نەك ریش و سەبحە و مەعبەدە

بڕوانە سینەی بێ صەفات یا وەعزی پڕ نێش و جەفات
نەفست ئەڵێی ئەیکەن خەڵات بەو حاڵە تەفرەی خۆت مەدە

بەحری غرووورت دێتە جۆش بەو قال و قیلەی پڕ خرۆش
وەك کاسبی بازاڕی بۆش غەششت لە پەنجادا سەدە

بێ لە ڕێبازی هەڵەت یا مەکر و فێڵی وەك تەڵەت
بۆ کەی هەتا کەی مەشغەڵەت بەو شێوە ناڕێك و بەدە

گەر تۆ دڵت ئاگایە بۆ ڕێگەی سەعادەت بێ درۆ
بەسیە قسەی بێ‌تان و پۆ ڕێگەی حەقیقەت بەرمەدە

بەو شۆر و بەو غەوغایەوە فـەوزات لــە عــالــەم نایـەوە
مێشکی ( فەنایی ) توایەوە ڕەحمەت کە نی زەحمەت مـەدە

## ﴿ مەرکەزی لیقا ﴾

چ نیعمەتێکــە بــێ ڕەقیــب لــە ســایەیی نیگــارەوە
بــە نــاز و ڕازی دوو بــە دوو بــچیتە لالــەزارەوە
چ لالە یاس و یاسەمەن کە بـۆن ئـەدەن چـەمەن
سۆســەن و بــەرگی نەســتەرەن بــەدەم کـزەی بــەهارەوە
بــەهاری وەسـڵ و بێخودیــی لــە عالــەمی تەجــەڕڕودی
ئــەوەی مەبەســتە بێــتەدی لــە وەعــدی گوڵعــوزارەوە
چ گوڵ ئەگەر نەسیمی ئـەو بـدا لـە چاوی پـڕ لـە خـەو
بــخاتە حــاڵی جەزبــە دڵ لــە قــەلبی هۆشــیارەوە
خومــاری نۆشــی بــادە بــی نەکــەی فــەقیر و ســادە بــی
دەروون و دڵ گوشــادە بــی ســەبوو گــری بــە زارەوە
هەتا لە شـەوقی ئـەو هەلـە ئەکەویـە وەجـد و هەلهەلـە
بـە تـووڵی ( لاَ ) لـە سینەوە بـدەی لـە نەفـسی هـارەوە
مــەیلی هــەوا بـدەی بـە بـا نەکــەی خــەیاڵی ماسـیوا
بــە یــادی پــیری موقتــەدا دڵــت بــخەیتە کــارەوە
بــچیتە ریــزی ڕێــڕەوان بــە ســەیری ئەنفوســی ئــەوان
لەگــەڵ قــەتاری کــاروان بگەیتــە شــاری یــارەوە
چ شــارە ! شــاری بێ فــەنا یــەعنی ( مَدینـةُ البَــقا )
کــە مەرکەزێکــە بــۆ لیقــا لــە لــوتفی کردگــارەوە

قەڵـەم دەخیلـە مەرحـەبا بڵـێ بـە هودهـودی سـەبا
بـە قاڵـەقاڵی مـن نـەكا لـە عالـەمی بـشارەوە
هـەتا ئەگاتـە ئـەو دەمـە ئەبێـتە شـۆر و زەمزەمـە
منیش ئەڵێم ئـەبێ كـە سـەگ بچێـتە كونـجی غـارەوە
ئەنا خەیاڵە سەرسەریـی كـە تـۆ طـوفـەیلی مەعبـەری
ئەسـیری مـاڵی شـەش دەری نەخۆشـی لێـو بـەبارەوە
( فەنایـی ) زار و بێـنەوا فـەقیری لات و بـێ بـەها
مەحاڵـە دەسـتی بـێ دەسیت بگاتـە سـەر چـنارەوە

## ﴿ تامی فیراق ﴾

دڵ كـە مـەشغوولـە بـە یـادی حـەزرەتی دڵـدارەوە
بـێ خەبـەر مـاوە لـە حـاڵی ئـاشنـا و ئـەغیارەوە
یادی دیـداری جـەمـاڵـت گـەر غـەم ئەنگێـزە غـەمت
جـەژنی دڵ بێـدارە ئـازیز بـێ جیهـەت مـەیـشارەوە
تـازە دڵ بـڕیـاری داوە سـاعـەتـێ بـێ تـۆ نـەژی
چـونكە بـێ تـۆ وائـەزانـێ وا بـەدەم ڕەشمـارەوە
سـەر ئەگـەر سـەودازەدەی مـەیلت نـەبێ بـۆ وا ئـەبێ
هـەروەكو نـووكی قەڵـەم بـخرێتـە سـەر پـەرگـارەوە
بـاوەڕت بـێ تـا كەسـێ تـامـی فـیراقـی دڵ نـەكـا
قـەدری وەسڵی لا نیـە وەك مـەی بـە دەس مـەیـخـوارەوە
شۆڕشـی بـازاڕی عەشـقت شـۆڕشێـكـە بـێ نـەظـیر
سـا مـەگەر دەوری فەلەك بیكا بـە بـەزمـی شـارەوە

تان و پۆی بەرگی عیبادەت تا مـەکووکی دەسـتی عەشـق
نەیتـەنێ بـێ سـوودە زاهیـد مەیخـە نێـو بـازاڕەوە
بـۆیـە بـەرگی غـەم لەبەرما زینـەتی ئەتـڵـەس ئـەدا
چـونکە دەسـتی یـارە دایـم وا بـەسـەر ئـەم کـارەوە
هـەرکـەسێ ئـەهلی دڵـە هـەر خـۆی خریـداری غەمـە
نرخی ئـەم کـاڵا بـە ڕۆحـە نـەك بـە پـووڵ و پـارەوە
غـەم نـەبێ داری مـحەببەت کـەی لـە دڵـدا دێـتەبەر
یـا بـە چـاوی سـەر نـەدەی ئـاوی لـە سـەد جۆبـارەوە
بـازی شـاهی لـێ ئەنیشێ ئـەو سـەرەی غـەم پـەروەرە
تاجی غەم بکـرێ بـەسـەریـا گـەر بـە دەسـتی یـارەوە
گـەر بـە تیغـی غـەم بڕێـژن خـوێنـی عاشـق نـامرێ
زیندووە و نـاوی مـەمـاتـە ئـەو لـە گـۆڕی تـارەوە
سا ئەگەر بەختت ( فەنایـی ) یـار و یـاوەر بـێ ئـەتۆش
نابـێ باکـت بـێ سـەرت هەڵـخەن بەسـەر سـێدارەوە

* * *

## پێنج خشتەکیی (فەنایی) لەسەر (٣) شیعری حاجی مەلا ئەحمەدی قازیی پێنجوێنیی

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٦

لەســەر تــۆ گــەر تــەنافم هــەڵخرابێ
بــە تیغــی تانــە جــەرگم هەڵــدڕابێ
بــە ناســۆری غــەمت قــەلبم رزابــێ
( لەسەر عەشقت ئەگــەر مێشکم پژابێ
بــە شمــشێری جــەفا خــوێنم رژابــێ )

بــــەڵێنی داوە دڵ تــــا مــــاوە وابــــێ
لــە ڕێی عەشــقا فەناشــی لا بــەقا بــێ
بــە قــەهر و جــەورەوەش ئــەهلی وەفــا بــێ
( بە مەعلوومیی ســەر و دەســتم شــکابێ
لــە دنیــا ئــابڕووم یەکــسەر نــەمابێ )

ئــــەبێ پەروانەکــــەی دەوری چــــرا بم
بــــە ســــووتان و نەمانیــــشم ڕەزا بم
( فەنایــی ) ســەد ئەوەنــدەش موبتــەلا بم
( ئەمن شەرت بــێ هــەتا دەمــرم وەهــا بم
دەسا حاشا لە هەرکــەس بــێ وەفــا بــێ )

* * *

# « شەرحی حاڵ »

ئەگەر شەرحی خەمانم لێ ئەپرسی بۆ وەفادارِیی
لە سایەی تۆ ئەناڵێنم لە ژێر باری خەفەتبارِیی
ئەگەرچی شەرحی حاڵی دڵ لە خزمەت پیری خاوەن دڵ
بە قانوونی طەریقەت ناکرێ ئیللا بە ناچارِیی
منیش چارم براوە بۆ دەوای ئەم کۆنە ناسۆرە
دەخیلت بم دەبا زیاتر نەبێتە پەرکەمەی سارِیی
عەیادەی هەر طەبیبێ بۆ نەخۆشی داخڵ و خاریج
بەپێی عیلمی طەبابەت دائەنێ دەرمانی بیماری
طەبیبی خەستەخانەی سوقمی ئێمەش حەزرەتی پیرە
بە گۆشەی چاوی بیماری ئەبەخشێ چار و تیماری
منیش ئەمڕۆ بە دەردی بێ دەوا کەوتووم ئەناڵێنم
کە بێ عارِیی نەکەم چیبکەم بە ئاه و شیوەن و زارِیی
لە ماتەمخانەکەی تاریکی دڵدا چاوەڕوانی تۆم
ئەگەر طەلعەت نما کەی شەو چرای رۆژ و شەوی تاری
لە دەرماڵی کەریمان نائومێدیی کوفرە تاوانە
نەڵێی وا کابە کەچ بوو رێ براوە لێم بە یەکجارِیی
( فەنایی ) بەو ئومێدە شادمان و شادە تا ماوە
ئەگەرچی تێپەڕیی عومری لە رێبازی خەتاکارِیی

❊ ❊ ❊

## ﴿ بۆتەی حەقیقەت ﴾

شـــێوەکەی شـــیرینی یـــارم خۆشـــە بـــۆ ســـەوداگەریی
ســـوودی ئـــەم بـــازارِە ناگونـــجێ بـــەبێ ریـــسواگەریی
بەزمی مـەیـخانەی حەقیقـەت بۆتەیـە بـۆ ئـەهلی دڵ
زولفی لەیلیش لەشکری تەیـــموورە بـۆ یەغماگـەریی
ســـەر ئەگـــەر بـــڕوا لـــەپـێـنـــاوی دڵ و دڵدارەکـــەی
بۆ شەهادەت بەسیە لاشەی بێ‌بەها و شوێـــن و سـەری
چی لە سەر کەم یا لە لاشەی بێ‌فەڕ و ئـاژەڵ سـیفەت
تا لە کـانی مەیکـەدە نەخرێتـــە بۆتـەی زەڕگـەریی
دیـــمەنی بتـــخانە بـێ‌مەیـــخانە خانێـــکە بـە راس
پـــڕ لـــە ئـاژاوەی عەبـــەس بـازارِە بـۆ غەوغاگـەریی
تا بـە ئـاوی زەمزەمـی هیممـەت نەشـۆرن سینەکەت
کەی ئـەبی مـەحرەم بـە سـاحەی دڵڕفێـــنی دڵبـەریی
تـــا غـــولامیی ئاســـتانەی مەیکـــەدەم بـــۆ رێکـــەوێ
چیم ئەوێ لەم ژینە بۆچـی تـاج و نەجمـەی ئەفسـەریی
هەرکەسێ نـەجمی سـەعادەت یـاوەری بـێ بـۆ ئەبـەد
تا ئەبەد ناچـێتە سەر رێـــگەی حـەیاتی بەڕبـەڕیی
بۆیە شەرتـم کرد لەگەڵ دڵ تـا ( فەنایـــی ) بـۆ فـەنا
بـار ئەکـەن تابووتەکـەی نـەڕوا لـە خـاکی بـەر دەری

* * *

## ﴿ حوجرەی سەعادەت ﴾

بەسەرچوو کاتم گشت بە ناکامیی
تەمەن تەواو بوو بە کاڵی و خامیی
دەورانی گەنجیم مەستیی و جنوونی
رۆژ و شەوانی پیریم نەفامی
گەڵای بەهاری جوانیم هەڵوەریی
خەزەڵوەر گرتی جێگە و مەقامی
بۆ صەفای بەزمی پیری مەیخانە
ویستم لە مل کەم تەوقی غولامیی
هەر بۆیە ملکەچ وەك گەدای بێکەس
رووم کردە دەوری روکنەکەی شامیی
ئەوسا بە ئەرزی یەثریب پەنام برد
بە رەوضەی پاکی مەدینەی نامیی
سەرم نایە سەر تۆتیای بێگەرد
واتە سورمەکەی ( بابُ السَّلام )ی
رووم کردە حوجرەی سەعادەت پایە
کەم سەعادەت بووم بۆیە نەمفامی
عەرزەی زەلیلیم عەرزکەم بە ئەو
شاهی ریسالەت ببیەم وەڵامی
ئەو لە خەڵوەتگای ( لِي مع الله )دا
من لە ژێر ثەڕای پیسی و بەدنامیی

ئەو بە شـای ( لَـوْلاَكْ ) بـە نـاوە نـاوی
ئیتر من لە کـویّ و حەلقـەی غـولامیی
بەڵـکو سـەد چـەندان لـەو دەورە دوورم
هەیهاتــە هــەیهات بکەومــە دامــی
( فەنایـی ) فیـدای دەسـتی دامـت بـیّ
بـا هــەتا هــەتا نەمێـــنیّ نــامی

## « ماتیی و خەمۆشیی »

کە مـن دوورم لـە بـەزمی بادەنۆشـیی
ئەبیّ چـارەم چ بـیّ غـەیری خەمۆشـیی
بە شوعلەی طەلعەتی وەك ماهی تابـان
دڵـی بـردم حیجـابی زولفـی پۆشـیی
سەرم سوڕما لە چینی پەرچەمی رووی !
کە ئالآبوو لە بـالآی گـەیی‌یـە کۆشـی
ئیتر من نائومێـد بـووم و لـەخۆ چـووم
سـەرم دانایـە سـەر ئـەژنۆی پەرۆشـیی
هەتا ئێـستەش بـە دەردی ئـەو ئـەناڵم
کەچی نەیفەرمو جـاریّ بـۆ نەخۆشـی
چ ناسك تەبع و دڵـڕەق بـوو گـوڵی من
لـە بـەزمی دڵڕفێـــنی و خۆفرۆشـــیی
بە دڵ رازیی نـەبوو یـاری ( فەنایـــی )
بە غارەت بردی عەقڵ و فـام و هۆشـی

## ﴿ میحرابی ئەبرۆ ﴾

وتم میحرابی ئەبرۆت کەچ ئەکەی نابێ بڵێم بۆچی
وتی شمشێری جەللادە و سەرت دانێ و مەڵێ بۆچی
وتم ڕۆحم بە قوربانت دەبا قەت کەچ نەبێ مەیلت
وتی مەیلم بەدەس خۆمە بڕۆ لاچۆ مەڵێ بۆچی
وتم خوێناوی جەرگم کرد بە قووتی خۆم لەپێناوت
وتی بیخۆ بە بێدەنگیی نەکەی هەرگیز مەڵێ بۆچی
وتم عومرێکە ئەم حاڵە مەگەر دەریایە جەرگی من !
وتی بێباکە مەعشووقە ئەبێ وابێ مەڵێ بۆچی
وتم لەو شەونمی رووت لێگەڕێ با من دەمم تەڕ کەم
وتی تەرکی ئەدەب مەنعە ئەبەد نابێ مەڵێ بۆچی
وتم ئاخۆ هەتا ماوم ئەبێ روون بێتەوە چاوم ؟
وتی بیکە بە جۆبار و هەتا ماوی مەڵێ بۆچی
وتم ئاخر ( فەنایی ) تا بەکەی ئەم حاڵە ئەتوانێ
وتی دەی سا بە من چی قاعیدەی عەشقە مەڵێ بۆچی

## ﴿ کانی محەببەت ﴾

دڵێ کانی مەحەببەت بێ بەبێ ڕەنج و بەلا نابێ
گوڵێ مەعشووقی بولبول بێ بەبێ دڕکی جەفا نابێ
خەیاڵی عەشقی دڵداران لە خەزنەی سینەدا هەرگیز
مولاقاتی لەگەڵ تەبعی دەنیی یا بێ وەفا نابێ

به دەرس و کۆششی زاهیر کە واعیز فێری ئێمەی کرد
ئەوەی مەقصوودی ئەعلایە بە ئەدنا قەت پەیا نابێ

هەتا تۆتۆی دڵت کون کون نەکەن وەك خانەیی زەنبوور
بە شەهدی مەعریفەت دەرمانی دەردی پێ دەوا نابێ

ئەوەی وا تێدەگەی بەو پێدەگەی زەعم و خەیاڵاتە
بە قەولی فەلسەفیی بڕوا مەکە وابێ کە وا نابێ

هەتا دەستی ئەزەل دەستت نەداتە دەستی دەسگیرێ
رکووع و سەجدەکەت بۆ قیبلەکەت قەت بێ ریا نابێ

بە حیلەی نەفسی پەستت وا مەزانە بولفحوولێکی
دەوای نوقطەی رەشی قەلبت بەبێ صەیقەل روبا نابێ

غرووری قیل و قالە مانیعی رێگەت وەرە واعیز
کەماڵاتی بەشەر هەرگیز بە نەفسی نارەسا نابێ

ئیتر شەرم و حەیا بۆ کەی دەسا ئەی نەفسی ئەممارە
لە رێبازی حەقیقەتدا صەفا بۆ بێ حەیا نابێ

مەگەر نەتبیستووە ئەعدا عەدووتە نەفسی سەرکێشت
هەتا نەخرێتە نێو بۆتەی فنوونی عەشق چا نابێ

لە رێگەی عەشقەوە بڕوانە بۆ ئاکامی تەقدیست
بە چاکیی تێدەگەی تەلبیسە بۆ نەهجی رەزا نابێ

لە قاپیی مەدرەسەی عەشقا زەلیلن واعیز و موفتی
بە تۆ حەللی موعەمما قەت بەبێ موشکیل گوشا نابێ

( فەنایی )ش خۆ ئەگەرچی وەك جەنابت دوورە لەو بەزمە
بەڵام بێ شك ئەزانێ ئەو هەوا بێ ئەم نەوا نابێ

## « خامەی سەربزێو »

قەڵەم بۆ وا عەجوول و سەربزێوی
لەبەرچی ڕۆژ و شەو ڕێگا ئەپێوی
مەگەر شێتی وەکو هائیم لە سەحرا
وەیا دێوانەیی وەحشیی لە کێوی
لە ڕەوتی ڕێ هەمیشە بێ وچانی
لە دەستی دۆس و دوژمندا پەشێوی
ئەزانی خوێنی جەرگت بۆ ئەڕێژی
ملۆمۆ بۆ ئەکەی وەك مامە ڕێوی
وتی بێدەنگ بە ڕێگەی عەشقە ڕێگەم
ئەنووسم باسی لەیل و خاڵی لێوی
کە عالەم مات و سەرگەردانە لێرە
نە خۆی هیچە نە پارە و زێڕ و زێوی
لە بازاڕی کڕینی مەیلی لەیلا
بە نەقدی گیانە زیکر و یادی نێوی
ڕەواجی زوهد و تەزویر و ریاکەی
ئەمێنێ بۆ ڕەقیب و شکڵی دێوی
ئەگەر تۆش ڕاس ئەکەی کاکی ( فەنایی )
ئەبێ تا ماوی وەك من قوڕ بپێوی

* * *

# ﴿ ڕێگەی ڕاستیی ﴾

لـە سـاڵەکانی ( حـەفتاکان )دا لەبـەر ئـەوەی کـە حـەزرەتی پـیر (قُدِّسَ سِرُّهُ) زیادە لوتفێـکی تایبەتی بەرامبەر بەم خزمەتکارە ناشایستەی خۆی نیشان ئـەدا ، ئەمـە بـوو بـە هـۆی دڵگرانیـی و حەسوودیی کۆمەڵێك ، وە دیعایە و ئیفتیرای وایان دروست ئەکرد و ئەیانگەیاند بە حەزرەتی پـیر کە خوا ئـەزانێ مـن لەوانـە بەریـی بووم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر گوێم پێ نەئەدان و لەسـەر ئیـشی خـۆم بـەردەوام بـووم ، تـا ڕۆژێـك لـە ( مـەحمودئاوا )وە ئەچـووم بـۆ ( دووڕوود ) لـە ڕێگـادا قاچـم لەجێ‌چـوو ، حـەزرەتی پـیریش بە نامەیەك هەواڵپرسیی منی فەرمووبوو ، وە سـەرەتای نامەکـەی بەم دوو شیعرە دەس پێکردبوو :

لەپێناوی مـحەببەت عالەمێ بێ‌شـك سـەری دانـا
ئەمێـستا تۆ کە لاقێکت شکاوە حەقتە مـەمنوونی
لە هاتووچـۆیـی ئیخلاصا شکاوە قاچی بـێ‌میهـری
دەسا سا دەی لە میهرا داکەوە مەسرووری مەفتوونی

منیش لە وەڵامدا ئەم هەڵبەستەم پێشکەش بە سەماحەتیان کرد ، کە پاشان بیستم هەر خۆی بۆ بە دڕۆخستنەوەی ئەوان بۆ خەڵـکی خوێندبۆوە ". ئەمەش هەڵبەستەکەیە : -

چ خۆشە پـێت لـەڕێی ڕاسـا شـکابێ
لە شای شیرین عـوزاران بـێ خیطـابێ
بە خامە و نامەکـەی ڕەنگـین و جوانـت
لـە بەنـدەی موبتـەلا نـاوێ برابـێ

به شێوەی لوتفی پیرانە و عەیادەت
کە یەعنی رەنجشی کۆنت نەمابێ
ئەبێ سەر بۆ نەچێ بۆ ئەوجی گەردوون
ئەگەر قاچم بە سەد لادا شکابێ
لەجێ دەرچێ ئەگەر بەند بەندی ئەعزام
لەجێ ناچێ ئەوەی شەرتی وەفا بێ
هەتا سەر دانەپۆشێ بەردی ئەلحەد
مەحاڵە دەس لە داوێنت جیابێ
ئەگەر بازوویی هیممەت بێتە کایە
مەدەدکاری نەخۆشی بێ دەوا بێ
ئەبێ هەردەم بەدەس لوقمانی ئێمە
برینی سەد دڵی وێرانە چابێ
کە هەر حەق وایە پیری دین و دنیا
حەکیمی حاڵ و دەرمانی بەلا بێ
دەسا قوربانتم پیری خەتابەخش
جەفا بەس بێ دەبا نۆبەی صەفا بێ
لەبۆ تیماری قەلبی تێکشکاوم
نیگاهێکت بەقەد سەد مۆمیا بێ
ئەڵێی دەیجوورە ساحەی سینە حەیفە
لە پاڵ ئەم کارەبا بێ کارەبا بێ
کزەی چەند ساڵە سەردی مەیلەکەی تۆ
ئەبێ تاکەی نسیبی بێنەوا بێ

خودا خۆی شاهیدی حاڵە قسەی خەڵک
مەگەر گشتی لە بابی ئیفتیڕا بێ
ئەنا ئەسڵ و ئەساسی ئەم قسانە
لە قەلب و خاترمدا نەبوە نابێ
ئەوانەی وا ئەزانن فیتنەکاریی
تەنانەت با درۆ یا ئیفتیڕا بێ
ئەبێتە واسیطەی قوربی حوزوورت
خەڵات ئەکرێن بە پارە یا کەوا بێ
دەنیی طەبعن کەسێ بۆ مووچەخۆریی
لە قاپیی ئێوە بۆ دنیا گەدا بێ
ئەبێ شوغڵ و مەقام و رابیطەی ئەو
لە گەنجینەی صەفادا هەر جەفا بێ
ئەوانە هەر ئەبێ وا بن کە وانە
ئەبێ عاشق بە دنیا هەر وەها بێ
بەڵام ئەتباعی دەرماڵی بزورگان
ئەبێ قەصد و مەرامی هەر خودا بێ
ئەگەر ئەو طالیبی پارە و دراوە
گەلێ نەنگە لە قاپیی ئەولیا بێ
ئەبێ بڕواتە لای میر و وەزیران
وەیا دەربان و پیاوی ماڵی شا بێ
ئەبێ دنیا لە ئەهلی خۆی تەڵەب کا
لە هەرلا بێ و بە هەر جۆرێ پەیا بێ

کەسێ طالیـب بـە عیلمـە و زانیـاریی
ئەبێ دەرسی لەلای شەخصی مـەلا بـێ
ئەگەرنا دەرکی گەنـجینەی مـەعانیی
نەبـیسراوە لەلای کاکـەی فـەلا [1] بـێ
بەڵام چی‌بکەم لە کەچ تەبعانی حاسـید
نەبوو جارێ کە خۆفێکیان لە خوا بـێ
مەگـەر خوێـنی حوسـەین لێـرە رژاوە
هەتا (دوورڕوو) بە دەشتی کەربەلا بێ !
چ ئاشووبێـکە لـەم دەور و زەمانـە
کە مەنکووبە ئـەوەی ئـەهلی وەفـا بـێ
کـە مـن قیبلـەی دڵـم نـوقطـەی نیـازە
ئومێـدم وایە هی (قَالـُوا بَـلَی) بـێ
ئـەوەی مەقـصوودی دڵ بـیمارە لێـرە
دڵـی بێـدار ئـەزانێ چـی دەوا بـێ
ئیتر هەرکەس کـە تەسـلیمی قـەزا بـێ
ئـەبێ هەرچـی قـەزا بـیکا رەزا بـێ
خـەمیرەی دڵ لـە ژێـر دەسـتی قـەزادا
خـودا بـیکا ئـەوەی چـاکە وەهـا بـێ
هەدەف حوسنی سلووکە و خاتیمەی خێر
لـە میزانـی قیامەتـدا کرابـێ

---

[1] مەبەست لێرە فەللاحە نەك (کاکـەی فـەللاح) ، بـەڵام لـە رێبـازی لەطافەتدا ئەگونجێ کاکەی فەللاحیش بێ ، چونکە شوێنەکە هەڵئەگرێ .
(هۆنەر)

زەخـــیرە و زادی ئـــەم دنیایـــە کـــۆنە
ئەوەنـــدەی چـــاکە بـــۆ رۆژی جـــەزا بـــێ
رەجایـــە بـــۆ مـــن و بـــۆ یـــار و ئـــەغیار
نەڕەنـــجابێ دڵـــت عەرشـــی خـــودا بـــێ
لـــــە زومـــرەی ڕێـــــزەخۆری ئاســـتانن
( فەنایـــی ) یـــا بەڵایـــی یـــا مـــەلا بـــێ

## ﴿ بەختی خەوتوو ﴾

کە تۆ داماوی دەستی بەختی خـەوتووی
ئەگەر بتکەن بە شا ئاخر بە چی بووی !
مەگـەر نـازانی شـایی کامـە ئـەی دڵ
دەمێ بوو دەم لە ژێر زولفی کەچی بووی
کـە شیرین مەیلەکەی دابـێ بە خەسرەو
ئەوا فەرهادی کۆکەن بووی بە چی بووی
ئەگەر مەجنوونی کێو و دەشت و دەر بی
بەبێ جیلوەی روخی لەیلا بە چی بـووی
بەڵێ پەروانە بووی بۆ شەمعی رووی یار
بەڵام فەوتای و نەتـزانی بـە چـی بـووی
وەکو بولبول لە دووریی گـوڵ بـە ناڵـە
غەزەلـخوێنی خەیاڵاتی بە چـی بـووی
( فەنایـی ) بۆیـە شـینت بـۆ ئـەگێڕێ
کە نەیزانی هەتا ئێستا بـە چـی بـووی

## ﴿ خەستەخانەی عەشق ﴾

ئیشارەی چاوی پڕ نازی لەلایێ ئەمر ئەکا با بێ
لەلایێ تر برۆی وەك ( لاَ ) بە توندیی پێم ئەڵێ نابێ
لەلایێ جازیبەی مەعنیی ئەکا سەلبی حەواس و هۆش
بە هەرچی هێزە تا وابێ کە من روو لەو نەکەم نابێ
بە چاکی دامەنی نازی کە چاکە سینەکەی چاکم
مەکەن دەردم دەوا هەرگیز هەتا ماوم دەبا وابێ
کەسێ دایم نیشانەی تیری ناز و عەشقی دڵبەر بێ
هەتا دەرمانی مەیلی ئەو نەبێ باوەڕ مەکەن چابێ
خەیاڵی خاوە با بڕوا طەبیبی بێخەبەر لێرە
لە موستەشفای غەمی لەیلم دەوای ئەو بۆ دەوا نابێ
دەوای ئەو گەر شیفا با بۆ عیلاجی دەردی بێ دەرمان
ئەبوو زامی دڵی خۆی بەر لە ئێمە بەو دەوا چابێ
ئەگەر دەرکی هەبا دکتۆر بە قەد هودهود وەیا نەملێ
ئەبوو دایم لە ژێر سایەی سولەیمانی سەبادا بێ
هەتا ئەو دیلی دەستی ئارەزوو بێ یا عەیادەی خەڵق
لە بازاڕی فنوونی ئێمەدا رێگەی قسەی نابێ
ئەگەر زانایە ئەو با بێ لە مەیخانەی غەمی عەشقا
بنۆشێ جورعە مەشرووبێ هەتا سەد دەردی پێ چابێ
طەبیبی خەستەخانەی ئێمە دەستی دەستی لوقمانە
طەبیبی خەستەخانە خۆی نەخۆشە هۆی شیفا نابێ

( فەنایی ) وەعد و پەیمانی بە دڵبەر داوە تا ماوە
دەوای دەستی کەسی کەی تا ئەبەد نابێ بەلادا بێ

## ﴿ غارەتی موڵکی دڵ ﴾

تۆ بە زولف و روو عەزیزم رۆژ و شەو تەشکیل ئەکەی
بۆ بە حوسنی خۆت بەخیلی ! رۆژ بە شەو تەبدیل ئەکەی
چاوی پڕ نازت بە غەمزە غارەتی موڵکی دڵە
تیری موژگانت بە خوێنم فێرە بۆ تەعجیل ئەکەی
با فیدای ساتێ ویصالت بێ هەموو عومری عەزیز
زامی ساتۆری غەمت ناسۆرە بۆ تەئجیل ئەکەی
ساعەتێ وەسڵی جەماڵت ( لَيْلَةُ الْقَدْر )ی منە
دیتنی ئەبرۆی هیلالت جەژنە بۆ تەعلیل ئەکەی
من ئەوا عومرێکە شێواوم بە شێوەی خاڵی رووت
چی بە شانەی پەنجەکانت تازە تۆ تەجمیل ئەکەی
سەبر و هاواری دڵەی تینوو بە وەسڵت تا بەکەی
بۆ بە وەعدەی وەسڵەکەت ساتێك و سەد تەمسیل ئەکەی
با لە غەم دەرچێ دڵەی صائیم بە وەسڵت رۆژ و شەو
بۆ لە هەرکوێ بوو ( فەنایی ) تۆ لەوێ تەرحیل ئەکەی

* * *

## « تۆفانی جەفا »

لە کوێ بێنم کەسێ نـەخلی مـورادم بـۆ وەبـەر بێنـێ
بە ئـاوی دیـدە ئـاوی دا سـەرم بـەو دارە بـشـکـێـنـێ
لە گوڵزاری بەهاری نیپستیی سەرخۆشی هەسـتیی بـێ
کە وەك بولبول لە دەوری گوڵ سەحەر مەستانە بخوێنـێ
شکۆفا بێ دەمی غونچەی لەطائیف بۆ نەسـیمی گـوڵ
بە پسپۆڕی و بە زانایـی کە ڕەنگی گـوڵ نەشەمزێـنـێ
کە بەڵکو کەوکەبی طالیع لەسەر لوتکەی چیای بەختم
سەری دەرخات و گـوڵ چـاوێ بـەرەو ئـەملاوە بخـشێنێ
مەگەر مەولا بـە مـەولایی بـە لـوتفێکی لەمـەولایی
لەنێو ڕەندانی سەودایـی کەسێکی وام بـەدەس بـێـنـێ
لــە تۆفــانی جــەفادا وا شــکا پاپــۆڕی هیواکــەم
مەگەر نووحی نەجاتێ بێ بە خێری خـۆی دەرم بـێـنـێ
فەلەك دەوری کـە گـۆڕاوە هـەموو دەم تۆفـە لـەملاوە
ئـەبێ ئـاخۆ زەوی ئـاوی جـەفا لـەکوێوە دەربـێـنـێ
دەسا بۆ کەی دەخیلت بم نەسـیمی صوبـحی ڕزگـاریی
وەرە بـا کـەم ڕەقیـب لـەم بەزمـەدا عالـەم بفـەوتێنێ
ئەوا عومری ( فەنایـی ) چوو بە خۆڕایـی بـەدەم بـادا
لە کاتی کۆچـی دوایـیشا بەسـە لـوتفێکی بنوێـنـێ

* * *

## « عەشقی دڵداری ئەڵەست »

( نالی ) لە غەزەلێکا مەبەستی خۆی بە لایەنگریی لە ( کچ ) دەربڕیوە و ( حەریق )یش کە چاوی پێکەوتووە بە لایەنگریی لە ( کوڕ ) رەخنەی لەو گرتووە ، منیش کە ئەمەم چاوپێکەوت کتوپڕ ئەم غەزەلەم بە خەیاڵا هات و نووسیم .

سلێمانی - ٢٧ / ٩ / ١٩٨٦

رەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یە نالّی
بێهوودە بە زولفی کەچی کچ شیفتە حالّی
بۆ ئەهلی علوومی ئەدەبیی حەیفە وتووێژ
دایم لەگەڵ ئەو مەلعەبەتەی پووچ و خەیالّی
بۆ خاوەنی عیلم و ئەدەبی دین و فەراسەت
کەی لایقە دڵ دا بە دڵی غافڵ و خالّیی
دڵ ئەو دڵەیە عاشقی دڵداری ئەلەستە
وەك مەولەوی یو مەحوی یو ئەمسالی غەزالیی
چی موقتەبیسی نووری تەجەللا نەبێ نابێ
بیکەی بە ئەساسی خەم و ئەشعاری خەیالّیی
دڵ بەستە بە مەعشووقەیی ئەربابی مەقامات
تا کەمکەمە لەو نەقصە بگا دڵ بە کەمالّی
دەرچێ لە خەیالّی ئەم و ئەو یەعنی کوڕ و کچ
روو کاتە ئەوو سەجدە بەرێ دڵ لە جەمالّی
تا هەرچی هەیە قیبلەنما بێ بە شەو و رۆژ
بۆ حەزرەتی دڵدار لە ئەشباحی میسالّیی

عــومرێ بــه خــه یاڵی کــچه‌وه ســه‌رفی هــه‌وا بــێ
وا تێمه‌گــه چــا بــێ نــه خــه یاڵی نــه مه‌ئالــی
گه‌نــجــینه‌یـــی دڵ مـــه‌خزه‌نی ئه‌ســـراری خودایـــه
کـه‌ی ئــه‌و صــه‌ده‌فی گه‌وهــه‌ره یــا دورڕی لوئالیـــی
هه‌رکــه‌س بــه خــه یاڵ و هــه‌ده‌فی عه‌شــقه‌وه روو کــا
لــه‌و له‌عبه‌تــه شــێواوه هــه‌موو فــه‌زڵ و کــه‌ماڵی
بۆ عالــه‌می گه‌نــجیی ئــه‌بێ بــه‌و حاڵــه بلێ گــه‌نج
نــه‌ك عالـــمــی زانــا بــه رمــووزاتی ( خــه یاڵیی ) [1]
هه‌رکــه‌س بــه هه‌ناسێــکه‌وه بــێ بــوون و نــه‌بوونی
تــۆ دڵ مــه‌ده بــه‌و چــونکه به‌ســه‌ر رێــوه زه‌واڵــی
هه‌ر دێت و له‌سه‌ر چوونه چ کــوڕ بــێت و چ کــچ بــێ
ئه‌بڕێتـــــه‌وه رۆژێ چ حـــــه‌رامی چ حـــــه‌لاڵی
ئــه‌م که‌ونــه بــه‌لێ مه‌دره‌سه‌یــی عه‌شــقه بــه راسیی
هه‌رکــه‌س بــه خه‌یاڵێــکه چ خۆشیی بــێ چ تــاڵیی
لای ئــه‌هلی به‌صــیره‌ت نیــه خۆشــیی لــه مــه‌جازا
سه‌رخۆشــی صــه‌فای رۆحــه دڵــی جازیبـــی حــاڵی
به‌و حاڵه‌ش ئه‌گــه‌ر عه‌شــقی حــه‌قیقیی بــه حه‌قیقــه‌ت
بڕواتـــه‌وه ســــه‌ر بـــاری حه‌قیقـــه‌ت بـــه زولاڵـــیی
هه‌ر چــاکه ئه‌گــه‌ر بولهه‌وه‌ســی لــێــلی نــه‌کا لــێ‌ی
تــا ئــه‌و پلــه طــه‌ی کــات و بگــۆڕێ دڵ و حــاڵی

---

[1] خه‌یاڵیی : لێره‌دا مه‌به‌ست پێ کتێبێکه که به شێوه‌ی حاشیه له‌ســه‌ر شه‌رحی عه‌قائیدی نه‌سه‌فیی دانراوه . ( هۆنه‌ر )

ئـەم عالـەمی ئەشـباحە دەلاڵێـکە لـەبۆ عەشـق
مەعشووقە کـە مەنظوورە کـە بـوو بۆچـی دەلاڵـی
هەرچەندە هەموو باسـی کـورە جـوابی ( حـەریق )یـش
هـەر چـاترە لـەو باسـە کـە روویـداوە لـە ( نـاڵی )ی
بێدەنگ بـە قەڵـەم شـەرتی ئـەدەب حوسـنی کەلامـە
یـا خەزنەیـی دەم داخـە ئـیتر یـەعنی کـە لاڵـی
شـەرعی قەڵـەمی ناڵـی یـو پێنووسـی حـەریقت
بـۆ پـیری خـیرەد چـاکە نـە بـۆ تـۆ کـە منـاڵی
هەرکەس بـە شتێ خۆشە دڵـی بـەسیە ( فەنایـی )
تۆ چـیتـە بەسـەر خەڵـك و خیلافـاتی مەقالـیی

## « گەوهەری حەقیقەت »

گەرچی عەشق و عەشقبازیی بـێ حـەیا قـەت نـاکرێ
سـۆز و شـەوقی عاشـقیش هـەرگیز حـەیا هـەڵناگرێ
( لاَ يَـــخَافُ لَوْمَـــةً مِـــنْ لاَئِـــمٍ فِـــي حُبِّـــهِ )
مامەڵـەی عەشـقە لـە بـازاڕی حـەیادا نـاکرێ
رەسـم و ئـادابی حـەیا بـۆ قیبلەکـەی دڵ واجبـە
عالـەمی ئەسـرارە بـۆ ئـەهلی ریـا سـەرناگرێ
چونکە لەم بازاڕەدا سـاقیی لـە مەیـخانەی ئەلەسـت
بێجگـە بـادەی وەحـدەت و عەهـد و وەفـا وەرنـاگرێ
تۆ ئەگەر ( سەعد ) و ( شەریف )ی یا فحوولێکی زەمان
بـێ هەوێـنی مەعریفـەت چـارەی دەروونـت نـاکرێ

تا نـەگا دەسـتت بـە چـاکی تاکـە چاکێـکی بەڕێـز
گەوهەر و کالاّی حەقیقەت دەس هـەموو کـەس نـادرێ
دائـیرەی کەسـبی مـحەببەت دائـیرەی ئەسـرارە بـەس
رێ بە نامەحرەم ئەبـەد لـەم شوێـنە هـەرگیز نـادرێ
خەیـمەگاهی عەشقە دڵ واعیز مەگـەر دڵ دەی بـە دڵ
کەعبەیـی عوشـشاقە دڵ بـێ ئـەو طـەوافـت نـاکرێ
گەر خەیاڵی قیبلەکەی دڵ کەی ئەبێ سەر کەی بە پـێ
بـێ دەلیلـی رێگـە رێگـەت دوورە بـۆت طـەی نـاکرێ
خەلعـەتی وەسـڵت ئەگـەر ئاواتـە واعیـز لێـرەدا
حیشمەتی مولـکی سولەیـمانیی بـە مێـروو نـادرێ
تـا نـەدەی زاخـاوی سینەی پـڕ لـە کینـەت بـێ درۆ
وەعزی بێ تـام و مـەزەی تـۆ هیـچە جێـت بـۆ نـاگرێ
دان و داوی بولهـەوەس دوو تـاڵی زولفـە و خـاڵی روو
ئـاگری عەشـقی حەقیقـەت بـەم دووە هەڵـناکرێ
خۆت خە ژێـر داوی کەمەندی شێرە مـەردانی طـەریق
بەڵـکە پـەردەی خۆپەرستیت زوو لەسـەر دڵ لادرێ
تـا بزانـی قیـل و قالـت بۆتـە کۆسـپی رێـگەکەت
بۆیە تۆ لـەم عالەمـە رێـگەت بـە حـەق بـۆ نـابرێ
خۆ ( فەنایـی ) با بە کامی خۆی نـەگا لـەم رێـگەدا
شەرتە تا ئاخر نەفـەس لـەم رێـگە دەس هەڵـناگرێ

* * *

# ﴿ بەزمی دڵداریی ﴾

ڕۆژێك پارچە هۆنراوەیەکی ( ئەحمەد هەردی ) کەوتە بەرچاوم ، بۆیە منیش هەست و نەستی شیعر دانان پاڵی پێوەنام و ئەم چەند دێڕە شیعرەم نووسی .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٦

لە بەزمی عەشق و دڵداریی خەیاڵم سەر دەبا و دێنێ
بە شوێن دڵپەروەرێکی وا کوڵی دڵ دابمرکێنێ
ئەدیبیی خۆشە بۆ بەزم و مەزەی بازاڕی مەعشووقان
ئەگەر دەسدا گوڵێ دەوری فەلەك ڕەنگی نەژاکێنێ
بە دڵ سەودازەدی لەیلم لە بادەی عەشقی ئەو کەیلم
ئەنیسێکم ئەوێ زەیلی حەیا بەو بادە نەدڕێنێ
مەبەست لەم ژینی دنیایە موسەللەم عەشقی لەیلایە
ئەنا خانێکە بێ مایە یەکێ دەڕوا یەکێ دێنێ
نەتیجەی باوەشی گەرمت ئەبێ چی بێ ! مەگەر ( هەردی )
وەیا سەرنانە سەرکۆشی شل و نەرمێ سمڵ بێنێ
ئەگەر دەستیش کەوێ ئەو شۆخە دەردی پێ دەوا نابێ
ڕەقیبت مەرگە ڕۆژێ دێ ئەویش و تۆش بفەوتێنێ
ئەگەر تۆ طالیبی ڕەنگی وەکو بولبول لە گوڵزارا
گوڵێ بێ دڵ دەوا کا گڵ قەدی شمشادی نەڕزێنێ
لە موڵکی حوسنی ئەشباحا جەماڵی یار و دڵداریی
ئەبێ عیسادەمێ بێ ڕۆحی دڵداریت وەبەربێنێ

دڵت گەر لێ ئەدا بۆ بەزمی دڵداریی وەرە ( هەردی )
لە خزمەت پیری مەیخانە بەدەس بێنە سەروشوێنێ
کە بەڵکە طالیعی بەختت لەگەڵ شیرین عوزارێ بێ
لە گڵکۆ تازەکەی گۆڕیش وەفا بەو عەهدە بنوێنێ
( فەنایی )ش هەروەکو ئێوە سەرێ لەم بەزمەدا ڕۆیی
بەڵام مەرهوونی ئەو پیرەم کە تیفلی دڵ دەلاوێنێ

## « شەوقی لیقا »

دیدە بە دیدەی دڵت با دڵەکەم بسرەوێ
بۆنی نەسیمێکی تۆی بێت و ئەگەر بەرکەوێ
تانە لە تەختی کەی و تاجی کەیانیی ئەدا
شادە بە مەرگ و فەنا ئەو هەڵە گەر دەسکەوێ
تۆ کە لە بەحری بەقا شادی بە شەوقی لیقا
تیفلی دڵی بێ بەقا تاوێ لیقای تۆی ئەوێ
گەرچی بە قەولی حەکیم سیبرە دەوا بۆ سەقیم
تا دەمی عەظمی ڕەمیم شەهد و شیفای تۆی ئەوێ
مەیلی لیقای تۆیەتی سۆزش و بۆسۆیەتی
شیوەن و ڕۆڕۆیەتی بێکەسە هەر تۆی ئەوێ
شەرعە بە حوکمی قەزا قازییو شێخ و مەلا
گشتی ئەڵێن بێ ڕیا حەقیە مەگەر نەیکەوێ
بێجگە فیدای ماڵ و سەر تۆ لە ( فەنایی ) مەگەر
پیری دەروون باخەبەر فەرموو بڵێ چیت ئەوێ

## ﴿ قووتی ڕێ ﴾

شاهی من فرسەتە گەر روو لە گەدا کەی چ دەبێ
جامەیی فەقر و جەفاکەم بە صەفا کەی چ دەبێ
بۆ فەقیری وەکو من بێکەس و بێ زادی سەفەر
قووتی رێ شەربەتی شەهدێ کە عەطا کەی چ دەبێ
قەحطی یو جووعی غەمی هیجرتە وای کردوە لە من
گەر لە خوانی کەرەمت دەفعی ئەزا کەی چ دەبێ
تیشنەیی ئاوی حەیاتی لەبی لەعلە دڵەکەم
بە دو سێ جورعە مەیی وەسڵ سەخا کەی چ دەبێ
من ئەگەر رۆح فیداکەم نیە باکم بەخودا
تۆ ئەگەر زامی دڵی رێش دەوا کەی چ دەبێ
گەرچی بێ مایەم ئەمن هاتمە دەرماڵی کەریم
تۆ کە گۆشەی نەزەرێ بەهری خودا کەی چ دەبێ
بەڵێ تۆ شای و منیش کۆنە غولامێکی دەرم
تەوقی (صَيْدُ الْحَرَم)یم گەر بە مەلا کەی چ دەبێ
تۆزی رێت کوحلی بەصەر مەرهەم و ئیکسیری دڵە
چ دەبێ وەضعی دەوا رەفعی بەلا کەی چ دەبێ
ماوەیێکە بە غەم و دەردەوە ئەتلێمەوە بۆت
موژدە بۆ وەسڵ کە هەمراهی صەبا کەی چ دەبێ
عەقرەبەی نووکی موژەت بێتەوە سەر صەفحەیی رووت
بۆ دڵەی گوم شودەکەم قیبلەنما کەی چ دەبێ

لــه دەرودەشــتی خەتــەر بــەر خەتــەری راهــی حــەرەم
خدری فەرخوندە پەی ئەم خەســتە رەهــا کــەی چ دەبــێ
چــاوەڕوانی کــەرەم و وەعــدی ویــصالم ســەد جــار
تــۆ بە یەك وەعدە لە ســەد جــارێ وەفــا کــەی چ دەبــێ
ئەمە عومرێــکە ( فەنایــی ) بە هەوای کەعبەیی رووت
ســەری دانــاوە کــە تــۆ جــارێ نیگــا کــەی چ دەبــێ

## ﴿ ساحەی وەفا ﴾

موژدە بێ ئەی دڵ لــەنێو ســاحەی وەفــادا بــێ غــەمی
گەرچــی لــەملاوە ئەســیری تــیر و تانــەی عالــەمی
بۆیە من بەهرەم لــە یــاری پــڕ جــەفا هــەرگیز نــەدیی
چون رەقیب رێــگەی نەدا مــن ببمــە خــاکی بــەردەمی
حاســڵی رەنجــم شــکەنجەی داوی زولفــی دولبــەرە
وەك لــە ئــەرزی شــۆرەدا هــەر خــارە بــەزرم بەرهــەمی
زرکــەتاڵ و حەنــزەلــی دەشــتی فیراقــی یارەکــەم
کەی ئەدا تــام و مــەزە و بــۆنی شــەمامەی گوڵــدەمی
من قەرارم دا لەگەڵ دولبــەر هــەتا ســەر لێــوی گــۆڕ
هەر لەسەر رێگەی وەفــا بم بەڵــکە ببمــە مــەحرەمی
سەد شوکر ئۆخەی ئەویش پەیمانی تا ســەر دا بــە مــن
بۆیە لەم دنیا ( فەنایــی ) بــوو بــە قۆچــی مەقــدەمی

❊ ❊ ❊

## ﴿ بەی دەستی یار ﴾

شەوێکیان لە ( مەحمودئاوا ) لـە کـاتی خەتمەکردنـدا حـەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّه ) خۆی هەستا و هاتە بەردەمی من و شتێکی دایـە دەستم ، وە من وامزانی ( بەهێ )یە ، بەڵام کـە دوای خەتمـە سـەیرم کرد ( سێو ) بوو ، ئیتر نە من لێم پرسی کە بۆچی ئەم کارەی کـرد و نە ئەویش هیچی فەرموو ، بەو موناسەبەتەوە ئەم شیعرەم نووسی .

شـــەها ئیمـــشەو دڵـــی بێـــچارە وەك نـــەی
لــــە هــــەرلا ناڵــــەوو هــــاوارە دەورەی
لــــەلایێ پــــڕ غــــەم و دەردە دەروونــــی
لــەلایێ زەهــری نێــشی عــەقرەب و حــەی
بــــەڵێ لاتــــە و گەدایــــە و روو ســــیایە
بــەڵام بــۆ پاســەوانیت باشــە نەیکــەی
خەجاڵــەت خــۆم خــەتام وت پاســەوانی
دەرت شــایانی شــەئنی حاتــەمی طــەی
بــە گیــانی شــا بــە لــوتفی شــا ئــەنازم
ئــیتر هەرچــی بــبم ئۆخــەی ســەد ئۆخــەی
گــەهێ دڵــشاد و خــوڕڕەم هــەروەکو جــەم
گەهێ تەعنە لـە تـاج و تەختەکـەی کـەی
گەهێ رەمز و گەهێ غەمز و گـەهێ فـەوز
گــەهێ بــاغ و گــەهێ داغ و گــەهێ بــەی
بە ( بەی ) ئیمشەو کە بەزمی دڵ مەزەی بوو
کتــوپڕ کەوتــە فکــری بــەحری بــێ پــەی

کــه ئــه‌یوت خه‌لعــه‌تێکی کــه‌مترینت
بــه‌های نه‌قــدی جینانــه و بــاغ و ره‌وضــه‌ی
ئــه‌بێ قــه‌دری منــی بــێ قــه‌در چــی بــێ
له ده‌س سـولتانی عالــه‌م وه‌رگــرم ( بــه‌ی )
ئه‌گــه‌ر مــه‌یلی دڵ و لــوتفی ده‌روونــی
نــه‌بێ جــوز بــه‌ی ئه‌گــه‌ر وابــێ خــودا وه‌ی
وه‌گه‌ر هــه‌ر خـۆ ( عَــلَى الـرَّغْم )ی ره‌قیبــه
ده‌ســا بــا خــوانی لوتفــت بــێ په‌یاپــه‌ی
به‌سه‌رچوو عومری بێ بــه‌هره‌ی ( فه‌نایــی )
شــه‌هی عالــه‌م فــه‌نا قوربانــه ســا ده‌ی

## « وێنه‌ی یادگاریی »

کاتێ حه‌زره‌تی پـیر ( رُوحِي فِدَاهُ ) به دیوانه‌که‌می زانی و چــه‌ند غه‌زه‌لێکم به ئــه‌مری خـۆی بـۆ خوێنـده‌وه لــه ئه‌ستــه‌مبووڵ ، زۆر به دڵی بوو ، فه‌رمووی بنێره با عابیدی کوڕت بــینێرێ خـۆم بـۆت چاپ ئه‌که‌م ، منیش لــه ( ١ / ٧ / ١٩٩٥ )دا نــاردم هێنایــان ، وه ئه‌م غه‌زه‌له‌م بۆ کۆتایی‌یه‌که‌ی نووسی ، به داخه‌وه رێك نه‌کــه‌وت چاپ بکرێ ، تا حه‌زره‌تی پـیر کۆچی دوایــی فــه‌رموو ، ره‌جــا وایــه بێ‌حیکمه‌ت نه‌بێ .

ئــه‌ی وێنــه بــمێنه بــۆ دیــاریی
جێــداری مــنی لــه کــورده‌واریی

بــۆ یــادی ژیــانی پــڕ لــه مه‌ینــه‌ت
بــۆ حاڵــه‌تی بێکه‌ســیی و هــه‌ژاریی
زووتــر مــنی بێــچاره لــه دێ بــووم
دیــــاره کــــه چــــلۆنه کاروبــــاری
ڕۆژانــه گزنگــی تــاو کــه ده‌رهــات
چــوونی ده‌روده‌شــت بــو یــا هــه‌واری
هه‌رچی که ده‌که‌وته ده‌ستی هه‌رکه‌س
سا ژینی له لادێ ئه‌بوو یا له شــاری
هه‌رکه‌س به نسیب و مافه‌که‌ی خــۆی
رازیــــی بــــوو دڵ و ده‌روون و زاری
ئێــستاکه زه‌مانــه وای به‌ســه‌رهات
چی ماوه ! بــه غــه‌یری که‌یفــه‌کاریی
گــــۆڕاوه زرووفــــی شــــار و لادێ
ناچــێتــــه‌وه دۆخــی ســاڵی پــاری
هه‌ر دێت و ده‌چــێ بــه‌ره‌و نه‌دامــه‌ت
فــــه‌وتاوه نــــه‌ماوه به‌نــــد و بــــاری
که‌ی دێ که ئه‌تۆ له‌گــه‌ڵ دڵ و گــه‌ل
وه‌ك غونــــچه‌گوڵانی نه‌وبــــه‌هاری
تێــراو و گه‌شــاوه بــن ( فه‌نایــــی )ش
وه‌ك ئێــوه لــه یــاد و وه‌ســڵی یــاری

* * *

## ﴿ دۆستی گیانیی ﴾

چەند ساڵێك لەمەوبەر نامیلکەیەکم بە شیعری کوردیی بە ناوی ( دعوة الطَّريقة لطالب الحقيقة ) بۆ یەکێك لە دۆستانی خۆشەویستی خۆم بە ناوی : ( مەلا عەباسی حەسەنیی ) دانا و بە مەبەستی سەردانێکی دۆستانە و هاتنە ناو ڕیزی ئەهلی تەریقەتەوە بۆم نارد ، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی عەلاقەی ڕۆحیی بە شوێنێکی ترەوە هەبوو ، تەعەصوب بوو بە مانیعی هاتنی ، ئینجا لەبەر ئەوەی زۆرم خۆش ئەویست ، هەر وازم لێ نەهێنا ، بۆیە دوای ماوەیەکی تر ئەم قەسیدەیەشم هەر تەنها بە مەبەستی دیدار بینینی بۆ دانا و بۆم نارد ، ئەمەش هەر بێ ئاکام مایەوە ، وە پاش ماوەیەکی تریش غەزەلێك هەڵبەستی ترم بۆ نارد کە سەرەتاکەی بەم نیوە شیعرە دەس پێ ئەکات :

وەکیلم خەطط و نامەی هیجرە وا هات
کە ماچت کا لەجیاتی من لە دوو لات

ئیتر نائومێد بووم لە هاتنی و منیش کۆتاییم بە شیعر و نامە هێنا بە ناچاریی نەك لەبەر بێ وەفایی ، چونکە ئێستاش کە نزیکەی ( ٣٥ ) ساڵ زیاترە کە لە یەکتر دوورکەوتووینەتەوە ، من هەر خۆشم ئەوێ .

مەحمودئاوا - ساڵی ١٩٥٨

ئازیزم ئازیز دۆستەکەی گیانیی
دووریت سووتاندی ئازای پەنهانیی

( يـَـا لَيْـتَ شِـعْرِي كَيْـفَ أحْوَالُــكْ ؟
فـِـي الْبُعْـدِ عَنـّـَا وَلَـوْ بـِآنِ )
( مـَـا تَـفَكَّرْتـُـم يــَوْماً بِحَالـِـي )
فەرامۆشــت كــرد ئولفــەتی جــانی
تــا بەکـەی ئـاخر یـاری دڵ سـەنگین
یادێکــت نــەکرد بــەملا نــەترِوانی
گـەر ئـەڵێم یـاری بـێ وەفـا تـۆ بـووی
شــەرم ئەکـەم وەرنــا خۆشــت ئــەزانی
گــەر بــە وەفــادار نــاوی شــیرینت
ئــەدا کـەم بــە دەم خامــەی ویــجدانیی
تێــفکرە شــەرتی وەفــا. کـەی وایــە
دووریــی چـەند سـاڵەت چـۆن رەوا زانــی
بــەینی مــن و تــۆ دەنگــی دایــەوە
کــەی ئـەبوو وابــێ وەك خــۆت بزانــی
عەهــد و پــەیمانی بــەینی دڵــداران
هــەر لــە منـاڵیی تـا کـاتی جـوانیی
ئــەویش کـام دڵـدار ! لـە نـاخی دەروون
ســەرفی تەمــەن کـەن بـە شـادمانیی
بە چەند شەوق و زەوق دڵەی پڕ لـە میهـر
بــە تانــە لــە تـاج تـەختی کـەیانیی
بــە چــەند نهێنیــی رەمــزی راز و نــاز
بـە چـەند سـۆز و سـاز بـە غەزەلـخوانیی

بــه نــەزم و هــەوای بــەزمی حیجــازیی
عەنـــدەلیب ئاســـا بـــەری بـــەیانی
یــا بــەدەم هــەوای تــافی شــەتاوان
کــاتی ســەیران و گەشــتی کوێــستانی
حــەرام بــوو لامــان دووریــی لــە یــەکتر
تــەنیا بــۆ شــەوێك بــێ عوزرخــوانیی
دەی خــۆت بــیرکەوە لــەم حاڵــە تاڵــە
ئەگــەر لــە ریــزی ژیــرە پیــاوانی
چــۆن ئــەبێ دۆســی ئــاخری وابــێ
خــۆ تــۆ لــەلای مــن هــەروەك چــەلانی
ئــازیزتر لــە گیــان دیــدەی شــیرینم
بــۆ لەبــیرت چــوو قــەدرت نــەزانی
چــۆن یــاریی ئــەبێ نادیــاریی بــێ
بــە حــەوت ســاڵ جــارێ نــەبێ نیــشانی
خــۆ وەعــدە وابــوو ئێمــە یــەك مــاڵ بــین
یــەك نــان و یــەك ئــاو یــەك زینــدەگانیی
یەك مــەنزڵ یــەك دڵ یــەك جێگــە و رێگــە
ســەحرا بــێ دەشــت بــێ یــا ئــاوەدانیی
هەی داخ هەی سەد ئاخ سەد حەسرەت لەگەڵ
بۆچــی وای کــرد لێــت دەورانــی فــانی
بــە گیانەکــەی تــۆ ئێــشی ئــەو داخــە
تەقریــر نــاکرێ بــە قــسەی زمــانیی

هـەرووەها بـێ شـك شـەرحی ئـەم حاڵـە
نایەتـە تـەحریر بـە قەڵـەمڕانیی
کۆتـایی نایـە دەردی جـودایی
فیراقـی جیـسمیی و رۆحیـی و رەوانیـی
مـەر خـوا بـە لـوتفی بـێ دریغـی خـۆی
بـە ئـەسما و صـیفات بـە ( لاَمَکَـان )ی
بگـۆڕێ ماتـەم بـە شـادیی دیـدار
بـە خـاتر ئایـەی ( سَـبْعَ الْمَثَـانِي )
ئەمـجارە نۆبـەی وەصـڵ و تەواصـول
لـە بـەینا بێنـێ نـەبێ زیـانی
بـرای دنیـا و دیـن هـەمڕازی جـاران
ئـەوا بـەهار هـات بـۆ کامـەرانیی
بیخـەوە بـیر خـۆت عەهـد و پەیـمانت
بـا بـەس بـێ سـەردیی و رەنگـی خـەزانی
وەك وەفـاداران شـوێنت دیـار بـێ
بەسـیە دانیـشتن گۆشـەی پـەنهانیی
خـۆ ئەگـەر بڵـێی بـۆ تـۆ عـەیبی خـۆت
نـابینی بـە چـاو بـە دڵ نـازانی
بـەڵێ تـاوانی منـیش دیـارە
کـە شـەرتی وەفـام بـەجێ نـەهانیی
بـەڵام دیـدە گیـان بـە دیـدەی شـۆخت
ئـەگەر ئینـصافت ببـێ ئەزانـی

کە من مەعزوورم بەپێی شەریعەت
وەك بە تەریقەت کە خۆت ئەزانی
کەوتوومە داوی کەمەند بەدەستان
صەیادی سارای بەزمی عیرفانیی
لە سەر هەتا پێ ئازای ئەندامم
ڕەگ و مەغز و پۆست هێزی نەفسانیی
فکر و عەقڵ و هۆش ئیدراکی ڕۆحیی
شنەی نەباتیی نەشئەی حەیوانیی
بەبۆنەی خاڵی سورمەسای جانان
شابازی ئەوجی گرۆی ڕۆحانیی
کام کەمەند ! بەدەس جەللابی قلووب
تاکە جێداری ئالی عوسمانیی
تازە من لەدەس من و تۆ دەرچووم
کەوتوومە بەحرێك نیە پایانی
هەرکەسێ کەوتە ئەم گێژ و داوە
تازە ناگونجێ بولهەوەسڕانیی
کە وابوو تەکلیف لە من مەحاڵە
بۆ ئەدای عەهد و رازی نیهانیی
ئەگەرنا مەعلووم بێ درۆ یەقین
دەسم هەڵئەگرت لە زیندەگانیی
بۆ ساتێ دیدار شێوەی ڕەنگینت
بە سەر ئەهاتم نەك بە پێ یانی

عومری خۆم هەموو سەرفی ڕێت ئەکرد
تا پەیدام ئەکرد ئەو یاری جانی
تۆ لە فەرەنگ بای لە چین یا ماچین
چین چین فرمێسکم بۆ هەڵئەڕژانی
ئەهاتم بۆ لات بۆ خەتا و خوتەن
گەرنا بە عەیب و خەتام ئەزانی
ئێستا کە دەست و پێی تۆ ئازادە
تۆ زەحمەت کێشە هەرچۆن ئەتوانی
تا بەکەی بەستە و خەستە و نەڕەستە
بە داوی مەکری ئەم دنیای فانی
ژیان هەر ژیانی لەگەڵ یارانە
دووریی لە یاران دیارە زیانی
بشکێنە زنجیر دەربێنە لە دڵ
ریشەی خەوش و خاڵ هەوای نەفسانیی
مەترسە ئێرە جێگەی ئەمانە
جێگە و جیلوەگای ئەهلی عیرفانیی
ئەسپی سەرکێشی نەفسی ئەمارەت
رام ئەکەن بێ غەم بێ نیگەرانیی
دەستیان ئیشارەی قودرەتی زاتە
یەکسانە بۆیان بوعدی ( مَکَان )یی
شابازی تیژباڵ ڕێی ( لاَمَکَان )ن
قافڵەسالار گەنجی مەعانیی

لائەبەن لە دڵ ژەنگی قەساوەت
شیفای زامی کۆن قاسی یو جانیی
صەففاری مسی قەڵبی قەلبی رەش
ئەیشۆن بە ئاوی فەیزی رەببانیی
بە جارووبی ( لاَ ) ئیثباتی وەحدەت
شەرحە شەرحەی دڵ ئەکەن نوورانیی
جوغزی لەطائیف لە ساحەی سینە
هەریەک لەدوای یەک ئەکەن عیمرانی
بە تەجەللای خاص ئەقدەسی شاهیی
ئەیکەن بە طووری موسای عیمرانیی
دەستیان مەرهەمە بۆ جەستەی خەستە
خەستە کام خەستە ! خەستەی زوڵمانیی
عیرفانت هەبێ لە ئەهلی عیرفان
دووریت دەلیلە لەسەر نەزانیی
من بە ریسالەی ( دەعوەی طەریقە )
کە بۆ تۆم دانا بە میهرەبانیی
لە ماوەی سەد و هەشتا دەقیقە [1]
ناردم ئەرکی خۆم بەجێگە هانیی
من وائەزانم سوودی تۆم ئەوێ
دوایی بێ سوودە سەد پەشیمانیی

[1] واتە : دانانی نووسراوەکە لە ماوەی ( ٣ ) سەعاتا بوو . ( هۆنەر )

وا دەوری لاویـــی نـــەماوە بـــاوی
نەشـــە و گەشـــەی دڵ چـــوو بـــە تـــاڵانیی
هەرچـەندە ئێستاش گەنـجی لـەلای مـن
حەیفـە تـۆ قـەدری گەنـجیت نـەزانی
تـەقالای گەنـجیی ئـەبێ بـە مایـە
سـا بـۆ ئـاخیرەت یـا دنیـای فـانیی
پـیریی دەردێکـە رەنـجە بەرهـەمی
رەنـج نابـێ بـە گـەنج بـە ناتـەوانیی
تـا لـەدەس نەچـووە گەنـجینەی تەمـەن
ئەوسـا حەسـرەتە سـەد پەشـیمانیی
عـومری ( فەنایـی )ش هـەر بـەم داخـەوە
ئـەڕوا رۆژ بـە رۆژ بـەرەو نـەمانی

* * *

# ﴿ پاڕانەوە لە قاپیی پەروەردگار ﴾

ئەم موناجاتەشم لەو کاتەدا نووسی کە ماوەی چەند مانگێك بە هۆی چەند شتێکی تایبەتی یەوە لە یەکێك لە هەوارەکانی هەورامانی ئێران بەناوی ( خویٚ سملیٚ ) مامەوە .

خویٚ سملیٚ - سالٚی ١٩٦٧

ئیلاهی یا ئیلاهی تۆ کەریم و ( حَيّ )و مەننانی
( قدیمُ الذّات ) و بێ مەبدەء ( عدیمُ الإنتِها ) یانی
( وجوبُ الذّات )ی ( بالذّات )ی صیفاتت واجب و مومکین
بە زات و وەصفەوە خاریج لە ئەزمان و لە ئەکوانی
شەریکت نەبووە قەت نابێ دەلیلی وەحدەتت ناوێ
بە کونهی بێ میسالی خۆت کە موستەغنی لە بورهانی
سەمیع و قادر و بینا مورید و عالیم و گۆیا
حەیاتت ثابیتە و لازم نەبوونت ناکرێ یانی
هەموو کەس حادیثە و مومکین بە داخی نەقص مەوصووفە
( تَعَالَى الله ) کە بالاتر لە وەهم و فکری ئینسانی !
لە وەصف و ( کَیْف ) و ( کَمْ ) دووری لە شکلٚ و جیسم و جان پاکی
لە مەدح و وەسف بێ باکی کە تەنها خۆتی یەزدانی
بە کونهت چۆن ئەگا فکر و خەیالٚی بێ مەجالی خەلٚك
مەلەك بێ یا بەشەر یاخۆ جنۆکەی حادیث و فانی
بەبێ شك هەرکەسێ چووبێ بەشوێن ئەفکار و عەقلٚی خۆی
لە رێگەی حەق ترازاوە خەلەل کەوتۆتە ئیمانی

سەفیهی فەلسەفیی چونکە بەشوێن ئەوهامی عەقلا چوو
نەزانیی عەقڵەکەی لێ بوو بە مایەی طەرد و خەزلانی
دژی بوو نەفسی سەرکێشی کە وا کێشایە بەدکێشیی
حەقی حاڵیی نەبوو هەرچەند رجوعی کرد بە ویجدانی
حەکیمی دوور لە حیکمەت دوژمنی نەفسی فریوی دا
لە بێ عەقڵیی سەرەوبن کەوتە نێو زەلکاوی زوڵمانیی
بە سەد حیکمەت نەجاتی هەر نەبوو لەو داوە داماوە
بە سەد نکبەت گرفتارە کە لەطمەی دا لە ئیذعانی
موجەسسیم کوێر و دڵڕەق بوو نەفام و گەوج و ئەحمەق بوو
بەلایا قەت نەچوو جارێ شعوور و عەقڵی ئینسانیی
بناغەی دینی خۆی تێکدا کە قەولی کرد بە تەجسیمت
پەنا ئەگرم بە تۆ یارەب لە گومڕایی و لە خوسڕانیی
کە تۆ بێ میسل و مانەندی ئەبێ فکری بەشەر چی بێ !
سەری دەرچێ لە تۆ و دەرچێ لە تەسویلاتی شەیتانیی
عەجەب دەردێکی هائیل بوو ! بەڵێ زەهری هەلاهیل بوو
کە خۆی مایل بە باطیل بوو شەقا گرتی گریبانی
کە عەقڵی نارەسا بوو موعتەزیل سەلبی صیفاتی کرد
ئەوەند فکرێ بەتاڵی کرد سەرم سوڕما لە نوقسانیی
لەبەر خەوفی تەعەددود بوو کە ئەو سەلبی صیفاتی کرد
قیاسی بێ ئەساسی کرد و نەیفامی کە نەیزانی
صیفاتت واسیطەی نەشئەی وجوودی عالەمی کەونن
کە مەوصووفن لە یەك لاوە بە وەجهی شیبهی ئیمکانی

بەڵێ ( حەفتاوو دوو میللەت ) ئەسیری داوی ئەفکارە
لە زەلکاوی خەیاڵاتا هەتا سەر چوو بە نادانیی
بە گوێرەی فەهم و زانین هەرکەسێ فکرێك و باسێکی
لە زاتی پاکی تۆ کرد و لە کونها کول بو نەیتوانی
کە لەم گەنجی موطەلسەم دوڕڕی مەقسوودی بەدەس بێنێ
ئەبێ هەر خەستە بێ ئەسپی خەیاڵاتی لە جەولانی
گەلێ چابوك سواری ساحەکەی تەعریف و تەوصیفت
بەسەر ملدا رەتی برد و شکا دەست و سەر و رانی
لە بابی بەسط و تەعبیری مەقامی حەزرەتی زاتت
گەلێ تەنگیی مەقامی دی گەلێ زەیقەت بو مەیدانی
بەڵێ مەعلوومە هەر فکرێ لە چون خێزا بێ هەر چوونە
ئیتر کەی چوون لە بێچوونا مەجالی پێ درا یانی
بەیانی زات و ئەوصاف و شئوونی پاکی بێچوونت
مەحاڵە ناکرێ بۆچوون ئەگەر دەرچێ لە لەش گیانی
بە چالاکیی کەسێ لەم ساحە داخڵ بوو کەمێ رۆیی
بەڵا زۆری نەبرد شل بوو نە سەیری ما نە سەیرانی
هەزاری وەك سکەندەر بوو بەشوێن ئاوی حەیاتا چوو
لە چاڵ و چۆڵی زوڵماتا سەری ون کرد و نەیهانیی
تەماعی گەوهەری زاتت فریوی عالەمێکی دا
نەبوو نەمدی خریدارێ بە زاهیر یا بە پەنهانیی
بڵێ وا گەوهەری مەقصوود و ئاواتم بەدیی هێنا
دڵی خۆم دڵنیا کرد و نەما باکم لە حەیرانیی

مەقامی ئەقدەسی شاهیت ئەوەندە بەرز و ئەعلایە
نیە مومکین لەبۆ مومکین بگا دەستی بە دامانی
رمووزی کەنزی ئیدراکت لە ئیدراکی بەشەر دوورە
مەحالە چۆن ئەبێ بکرێ بە فکری عالەمی فانی
هەزارم دی بە غەوواصیی لە بەحری کونهی تۆدا چوو
بەشێکی زووبەزوو خنکا برێکی ما بە عەطشانیی
تەقالای زۆری دا ئاخر بە دەم تەڕکردنێکی کەم
لە ئەم دەریایە قانیع بوو بە ناکامیی لە رەییانیی
ئەوەی لەم عالەمە دوێنێ بەسەریا بۆی وجوود چووبێ
بە کەشتیی نووحەوەش باوەڕ مەکەن گەیبێ بە دامانی
(هُوَ الأوَّلْ هُوَ الآخِرْ هُوَ الظَّاهِرْ هُوَ الْبَاطِنْ )
کەتۆ بەم چوارە مەوصووفی چ جێگەی فکری ئینسانی !
عەجایب پەرتگاهێکە مەگەر خۆت یار و یاوەر بی
کە زاهیرتر لە رۆژ ئەمما عەجەب کەنزێکی پەنهانی !
بە چاوی کوێر و دیدەی بێ بەصیرەت ناکرێ دەرکی
تەجەللای کێوی طوور و شەعشەعەی ئەنواری سوبحانیی
مەگەر هەرکەس بە لوتفی خۆت هیدایەت دەی بە هەمرازیی
نەجاتی دەی لە ئەوهام و دەسیسەی نەفس و شەیتانی
بە هۆی ئیلهام و تەعلیمت بە مەحزی فەزڵ و تەکریمت
بە خۆتت ئاشنا کردبێ ئەگەر طائیع ئەگەر جانی
لە بەحری عیلمی تۆ بۆ مەعریفەت قەترێکی نۆشیبێ
بە تەوفیقاتی تۆ دەرچێ لە قەیدی جەهل و نادانیی

ئـەوەی صەیدی سەعادەت کەوتە داوی عـەقـڵ و ئـیدڕاکــی
سـەفینەی بـەخـتـەکەی چـاکی نـەجـاتــی دا لـە فـەوتانی

لــەبۆ ساحیل کەناری گرت و خۆی لادا لە مـەوج و گـێــژ
بـەری دا لەنگـەری کەشـتیی مـەهاری کــرد کـە نـەیتوانی

بە وەجهی ئەسلەم و ئەعـدەل بـە دڵ تەسـلیم و ملکـەچ بـوو
زولاڵــی وەحدەتی نۆشـیی بــەجێ بــوو فــکر و سـامـانــی

سوپاسـی بـێ قیـاس ئـەی خالیقـا بــۆ جـوود و ئیحـسانت
کە هەرچـێکت بە هەرکەس دا بـە فەزڵـە نـەك بـە شـایانی

لـەسـایــەی ڕێــزەخۆری بــابی خـــاصـــانت خـوداوەنـــدا
لـــە فیرقــەی ناجیــە طـەردم مەفـەرموو تــۆ کـە ڕەحمـانی

منیش ئیقـرار ئەکـەم یـارەب لـە بـابی قـوبـحی ئـەعمالا
گەلـــێ ڕۆچـووم و نـەمفامی لـە حـەد دەرچـووم و نـەمزانی

لە چاکە بێ بەش و مەحروم بـە بـاری مەعـصیەت کـەوتووم
لە ماڵی غەفڵـەتا خـەوتووم بـــە سەرشـــۆڕی و پەشـیمانیی

بناغەی کاخی ئـەعمالـم بە حیلـەی نـەفسی سەرکـێــشـم
لە جـێ دەرچـوو شـکا شـەق بـوو دەر و دیـــوار و هـەیوانی

لە بێ ئەمریت ئەوەند ئیفراط و تەفریطم لـــە ژیـنـــا کـــرد
نـیـە دەسمایە بۆ ئـــاخیر مـــەگەر عـــوزری پـەشـیـمــانیی

ئەگەر لافــاوی جـوودت بـێ بـــەسەر کـۆکـۆی قەبایـــحدا
ســەری دەرزیــی چ تەئـسیرێك ئەکـــاتە مـەوج و تـــۆفانی

بـــە جـاهی واسیطەی خـەلق و وجـوودی عالـەمی مـومکین
کە هەر ئەو سەروەری عامە و گوزیدەی نەسلی عـەدنـانیی

که بەو بوو ڕەفعەتی ئـەفلاك و ئـەنجوم بـەو مونـەووەر بـوون
لـە سایەی نووری ئەو نـەوعی مـەلائیك بـوون بـە نـوورانیی
لە پرسینی ئەلەست بەو بـوو کـە فـەوجی عالـەمی ئـەرواح
( بَـلَـی ) بوو بەختەوەر جوابی ( نَعَـمْ ) بـۆ قاسـی‌یـو جـانی
بە ڕۆحی ئـەو پـەناگـایـە بـە تـەشریفـاتی ئـەو شـایە
کە ئەو مەدعوو بە ئەسـرایە لـە نیـوەی شـەو بـە پـەنهانیی
زەوی نەیـما جموجـۆڵی کـە زانـی ئـەو بـەسەریـا دێ
فەلەك هەر چـاوەڕوانی بـوو لـەبـۆ میعراجـی جیـسمانیی
ئەگـەر مەهـدی زەوی نـازیش بەسـەر حەوتـەم فەلەکدا کـا
کە ئەو زاتەی لەباوەش گرت لـە حـاڵـی بـەرزەخ و ژیـانـی
ڕەوایە تا بـەرەو مـەحشەر مەدینـەی خـۆی بـەجێ دێـڵـێ
بـنـازێ بەو شەفیعە بـۆ کـەمالـی مەرتـەبە و شـانی
هەتا ( طَـيِّ )ی سـەما ئـەکرێ ئـەنازێ بـەو شـەوە گـەردوون
کە ئەو شاسـوارە بـۆ دەعـوەت سـەعاتێ بـوو بـە میـوانی
بە سەرگەرمیی مەلەك شەوقی فەلـەك بـۆ کـاتی تەشـریفی
بـە ئـیـعـجـاز و بە تـەکریمی حوزوور و ( وَحْي )ی قورئـانیی
بـە سەیری ڕەفرەفی بـۆ ئـەوجی ئـەفـلاك و سـەمـاواتـت
بە نووری سیڕی ( أوْ أدْنَـى ) مەقـامی قـوڕبی سـوبـحانیی
بە جـاهی مەرتـەبەی صەدری ریـسالـەت عازیـمی سیدرە
بـە ( مَازَاغَ الْبَـصَرْ ) یـەعنی بـە دیـدەی چـاوی فەتـتانی
بە خورشیدی سەمای بورجی ریسالەت خـاتـەمی موڕسـەل
بە شەمعی مـەجلیسی دەسـتە و گـرۆی ئەفـواجی ڕۆحـانیی

که بەو شابالّە ( رُوحُ القُدُسْ ) مەجالی سەیری لێ بەسرا
بە تەنها بۆ حوزوور ئەو چوو ڕەوا بوو عەرز و فەرمانی
بە نوقطەی مەرکەزی کەنزی علوومی زاهیر و باطین
کە بەو بوو فەتحی ئەبوابی طەریقە و ڕەسمی عیرفانیی
بە جاهی ئەو حەبیبە و حورمەت و نازی لە دەرگاتا
بە حەققی ئەو طەبیبە و زینەت و ئیکسیری ئینسانیی
بە جاهی ئەو کەسەی فەخری بەشەر هادی سوبول ئەو بوو
هەر ئەو شەهدی دەم و دەستی شیفایە بۆ پەرێشانیی
بە جاهی ئەو کەسەی پشت و پەنای ئەبرار و ئەشرارە
ئومێد و واسیطەی ئوممەت لە ترسی حەشر و میزانی
کە بەو بوو تەوبەیی ئادەم قبوولّ و حیفظی ئیبراهیم
بە ئەو بوو صەبری ئەیوب و نەجاتی ئادەمی ثانی
بە ئەو بوو بینشی یەعقووب و یووسف بەو خەلاصی بوو
لە دەس کەیدی زولەیخا هەم لە ڕەنجی حەپس و زیندانیی
بە ئەو بوو ئولفەتی یونس بە ئەو بوو ڕەفعەتی عیسا
وەکو بەو بوو تەجەللا بۆ ( کَلیمُ اللّهِ )ی عیمرانیی
بە ئەو بوو ئاگری فارس کوژاوە وشک بوو ساوە
شەقی برد تاقی کیسرا کەوتە لەرزە بان و هەیوانی
بە ئەو بوو زوڵمەتی کوفر و بت و خاچ و صەنەم لاچوو
شکا بازاڕی نابازی دەسیسە و کەیدی شەیتانیی
کە ئالاّی دینی حەق هات و سەری کێشا بە دنیادا
لە سایەی ئەو بو ڕۆشن بوو چرای نووری موسڵمانیی

به نووری ئەو صەفا کەوتە دەروونی کۆمەڵی ئەصحاب
بڕا جەرگی عەدوو گشتی بە تیغی تیپی یارانی
خوداوەندا بەحەققی طینەتی ئەو یارە دووبارە
بە خەتمی دائیرەی مورسەل بە مۆر و خاتەمی شانی
بە شەرحی صەدر و سینەی پاکی وەك مینا بە بێگەردیی
بە حوسنی سیرەت و شێوەی جەماڵی بەدری تابانی
بە جاهی حورمەت و وەقری بە ڕێز و مەنزڵەی فەقری
فیدای ئەو فەقرە بێ سەد حیشمەت و موڵکی سولەیمانیی
بە گۆنای ماهی بێگەرد و عوزاری مەشعەلەتاری
بە طیبی جوعدی کاکۆڵ و نەسیمی عەنبەرئەفشانی
بە شەمسی عالەم ئەفرۆزی بە نوختە و خاڵی جانسۆزی
بە قەوسی دین و دڵدۆزی بە نیش و نۆشی موژگانی
بە ناز و راز و تەمکینی بە وێنە و شکڵی شیرینی
بە غەمزەی چاوەکەی مەست و قەدی سەروی خەرامانی
بە لەهجە و نوطق و گوفتاری بە خولقی جوان و ڕەفتاری
بە دەم غونچەی شەکەرباری بە لەعلی لێوی خەندانی
بە عیشوە و ڕەنگی ڕەنگینی بە طوڕڕەی میسکی تاتاری
بە شەهد و کەوسەری ئاوی دەم و چاهی زەنەخدانی
بە عەرش و کورسی یو لەوح و قەڵەم هەم بەیتی مەعموورت
بە ماڵی کەعبەوو مینبەر بە ڕەوضەی باغی ریضوانی
بە جیبریل و بە عیزرائیل بە ئیسرافیل و میکائیل
بە ئەنواعی مەلائیك حامیلانی عەرشی ڕەحمانیی

به قـوربـی خاصـی راسـان و بـه مـەقـبـوولاّنـی ئاسـانت
هودات و قـائـیـدی فیرقەی نـەجـاتی نـەوعـی ئـیـنـسانیی
بـه صیدق و راستیی صیدديق و عەدلـی حــەزرەتی فـارووق
بـه ( ذي النُّورَيْن ) عوسمان و عەلــی یـیـو شـێری بـوڕڕانی
بــه پـــاکیی ( أُمّـهــاتُ الـمـؤمـنـــین )و فــاطیمـەی زەهــرا
بـه دوو سیبـطـەی موکـەڕڕەم تـازە لالـه و سـەروی بوسـتانی
بـه صەحبی صەف شـکـێن و یـاری ئــەو سـەرداره نـازاره
به دەنگی هـەلـهەله و شـەوقی دڵ و جـۆشی سەناخـوانـی
به خوێن و بەرگی خوێـنینی شـەهیدانی حـونـەین و بــەدر
بـه عـەبـبـاس و به حەمزه و جەعفەر و سەلـمان و حەسسانی
بـه راسـیی تـابـیعین و تـابـیـعینی ئــەو بـزورگـــانـه
که هەریەك بۆ ڕەزامەندیت دەری کـرد گـۆ لــه مـەیـدانـی
به شاهی نـەقـشـبەند و خواجـەگـانـی ( نَـقْـشْـبَنْدِيَّـهْ )
سـوپاسالاری تـەوحـیـد و طـەریقـی سـەیـری پـەنـهـانیی
به پـیرانی طەریـقـەی سـوهرەوەردی و قـادری و چـەشـتیی
بـه نـەجمەددینی کـوبرِاوو بـه جـاهی غـەوسی گـەیلانیی
به حەقـقی پوڕتـەوی فـەیـزی موجەددید بـۆ طەریق و دیــن
مــەداری ڕەمـز و تـەحقیق و ئیمـام و قـوطـبـی ڕەبـبـانیی
بـه عەشقی شاهی دەهلی و ڕەنـجی مـەولانایی کـوردستان
جـەنـابی ( ذِي الْجَنَـاحَيْن )و کنـووزی نـووری عیرفـانیی
بـه شێـخ عوسمان سیراجەددین وەفاوو بـول بـەهـا ئـەحمەد
ضـیائـەددین و نەجمـەددین عەلائـەددینی عوسمـانیی

بە شێخی ئینس و جین ئەمڕۆ طەبیبی زاهیر و باطین
بە پیری دەستگیر و نائیبی فەخری بەشەر یانی
بە شاهی جێنشینی خانەدان و خاوەنی تەمکین
نەهالی بەرگوزیدە و نووری دیدەی ئالی عوسمانیی
وەسیلە و فەخری ئێمە قوطبی ئەعظەم مەنبەعی سادیس
مەدار و رەهبەری عالەم سیراجەددینەکەی ثانی
ببەخشە عەبدی بێچارە و قەساوەتبار و بێکارە
ئەسیری نەفسی ئەمارە و رەزیلە و تەبعی ئینسانیی
بە ژەنگی مەعصیەت گۆڕا دەروون و دڵ کە فەوتاوە
بە رەحمی تۆ نەبێ نابێ عیلاجی دەرد و دەرمانی
نەما فیعلی شەنیع و بەد نەما بێ حورمەتیی نەیکا
نە تەرکی مونکەراتی کرد نە مەئموری بەجێ هانیی
نەبوو باکی لە بەدکاریی نەبوو ترسی لە ئازاری
عەزابی دۆزەخ و کڵپە و شەرارەی ناری نیرانی
بە بەدنامیی لە عالەمدا زڕا دەنگی بە ریسوایی
نیە میزانی عیصیانی حیساب و حەدد و پایانی
لە هەر بەد بەد تر و کەمتر لە سەگ شێواوە ئەحواڵی
لە هەردوو لا خەجالەت خۆی بە حاڵ و ماڵی وێرانی
زەلیل و زار و دەرمەندە قەباحەتبار و شەرمەندە
گەلێ پەست و سەرئەفگەندە لەدوو ئامالی نەفسانیی
نە تۆشە و زادی رێگەی حازرە بۆ رۆژی رەستاخیز
نە دەسمایە و مەتاعێ بۆ مەقامی حەشر و میزانی

سەراسەر مەزرەعەی توخمی عەمەل پژیاوە پامالە
بەدەم باکەی هەوادا چوو نەما دانی لە خەرمانی
مەگەر سۆزەی نەسیمی لوتف و بارانی کەرەم پاشت
بمالێ دووکەڵ و گەردی شەقاوەی موذنیبی جانی
ئەگەرنا عالەمێ بێزارە لەو بێچارە هاوارە
خودا رەحمێ بە حاڵی کەی بە ناڵە و شین و گریانی
بە دڵ ئیقرار ئەکەم یارەب گوناهم کۆ لەسەر کۆیە
بەڵا فەرموودەکەی تۆیە کە بەخشندەی گوناهانی
بەڵێ تۆماری ئەعمالم سیایە وەك سەوادی رۆم
وەلێ تۆ خاوەنی رەحم و عەطا و فەیزی فراوانی
قبووڵی پۆزش و سەمح و کەرەم رەویەی کەریمانە
بە رەسمی سائیلیی هاتم کە تۆ مەولای کەریمانی
بە موژدەی ئایەتی ( لاَ تَقْنَطُوا ) یارەب دڵم خۆشە
ئەمینیی کوفرە وەك یەئسم لە حاڵی نابەسامانیی
کە تۆ دەریایی رەحمت بێتە جۆشش بۆ خەتاکاران
هەموو کڕنووشی مەمنونیی ئەبەن بۆ زاتی سوبحانیی
چ خۆشە لەززەتی عەفوت لە تەنگانەی پلەی ئاخیر
بە یادی تۆ لە لەش دەرچێ پەپوولەی رۆحی ئینسانیی
گەدایی بێنەوا رووکاتە دەرماڵی کەریمانەت
گەلێ دوورە لە جوودی تۆ بە نەومیدی گەداڕانیی
( فەنایی ) روو لە کوێ کا غەیری ئاسانەی کەریمی تۆ
بە رەحمی واسیعت رەحمێ لەگەڵ مەرگێ بە ئاسانیی

* * *

# ﴿ گێژاوی میحنەت ﴾

دڵــەی ئاوارەکــەم خاکــت بەســەر بــۆ هێنــدە دامــاوی
لە خاکی زیللەتا کــەوتووی لــە گێــژی میحنــەتا مــاوی
لەبەرچــی بوویــە جێــگەی تیروتانــەی یــار و بێــگانە
بە ناهەق بێ سەمەرما گەنــجی شەو یــا رەنــجی رۆژانــە
بە داخی کێ ئەناڵــێنی بــە فیتنــەی کــێ خەفــەتباری ؟
کە وا بەم وەحــشەت و بیمــە خــەریکی ئــێــش و ئــازاری
ســەرم ســورماوە بۆچــی وا حــەزین و مــات و بێــدەنگی
ئــەڵێی لاشــەی برینــدار و بــەجێماوی دەمــی جەنــگی
ئەرێ خۆ تۆ کز و گەردن کەچی وەعدەی ویــصالــێ بــووی
ئەسیری سیلسیلەی زولف و جەماڵی مەه میسالــێ بــووی
لە سەیری خــەڵوەتی رێــدا دەلیلــت مــەیلی لــەیلا بــوو
ئەدی دەوری فەلەك بۆچی ئەسیرەی نەحسی هــەمرا بــوو
هەموو کاتێــکی ئەم ژینت فیدای سۆزەی ســەحەرگا کــرد
ئەوەی نەتبوو ئەوەت لەو شاهیدەی رەعنــا تەمــەننا کــرد
کە بەشکەم رێــکەوێ رۆژێ ســتارەی ســەعدی ئیقباڵــت
سەری هەڵدا لــە بــورجی موشــتەری بــۆ دادی ئــەحواڵت
کەچی هــات و وتم ئۆخــەی وتــی لاچــۆ ئــیتر تــا کــەی ؟
کە یەعنی تۆ ( فەنایــی ) نــاکرێ ســەیری جــەماڵم کــەی

* * *

## ﴿ هەیکەلی ئادەمیزاد ﴾

هەتا لەم صوورەت و شکڵ و هەیوولا دەرنەچێ ئینسان
بە ئیخلاسی دەروون دنیا لە لەوحی دڵ نەبێ نیسیان
گومانت وا نەبێ هەرگیز بکا بۆنێ لە ئینسانیی
کە تەرکی مەیلی نەفسانیی نەکەی نازانی ئینسانی
بە شێوە ئادەمیزادی بەڵام شێوەت لە مەعنادا
لە شێوەی ئادەمیی دوورە وەکو هەیکەل لە مەعنادا
فریوی ڕەنگ و ڕووی زاهیر نیشانەی غەفڵەتە گیانە
لە ژێر ئەو دیمەنە سەد مەکر و حیلەی نەفسە پەنهانە
( فەنایی ) خۆی نموونەی هەیکەلێکە بەم سەر و شێوە
بەڵام دڵخۆشە بۆ ئەولا نیشانەی یاری وا پێوە

* * *

## « دڕکی مەینەت »

خــەیاڵت ئــازیز کــزەی زامــانم
دڕکــی مەینــەتان گــشت وە دامــانم
مەیلەکــەت مایــەی نگــینی بەختــم
جــەوری ڕەقیبــان دەردەکــەی سەختــم
جازیبەت وێــنەی خــۆش خــەت و خــاڵان
یــادی غــەیری تــۆی لــە دڵ کــرد تــاڵان
هەر مــن و دڵ مــاین لەگــەڵ یــادی تــۆ
تۆتــۆی دەروون و دڵ پــڕ بــوون لــە تــۆ
تــازە یــادی تــۆ چــۆن ئەچــێ لــە بــیر
هەر بە منــاڵیی تێــکەڵ بــوو بــە شــیر
تــا ســەرای گڵــکۆی تــازەی مــەزاران
مەحاڵــە ســەردیی مەیلەکــەی یــاران
ئــازیز مــەیلی مــن بــە مــەیلت بەنــدە
صەیدی شکارچــیی بــە هــۆی کەمەنــدە
تۆش ڕشتەی کەمەند بەرمــەدە لــە دەس
بــا بــەردەوام بــێ تــا ئــاخر نەفــەس
بــا لــەو دنیــادا نــەڵێن ( فەنایــی )
بــێ یــار و یــاوەر مــا بــە تەنیایــی

❊ ❊ ❊

# ﴿ کاتی نەورۆز ﴾

سلێمانی - ٢١ / ٣ / ١٩٨٤

کـــاتی نـــەورۆزە و ســـاڵی کـــۆن ئەچـــێ
ســـاڵی تازەشـــم مـــن لـــە کـــۆن ئەچـــێ
زام لەســـــەر زامـــــان ناســـــۆر کەوتـــەوە
قـــەت جـــارێ زامـــی دڵ نەســـرەوتەوە
یـــاران مەشـــغووڵی شـــادیی بـــەهارن
مـــن غـــەمی لـــەیلم لـــەیل و نـــەهارن
کام لەیل ! لەیلەکەی دڵ بـە تـاڵان بـەر
لێـــرە تـــا رۆژی ســـەراکەی مەحـــشەر
وەك کۆکـەن کۆکـۆی هەناسـانی سـەرد
دیـــارە و دیـــار وێـــڵی هەرداوهـــەرد
دەشـــتی جنـــوونیم طـەی کـرد سەراسـەر
نەگەیـیم بـە لـەیل رەنـــجم بـوو هـەدەر
گا بـە یـادی رووی لـەیلی دوورکـەوتووم
گا بە زامی سەخت دڵـەی کۆسکەوتووم
ســەرم نایــە ســـەر غەمـــخانەی دەروون
تا چۆن بـێـتەجێ قـەزای کـاف و نـوون
پاڵـــم دا بـــە لای قـــەڵای ســـەبووریی
تـــازە ( فەنایـــی ) و بـــاری رەنـــجووریی

❊ ❊ ❊

# ﴿ قافڵەی سڵاو ﴾

ئەم پارچە هۆنراوەیەم بۆ دۆستی دێرین و زۆر خۆشەویستم : جەنابی میرزا صدیقی چنگیانیی نووسی لە سلێمانی .

دوورِوود - ساڵی ١٩٧٢

برای بەڕێزم صدیقی بە ناو
پێشکەشت ئەکەم قافڵەی سڵاو
شادیی دڵەی تەنگ موتاڵای هۆشم
ئاوپڕژێنەکەی کوڵی پڕ جۆشم
بولبولی گوڵزار خۆش لەهجە و کەلام
تووتیی شەکەرخام هودهودی سەبام
نامەکەت گەیشت هەم تیپی سڵاو
بۆ ئێمەی مات و لات و ناتەواو
گەشاوە دڵەی وێڵ و خەمبارم
وەك گوڵی نەورۆز کاتی بەهارم
یاخوا لە ئێوەش جەژن پیرۆز بێ
ماوەی ژیانت هەروەك نەورۆز بێ
ماڵی ولاتت جێگەی ئاوات بێ
خودای ئیبراهیم پشت و پەنات بێ
بە هۆی کاکی چاك گەورەی کاکانم
هانا و هومێدی هۆزی بابانم

ماڵی ئێمەش هەر وەك ماڵی ئێوە
دەرچێ لە تۆفی سەرما و کڕێوە
کۆتا بێ دەستی بێگانە لێمان
زیاتر لەم حاڵە لەق نەبێ جێمان
بووکی وڵاتمان رازاوە و قۆز بێ
دوژمنمان دایم جەرگی بە تۆز بێ
بە تیری قەزا دڵی لەت لەت بێ
ملی گیرۆدەی قەنارە و پەت بێ
عومری ( فەنایی ) بەم چاوەچاوە
وەك پووش و پەڵاش وا بەدەم باوە

## « سوپای غەم »

قوربانە ئازیز قوربانە ئازیز
مەیلت تۆشەی رێی رۆژی رەستاخیز
بە گیانت قەسەم گیانم قوربانت
دڵ بەستەی مەیلە و ئەمر و فەرمانت
لەو ساوە من دیم شێوەی شیرینت
شەوچرای جەماڵ گۆنای رەنگینت
بەو جۆرە رەویە و حوسنی کەلامت
سولالەی پاکت بەرزیی مەقامت
دڵ وێنەی لاولاو ئاڵا لە باڵات
شەیدای حوسنی خولق مەتاع و کاڵات

له سەد لا بەستەی دوڕدانەی خاڵت
حەیران لە روتبە و هەست و کەماڵت
مەیلەکەت جێگیر لە تۆتۆی دڵدا
تا ئازام ئەبەن بە تۆتۆی گڵدا
شەرتە بێ تۆ بم لەگەڵ تۆ بێ تۆ
قەت نەکەم شادیی هەردەم کەم رۆڕۆ
نازانم سەردیی خەزانەی مەیلە
وا دڵ لە تافگەی زووخاوان کەیلە
یاخۆ جەریدەی عەشقی دڵداران
شێواوە هانام سەد هانا یاران
سوپای خەم لەگەڵ تیپی خەیاڵان
بردیان سەرمایەی شادیم بە تاڵان
ئەمڕۆ دووانە وا دێ بە دڵدا
کە رێی بێ مەیلیت داوە بە دڵدا
بەڵام لەو کاتەی دیتم دیدارت
بینیم مەیلەکە و لوتفەکەی پارت
ئارام بوو دەروون لە جۆش و خرۆش
دووبارە بادەی عەشقت ئەکا نۆش
بەشکەم لە بەختی ( فەنایی ) ئەمجار
تەئسیر نەکا لێت فیتنەجۆی بەدکار

* * *

# ﴿ مایەی شەوقی دڵ ﴾

ئەم پارچە هۆنراوەیەم لە وەڵامی ڕەفیقی دین و دنیـام : جـەنابی حاجی مەلا ئەحمەدی قازیی پێنجوێنیی‌دا نووسی .

مەحمودئاوا - ساڵی ١٩٧٢

ئـەی قـازیی‌زادەی بـەزمی مەحەببـەت
ئـەی بادەنۆشـی نەشـئەی مـەوەددەت
گـەورەی بـەنرخم زانـای بەڕێـزم
مایـەی شـەوقی دڵ واسـیطەی هێـزم
عـەرزی بـچووکیی گـەرم و تـەواوم
تەقدیـمە لەگـەڵ تیپـی سـڵاوم
نامەی خۆش مـەزەی شـەکەرفامەکەت
بە لەهجەی فەصیح شیرین خامەکـەت
بـە شـێوەی شـیعر و بـچووک نـەوازیی
کـە دیـتم خەیلـێ بـە خـۆمم نـازیی
کـە کەوتوومـەوە یـادت لـە دووریـی
بۆ کـۆی خەمانـم بـوو بـە سـەبووریی
سـەراپا خـەت خـەت کـردم موتـاڵا
ڕشـتەی مەیلەکـەی دڵ لـە دڵ ئـاڵا
بـە یـادی تـۆوە خـوار و ژوورم کـرد
یـەکجار ئـارەزووی یـاری دوورم کـرد

کە دیتم تا دڵ لێی ورد بێتەوە
دەرگای شەوق لە رووی دڵ ئەکرێتەوە
نەشەی دا بە زەوق تەبعی تووتیی وار
کەوتە وەجد و حاڵ پێی نەما قەرار
وتی فەرموودەی ( خَیْرُ الأنَام )ە
جوابی نامە وەك رەددی سەلامە
با من تەبعەکەم پەست و بێ هێزە
قەیناکا ئیخلاص تەواو بەهێزە
بەڵام بێدەنگییش نەنگە بۆ یاران
نەدەن وەڵامی شیرین عوزاران
وا خامەی هەژار کەوتە جموجۆڵ
بۆ جوابی نامەت بە شیعری شرۆڵ
تەوسەن وار لە رووی نامەدا بە کوڵ
کەفی پەژارەی دەمی هاتە کوڵ
ئەویش هەروەك من دەروونی کەیلە
سەودازەدەی عەشق کاڵاکەی مەیلە
ویستی بنووسێ حاڵی هیجرانان
یا مەینەتباریی بە دەس نەزانان
دیسان لەسەردا چەرخی ستەمکار
بردی بە دڵیا ماجەرای تەتار
باری خەمانی رژاند وەك باران
تا نەدا شەرحی دووریی لە یاران

لانـــەدا پـــەردە لـــە ڕووی ئەســـراران
دەرنـــەخا جـــەور و جـــەفای بـــەدکاران
کـــەوابوو ڕەجـــای ( فەنایـــی ) هـــەژار
قبـــووڵی عـــوزرە دۆســـی دوور دیـــار

## « کەمەندی لەیل »

مـــن کـــە گـــیرۆدەی کەمـــەنـــدی لـــەیلم
زیـــاتر لـــە جـــاران لـــە زووخـــاو کـــەیلم
گـــیرۆدەی دەســـتی بـــاز و شاهێـــنم
نەک هـــەر مـــاڵ و حـــاڵ حەڵاڵـــە خوێنم
بە دەستی صەیـــیاد وەك نەچـــیر و گـــۆڕ
یا مردوو لـــە ژێـــر دەســـتی مردووشـــۆر
جـــێ دەســـتی نائـــەهل لێـــرە مەحاڵـــە
زوهـــدی وشـــك و پـــووچ لێـــرە بەتاڵـــە
سەرچـــاوەی ئـــاوی حەیاتـــە ئێـــرە
باقیی سەرچـــاوە گـــشت تـــاڵ و سوێـــرە
من وام لە ژێـــر سای هومـــای عیرفـــانیی
عـــەزیزی میـــسری موڵـــکی مـــەعانیی
( فەنایـــی ) دەستی هەڵـــگرت لە ڕووحی
جا چەشـــتی نەشـــەی بـــادەی صـــەبووحی

※ ※ ※

## دڵەی ڕەنجەڕۆ

دڵــەی ڕەنـجــەڕۆ دڵـــەی ڕەنـجـــەڕۆ
ئاخۆم کـەی ئـەبێ شیفای زامــی تــۆ
مەر لـە مەیــخانەی پــیری مەیفــرۆش
کوورەی دەروون و سینەت بـێــتە جـۆش
سا بـەڵـکــە لـەیلت لـــە ڕووی وەفــاوە
لایــەکـــت بــە دڵ بــکـــا بـــەلاوە
چونکە تــا لـەیلا مــەیلی بـۆ مــەجنوون
نەبێ بە غــەمزەی خـۆی نـەکا مــەفتوون
بـــە دانـــەی خـــاڵی نـەیــکا تـەمادار
بـە شـــوعلەی گـــۆنای نـەیکا هــەوادار
سەرخۆشـی بـەزمی بـــادەی ڕاز نـەبـــێ
لـــە لـــۆمەی لایـم بـێ نــیاز نـەبـــێ
چــی ئـــەکا دەرس و دەوری مەیـخـــانە
دێـر و کەنیـــشتیش بــن بــە مەیـــخانە
تا لەیل بـە گۆشـەی دیدەکـەی مەسـتی
نەیـخـاتـە ســاحەی عەشـقی ئەلەسـتی
سەدای ئـــەو نیـدای نـەخـاتـــەوە یـــاد
لانەی جـیسمانیی لــێ نـــەدا بـە بـــاد
لە دەریای عــەطـای فەزڵەکــەی بـاریی
فــتــووحــی ڕۆحیـی نـەکــا بـە یـــاری

دڵ لــە مەدرەســەی عەشـــقی لـەیـــلادا
چــۆن ئــەگرێ قــەرار لەگــەڵ جـەفـــادا
مەجنوون بە بێ هیـــچ نەیـدا بـە هـەردا
لەیل بـە غـەمزە و نــاز گـڕی تێبـەردا
بــۆیـــە لــە دەفـتــەرخـانــەی جنــوونیی
بوو بە سەرمەشقی عیلمـی مـەجنوونیی
بێگـــومان دەوا هـــەر لای لـەیـلایـــە
هـەر بـۆیە مـەجنوون شێـــتی لەیلایـە
ئــەنـا لە سارای خەیـمـەگــای لەیلـدا
هەزار کەس بارگـە و بنـەی لــێ هەڵـدا
ئەوانیش وەك من رەنج بـە خەسـار بـوون
بە بێ مەیلی لەیل هـەڵوەدای یـار بـوون
نەگەیـــین بــە کـــام ســـەریان نایــەوە
لەیل تــەنـیـا دڵـی ( قەیس )ی دایـــەوە
بـۆیـە ئەستـێرەی بەختی ئـەو شـەیـدا
ئێـستاش لـە فەلـەك وا لەگـەڵ لەیلـدا
ئەو ئەگەر مەیلی لەیـــل نـەبـــا یــاری
چـــۆن بــە هــەواوەش ئــەبوو بــە یـــاری
ئەو دوو ئەستێرەی لــە عــالـــەم روونـــن
رەمزی وەفای عەشق لـەیل و مــەجنوونن
سا تـۆش ( فەنایـــی ) ئـاوارە و بێکـەس
نەکەی مەیلی لـەیل بەرنـەدەی لـە دەس

## ﴿ صوبحی صادیق ﴾

ئەم هۆنراوەیەم لە وەڵامی بەڕێـز : شێخ ئەمین ( بێوەی )ی بـرای حەزرەتی پـێردا نووسی کە لە پاش ماوەیەك دەربڕینـی بـێ لـوتفیی بە شیعر و پەخشان بە هۆی فیتنـە و دوو زمـانی ناحـەزان و  روون بوونەوەی بوختانەکانیان ، کە قەڵەمی بە پێچەوانەی جاران بوو .

دووڕوود - ساڵی ١٩٧٣

سـلاو سـەد سـلاو زۆر بـەتین بـەتاو
وەك کـوورەی سینە و دڵـەی هەڵـچزاو
پـێشکەش بە حوزوور گـەورەی ئـەمینم
ئـەمینی چـرای حوجرەکـەی دیـنم
دەمێ بوو سەرکز مات و غـەمگین بـووم
چـاوم وەك ساوە دڵ پـڕ لـە شین بـووم
لیباسـم ماتـەم خـۆراکم خـەم بـوو
خەمی مەیلی لەیل لـە دەورم جـەم بـوو
سـتارەی نەحـسی بـەخت و ئیقبـاڵم
هەڵـهات نـەما بـۆم نـە مـاڵ نـە حـاڵم
تـۆزێ هومێـدم مـابوو بـەلاوە
ئـەویش ئـەو دڵبـەر دای بـەدەم بـاوە
ئـیتر مـن چـارەم لـە هـەرلا بڕیـا
جامـەی خۆشبەختیم لەبـەردا دڕیـا
بـەڵام لـەو ساتەی بـەم نامـە و خامـە
تـۆ یـادت فـەرموو ئـا لـەم غولامـە

بـای سـەبای لوتـفت شـنەی دا وە رووم
کەمێ لە گێـژی دەریـای غـەم دەرچـووم
خاصە کە ئەمڕۆ صوبـحی صـادیق بـوو
دڵ بـۆ موژدەیـەك یـەکجار شـایق بـوو
لـە ناکـاو دیـتم شـازادەی ئـەمین
( بێوەی ) لـە وەی بـێ نـەبێ دڵ غـەمین
دیـوانی نـامیی کـە دای بـە دەسـتم
تا هەم لـە خۆشـیی ئـەو کاتـە مەسـتم
لە ئەلفی ئـەووەڵ تـا بـە تـێی تەمـەت
سەیرم کرد وێـنەی گوڵـزاری جەننـەت
بوو بە هۆی تەسـکین هەناسـەی سـەردم
بـۆ ئاوپـژێـنی دڵـەی پـڕ دەردم
هـۆنراوەی رشـتەی خەزانـەی ئـەفکار
نـازك خـەیاڵیت وای ئـەکرد ئیـشعار
مـامۆسـای مەکتـەب ( دارُ الـوَداد )ی
پـەروەردەی کانـگای روشـد و رەشـادی
جەوهـەری پـاکیی و شـێوەی نەجابـەت
ئەتکا لـە نامـە و لـە نـووکی خامـەت
هەرکـەس فـامی بـێ لای بێگومانـە
ئـەم شـێوە جوانـە لـە ئێـوە جوانـە
مـن هەرچـی بیڵـیم بێـجگە فیدایـی
زیـادە لـە خامـە و نامـەی ( فەنایـی )

# ﴿ دۆستی بەهادار ﴾

ئەم پارچــە هۆنراوەیــەم بـۆ رەفیقــی دێـرین و خۆشەویـستم : جەنابی مەلا سەید بەهائەددینی ئارەنانیی نووسـی کـە دانیـشتووی شاری سنەیە .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٣

بـــەهای پـــڕ بـــەهام بـــەهای دەروونم
فـــەرەح بـــەخش وە خـــەم دڵـــەی زەبـــوونم
مایـــــەی شـــــەوقی دڵ زەوقـــــی رەوانم
بـــەبێ قەیـــد و شـــەرت ئـــارامی گیـــانم
ئەنیـــــسی دڵـــــەی ماتـــــەمزەدەی خــــەم
دوورکەوتووی نەشەی بادەی بـــەزمی جـــەم
راحــــــەتی رۆح و حــــــاڵی مــــــەجنوونیم
بـــە نەغمـــەی نـــەوات کـــەیلی دەروونـــیم
ها من چون نامـــەم رەنـــگ و رووم زەردە
لـــە دووریـــت وێـــنەی هەڵاڵـــەی هـــەردە
شـــەو بـــە ناڵـــەی دڵ ســـەر ئەنێمـــەوە
هـــەر خـــۆم ئـــەزانم چـــۆن ئەتلێمـــەوە
لایـــێ دووریـــی یـــار بـــەهای نـــازاران
لایـــێ وێڵـــگەردیم لـــە کووچـــەی شـــاران
تەنیا خول ئەخۆم نە دۆس نـە دۆس نـاس
نە هۆش ما نە فام نـە خەزنـەی حـەواس

غەریب کام غەریب ! غەریبی دووریی
سەرسام مەینەتبار گۆشەی سەبووریی
نە دیداری یار نە رێگەی وەتەن
نە یارای سەیری گولزار و گولشەن
هەردەم هاوەدەمی عیفریت و دێوێ
مەجال مەحالە بۆ دەشت و کێوێ
کانی و شەتاوان باخێ رووبارێ
یا خەمرەوێنێ یا دەنگی یارێ
شنەبای بەرزان لوتکەی کۆساران
نەوای بولبولان کاتی بەهاران
روو لە هەرلا کەم ببینم کەسێ
بۆ بێ بەختیی خۆم بدەم نەفەسێ
کەس کە هیچ ناکەس مووی دەماغە لێم
نە من ئەو نە ئەو ئەزانێ من کێم
ئاخ کە ئەمجاریش ئەگەیم بە دڵ
بەرلەوەی بمبەن بۆ کۆی سەرای گڵ
هەرچەند لە بەختی ( فەنایی ) دوورە
بەڵام لە دوای غەم نۆبەی سوورە

* * *

## « داخی دەروون »

له وەلامی مەلا سەید ئەحمەدی ئیمامی خانەقای دووڕوودا نووسیم

سلێمانی - ٥ / ٦ / ١٩٨٤

سلاوێـــکی بـــەتین و پـــڕ حـــەرارەت
بـه قـەد داخـی دەروونـی پـڕ مـەرارەت
بـه قـەد زووخـاوی زامـی تیغـی غوربـەت
لـه قـوولایی دڵـەی غـەرقی مـحەببەت
بـــه تـــۆ تەقدیـــمه کـــاکی دوور ولاتم
بـه لـەش لێـرەم بـه دڵ دایـم لـەلاتم
کـەماڵی ئولفـەتی چـەند سـاڵه بـێ تـۆ
بـه بـێ تـۆ مـن ژیـانم تاڵـه بـێ تـۆ
که کێوی قـافی دووریـت بـوو بـه پـەرژین
ئیتر شێوا لـه مـن هـەم حـاڵ و هـەم ژیـن
لـه دووریـت وا مـنی ئـاواره بـێ جـێ
نـه شـارم پـێ ئـەدەن ئـەمڕۆ نـه لادێ
بـەڵێ بـاری خـودا خۆشـه و ڕەوایـه
بـەلام مـن بـاری خـۆم بـۆ خـۆم بەلایـه
نه ئەرز قـووتم ئـەدا وەك گەنـجی قـاڕوون
نـه ئـەتوانم بـڕۆم بـۆ چـەرخی گـەردوون
بـه هـەرلا روو ئەکـەم ڕێـگەم بـڕاوه
مـەجالی بـیر و تەدبـیرم نـەماوه

ئەوەنــدە غــەرقی گێــژاوەی زەمــانم
ئــەڵێی بــابی بــەڵا و مامــەی خــەمانم
لەگــەڵ ئــەم حاڵەشــا زوڵــمی زەمانــە
ئــەدا لێــم یــەك لــەدوو یــەك تازیانــە
هوجــوومی دوژمــنی سەرســەختە ئــەمڕۆ
بــە گەرمــەی تۆپــەوە شــاڵاوە ڕۆڕۆ
لــە هــیچ لا نــاگرێ عالــەم قــەراریێ
لــە ئــەرز و ئاســمان وەك یــەك ئــەباریێ
لــە ســەردا بــۆم و گوللــەی تۆپــە ئــەڕژێ
سەر و سامان و مێشکی خەڵــکە ئەپژێ
سیلاحی سووك و سەنگین بۆ بــەرەی جــەنگ
وڵاتــی شــارەزوورم لــێ ئەکــەن تــەنگ
لــە لایــێ شــین و زاری و ناڵەناڵــە
لــە لایــێ تــر ئیباحــەی گیــان و ماڵــە
لــە هــەرلا تێئــەفکرم حــاڵی میللــەت
پــەژارەی مەرگــە تــاڵاوی مەزیللــەت
هــەموو ســەرگەرمی کــۆچ و جووڵــەجووڵن
وەیــا مەشــغووڵی زاخــە و چــاڵی قــووڵن
خوصوصەن من کە هەر ڕۆژێ لــە شارێــك
ئەچێــژم زام و ژاری کوێــرە مارێــك
کە بەڵــکە بــۆ نــەجاتی مــەرگی ناوەخــت
لــە دەس چەوســێنەرانی پەســتی پاتــەخت

پەناگاهێ بەدەس بێنم بە ناچار
لە فیتنەی دڵتەزێنی قەومی تاتار
بە مەکر و حیلە بۆ خاکی وەتەنمان
بە ئاواتن لەگەڵ مەرگ و کەفەنمان
بەڵێ وا قافڵەی کۆڕی شەهیدان
بە دەستی غەدر و ناپاکی پەلیدان
بەڕێوە بۆ غەریبخانەی مەزاران
ئەبینم تەرمی نەرمی نازداران
کە غەرقی خوێنی زەرد و ئاڵ و سوورن
هەموو پارێزەری خاک و سنوورن
برا باسی پەرێشانیی هەژاران
کزەی جەرگ و دەروونی داخداران
هەناسە و ئاهی گەرمی کوڕ کوژاوان
شلۆقی حاڵەتی مێشک پژاوان
بە نامە و خامە هەرگیز ناکرێ باس
قەڵەم زیاتر لە پیاوی ژیر ئەبێ کاس
مەگەر دەستێکی غەیبیی بێتە کایە
بە لوتفی خوا نەهێڵێ ئەم بەڵایە
ئەگەرنا تازە ژینم تاڵە لێرە
کە دژ فێرە بە خوێنی ئێمە تێرە
ئەبێ حاڵی ( فەنایی ) لێرە چی بێ !
هەتا دوژمن لە ناوا نۆبەچیی بێ

# ﴿ بازاڕی عەشق ﴾

وا پــڕ بــوو لــە غــەم کاســەی ســەبرەکەم
لەوســاوە تــێکــچوو مــەیلی لەیلەکــەم
شـــنەی نەشـــئەبەخش بـــەهاری تەمـــەن
ئەیـدا لــە دەمــاخ عــەتر و بــۆی چــەمەن
لــە ناکــاو کــزە و ســۆزی بــای خــەزان
دای لــە گــەڵای گــوڵ هــەمووی هەڵــوەران
بــازاڕی کــاڵای ئەمــەل بــوو کەســاد
ئاخۆم کێ وەك مــن ڕەنــجی چــوو بــە بــاد
مەجنوون کە مەستی عەشقی لــەیلا بــوو
لــە ڕێی مــەجازا وێــڵی ســەحرا بــوو
یا کۆکــەن کــە خــۆی فیــدای شــیرین کــرد
لــە پــای بێــستوون بــە ناکــامیی مــرد
تەئـــسیری وایـــە عەشـــقی مـــەجازیی
وا نـــەبێ نابـــێ عەشـــقی مـــەجازیی
وا نـــەبێ روتبـــەی شـــەهادەت نابـــێ
عەشـــقی دەروونـــیی ئـــەبێ هـــەر وابـــێ
ســا ئــەبێ دەوری طــەریقــەت چــۆن بــێ ؟
دائــیرەی بــاڵای حەقیقــەت چــۆن بــێ ؟
کــە تــا ( فَــوْقَ الْعَــرْشْ ) نیــوە هەنــگاوە
مــەجاز چــی ئــەکا لــەو ناوەنــاوە

بــێ مــــەدەد کاریی پیـــری دڵ ئاگـــا
کەس بە هەوڵی خۆی بـەو شوێـــنە ناگـــا
تـــۆ بـــە ئـــیخلاص و ئـــەو بـــە وەفـــاوە
زوڵـمـاتــــــی دەروون بـخـاتـــــــە لاوە
چـــاکی مەردانـــەی لـــێ کـــا بـــەلادا
خـــەوش و خـــاڵی دڵ گـــشت بـــەدەم بـــا دا
بـــە بۆتـــەی ســـلووك تاقیـــت کاتـــەوە
بـــادەی حـــەقیقیی ســـاقیت داتـــەوە
بـتبـــا پـــێ بـــەپێ بـــۆ ســـەیری ئافـــاق
ســـەیری نەفـــسانیت طـــەی کـــا بـــێ مـــەراق
بـــەرەو قیبلـــەی دڵ بتکێـــشێ بـــە نـــاز
وێـــنەی موغنـــاتیس بـــۆ مەنـــزڵـــگەی راز
ئەوســـا ئـــەزانی مانـــای طـــەریقـــەت
فـــەرقی مـــەجازیی لەگـــەڵ حەقیقـــەت
نەچێـــژی چەشـــەی نەشـــەی ( لاَرَیـــْب )یـــی
لە خەڵوەت سەرای مەیـــخانەی غەیـــبیی
بـــە دەمەتەقـــەی دەرســـی قیـــل و قـــال
چۆن حاڵیـــت ئـــەبێ مانـــای جـــەزبی حـــاڵ !
مـــەجاز لـــەم شوێـــنە مەجالـــی تەنـــگە
باســـی مـــەجازیی لێـــرەدا نەنـــگە
ئێـــرە بـــازاڕی عەشـــقی مەولایـــە
نـــەك باســـی لـــەیلا یـــا زولەیـــخایە

نـه مـەجاز نـە قـال نـە خـەیاڵ نـە هـۆش
بـێ فریادڕەسـیی پـیـری مـەیفرۆش
دەفـی دەنـگ نـادا لـەم جێـگە کاکـە
تـۆش وەك ( فەنایـی ) بێدەنگ بـە چـاکە

## « شینی دڵ و بولبول »

من لەگەڵ بولبـول شـین ئەکـەین بـە کـوڵ
مـن بـۆ قیبلـەی دڵ ئـەو بـۆ پـەڕەی گـوڵ
ئـەو بـۆ خونـچە بـوو هەڵـوەدای چـەمەن
مـن بـۆ مـەیلی لـەیل شـینی نێـو دەوەن
ئـەو بـە ئـاوازەی کـاتی نـەورۆزی
مـن بـە ناڵـەی شـەو کـاتی دڵـدۆزی
ئـەو بـە رەنـگ و رووی گـوڵانی بـەهار
مـن بـە شـێوەی نـاز دڵـڕفێـنی یـار
ئـەو بـە هـەزار تـەرز بـە نەغمـە و ئـاواز
مـن بـە هـەزار غـەم بـۆ غـەمزەی بـەناز
ئـەو بـە لەهجەکـەی سـۆزی سـەحەرگاه
مـن نیـوە شـەوان بـە سـەد ناڵـە و ئـاه
ئـەو بـە پـەژارەی رەنـگی پـەڕەی گـوڵ
مـن بـە داخ و دووی ناکامیەکـەی دڵ
ئـەو بـە وردە بـاز بـۆ چـڵی گـوڵان
مـن شەونـخوونیی بـۆ قیبلـەی دڵان

ئەو بە هەڵفڕین لەم باغ بۆ ئەو باغ
من وەك پەروانەی دەوری چڵ چراغ
ئەو بە فڕەی باڵ چەمەن بە چەمەن
من وێڵی باڵای لەیلەکەی خوتەن
ئەو بە خاری خەم پەرژینی گوڵان
من تیری لۆمەی فلانە و فلان
ئەو بە بای خەزان گوڵ بە غارەت بەر
من بە ماجەرای رەنجی بێ سەمەر
ئەو بە نەمانی گوڵ کاتی خەزان
من بە ناسۆری زامی کەس نەزان
ئەو شین ئەگێڕێ بە زمانەکەی حاڵ
ئەڵێ گوڵ وەری نەیما خەت و خاڵ
وا منیش ئەگریم لە ژێر سای مەینەت
بۆ ماوەی عومری لەدەس چووی غوربەت
لە شوێن لەیلەکەی بێ ماوا و مەسکەن
دوورکەوتووی شادیی گوڵزاری وەتەن
وەك من لەو دوورم دەروونم داخە
ئەویش بێڕەنگی بێکەسیی باخە
رشتەی خەمی من دوو لایە هەر شەو
لایێ خەمی خۆم لایێ خەمی ئەو
دەی چۆن بە دوو دەس نەدەم بەسەرما
رەنجی چەند ساڵەم گشت بێ سەمەر ما

تـا كـەی مـن خـاكی سارای سـەبووریی
بكــــەم بەســــەردا بكێـــشم دووریـــی
ئـاخر تـا بەكـەی رەنــجم بـێ بـەر بـێ
رەقیــب حەواڵــەی سـەرای مەحـشەر بـێ
وا مــن تـێــر نـەمكرد سـەیرانی بـاڵات
وا وادەی مەرگــە دوور بــێ لــە بـاڵات
وا زرەی زەنــــگی كۆچـــی دواییـــم
دەنـــگ ئەداتـــەوە لـــە گوێـما دایـم
توخـوا ئـازیز گیـان سـەبووری دووریـم
هانـــا و هومێـــدی كـاتی مەهجووریـم
بـا بـەس بـێ دەوری سـزای بـێ مـەیلیی
زامـی تـازە و كـۆن ئێـشی دڵ كـەیلیی
بــا بـــەس بـــێ دەردی بـــێ دەرمانەكـــەم
بـا بـەس بـێ كۆگـای خـەم خەرمانەكـەم
بـــا بـــەس بنالـــم نەگـــەم بـــە ئـــاوات
خـۆ مـن وا وادەی سـەرای مـەرگم هـات
ئـەی بـۆ كـەی وەفـای دڵ و دڵـداریی
چـۆن ئـەبوو وابـێ پەیـمانی یـاریی
خـــۆ ئـــەوەی شـــەرتی وادە و وەفـــا بـــوو
مـن كـردم ئـەی بـۆ جـەزام جـەفا بـوو
وا دیـدەم یـەكجار لـە بـاڵات دوور كـەوت
هاكە وتیان ها ! هات ( مَلَكُ الْمَوْتْ )

خـــۆ مـــن لـــەم دنیـــا نەگەیـــیم بـــە کـــام
دەی تـــۆ کـــەی مەیلـــێ ئەفـــەرمووی وەلام
من بـــۆ مـــەیلی تـــۆ مـــەیلی گـــشت کەســـم
لـــە دڵـــدا دەرکـــرد لـــەجێی گـــشت کەســـم
تۆش لەگەڵ گـــشت کـــەس بـــە رووی نـــازەوە
خـــۆت کـــرد بـــە مـــەحرەم بـــە ســـەد رازەوە
نە کورد نە عـــەرەب نـــە تـــورك نـــە عەجـــەم
نـــەما دەرنەچـــێ لـــە ژێـــر هـــەوری خـــەم
ئـــەی بـــۆ بـــەختی مـــن خرپـــەی خـــەوی بـــوو
کـــاتی وەســـڵی تـــۆ ئـــەو هـــەر شـــەوی بـــوو
نە بولبـــول لـــە گـــوڵ کـــامی بـــەدیی هـــات
نـــە مـــن لـــە دڵبـــەر گەیـــیم بـــە ئـــاوات
خـــۆ گـــەر بـــە رەنـــج بـــا وەســـڵی دڵـــداران
ئێمـــەش کێـــشامان زیـــاتر لـــە یـــاران
سا بولبول با کەم وێـــڵ و چۆڵـــگەرد بـــین
گـــیرۆدەی درِك و دەســـتی نامـــەرد بـــین
تـــۆ لـــە چەهـــچەهە و مـــن لـــە ناڵـــەی زار
وا چـــاکە بـــەس کـــەین بـــا نەڕەنـــجێ یـــار
چـــون ســـارای عەشـــقی گـــوڵ و دڵـــداران
طـەی نابـــێ بـــێ خـــەم بـــێ گەســـتەی مـــاران
ســـا بـــەش رۆژێ بـــێ تـــۆ بـــە عـــەتری گـــوڵ
شـــاد بـــێ ( فەنایـــی )ش بـــە قیبلەکـــەی دڵ

## ﴿ گەرمەشین ﴾

ئـەم هۆنراوەیەشـم هـەر لـەو کاتـەدا نووسـی کـە حـەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) تەشریفی ئەبرد بۆ سەفەری حەج .

سلێمانی - ٢٥ / ٥ / ١٩٨٦

لـەو کاتـە بـۆ گـەل مـن گرینـم بـوو
داخی کۆچی لـەیل گەرمـە شینـم بـوو
غـەرقی خـەیاڵی رەنـجی غەریـبیی
دڵ لە دووریی لـەیل نەیـبوو شەکیبی
سـەری خەمباریـم نایـە سـەر ئەژنـۆم
ئـەتوت دێوانـەی دەرودەشـت و کـۆم
سا چەرخی چەپگەرد دیسان هاتـە خـول
حەواس پەکی کەوت خامە خەستە و کول
شـەرحی ماجـەرای چـەرخی زەمانـە
نـادرێ بـە کـەس داخـی گرانـە
حـاڵیم بـوو دەوری رۆژان و شـەوی
یـەکێ بـەرز ئـەکا یـەکێ تـر نـەویی
لایـێ جـەم جاهـان لـە تـەختی شاهیی
ئەخاتـە گێـژی حـاڵی تـەباهیی
لایـێ تێـك ئـەدا نـازی نـازاران
وەك بـە بـای خـەزان رەنـگی بـەهاران

لایێ پەژارەی گەل دای لە دەماخ
لایێ خەمی لەیل داخەکەم سەد داخ
لایێ پەشێویی نەزمەکەی وڵات
لایێ ماتەمی ڕێی هات و نەهات
لایێ تەق و تۆق لە کووچەی شاران
لایێ شیوەنی دووریی لە یاران
لایێ زام لە سەر زامی دووریی لەیل
لایێ تر بۆسۆی دەروونەکەی کەیل
لایێ شەرارەی شەڕ و شۆر و جەنگ
لایێ تر ناڵە و بۆسۆی دڵەی تەنگ
لایێ تر گرمەی تۆپ و تەیارە
لایێ جێماویم لەو تاکە یارە
لایێ خەمی خۆم بۆ مەینەتباریم
بە دەس ناسۆری دەردەکەی کاریم
لایێ دواکەوتووی قافڵەی یاران
بەرەو مەنزڵگای قیبلەی نازاران
لایێ شەرمەندەی کۆڕی مەیخانە
لایێ گیرۆدەی داوی بتخانە
لایێ بێکەسیم بێ دۆس بێ ڕەفیق
بڵێسەی ئاهم بوو بە مەنجەنیق
هاکە گشت گیانم سووتابوو بە تۆز
ئێوە و خوداتان یارانی دڵسۆز

ئێــوه و قافڵـــەی دوعاتـــان بــۆ کــەی
ها پەیکی ئەجـەل دای لـە تـەپڵی هـەی
وا خەفـــەتباریی کـــاتی تەنیایـــیم
ئـــاگری بـــەردا خـــەرمانی شاییـــم
فیتنـــە و فەرتەنـــەی دەوروبـــەر لایـــێ
ڕەنـــجی ســـاڵانی بـــێ ســـەمەر لایـــێ
هاتیف دای بە گوێم خەوتووی بێ خەبـەر
وا لە کۆشکی نـاز لـەیل ئەچـێـتە دەر
تۆشـــەی غەریـــبیی ئەپێـــچێـتەوە
مـــەر خـــوا بزانـــێ ئـــەو کـــەی دێـــتەوە
هـــەر زوو ئـــەمزانی هـــەر ئـــەبێ وا بـــێ
نابێ دڵ بە لەیل پـڕ بـە مـەیل شـا بـێ
ســـەرم هـەڵـبـڕیی بـــە نـاڵـە و زاریی
پـــەنام بـــرد وەبـــەر لوتـــفەکەی بـاریی
بەڵـــکە ئەمـــجارەش وەك جـاری جـاران
شـــاد بـــێ ( فەنایـــی ) بـــە بـاڵای یـــاران

* * *

## ﴿ شەوی جەژن و شادیی ﴾

سلێمانی - جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٨٩

ئــازیزم ئەمــشەو شــەوی شــایی‌یــە
وا وادەی جــەژن و گــەرن ئــازایی‌یــە
وادەی نیــشاطــی عەیــشی یارانــە
بــەزم و ئاهەنــگی کامگارانــە
بـۆ جورعەنۆشـیی بـادەی مەیلەکـەت
بێـدارن دڵـەی لـە مـەیل کەیلەکـەت
زەمزەمـەی مەسـتی گـرۆی عوشـشاقە
شـەوقی عەشـقی تـۆ زەوقـی ئافاقـە
سەرخۆش و مەدهۆش بـادەی مەسـتانە
نەشـەی پیاڵـە و شـۆری مەیـخانە
وا دای لــە مــەزاق دڵانــی بیمــار
هاتە کـوڵ سینەی عوشـشاقی زامـار
پـڕ جۆش و خـرۆش وەك هـەوری بـەهار
رەعــد ئاســا نــەعرە و ناڵــەناڵی زار
هەریەك بە لەهجێ نەغمەو غەزەلـخوێن
چــاوەڕێی وادەی یــاری دڵــڕفێن
دڵــی دڵــداران مەســت و مــەخموورن
بـە وەعـدەی لیقـای بـاڵات مەسـروورن

شنه و بۆی زولفت وەك میسكی تاتار
با بێ بمالێ رەنگ و بۆی گوڵزار
شەونمی ئارەق گۆنای رەنگینت
با شەرمەزار كا مانگ و پەروینت
با بتكێ لەسەر سەد دڵ بدا ئاو
بۆ ناسۆری عەشق ببێ بە زاخاو
با رەنگین تر بێ دەوری خەیمەگات
با بە تین تر بێ شوعلەی شەوچرات
بۆ رەقس و سۆزی پەروانەكانت
پەڕ و پۆ سووتاو دەمەو بەیانت
شەهیدی ماوای عەشقی جەماڵت
دەم تەڕ لە شەهدی دوو لێوی ئاڵت
دەی تا كەی ئاخر ئاواتەخواز بم
بە هیوای وەسڵ و راز و نیاز بم
دەبا ( فەنایی )ش جارێ لە جاران
ئۆخەی ئۆخەی بێ بەر لە مەزاران

* * *

## « بەرەو گڵكۆی گۆڕ »

هـــامرازان بڵـــێن بـــە لەیلەكـــەی زووم
هەی هاوار هەی داد وا من لـە دەس چـووم
بەرە و مەنزڵـــگای گڵـــكۆی گـۆڕ ئـەڕۆم
چـــاوەڕێی هـــەوای شـــنەی لوتـــفی تـــۆم
دەردێـــــكە دەردی دوا كۆچـــــی خەتـــــەر
بـــە بـــێ دەســـمایە و زەخیـــرەی ســـەفەر
بەم حاڵەش نەفسی ســـەركێش و مـــەغروور
ناچـــێ بـــەلایا باســـی نـــەفخی ســـوور
پـــەردە ئەكێـــشێ بەســـەر ئـــەم باســـە
دایـــم لـــەو باســـە وەك كـــەڕ و كاســـە
تـــا بەكـــەی ئـــازیز داو و كەمەنـــدت
كۆت و زنـجیـــر و دەســـت و پـــێ بەنـدت
مـــەهار كـەی ئەسـپی هـەوای نەفـسانیی
نـەجات بـێ لـە دەس كەیـدی شـەیتانیی
بەڵـــكە ڕۆژێ بـــێ لـــە دەریـــای ڕەحمـــەت
بـە هـۆی نـیم نیگـای تـۆوە بـێ زەحمـەت
وەك تـاوی بـاران یـا بـە نـم نـمـە
تا نـەبووم بـە پەنـد وێنـەی جومـجومە
بێـــتە خـــوار بەســـەر شـــۆرەكاتی لـــەش
تەئسیركاتـە نێـو دڵـەی پـڕ لـە غـەش

لابـــەرێ نوختـــەی بەشـــی شـــەیتانیی
نەشونـمـــا کـــا نوختـــەی ئیمـــانیی
بـــێ بڕانـــەوە لـــە دەریـــای بـــاریی
بـــێ دریـــغ بـــا بـــێ لەســـەردا جـــاریی
بە هـۆی پەیوەنـدیی دەروونـی و رووحیـی
بـــا بگـــا بـــە دڵ نۆبـــەی فتـــووحی
پەخـشان بـێ بەسـەر کـۆی لـەطائیفـدا
بـــا بـــەس دوا کـــەون لـــە وەظائیفـــدا
( سُـلْطَانُ الأعْـضَاء ) کـە وا ئەسـیر بـێ
ئـەبێ سوپاشـی بـەم شـێوە گـیر بـێ
حەیفـە پـەروەردەی ژێـر زۆری بـازووت
ڕێـــزەخۆرەکەی تـــازە و کـــۆن و زووت
بـــە دەس دوژمـــنی دز و خۆمـــاڵیی
ئـــاوا بـــەم رەنـــگە بـــشێوێ حـــاڵی
نـە یـار نـە دڵـدار نـە خەمـخۆری خـەم
نـــە تیمـــاری زام بـــە زۆر یـــا بـــە کـــەم
نـــە تـــۆ بـــەی لـــە مـــن ناوبـــەناو نـــاوێ
نـــە ئێـــشی دەروون بـــسرەوێ تـــاوێ
دواکەوتووی خێڵـی مەنزڵـگای مەبەسـت
بـێ مـەزە و بـەزمی بادەکـەی ئەلەسـت
من فەزای سینەم خـاڵیی کـرد لـە غـەیر
بەڵـکە تۆ بـە نـاز جـارێ بیکـەی سـەیر

موو سپی وەك بەفر روو رەش بوو وەك قیر
چاكان لە پیسیی من ئەكەن نەفیر
صەیقەلگای بۆتەی لوتفەكەت بۆ كەی
بۆ ئێستا نەبێ ئەی هیممەت بۆ كەی
خۆ تۆ خۆت داوت بۆ من نایەوە
گشت كەیف و شادیی پێشووم دایەوە
گەر بۆ خەفەت بوو ئەو دان و داوە
خۆ من هیی زووشم هەر وا بەلاوە
سا دڵ بەرد نەبێ و لاشە كۆ كەمەر
چۆن لە ژێر باری ئاوا دێتە دەر
رەنگە وابزانی من نەوەی ( زاڵ )م
خاوەن شمشێر و گورز و مەتاڵم
قەڵا شكێنی سوپای خەمانم
پۆشتەی كەرەسە و تیر و كەوانم
نە بە دیدەی تۆ ئەوەند زەلیلم
وەك مێش بە تاڵی عەنكەبووت دیلم
هەرچەند هەوڵ ئەدەم لە دەست ئەم داوە
رزگار بم زیاتر ئەچمەوە دواوە
رەشەبای مەینەت وای پێچام پێوە
بڕستم بڕا بە دەس ئەو دێوە
دێوی نەفسیشم سەرباری خەمان
دەی بە چی ئەچێ مانم یا نەمان

خـۆ تـۆ لەوسـاوە جیلـوەت دا بـە خـۆت
ئەتـــزانی حـــاڵی گیرۆدەکــەی خــۆت
ئەگـــەر ئەتـــزانی ناگـــەی بـــە دادم
ناگـــەم بـــە لوتکـــەی مـــەیل و مـــورادم
خـۆ مـن تـەپ و دووی خـەمانم ئەوەنـد
لـە دڵمـا جـەم بـوو وەك کـۆی دەماوەنـد
قـــەت ســـاتێ شـــادیم نـــەبوو بـــەلاوە
نـــە بـــۆ ئـــەم دنیـــا نـــە بـــۆ ئـــەولاوە
تـۆش هـاتی خـەمێ تـازەت نایـە سـەر
تا چـەمیی و شـکا بەنـد بەنـدی کەمـەر
خۆ تۆ خۆت فەرمووت تۆ لە هەرکوێ هەی
شـــەرت بـــێ لـــەوێ بم وتم دەی ئۆخـــەی
وا وادەی وەفـــای ئـــازیز بـــەو وادە
گەیـــیشت لەمـــەولا شـــادیی مـــورادە
کـــاتی دڵخۆشـــیی وەســـڵی دڵـــدارە
جەژنـــە بـــەهارە و فەســـڵی گوڵـــزارە
ســـروەی نەســـیمی صـــەفای وەفایـــە
وادەی طلـــووعی صـــوبحـــی لیقایـــە
خـــەرمانی خـــەمان ئـــەدەم بـــەباوە
ئـــەڵێم وەك یـــاران دڵـــم حەســـاوە
وەیشوومەی خەفەت گـۆڕبـە گـۆڕ ئەکـەم
بـە شـادیی وەسڵت کۆچـی گـۆڕ ئەکـەم

بێ خەم بێ خەفەت لەو خەڵوەتگایە
سەر ئەنێمەوە و بەسمە تۆم لایە
کەچی وەك مروور دارۆغەی شاران
هەر چاوەچاومە صوبح و ئێواران
نەمدی وادەکەی فەرمووت بێتەجێ
بۆ ئێستا نەبێ ئازیز بۆ کەی بێ
تۆ خۆت ئەتوانی بە گۆشەی چاوێ
سارێژ کەی زامم زۆری پێ ناوێ
یا با بە مەیلت دڵنیا بم چاك
یا بە ناکامیی سەر نێمە سەر خاك
کەم چاوەڕوانی ئەمڕۆ و فەردا بم
لە ژێر باری خەم وێنەی هەودا بم
وادیارە بەختی خەوتووی چەند ساڵەم
هەڵناسێ لە خەو بۆیە بەم حاڵەم
دەسا (فەنایی) با بەس بێ هاوار
کە ئاهوناڵەی تۆ نەگا بە یار

* * *

# بەشی هەورامی

## « عەرزوحاڵ »

لە ساڵی ( ١٩٨٢ ز )دا دۆستی خۆشەویستم جەنابی حاجی قادری نایب ضابط لە لایەن حکومەتی بەعسەوە لە سلێمانی گیرابوو ، بەو هۆیەوە ئەم پارچە شیعرەم نووسی بۆ خزمەت جەنابی شێخ مەولانای برای حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) کە دوعای نەجاتی بۆ بفەرموێ ، چونکە لەو کاتەدا حەزرەتی پیر لەم وڵاتە نەبوو ، جا چەند شیعرێکم بە کوردیی نووسی و زەوقم کەوتە سەر هەورامیی و بە زمانی هەورامیی غەزەلەکەم تەواو کرد .

سلێمانی - ساڵی ١٩٨٢

ئەی نامە نامەرد ئەدەب بنوێنە
ئەی قەڵەم لە شەرم سەرت بشکێنە
عەرزوحاڵێکە بۆ لای مەولاکەم
مەولا کام مەولا ! مەولای مەولاکەم
هۆشت بێ نەکەی بیکەی بە قاڵە
من کە زمانم لەلای ئەو لاڵە
بۆیە تۆ ئەکەم بە وەکیل نامە
خۆم شێوەی ئەدەب نازانم کامە
عەرزوحاڵەکەم ئەزانی چی یە ؟
وەزع و حاڵەکەی دیلیی حاجی یە
تۆ بە زەلیلیی عەرزی مەولاکە
واچە کۆن حاجی بەرەی مەولاکە ؟

خـۆ ئادیـــچ چـون تـۆ نانـەوەرێ بـی
پـەی ئـا یاناتـا هـەرمان بـەرێ بـی
حەیفـەن پـی جـۆرە مـەنۆوە خـەمگین
بەشـکە فـەرماوی پـا برالـەو ئـەمین
خەمێـــوەش وەرۆ جـە هـەر دەرێ بـۆ
بـەش ئینـە خـوان چارەسـەرێ بـۆ
ئەگـــەر وەســـیلەن ئینــە وەســیلە
ئەگـــەر فەزیلـــەن لاو تـــۆن فەزیلـــە
هـەر چێـــوێ وێـــتا بـە خاســتا زانـا
ئیمـداد ئیـستیمداد هانـا سـەد هانـا
پەی بازوی هیممەت جیلگەو خواناسـان
گـرد چـیوێ لاشـا بەسـیتە و ئاسـان
واچـە (فەنایـی) پـێـسـەو گـەدایـێ
پـەی ئـاد و پـەی وێـش وازۆ دوعایـێ

* * *

## ﴿ کارەبای دڵ ﴾

لە کاتێکدا کە حەزرەتی پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) کارەبای بۆ ( مەحمودئاوا ) رائەکێشا و ئاوەدانی ئەکردەوە ، منیش بەو هۆیەوە ئەم پارچە هۆنراوەیەم نووسی .

مەحمودئاوا - ساڵی ١٩٦٠

چی وەختە من دیم کارەبا ئاما
پەی ( مەحمودئاوا )ی کزەش دا زاما
واتم بە دڵو وێم چی مەلوولەنی
ماچی خنیکیای گەردەلوولەنی
واتش چێش کەروو چێش واچوو وەتۆ
خەمان جەم بیەن نە دەورم کۆکۆ
من پێسەو کۆکەن رەنجم شی هەدەر
شاو سۆسەن خاڵا مەیلێوەش نەکەر
نەدان گڵۆپێ رۆشن پڕ جە نوور
جە کارەبای دڵ شازادەی مەنصوور
پەی یانەی تاریک دڵەی پڕ جە دەرد
چی حەیفت ئاما لوتفێوەت نەکەرد
جە فاز و نووری سەرد و گەرمی مەیل
پەی دڵەی حەزین جە زووخاوان کەیل
با نە تۆتۆکەش بدیۆ پەی چەمات
وینۆ شۆڵەکەت چی یانەو خەمات

سا بدیه ئازیز ئا چڵ و چێوه
هەر یۆ پێسەو مەن نیانش پێوه
مەبۆ چەنیی بۆ رێك گنۆ پێسه
چراو مەیلو تۆ نەدۆ بڵێسه
چەنیی بۆ شۆڵەش نەیاوۆ پەنەم
نەسۆچنۆ کۆگای زووخاوان وەنەم
مەر بۆ مەکینەو عەشقی دڵدارا
کەمتەر بۆ جە هێز کارەباو شارا
سا قوربان پەی چێش رشتەو مەیلەکەت
نەکێشان پەی دڵ جە مەیل کەیلەکەت
پەی رۆچنایی دڵەی تار و تەنگ
ماچی هەر بەوشا واتەن شەوەزەنگ
سەربارو ئینەیچ پڕ جە ئازاوه
پەی چێش مەیلێوەت نەکەرد پیلاوه
تا دڵ پێسەو مۆم تاوۆ وە هەمدا
ئەسرینا رێزۆ نە چاوەی چەمدا
پەی ئینەی تۆ بای من بام چەنیی تۆ
کەرمێش مەنزڵگاو رازی شەو و رۆ
بەش چا مەکینەو کارخانەو غەیبیی
چا شۆڵەنماو بەزمی لاڕەیبیی
تەنیا گڵۆپێ بکێشی وەنەم
بنمانی شێوەو وەفای وێت پەنەم

بــا واچــا بــدیــا یــانــەو ( فەنایــی )
شــۆڵــە مــەشــانــۆ جــە رۆشــنــایــی
بــا نــەوەر شۆڵــەو شەوچــرای بــێ دووت
موتــالاّ کــەروون خــەت و خاڵــی رووت
با جە عیلمی عەشــق نەمــەنۆم سەرســام
وە هــیــچ بەرنەشــۆ دەرس و موتــالاّم
ئازیــز گیان چــێگە قیــل و قــال چــکۆن
پەی یاوای وەتــۆ شــەرتش مــەیلو تــۆن
بــا مــن هــەر واچــوو دڵــم دان پەنــەت
بێ سوودەن ئــەر تــۆ گــران بــۆ وەنــەت
بــا مــن هــەر واچــوو رێــزەخۆرەنا
دڵ پــڕ جــە ئــیخلاس شــەوق و شــۆرەنا
ئەر تــۆ نەواچــی یــە زەحمــەت کێــشەن
قبــووڵم کــەردەن مــن چــارم چێــشەن
دەی بــا ( فەنایــی )ش پێسەو هــەوالاّن
رەنــجو غەریــبیش نــەلا وە تــالاّن

* * *

# « دڵەی کۆسکەوتەم »

لە کاتێکدا کە بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە بۆ ماوەی ( ١٨ ) شەو لە نەخۆشخانەی ( جەڕاح پاشا ) لە شاری ئەستەمبووڵ ، کەوتبووم ، کە نەشتەرگەریی ( قەستەرە ) و موعالەجاتی تریان بۆ کردم ، شەوێکیان لە بێ تاقەتیی خۆم ئەم هەڵبەستە هات بە خەیاڵما و نووسیم .

ئەستەمبووڵ - ساڵی ١٩٩٥

دڵــە هۆرکێــشە هەناسـانی سـەرد
جە کـوورەی سینەی پــڕ جـە داخ و دەرد
دڵەی کۆسکەوتەم پەی چێش پاسەت کەرد
وێت کەرد وە مەجنون وێڵـی هەرداوهـەرد
نــە پــای بێستون پــەی شیرین خـاڵان
سـەرمایەو وەشـیت گـرد دان وە تـاڵان
دڵــە واتم پـێت تــۆ فــەرهادەنی
نــەیاوای وە کــام رەنــج بــەربادەنی
دڵــە واتم پـێت تـۆ چـون سیامەند
پەی ساتێ دیدار چی وێت کـەرد وە پەنـد
مـەر تـۆش تـەمادار وەسـڵو یـارەنی ؟
پاسە وێڵـگەردی کووچــە و شـارەنی
دڵــە واتم پـێت عەشـقی نـازداران
بــەرۆ وە تــاڵان عەیـشی دڵـداران

دڵــــە واتم پـــێت مـــەر مەجنوونـــەنی ؟
پـەی مەیلەکـەی لـەیل تـۆ مەفتوونـەنی
دڵـە سـا پـەی چێـش زەلیـل کەوتـەنی
ماچـــیی ئامـــادەی لـــوای مەوتـــەنی
دڵـە تـۆ پـەی چێش پاسـەت سـەر ئامـا
جـە باخـچەی وەشـیی ریشەت بـەر ئامـا
ئاخر تۆ جە کـۆ و ئەسـتەمبووڵ جـە کـۆ
ئەگەر لەیل نەبان نیشتەو ( خادم کـۆ ) [1]
بێ هەمدەم بێکەس غـەریب کەوتـە وێـت
جـە بێکەسـیی وێـت دڵ نەسـرەوتە وێـت
دەی واچـە پەنـەم ئینـا لـەیل جـە کـۆن
لا کـــــەرۆ وەلات غـــــەمێوەت وەرۆن
دڵـــە واتم پـــێت جـــەفاو نـــازاران
خەیلـێ فێـشتەرەن جـە گەسـتەی مـاران
ئەگـەر تـۆ هـەوای لـەیل ئینـا سـەرت
مـشۆ هۆرکـەری چـل چـەمەی سـەرت
مـشۆ تـۆ شـۆری گـشت ئـازات وە هـوون
جـە سەرچـەمەی دڵ جـە نـاخی دەروون
دڵـــە تـــۆ بدیـــە ســـەیرەن تەماشـــان !
کـەی دەواو دەردت نـە ( جـەڕاح پاشـا )ن

---

[1] خادم کۆ : ناوی گوندێـکە کە نزیکەی ( ٤٥ ) کیلۆمـەتر لـە شـاری ئەستەمبووڵەوە دوورە . ( هۆنەر )

هەر یۆ جە لایێ وێش طەبیب زانۆ
جە هیچ نەزانیش پاسە منمانۆ
یۆ وە شرینقە و وە شەربەتی تاڵ
یۆ وە (قەستەرە)ی[1] بێ خەبەر جە حاڵ
پێسەو قەصابا وە تیغ و نشتەر
نەزان بێ عەدەب یۆ جە یۆ فێشتەر
ئاخر چێش واچوو دڵەی دیل کەوتەم
شەوان تا وە رۆ ساتێ نەسرەوتەم
دڵە مەر دلبەر چێشش خەیاڵەن
تۆ پاسە چێگە حاڵت بەدحاڵەن
ئاخۆم هەناسەو مەسیحاش جە کۆن ؟
مەر وێش مەزانۆ دەواو تۆ جە کۆن
دڵە تۆ ژەنگی قەسوەت دان وەنەت
بارو عیصیانان پاسەش کەرد پەنەت
جە سەر تا وە پا سیا کۆتەنی
ئەجیای کۆتەو کۆی عیصیان سۆتەنی
دەی ئاخر چەنیی چی خەستەخانا
دەواو ئیی دەردا پەنەت مەنمانا
دڵە واتم پێت زامت نادیار
بێ سوودەن پەی تۆ خەستەخانەی شار

---

[1] قەستەرە : جۆرە نەشتەرگەرییەکە بۆ دڵی مرۆڤی نەخۆش ئەنجام ئەدرێت . ( ئامادەکار )

تــا لــەیل وە رەحمــەت لا نــەکا وە لات
نەسـیمی زولــفش پـێـسەو وای سـەبات
نــەیۆ نــە ســەردا نــەدۆ وە دەمــاغ
چون عەتری شـەوبۆی نـۆ گـولان نـە بـاغ
چــەنیی سارێــژ بــۆ زامــو دەروونــت
چــەنیی گــرد ئــازای زار و زەبوونــت
دلــە هــەر ســەبرەن دەواو ئیــی زامــا
بــەڵ رویێ واچــا ئینــا لــەیل ئامــا
پـێـسەو بیمــارا هۆرکێــشی ئاهــێ
جــە نیمــە شــەوێ یــا ســەحەرگاهێ
بەشکەم (فەنایــی) لـەیل گێڵـۆ دمـاوە
لا کــەرۆ وە لات وە نــیم نیگــاوە

* * *

# ﴿ میرزای شیرینم ﴾

ئەم هۆنراوەیەم لە وەڵامی نامە و غەزەلێکی برای خۆشەویست : مەلا محمد أمین ( میرزای هەورامی )دا نووسی کە خاوەنی دیوانی ( سەوزەی کۆساڵان )ە .

هەولێر - ساڵی ٢٠٠١

سڵاو سەد سڵاو دۆسی دێرینم
فەرەح بەخشی دڵ میرزای شیرینم
( عَلَيْكَ السَّلَام ) قەتار وە قەتار
چەنیی تاسەی دڵ وە دیداری یار
سارا بە سارا کۆ بە کۆ نەسیم
با وەرۆ وەلات نەبۆش تەرس و بیم
نەواچی میرزا جە لاو دڵداران
ویرشی یەن یادش جە رۆزگاران
وای سەبات ئاما چەنیی نازاران
مۆژدەو وەشیی تۆش یاونا وە یاران
وەش ئاما سەبا سەر دیدەو چەمام
داش وە هەرداوهەرد کۆمەڵگای خەمام
تۆش هەر وەشیت بۆ پێسەو کامگاران
وە یادت گنۆ غەریباو شاران
هەرچەند من ئازام چون گەستەو ماران
زامەوزام کەوتەن هانا هەی یاران

غیرەت پەی چێشی دەی دوعا پەی کەی
نامەو هیجرانان تا کەی مەبۆ تەی
دڵەی کۆسکەوتەم نە کەیەن نە جەم
چی غەمو دنیای نە تۆش بیەن جەم
مەر من کۆساڵان یا تەختو سانیم
یاخۆ کۆی ئارێز راو کوردستانیم
ئی بارو خەما چەنیی بەربەروو
سا مەر دمای لەیل منیچ کۆچ کەروو
پەی مەنزڵ سەرای گڵکۆی مەزاران
بەروو چەنیی وێم مەیلو نازاران
مەزانوو فەلەك چێشش ئاواتەن
حاڵەتو مەرگین یاخۆ خەڵاتەن
( فەنایی ) شادیش نەمەنەن لاوە
ها دیات ئێدیش بارگەش پێچاوە

## ﴿ رۆڵەی وەش کەلام ﴾

لە وەڵامی نامە و پارچە شیعرێکی کاکە مەلا صاحێبدا نووسیم
هەولێر - ساڵی ٢٠٠٣

نە تۆی نامەدا مەکیانوو سەلام
پەی صاحیب کیانی رۆڵەی وەش کەلام
پەی یادگاری غەریبی شارا
یارەب هەر وەش بی پەی وەفادارا

نامەکەت یاوان پەی دەفعی غەمام
تۆ نەوینی غەم گلێنەو چەمام
خەیلێ تەئسیرش دا وە زامی دڵ
دڵ پێسەو قازان قوڵش دا نە قوڵ
چون دەریای موحیط مەوجش دان وە هەم
یادش کەوتەوە وەشیی دەوری شەم
کام شەم ! کە شۆڵەش دان وە دنیادا
نوورش پەخشان کەرد جە کۆ و سەحرادا
هەرکەس بەشو وێش بەهرەش گێرت وەنەش
نەسیمەو سەبای لەیل یاوا پەنەش
مەر یۆ پێسەو من دوورکەوتەی وڵات
ماچیی خەرمانەو خەمشا دان خەڵات
کام خەرمان ! کۆکۆ چون تەختی سانی
هەم چون کۆساڵان لاو هەورامانی
پێسەو ژاڵانە و قوللەی پیر رۆستەم
خەم جە بانی خەم پاڵش دان وە هەم
ماچیی بە قورقوشم زاخاواش دریان
هومێد و وەشیم جە هەرلا بڕیان
هەرکەس کەسێوەش پەی وەشیی دەروون
هەن بەس من نەبۆ دەروون پڕ جە هوون
کۆچی لەیل ئازیز کارێش کەرد پەنەم
تالاوی مەرگش نیشان دا وەنەم

وەشــڵەم پــا کەســا کۆچـــو لواشــا کـــەرد
بەر جــە کۆچــی لــەیل ماڵــئاواشا کـــەرد
سەرشــا نــان وە بــان ســەنگی مــەزارا
نەدیەنـــشا وە چـــەم کۆچـــو نـــازارا
مـــن دمـــای دڵبـــەر شـــەرتێوەم کـــەردەن
نـــەوینوو شـــادیی تـــا وە رۆی مـــەردەن
مـــن کـــە چـــل چـــرای دڵ گـــوم بـــی وەنـــەم
زەمـــین تـــا ســـەما بـــی وە تـــەم و خـــەم
ئەجیام پەی لەیلم یـاران چـون مـەجنوون
مـــدان وە هـــەردا گـــرد مـــەبان مـــەفتوون
دەس کـــەرا ملـــو وێـــتەری بـــە شـــین
تـــا وە ئەســـرینان زەمـــین کـــەرا شـــین
نـــەزانام هـــەر یـــۆ پـــەی وێـــش مـــەوانۆ
هـــەردەم کۆچـــی لـــەیل پەنـــەم منمـــانۆ
جـــە بێوەفـــایـی یـــاران ( فەنایـــی )
مـــەناڵۆ پـــەی وێـــش تـــا کـــۆچ دمـــایـــی

* * *

# ﴿ چوارینەکان ﴾

ئەم شیعرەشم هەر بۆ سەر یەکێك لە وێـنەکانی خۆم نووسیوە

وێـنەکەم شـینی فیراقـی یـار ئـەکا
دیمەنی هـەر بۆیـە ئـاوا دیـار ئـەکا
داخی شـێواویی گـەل و خـاکی وڵات
وەك غەمی لەیلە و لە دڵما کار ئەکا

* * *

ئەم شیعرەی خوارەوەم بۆ سەر یەکێك لـە وێنـەکانی حـەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) نووسی .

ئەم وێنە کە بێ‌وێنەیە ئەمڕۆ بە حەقیقـەت
زاتێکە طـەبیبـی دڵـە شـابازی طـەریقـەت
عوسمانی عەلا یـەعنی سـیراجی دڵ و دینـە
شایستەیی ئیرشادە لەسەر نەهجی شەریعەت

* * *

ئەم شیعرەشم بۆ سەر یەکێك لە وێنەکانی خۆم نووسی کە لە خزمەت حەزرەتی پیردا ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) گرتم لە ئەستەمبووڵ .

برِوانە وێنەی پیریی و پیرەکەم
تا هەم ئەو رۆژە چۆن لە بیر ئەکەم
دەسەو داوێنم بۆ سەرای مەحشەر
نەك بۆ دنیای دوون رۆڵە ژیرەکەم

❊ ❊ ❊

تیری تۆ سیلەی چاوی بازتە
بۆ صەیدی دلاّن غەمزە و نازتە
قووتی رۆحەکەی ( فەنایی ) لەیلم
بەزمی مەیخانە و گەنجی رازتە

❊ ❊ ❊

جەنابی ( پێشەوا قازی ) و خەباتی
رەوا بوو بۆ گەل و خاکی ولاّتی
لەپێناوی ولاّت و ئارەزووی گەل
سەری دانا هەتا گەل بێ نەجاتی

❊ ❊ ❊

## ﴿ تاكه‌كان ﴾

گوڵ بـه نـازی پەنجـه زولفـی کـاڵ و خـاوی بائـەدا
وەك بڵێی باكەی سەبایە و تـۆزی غـەم بـەربا ئـەدا

❊ ❊ ❊

لـه دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٥٨ - ١٩٥٩ زاینـیدا لـــه بیـاره رۆژێك لـه كاتی جوابدانەوەی خەڵك لـه موناسـەبەیەكدا حـەزرەتی پـیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ ) فەرمووی : تۆ ئەزانی کاغـەز و نامـەی نهێنیـی به ژماره بنووسی ؟ عەرزم کرد : نەخێر ، فـەرمووی : دەی بـا پێـت بڵێم ، بەم شیعره فارسی‌یه به ئاسانیی فێری ئەبیت :

آحاد مـی نرسـد لیـك میرسـد عـشرات
مآت میگـذرد ألْف خم شود سوی راست

منیش شیعره فارسی‌یه‌كەم کرد به شیعرێکی کوردیی بۆ برای کورد لـه کـاتی پێویـستدا ئـەتوانێ شـتی نهێنیـی پـێ بنووسـێ بۆ برادەرێکی خۆی :

تاكه‌كان ناگەن به خەت ئـەمما سـەدانی پـێ دەگـات
وەك هەزاریش پێ دەگات و دەردەچێ ملكەچ به راست

❊ ❊ ❊

زولفی لوولت کە وەکو شەقڵە لەسەر خەرمـەنی رووت
قەوس و سەهمێکە لە دڵ نەك بە وەتر بەڵـکو بە جووت

❊ ❊ ❊

ئـەم تاکـە شـیعرەم بـۆ نازنـاوی شـیعری عابیـدی کـوڕم دانـا کە زەوقێکی جوانی هەیە لە شیعردا و نازناوەکەی ( شەیدا )یە .

لە عەشقی تۆوەیە ( شەیدا )یـە بێـدەنگ
لە دووریت بۆیە تێکچوو دیمـەن و رەنـگ

❊ ❊ ❊

هەر کە زانیم من کەمەندکێشی دو زولفی کاڵی تۆم
تازە دەستم شت لە ژین و شەوق و شادی و حاڵی خۆم

❊ ❊ ❊

کە رەنگی تۆ دەبینم رەنگی مـردن دێـتە بەرچـاوم
وەتەن داخت لە دڵما شـینە تـا لـەم ژینـەدا مـاوم

❊ ❊ ❊

هەرکەسێ گەنجێکی بوو رووی کردە میـسری گوڵڕوخـان
بەم کەلاُفەی بێبـەها مـن چـی و کڕینـی گوڵڕوخـان !

❊ ❊ ❊

له یاریی عەشقبازیی‌دا سەرم وەك گۆ لە مەیدانە
حەواڵەی دەست و بازووتە مەفەرموو جورمە ، ئیحسانە

* * *

بە دڵ غولامی ئەو کەسەم کە دڵ دەبا بە ئەو قەسەم
دەوایە دەردی ئەو کەسەم شەهیدە سەر بە دارەوە

* * *

سەبا قوربانە بێ‌عوزر و بەهانە
بڕۆ سەر هەڵگرە لەو ئاستانە

* * *

ئەم شیعرەم نووسی بۆ سەر مەرقەدی پیرانی نەقشبەندی لە بیارە

مەزاری شێرە مەردانی بیارە و ئالی عوسمانی
ضیاء الدّین و نجم الدّین ، علاء الدّینی عوسمانی

* * *

بۆ پاسی دەری قاپی‌یەکەت چاکە ( فەنایی )
ئاواتی دەروونە بە خودا نەك بە ریایی

* * *

لەسەر ئەم بەزمە تا ماوە سەرم سەرگەرمی سەوداتە
دڵم وێرانە لەم دەورە و هەناسەی سەردی بێ‌تۆیی

* * *

# بەشی فارسی

## « راه فنا »

مـــرا بـــا تـــو ســـر و کاریـــست یـــارا
چـــه دانم بـــا کـــه بنمـــایم مـــدارا
سر انـــدر زیـــر پایـــت خـــاك ره شـــد
ازیـــن شـــد بـــر همـــه کـــس آشـــکارا
بهر ســـوی جهـــان راهـــی کـــه افتـــاد
گزیـــدم در همـــه عـــالم شمـــارا
ز خود بگـــذشـــتم اوّل در ره عـــشق
کـــه بلکـــه بیـــنم از او مـــن وفـــارا
بـــدام نفـــس افتـــادم از آن پـــس
ندیـــدم زیـــن ســـبب راه وفـــارا
علـــَی رغـــم عـــدو ای جـــان باشـــد
صـــبوری گـــر دهنـــد ملـــك بقـــارا
اگـــر نیـــك و اگـــر بـــد عنـــصرستم
چـــه بایـــد کـــرد بـــا تـــقدیر مـــارا
فلـــك دامـــی نهـــاد انـــدر ره مـــا
( فنـــائی ) زیـــن رود راه فـــنـــارا

❊ ❊ ❊

## ﴿ تخميس بر غزل شيخ سعدى ﴾[1]

ای جان جانان تا بکی این ننگ بی فرجام را
تا کی ز هجرانش کشم بار غم ایّام را
بدرود جان گفتن بسی بهتر ز نقد خام را
( برخیز تا یکسو نهم این دلق ازرق فام را
بر باد قلاّشی دهیم این شرك تقوی نام را )

اوقات ناهنجار ما هردم بسستی میرود
این نجم نحس طالعم از بام پستی میرود
یار وفادارم کجا تا نقد هستی میرود
( هر ساعت از نو قبلهء با بت پرستی میرود
توحید بر ما عرضه کن تا بشکنم اصنام را )

* * *

---

[1] این چند شعر بعد از وفات مرحوم والدم ( فنائی ) در پارچه کاغذی به نظرم افتاد که قصد تخمیس یکی از غزلهای شیخ سعدی کرده است لیکن متأسّفانه غیر از تخمیس این دو شعر باقیش تمام نکرده ، ولی من به امانت ( کما هُو ) در اینجا درجش میکنم . ( آماده‌کار )

# ﴿ برق رُخ ﴾

ای کـه بـر عـالم زده خورشـید رویـت تـاب را
همـچو یوسـف بـرده از دلهـا قـرار و تـاب را
آتـش عـشقت چـنان افتـاده انـدر انجمـن
برده از مستان همـه خـورد و شـراب و خـواب را
رونـق بـازار جـلاّدان شکـستن کـار کیـست ؟
تیـغ ابـرو تـیر مـژگان و کـف خـضّاب را
مـرغ جـان در ایـن صـفاگاه حـضور دوسـتان
کی بود روزی کنـد زیـن بـاب ( دقُّ البـاب )را ؟
تـا چـو بلبـل برکـشد بـر بـرگ گُـل آه از درون
در حـریم آسـتان آن گُـل کـم یـاب را
تـا زنـد بـرق رخـت بـر ملـك دل در نـیم شـب
شـعله‌ور گـردد همـی ایـن کرمـك شـب تـاب را
دل بـدام حلقـهء زلفـت چـنان پـیچیده شـد
فصل و وصـلت را از آن فهمید فـصل و بـاب را
در مطـوّل زلـف عنـبر بیـز تـو یـا مـختـصر
جعـد کاکولـت بـر آن رخـسار چـون مهتـاب را
در بیابـان فراقـت جـان بلـب آمـد همـی
تـشنه لـب آری نمـی فهمـد سـراب از آب را
کـاش بـر مـا میـزدی خورشـید رویـت پرتـوی
مرده‌گـان را بـاز بنمـودی شـراب نـاب را

تـا ز عـشقت بـا ملـك مـستانه آيـد در كـلام
هـان ( فنـائی ) گـه روا باشـد مـلاذ البـاب را

## ﴿ تخميس بر غزل حافظ شيرازی ﴾

روی بنمـا جـان مـن بـر روی والا ميرمـت
صف شكن كن لاف را بـر زلـف و سيما ميرمـت
چـون گـدای بـی‌نـوا بـر خـوان يغمـا ميرمـت
( پـير من خـوش مـيروی كانـدر سـراپا ميرمـت
ترك من خوش ميخرامـی پـيش بـالا ميرمـت )

جـان بـرای جـان فـشانی مايـل تـسويل نيـست
صيد دامت گـشته جانـا طالـب تنكيـل نيـست
خامـهء دسـت قـضارا بهـر مـا تبـديل نيـست
( گفته بودی كی بمـيری پـيش من تعجيل نيـست
خوش تـقاضـا ميكنی پـيش تـقاضـا ميرمـت )

كس توان گفـتن مـرا آن دلـبر بـاقی كجـا اسـت
آتـش افـروز دل و آن جرعـهء بـاقی كجـا اسـت
تـشنهء دشـت فـراقم كـوثر بـاقی كجـا اسـت
( عـاشق مهجور و مخمورم بت سـاقی كجـا اسـت
گو خرامان شو كه پـيش قـدّ رعنـا ميرمـت )

من که دست افشان ز دنیا واله و شیدای تو
زار مینالم ز عالم تا شدم ریسوای تو
در درون سینه آتش زد همه غوغای تو
( اینکه عمری شد که تا بیمارم از سودای تو
گو نگاهی کن که پیش چشم شهلا میرمت )

کعبهء شمس رخت شد قبله‌گاه جان ما
غنچهء تنگ دهانت میدهد صد خون بها
طرّهء زلف کچت گه نیش دارد گه شفا
( گفتهء لعل لبت هم درد بخشم هم دوا
گاه پیش درد و گه پیش مداوا میرمت )

خوش به سامان میبری دل را به دو بازوی زور
واژگون بخت است جانا آنکه از کوی تو دور
شکر لله تا رهم افتاد اندر کوی طور
( خوش خرامان میروی چشم بد از روی تو دور
دارم اندر سر خیال آنکه در پا میرمت )

گرچه مارا ره بسوی گوهر لعل تو نیست
یاد خاطر خواه ما در خاطر و میل تو نیست
تا نه‌پنداری ( فنائی ) در صف خیل تو نیست
( گرچه جای ( حافظ ) اندر خلوت وصل تو نیست
ای همه جای تو خوش پیش همه جا میرمت )

## فرد از حضرت پیر ( قُدِّسَ سِرُّهُ )

## به بنده :

به هر منزل که جان من در آنجا است
تنم اینجا و جان من در آنجا است

## ﴿ جواب حضرتش به این غزل از بنده ﴾

شها جانت به کنج دل نهان است
ولی اینجا نه جای جان جان است
که بس ویران و تاریك و پریشان
پر از آشوب و درد دلبران است
سرت گردم بیا در دیده جا کن
که جای دلربا و مهوشان است
چه دیده دیدهء دل کین دو دیده
ز هر سویش دو جوی خون روان است
نه در خور باشد اینجا مر نگاری
که او شمع شبستان جهان است
نشاید جای معشوقان به جائی
که هردم چشم بدخواهان بدان است
سگی را جای پا بر این دو دیده
که او گه‌گه سر کویت روان است

ترا با دیده‌ء دل هست نسبت
که اورا با تو صد راز نهان است
رقیب آن به نباشد با خبر زین
همان جا دور تر بهتر همان است
همانا دیده‌ء دل جای جان است
که او هردم نهان اندر نهان است
اگرچه هر کجا باشد نباشد
نهان آنجا که خورشید جهان است
رقیب از پرتو رویت چو خفّاش
به کنج آشیان بی‌نشان است
خدارا شکر این نعمت چه گویم
که زلفینت حجاب این و آن است
ز روی لطف فرمودی نگارا
بهر منزل که جان من در آن است
تنم این جا ولی جان من آنجا است
خوشا این دم که در دل جای جان است
ولی زین ظلمت دل در شگفتم
که شمع مجلس خوبان در آن است
وجود شمع جمع و منزل تار
خلاف حکمت دانشوران است
دمی خوشتر جمالت را جلا ده
که صد مشکل به راه رهروان است

ز حـــال خویـــشم انـــدر تنگنـــائی
چه گـویم آنـچه بـر دلـبر عیـان است
گـــره انـــدر گـــره افتـــاده کـــارم
کـه گـوئی مرکـز جـور زمـان اسـت
عجـــب از بوالعجـــب آمـــد حدیثـــم
که یـارم در بـر و بـر مـن نهـان اسـت
کمـــال خرّمـــی باشـــد در ایـــن دم
کـــه مـــأوایم حـــریم گُلرخـــان اســـت
گهـی هَـیْ کـن بـه محمـل کانـدرین ره
( فنـائی ) هـم طفیـل کـاروان اسـت

* * *

## ﴿ مَی در عالم عشّاق ﴾

آنچه در عالـم عشّاق بـه مَـی مـشهور اسـت
از خلل خالـی و از مستی و یغمـا دور اسـت
یعنی هوشدار مپنـدار کـه ایـن بـادهء نـاب
شـــیرهء آب رز و دانــــهء از انگـــور اســـت
این ز سرچشمهء منشور الَسْت آمـده اسـت
نور توحید در این باده به حـقّ مـستور اسـت
زیـن سـبب عاشـق اگـر تـا دم فـردای ابـد
مست و مدهوش شود سالك ره معـذور اسـت
مست انگور چـه دانـد کـه در آن بوالهوســی
از سراپای بـدن غـرق و بـدان مغـرور اسـت
بـــادهنوش در میخانـــــهء اربـــاب نظـــر
نزد این بوالهوسان سـاده دل و منفـور اسـت
بی‌گمان عکس همین عکس همین خواهد بـود
کان به چشم کرم و وین به غضب منظور است
حـاش لله در ایــن بـاده اگــر غــش باشــد
همچنین حاش اگـر ذرّه در ایـن از نـور اسـت
بوالهوس گر به غلط رفته در این بحث و قیاس
تا ( فنائی ) چه کند کو به حقیقت کور اسـت

* * *

## ﴿ از سراپرده‌ء ناز ﴾

ای صنم شانه مزن یاسمن گیسویت
تا نریزند چو زنجیر سیه بر رویت
گو نه‌پوشند ز من خرمن خورشید رخت
از ره دور گدا آمده اندر کویت
عرض و حال دل من بشنو و از ناله بترس
آه دل تیر دعا راه نیابد سویت
طاق محراب زدی بر قمر سیمایت
دور از چشم بدت پیچ و خم ابرویت
پرده از خال رخت دور نگهدار دمی
تا کشم آه و زنم آتشی در هندویت
بو که از مجمر گُلنار جمال تو رسد
به مشام دل پر سوز و گدازم بویت
تکیه بر حُسن خدادادیت ای دوست بس است
ناز بر چرخ زده چشم سیه جادویت
از سراپرده‌ء ناز ار بنوازی چو منی
جان فیدای دهنت دل بکمند مویت
گر به تیغم زنی ای دوست ( فنائی ) گوید
تن ناچیز کنم فدیه بر آن بازویت

* * *

## ﴿ رخسار ماهتاب ﴾

در جواب دوست محترم جناب شیخ عبدالرّؤوف بیژوهء نویشته شده

سلیمانیّه - سال ۱۹۹۳

در خاك موطن ما هر روزه آفتابی است
در ظلمت شبانگاه رخسار ماهتابی است
زان روز طوف طوفان سر زد بسوی عالم
بنگر که جودئی ما فرّخ ترین مآبی است
نوح نجات مارا در شهر عاشقان بین
یعنی ( جزیر بوتان ) در لحد نیمه خوابی است
زانگاه باد پای عزمم مسخّر آمد
دیدم خیال و دل را هر لحظهء شتابی است
بهر زیارت دوست در انزوای غربت
در عالم نهانی مشغول انقلابی است
در (باتیکو)ی ترکان غیر از مقام جانان
هرجا که پا نهادم بحریست یا سرابی است
تا دست قدرت حقّ کی میرسد بدادش
زانجا که سرّ حکمت در پردهء نقابی است
بر فهرس مطالع هر جا کنی نگاهی
بینی که کوکب سعد اینجا است در حجابی است
دست ازل که جودش بر مهر دوم آمد
حمدش کجا توان کرد آن کس که چون جُنابی است

گُلـهای زنـده‌گی را در خـاك مـا تـوان یافـت
دل زنـدگان ماینـد از هـر گُلـی گُلابـی اسـت
شمـس جهـان دانـش هرگـه کنـد طلـوعـی
از ابن حاجبـیها دانـی کـه صـد جنـابی اسـت
در علـم ورع و تـقوا تـأریخ را ورق زن
بـینی کـه در حقیقـت ألبـاب یـا لبـابی اسـت
در بـُرکه کـوثـر مـا آب وضـو کجـا شـد
افـسوس از اکالیـب هـر لحظـه منجلابـی اسـت
حتّـی بـه قـول اعـدا مـا بـاغ خلـد داریـم
در زیـر سـایهء بـوم ویرانـه یـا خرابـی اسـت
از جان و دل ( فنـائی ) خواهـد کـه بینـد آخـر
هر یـك ز دشمنـانش در گـردنش طنـابـی اسـت

## « نسیمی از بغداد »

داد از این حیله‌گر دهـر کـه او چـون زاد اسـت
کـه تـو گـوئی ز حیـل شـعبده و شـیّاد اسـت
دسـت طـاغـوت بریـد و رخ بـوجـهل سـفید
بوالفسادی است در این عرصه قدم بنهاد اسـت
چه غم از ملك جهان گـر بدهنـدش بـه خـسان
زر و زیـور کـه هـمه ارثیـهء شدّاد اسـت
یـار دلـدار مـن اکـنون ز وطـن دور شـده
غـوث فـریاد رسـم حالیـه در بـغداد اسـت

من دیوانه اگر دور ز یاران گشتم
به نسیمی که ز بغداد رسد دل شاد است

کنج عزلت بگرفتن شده منظور اینجا
که در آنجا همه دم راهزن بیداد است

گوشهء میکده بهتر ز همه گنج جهان
گرچه رنج است و محن باز مرا اعیاد است

زانکه تا عمر گرانمایه شود صرف خسان
لاجرم حاصل این نقد امل برباد است

تا در این موطن ما زاغ و زغن در کارند
آنچه هرگز به کسی می‌نرسد فریاد است

آنکه از بوالهوسان چشم مروّت دارد
به خطا رفته اگر در همه جا استاد است

رنج بیهوده مکش با خزف کوزه گران
چه ندید است کسی کوزه که گوهرزاد است

صحبت اهل جفا گر بکند اهل صفا
زود بیند که ز چشم همه کس افتاد است

تا (فنائی) بدر دوست بیابد راهی
خار غربت به کفش نسترن و شمشاد است

* * *

## ﴿ شاه گُلرخان ﴾

سلامم کردی بر جانت سلامت
ز جان و دل دهم ردّ سلامت
سلام ما به محضرگاه جانان
نشاید بر تو باد از حقّ سلامت
به تحریر و به تقریرم چه خوانی
نباشد فرق حتّی در منامت
ز یاران هرچه پیش آید عزیز است
بنازم بر همه نظم و کلامت
عجب نبود ز شاه گُلرخانم
شود جویای احوال غلامت
سلیمان گر ز موری باز پرسد
نکاهد از کرامات و مقامت
به نزد عارفان و پیر بُرنا
تواضع زیبد از اهل شهامت
اگر شاهی گدائی را نوازد
نبازد رتبهء فضل و کرامت
تو کز روی کرَم یاد از ( فنائی )
نمودی نبودت جای ملامت

* * *

## ﴿ رضای یار ﴾

آنچه رضای یـار مـا اسـت
سال خوش و بهار ما اسـت
ظلمـت شـب بـه یــاد او
روز طـرب نهــار مـا اسـت
دائــــرهء عـــشق الَـــسْت
در ازل او مــدار مـا اسـت
ما به جهان چـه کـار اگـر
یار مــن و کنـار مـا اسـت
ملعبـهء جهـان فنـا اسـت
آنچه بقا است یار ما اسـت
گرچــه بــه رغــم مــدّعی
لاله و گُل نگــار مـا اسـت
لیـك چـو گـویمش کـه او
منکر حال و کار مـا اسـت
آنچه به کام ما خوش است
بادهء خوش گـوار مـا اسـت
منظــرهء جمـــال دوســـت
داغ دل فگـــار مـــا اســـت
تکیه‌گـــه خیـــال مـــا
قبلــهء نامــدار مـا اسـت

خُلد بر این اگر خوش اسـت
جـای لقـای یـار مـا اسـت
نگهـت و رنـگ هـر گُلـی
از گل مـشکبار مـا اسـت
عشرت و عیش ایـن جهـان
طلعـت مـاهوار مـا اسـت
آنـچه ز غـم شـود فـرح
این دل بـی‌قـرار مـا اسـت
کـاش بگوشـم آمـدی
( فنائی ) جان نثار ما است

* * *

## ﴿ دانهء خال ﴾

در دائرهء کون اگر بد نامی است
در عالم اشباح اگر ناکامی است
یا طائر وحشتزدهء در عالم
پابند جفا ملعبهء هر دامی است
چون مینگرم نیک شود معلومم
عاشق بسته به زنجیر و بدل ناکامی است
تار و پودی به هم آمیخته سرگردانی
واژگون بخت و سراسیمه چه بد فرجامی است
تا نگاهش به رخ حضرت دلدار افتاد
دانهء خال یکی بود ولی صد دامی است
چون رهم یافت شبی در حرم وصلت یار
دیدمش سرو سمن وه که چه خوش اندامی است
شکر لله ( فنائی ) که ز دستش مَی لعل
نوش بادت ز لب دلبر شکّر فامی است

* * *

## ﴿ بدر مُرسَلین ﴾

ایکه رویت همچو ماه اندر شب هشت و شش است
جان و دل قوربان بالایت چه زیبا دلکش است
ای خجالت پیش تو آزاده سرو آن چمن
رونق بازار گُل از رنگ رویت خامش است
نقطهء تنگ دهانت میکند اثبات فرد
بهر ردّ بوعَلی جانا دلیلی بس خوش است
شمس از شرمنده‌گیّت خیمه بر افلاك زد
زین سبب دیوانه‌وش در اضطراب و جنبش است
بدر را گویند نورش زو است هردم مقتبس
نور هردو از جمال تست تا این حدّ خوش است
تو که بدر مرسلین و شمس عالم تاب خلق
حُسن تو از نور حقّ آری از این رو بی غش است
جمله فرع اند و جمالت اصل حُسن گُلرخان
پس ( فنائی )را خطا باشد که گفته مهوش است

* * *

## ﴿ خانهء أفسانه ﴾

این غزل در جواب شعر و نامهای جناب شیخ امین متخلّص به (بی وەی) برادر حضرت پیر نویشته شده و در حالی نویشته که شیخ امین چنین تصوّر میفرمود که بنده هم منکر حضرت پیر شده و هم دنیارا در آغوش حرص و طمع گرفته .

دورود - سال ۱۹۷۳

این خانهء افسانه که می بینی چنین است
عیش و طربش دامگه روز پسین است
آرایش و زیبش همه بر نفی بزیبد
کو خود همه دم همدم شیطان لعین است
آز و املش مایهء خسران حیاتست
رنج و تعبش عزّت ارباب یقین است
گاهی به فلك میکشدش عجب و تکبُّر
گاهی بزمین طالبی اقبال و نگین است
تا جلوه دهد در نظرش زینت دنیا
گوئی به مثَل حور که در خُلد برین است
غافل ز خود و دور ز انوار هدایت
بی باك ز برنامهء خلاّق متین است
گر دست دهد مُلك جهانش که دگر بار
در فکر مدار قمر و دَوْر زمین است
این مسئله بر اهل خرد نیك عیان است
مرد آنکه بداند که دراین راه کمین است

